دوو کتێبی نوێی شاخەوان سدیق بەاوەبەتەوە ...

بەم زووانە دەزگای نووسیار
دوو کتێبی نوێی شاخەوان سدیق بەاوەکاتەوە

لە درێژەی کاروچالاکیەکانیدا نووسەرو ڕۆژنامەنووس (شاخەوان سدیق) دوو کتێبی نوێ بەاوەکاتەوە. کە پێکهاتوون لە دیداری ڕۆژنامەوانی بە دوو شێوازی جیاواز. کتێبی یەکەمیان بەناونیشانی (چێژی نووسین)ەو کتێبی دووەمیان بەناونیشانی (چێژی گۆڕانەوە)یە. کە ئێستا هەر دوو کتێبەکە لە چاپخانەن و بەمزوانە بەاوەدەکرێتەوە.
تایبەت بە بەاوبوونەوەی کتێبەکانی شاخەوان سدیق ووتی: ئەم کتێبە نوێیانە درێژکراوەی کتێبی یەکەمن، کە ماوەیەك پێش ئێستا بەاوکرایەوە، بەناونیشانی (چێژی خوێندنەوە) واتە لەگەڵ ئەم دوو کتێبەی دیکەدا پێژەی کتێبی سیانەن, کتێبەکان هەر سێکیان کاری ڕۆژنامەوانی ئەدەبین، و بەشێوەی دیدار لەگەڵ نووسەرانی بواری ئەدەبدا سازدراون، کتێبی یەکەمیان (چێژی خوێندنەوە) بریتی بوو لە ئەنجامدانی (13) دیداری ئەدەبی لەگەڵ (13) نوسەردا, کە تیایدا دەربارەی پرسی (خوێندنەوەو چێژی خوێندنەوەی کتێب) هەریەکێك لەو بەشداربووانە سەرنجەکانی خۆیان خستبووە ڕوو, ئەم شێوازە لە کتێبی دووەمیشدا پەیڕەوکراوە بەناوی (چێژی نووسین) کە بەهەمان شێوە لەگەڵ (20) نووسەردا دەربارەی پرسی (نووسین و تایبەتمەندی و شێوازەکانی و چێژی نووسین) دووبارە قسەکراوە, هەرچی کتێبی سێیەمە جیاواز لە هەردوو کتێبەکەی کە، پێك هاتووە لە (28) دیداری ئەدەبی تایبەت لەگەڵ (28) نووسەروو شاعیرو چیرۆکنووس و ڕەخنەگری بوری ئەدەب دا, کە هەریەکێك لەوانە ناوی ئاشکراو ناسراو دیارن لەناو دونیای ئەدەبی کوردیدا, وە ئەم دیدارانە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی واکراون کە لە داهاتوودا ببنە سەرچاوە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە سەر ژیان و دونیابینی هەریەکە لەو ئەدیبانەی کە دیداریان لەگەڵ کراوە. ماوەتەوە بڵێین ئەم کتێبانە لەلایان ئەم شوێنانەوە چاپەدکراون.
کتێبی یەکەمیان (چێژی خوێندنەوە) کە 128 لاپەڕەیە, بە سپۆنسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی چاپکراوە.
هەردوو کتێبی (چێژی نووسین) کە 310 لاپەڕەو (چێژی گۆڕانەوە) کە 312 لاپەڕەیە لە بەاوکراوەکانی دەزگای نووسیارن. بەڵام کتێبی

(چۆژی نووسین) بەسپۆنسەری سندوقی هاوکاری کتێبی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و کۆمپانیای یوکەی بۆ بازرگانی گشتی چاپکراوە.و هەر سێ کتێبەکە لە چاپخانەی (کارۆ)ی شاری سلێمانی چاپکراون.
ئێستا هەردوو کتێبی (چۆژی نووسین) و (چۆژی گۆڤانەوە) لە قۆناغی چاپکردندان و بەمزوانە دەکەونە بەر دیدەی خوێنەران.

دیدارێک لەگەڵ شەرزاد حەسەن ... سازدانی: شاخەوان سدیق

لە ستایشی ئەدەبدا …

ساڵانێکی زۆر هەمووان مەستی خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەوین، ئەوێك کە دەماناتەوە ناو ناخی خەمان و دەمانخاتە بەردەم پرسیارە شەرمنەکانی خودەوە، ڕۆژێك بەدەم چاخواردنەوە، لە یەکێك لە کافێکان لەگەڵ (شەرزاد حەسەن) کۆتینە گفتوگۆی ئەدەبی کە سەرئەنجام ئەم دیدارەی لێکەوتەوە

*** مامۆستا با سەرەتا بپرسین پێوەندی ئەدەب بە ژیانەوە چییە؟ بۆتایبەت ئەدەبیاتی تۆ، یان ئیشکردنی تۆ لەنێو ئەدەبدا لە ڕوانگەی مرۆڤەروەریەوە چۆنچۆنی هەیدەسەنگێنێت ؟**

_شەرزاد حەسەن: ئەدەب و ژیان دووانەی یەک سکن، بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی پێوەستن بە یەکەوە، من ناتوانم مەزندەی زیندەگی خەم بکەم لە دەرەوەی دونیای هونەر و ئەدەبدا، ڕەک وەک ئەوە وایە بە من بڵێیت کە وەک تەنکی ئادەمیانە پێوەندی نێوان گۆشت و ئێسقانەکانم چییە؟ کە دیارە بە من وەها ئاوێتەن کە من بەم لەکدی جیا ناکرێنەوە، گەر وا نەبێت..ئیدی من نابم و نیم. بە من نەنکم یەکەمین سەرچاوە یەکە حەز بە داستان و ئەفسانە و هەقایەتی کەن بکەم، لە پاڵ سەرسامیم بە "ڕادیۆی کرماشان" کە تاکە دەروازەیەک بوو بە من کە شەوانە بە زنجیرە چیرۆکەکانی ئاشنا دەبووم کە خەیاڵی منی ئاگر دەدا، دیارە لەتەک دەنگی زوڵاڵی "شوکرڵای بابان" کە شیعری کلاسیک و نیوکلاسیک و تازەی دەخوێندەوە، دەکرێت بڵێم وەک

سەرچاوە سادە بوون، بەلام بۆ من بوون بە هۆی گەشەکردنی چەژی ئەدەبی، بەتام گۆڕانکاری سەرەکی لە ژیانی مندا ئەو کاتە بوو کە لە پێچەکی ژیانمدا و لە تەمەنی دە سالیدا دایکم دەمبات بۆ مزگەوتێك و لای "مەلا حەسەن" ناوێک، لە گوندەکی (کوران/هەولێر) بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پیاوێکی چاکەکار و جوامێرم لێدەربچێت، دایکم دەیخواست لە باوکم نەچم کە پۆلیسێکی قومارچی و بێباک بوو وەک باوک و مرد، دیارە بۆ ماوی سی (٣٠) ساڵ سەرگەرمی قومار بوو. دوا جار من توانیم لە ماوەی دوو ساڵدا قورئان "خەتم" بکەم کە ئیدی زمانی عەرەبی دەبێتە سەرچاوەیەک کە من دوای چوار ساڵەک بایی ئەوەندە کتێبی دینی و غەیرە دینیش بخوێنمەوە، ئیدی بتوانم خۆم لە قەڕەی هەندەک کتێبی فیکر و ئایینناسی و بگرە ئەدەبیات: ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەری و شیعریش بخوێنمەوە، دیارە سینەماش بۆ من هەمدیس سەرچاوەیەکی سەنگین بوو بۆ تێگەیشتنم لە جیهانێک کە هەموو شتێکی بۆ منی کەودەن نوێ بوو. سەرەتا بۆ نامیلکەی سادە دەستم پێکرد و دوای ساڵانێک توانیم پەرە بۆ تواناکانی خۆم بدەم، لە دوا ساڵی قۆناغی ئامادەییدا ئاشنا دەبم بۆ سۆفی و عاریف و فەیلەسووفە ئیسلامییەکان، بۆ تایبەتی (فارابی و کندی و غەزالی و ئیبن حەزم و رازی) و لە هەموویان کاریگەرتر "ئیبن روشد" کە ڕاشنا/ عەقڵانی بوو، من بەختم هەبوو کە عاریفە گەورەکانی ناو فیکری ئیسلامی هاوڕە لە تەک فەیلەسووفەکانی ئیسلامیم ناسی کە دەمبەنەوە سەر فیکر و خوێندنەوەی ژمارەیەک لە فەیلەسووفانی "یۆنان"ی، هاوکات ئاشنا دەبم بە فەیلەسووفانی ڕۆژئاواش، ئەوش بووە سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان. واتا کە قورئان دەخوێنم بایی ئەوەندە فڕی عەرەبی دەبم کە پێی بخوێنمەوە، ئەوش وای کرد دوورەپەرێز بم کە لە غەیری قوتابخانە و دەرس و دەور و موتاڵای فیکر و ئەدەبیات خۆم بۆ هیچ شتێکی دیکەوە سەرقاڵ نەکەم، دیارە لەو سەردەمدا خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی بۆ کوردی بووە، بەتام لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا هەر هەموو وانەکان بۆ عەرەبی دەوترانەوە، کە دیارە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ئینگلیز سیستمی پەروەردەی تازە دەیهێنێت کە بۆ بۆای من کەکتێلێکە لە ڕەح و ڕەوشتی دەربەگی و میلیتاری/ سەربازی پێکەوە، بۆ من لە تەک "حوجرە"دا، قوتابخانەش سەرچاوەیەکی دیکە بۆ هۆشیاری و زانست و زانیاری سەبارەت بۆ ناسینی خۆم و مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەر. من مژووی فتوحات و غەزواتی عەرەبی و ئیسلامیم لە وانەی مژوودا دەخوێندەوە کە ئەوسا بۆام وابوو کە جەنگاوەرانی بیابان-نشین بۆ ناوی خوداوە ئایینێکی تازەیان بۆ ئەمە هیناوە کە رزگاری کردووین لە ئاگرپەرستی، زەریش ئاسوودە بووم، بەتام لە قۆناغی زانکۆدا کە دەبمە خوێندکاری کەلەژ لە بەشی

"زمان و ئەدەبی ئینگلیزی' وەردەگیرم، ئیدی دەستەآتم بەسەر دوو زماندا دەشکێت، سەرباری زمانی دایک، کە پتر خوو دەدەم فیکر و فەلسەفەی رۆژئاوایی کە فەری گومان و پرسیارم دەکەن، لە دوا سالی زانکەدا دەگەمە ئەو بەاویەی کە ئەمەی کـــــورد لەلایەن عەرەبەوە، بەنام بە ناوی یەزدانەوە داگیر کراوین وەکو (خاك و خەك).

یەکێك لەو شتانەی کە من لەو کاتەدا دەمخوێندەوە بە سەزکی گەرمەوە فیکری ماركسی لەتەك فەلسەفەی "بونگرایی" لە رێگەی خودی "ژان پەل سارتەر"ەوە کە گومان و پرسیاری سەرخەرم دەبەت، دیارە لەتەك "ماركس" منیان كرد بە خانەی گومان و پرسیاری قورستر. کەواتە دەمەوێت بەڵێم: ئامان و بە دواداچوونم بە کەمەیەك فەیلەسوفی رۆژهەاتی و رۆژئاوا منیان تووشی پرسیارگەلەك كرد کە ئایین و کارەندكانی لە منیان قەدەغە كردبوو، هەر خودی ئەو گومان و پرسیارانە هانم دەدەن بە قووڵی حەزم بە شیكاری و تەتەكردن و دەزینەوەی ماناكانی ئەو میراتە بەت کە پتر لە سەزدە سەدە بوو من و نەتەوەكەمی گەمارە دابوو کە مەبەستم کەی میراتی فیكری ئیسلامییە، کە دیارە بەواشم بەوە هەنا وەك "ماركس" واتەنی: هەموو رەخنەیەك بەتاڵ، گەر لە رەخنەكردنی ئایینەوە دەست پێنەكات. ئەگەر باس لە ئەدەبیات بكەین کە لە سەردەمە دەرینەكاندا و بگرە بەر لە مەژوو زارەكی بووە نەك تەمارکراو. ڕەنگە تەمەنی ئەو زارەكییە من نەیزانم، بەڵام لەو كاتەوەی مرۆڤ فامی كردەتەوە و زمانی پژاوە و فەری قسە بووە، حەزی بە داستانبێژیی بووە. واتا ئەدەبیات بەشە زارەكەی نادیارە کە فریا نەكەوتووین تەماری بكەین. ئەدەبیات بەر لە هەرشتەك ئەفسانە و بەیت و بالادە و داستان و شیعری زارەكیی بووە.

كەواتە بەجگە لە كتێبی قوتابخانە، یەكەمین كتێب، کە دەیگرمە باوەشم قورئان بووە کە دوچاری تەئامان و بیركردنەوەم دەكات، لە پاڵ گومان و پرسیاری خنكاو لە مەشكی تازە گەیيوی منداە، وەك سەرەتا من پتر كەوتمە ژێر كاریگەریی زمانی عەرەبی، چونكە زمانی قورئان بوو کە پیرەزی بەسەردا دەبەیت مادامەكی لە ئاسمانەوە هاتووە، کە دواتر من دەگەمە ئەو بەوایەی کە مەژووكردیە. سەرەتای ئەزموونی نووسینی دەقە ئەدەبییەكانم بە زمانی عەرەبی بوون کە بیرمە تەمەنم لە دوازدە یان سیازدە ساڵان سەروەتر نەبووە کە بە ڕەكەوت لە ماڵی مەلایەكی نیمچە ماركسی، کە دراوسێ بووین و ناوی (مەلا هەمزە) بوو کە ئەوسا هەزار و یەك شەوەی دەخوێندەوە، ڕەمانەكی (ئەمیل زۆلا) دەدەزمەوە، بەرگەكەی سەرنجم ڕادەكێشت کە

کچکی ملوانکە لە مل بەرگکەی نەخشین کردبوو، نوسرابوو (الفریس/ واتا: نەچیر).

دیارە هەر "مەلا هەمزە" وایکرد من ئاشنا بم بە (هەزار و یەك شەو) کە دواتر نوقمم دەکات لە فانتازیا و خەیالی زندە ئازاد. دواتر لە رەگەی ئاشنابوونم بە نووسەرانی کشوەرکانی دیکە کە کاریگەری "هەزار و یەک شەو" بەسەر زەربەی نووسەرانی ئاوروپا-وە هەست پەدەکرەت: نموونەی "لویس بەرخس".
بەیە من لەپاە قورئان-دا، کە زمان و هەز و دەسەاتم بەسەر عەرەبی -دا دەشکەت. پەیتا پەیتا فەری خوەندنەوە دەبم، رەکەوتەک بووتە هەکار کە من دواتر ببم بە مەرانەی کتەبان، ئیدی وای لەدەت کە من لە قەناغەکی درەنگتردا کە دەبم بە مامەستا چەند کەرسەک سەبارەت بە سایکەلەژیا دەخوەنم کە کەمەکم دەکات من پتر بایەخم بە ناسینی خەم و خەکی دەوروبەرم هەبەت.. زیاتر گەم دەدات خەم و دونیا و ژینگەی دەوری خەم بناسەم کە دەبەت بە سەرچاوەیەک بە دەوەمەندکردنی ئەدەبیاتی من کە رەهەندکی رەوانی و دەروونی تەدەکەوەت.

*** زەرجار قورئان یان دەق پیرەزکان کەسی دەگما بەرهەم دەهەنن بەچی لای تە بووە هەی ئەوەی کە گومان و پرسیار بکەیت؟ بەچی کەسکی دەگمایی نیت؟**

_ شەرزاد حەسەن: لەو ەەژگارەی کە من باەق دەبم، سەرەتای شەستەکان، چەپگرایی لە کوردستاندا باوی بوو کە ژمارەیەکی زەر لە خەکی هاوسەزی ئەو تەوژمە بوون، لەسەر ئاستی چینایەتی خەکانی بەشمەینەت ئەو بزاف و رەوتەتیان بە فریادرەسی خەیان دەزانی، هەتا گەر بە شەوەیەکی رەکخراوەیش نەبووبەت کە لە دەوری "حیزنی شیوعی" کە دەبوونەوە، ئەدەبیاتی مارکسی و بگرە وەژە و بەرهەمی ئەدەبی هەر دوو قەناغی "رووسی" و "سەقییەتی" زەدە بەربەاوبوو کە بە نرخکی هەرزان دەست دەکەوتن، من سەر بە خانوادەیەکی هەژار بووم کە نەمدەتوانی کتەبان بکەم. گەەکەکەی ئەمەش بەجگە لە کتەبی ناو مزگەوتەکان کتەبی دیکەی تەدا نەبوو، گەر هەشبووبەت دیوانی شیعری کلاسیکی و نامیلکەکانی وەک خورشید و خاوەر، شیرین و فەرهاد، ئەمیر ئەرسەلان، شەخی سەنعان) هەبوون، دیارە "مەلا هەمزە" تاکە کەسەک بوو کە من ئاشنای بم و ئەدەبیاتی مارکسی بخوەنەتەوە. بەیە بەلامەوە سەیر نەبوو کە "مەلا هەمزە" (ئەمیل زەلا) بناسەت؟ چونکە چەپلەرەکان و شیوعییەکان عاشقی ئەو ەەمانووسە بوون، بگرە ژمارەیەکیان ناوی

کچەکانیان ناو دەنێن (نینا) کە ناوی یەکێک لە ڕەمانەکانییەتی. من لە تەمەنێکی زۆرکاەدا لە دەفتەرێکدا خەیاڵ و ختووڕەی خۆم دەنووسیەوە، هەندێکجار خولیام ئەوە بوو کە شێوەکانی دایک و باوکم بنووسمەوە کە گۆبەندێکی پێویست بوو بۆ قومارکردن و دڕاندن. ئەو کاتە کەس نەبوو گوێم لێبگرێت و قسەی بۆ بکەم، کەس نەبوو قەهری خۆمی لێلا هەڵبژێرم، ئەوەی ڕاستی بێت کە من بۆ خۆم ناچار بووم کە ئیدی وەک نەبەردەی ماڵ، لە پاڵ خوێندنی مەکتەب بیر لە پێداکردنی پارە بکەمەوە بۆ ڕاستکردنەوەی باری ناهەمواری خۆم و خانەوادەکەم کە دیارە ئەویان ئەزموونێکی دەوڵەمەندتری پێبەخشیم.

بۆ واتا من بووم بە سەزداری چەپڵەرەکان کە کەوتمە ناو تەڵەک لە ڕەنجدەر و خەڵکانی ماندوو بەدەست زیندەگی قورسەوە، هاوکات قووبوونەوەم لە دونیای فیکر و فەلسەفە و ئەدەبیات: ڕەمان و چیرۆک و شانۆگەری و شیعر و سایکۆلۆژیا…هتد. بەڵام لەو هەڵژگارە (ژان پۆل سارتەر)، لەوکاتەدا سەبەرەك بوو بەسەر سەری هەموومانەوە، "مارکس"یش لەولاوە. ئیدی من کەوتمە نێوان دوو بەرداشەوە: ئایین بۆ قەرغکردنی هەقیقەت بۆ خۆی، جۆگیربوون لە ناو یەقینگەرایی و بانگەشکردنی بۆ چەشنێک لە یوتۆپیا کە بۆ کورتی من بۆ چەندین ساڵ سەرم هەڵدەبڕی بۆ ئاسمان و ڕەحی "ئایدیالیزم" منی دوور خستبەوە، کە سەیری بەر پییەکانی خۆم بکەم و ژیان بۆ دیو ڕەشن و هەم تاریکەکەی ببینم، هەبەتە دەکرێت قەرزاربارى خۆم بۆ هەموو ئەو میرات فیکرییە بگەڕێمەوە کە منیان خستە سەر ڕێگای هەموو ئەو بیریار و دانا و زانایانەی کە "ماتریالیزم"یان پێناساندم کە ئیدی سەدەها دەرگایان بۆ من کردەوە بۆ ئەوەی بپرسم و نەترسم، گومان بکەم و نەسڕەوم، کە زانکۆم تەواو کرد من ببووم بۆ خاوەن هەزمکی عەقڵی کە بۆ هەمیشە خۆم لە خورافاتی ئایین و سیاسەت ڕزگار بکەم، چونکە هەر ئەو کات هەستەکم لە لا دروست بوو کە دوو کایە هەن دەگما بەرهەم دێن کە سەرەتا بۆ من ئایین بوو، کەمەک درەنگتر سیاسەت بوو، بۆ تایبەتی کە بۆ دزیەوە و بۆ قاچاغ لە تەک ژمارەیەک لە دەستان بۆ دزیەوە ئەو کتێبانەمان دەخوێندەوە کە درەی یوتۆپیا لە یەکێتی شۆڕەوەی بۆ ئەمە بسەلمێنێت، جۆرێک بوو لە یەقینگەرایی دینی، دیارە ئەوەش وایکرد کە میراتی فیکری خودی مارکس قووڵتر دەور بکەینەوە کە ئاخە شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەر دەکەوێتە ئەستۆی مارکس یان ئەوانەی کە خیان بۆ خوێنهێنی کەمۆنیزم دەزانی، بۆ من خۆشی لەوەدابوو کە هەموو ژیانم بوو بە پرسیار و گومانکردن لە هەر هەموو ئایدیالۆژیای سەرزەمینی و هەم

ئاسمانی، بە راستی پتر لە هەر سەرچاوەیەک بۆ من کە منی گەیاندە خودی ئەدەبیات بوو، کە بەوای بە پیرەزی و یوتۆپیا و رەهاگەری و تاک-هەقیقەتی نەبوو، هیچ گومانی تێدا نییە کە "ژان پۆل سارتەر" و هاوژینەکەی "سیمۆن دی بۆڤوار" دوو سەرچاوە بوون کە وایان کرد رۆژ لە خودگەرایی خۆمان بگرین و نەچینە ناو مۆگۆلگەرایی بۆ مانای ئەوەی رۆژ لە سەربەستی و هەڵبژاردنەکانی خۆمان بگرین، بۆ واتا تاکگەرایی ئاوازەکی خۆش بوو بۆ ئێمەی گەنج کە کەلکەلەی یاخیگەری سەرمەستی کردبووین. "سیمۆن دی بۆڤوار" پتر منی ئاشنا کرد بە چەوساندنەوەی ڕەگەزی مێینە بە درێژایی مێژوو، بەڵکو بە من شتێکی تازە بوو کە بزانم یەکەمین چەوساندنەوەی چینایەتی و بگرە توخمگەرایی دژەهەق بە ژنان بووە لە مێژوودا.

کەواتە وجوودییەت یان بوونگەرایی بە خێی کێنەوەی "زات / خودگەرایی" ئێمە بوو. من نەمدەزانی لە ناو دۆخێکی مۆگۆلگەرایی دێژیم، هەر ئەوسا کەوتینە گومانکردن لە پیرەزی خانەوادە وەک دەزگایەکی چەوسێنەر بەرامبەر بە نەوەی تازە. دیارە مرۆڤایەتی هەم لە ڕۆژئاوا و هەم لە ڕۆژهەڵات بە درێژایی هەزارەها ساڵ بە قەناغی مۆگۆلگەرایی تێپەڕیوە، من گومانم هەیە تا هەنووکە (فەردانییەت / تاکوێیی یان تاکگەرایی) لای ئێمە چەکەرێی کردبێت. هەر هەمان ترس و گومان لەوەی من نەبم بە گیاندارێکی ملکەچ دەنەو ئەو ڕەحی ئەو "گانیزم"ە، ئامادە نەبووم ببم بە ئێندام لە هیچ حیزبێکدا کە لای من ئالتەرناتیڤی باوکەکە کە کاری خساندنی نەوکانی خۆیەتی، باوکێک لە فەرمی دەزگایەکی زبەللاحدا کە وامان لێدەکات بەهەزی خۆمان بشارینەوە لەژێر چەتری هەزکدا کە ناوی حیزبە یان بگرە ئایین و مەزهەبە. دەبوو من عەقڵکی نەسرەوتم هەبێت، ئەوەش بە کەشش و ڕەنجی زۆر و خوێندنەوەی کتێبە هارکان ئاسان نەبوو. ئیدی من گەیشتمە دۆخێک کە میتافیزیك تێناق بدەم بەو مانایەی کە نەدەکرا عەقڵی خۆم دابخەم و سەر بە گروپ و ڕەحی دەستەجەمعی ببم. ئیدی چیتر سەر هەڵنەبڕم بە ئاسمان و هەر هەموو گرفت و کێشەکانم لە سەرزەمین فەرامۆش بکەم. لە نێوان هەر دوو بەرداشی "ئایدیالیزم" و "ماتریالیزم" لە دۆخێکی ناچێگیر بووم تا ماوەی دوازدە ساڵان، لەو کاتەدا من ڕێك لەو دۆخە سەیردا بووم کە سەرم لەناو دەمی شێرێکدا بێت، هەر دوو لاقیشم لەناو دەمی پڵنگێک، هەردووکیان لە نەوان خێیاندا ئامبکێشن بیانووت بمخۆن. بەڵام من تەقڵام دەدا هیچیان نەمخۆن. کاتێکیش گومان لە میتافیزیك دەکەم و بە ئاشکرا گوزارشتی لێدەکەم، لە لایەن دەست و ئاشنا و ڕەشناوە بەر نەفرەتێکی گەورە دەکەوم. تائێستاش ئەو نەفرەتە هەر بە دوامەوەیە

و بەردەوامە. هاوکاتیش من لە رێگەی چەوساندنەوەی نووسەرانی سۆڤیەتەوە تێگەیستم کە "دۆگما"ی ئایین و سیاست کە دژمن بە بنبەست دووانەی یەک سکن، بە تایبەتی لەو قۆناغەی کە "ستالین" وەک دکتاتۆرێک دەکەوتە ناو پاکتاوکردنی نیارەکانی کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی گرتەوە.

سیاست و ئایین لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا بەردەوام وەڵامی ئامادەی هەیە بۆ هەموو پرسیارێك. بۆ پێچەوانەوەی ئەدەبەوە کە بۆ هیچ وەڵامێك قایل و ئاسوودە نییە، ئەدەبیات دژی پیرۆزی و رەهاگەری و یەتەپیایە. ئەوە ئەدەب بوو کە منی ساغ کردەوە کە مکۆر و رژدبم لەسەر دامانێنی پیرۆزی لە هەموو شتێک کە بەڵت بە بیانووی تەماقدانی ئاوەز و عەقڵ. بە واتا من زانیم ڕێگای دۆزەخ بەرەو کۆمبات، من خۆنی گەیشتنم نییە بۆ بەهەشت: نە لەسەر زەمین و نە لە ئاسمان، بەڵکو پرسیاری من لەوەدا چۆتەوە کە ئەو دۆزەخە بۆچی هەیە؟

***ئەوکاتەی کە تۆ دەچیتە ناو دنیای ئەدەبیات و دەست بە نووسین دەکەیت، ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەت نووسین لەو سەردەمەدا دابەش دەبێت بەسەر دووجەری سەرکی لە بیرکردنەوە، جەرکیان باسکردنە لە چینی دەربەگ و جووتیار جەرکیتریان باسکردنە لە شۆش و خەبات لە ناو ئەم هەموو هەنگامەیەدا تۆ ئەو هەموو شتانە بۆ جەدەهەیت و ئاوە لە کەسە فەرامشکراوەکان دەدەیتەوە، دەگەیتەوە بە خودگەرایی و سەر شتە بچەڵەکان. چی وای لەکردیت بگەیتەوە سەر مرۆڤ؟**

_شەرزاد حەسەن: من بە ختم هەبوو کە هەر لە سەرەتاوە بە ئەدەبیاتی رۆژئاوا ئاشنا دەبم کە ئەدەبەکی سەنگینە بە خودگەرایی و ئاوەدانەوە لە کەسە تەنیا و نامۆکان، بە تایبەتی چیرۆکی کورت، من زۆر هاوەام لەگەڵ ئەو دیدگایەی "میلان کودێرا" کە دەڵێت، "ئەدەبی داستانئامێز ستایشکردنی بزینە." بەو مانایەی کە بە هەمیشە مرۆڤ گیرۆدەیە و شکست و نوچدان چاوەڕوانی دۆکات. ئەو کاتەی کە (بەرس باسترناك) شاربەدەر دەکرێت کە هەموو تاوانەکەی ئەوە بووە رۆزی لە خودگەرایی و تاکگەرایی دەگەرت، دیارە هەر هەمان چارەنووسی "سەلجنستین" و سەدەها نووسەری دیکەشی گیرۆدە کرد. ئەوکاتەی من وەک گەنجێک خولیای ئەدەبیات بووم "شۆشی قوتابیان" وەک بەرجەستەی خودگەرایی و یاخیگەری لە جۆش و خرۆشدابوو کە تیایدا نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان رۆلیان هەبوو لە گەدانی ئەو بزاف و

جمبوشدا، کە کاریگەری لەسەر من و نەوەی من هەبوو، بە تایبەتی ئەوانەی بە ئەدەبیات و فەرهەنگی رۆژئاوایی ئاشنا بوون.

خودی ئەو شەرشە گومانکردن بوو لە پیرۆزی باوکەکان، خودی خەیالی شاعیرانەش ببووە رابەری ئەو شەرشەی کە بانگەشەی تازەگەری دەکرد کە دیارە شادروشمیان ئەوە بوو: (بەڵێ بە خۆشەویستی و نەخێر بە جەنگ) کە ئاماژە بوو بە دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و سەرتاپاگیر لە سەدەی بیستەمدا. هەبەتە بوونیشم لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی بە تەواوی ئاسکانی روانینی منی فروانتر کرد، لە کۆلێژی ئەدەبیاتدا کەمێک مامەستا و پرۆفیسەری ناوداری عیراقی وایان کرد قووڵتر لە نەو ئەو زەریای فیکر و ئەدەبیاتی ئینگلیزی مەڵە بکەم. مانەوەی من لە بەغدا بە خەی سەرمایەکی گەورە بوو کە باشترین فیلم و شانۆگەری و پیشانگای هونەری شەوکاری و جەرەها چالاکی فەرهەنگی کە بە تەواوی جیهانی منی ئاودان کردبوو. دوا جار نووسین بە خەی کردەیەکی خودگرایی و ئاراستەی خودکی دیکە دەکرێت، جوانی ئەدەب لەوەدایە کە بە هەموو خودگرایی خەیەوە دژی رەحی نارسیزمە کە بە خۆپەرستی بگات، هاوکات رەح و زیهنییەتکی رەخنەگرانەمان پەدەبەخشێت. بە رای من گەانەوە بە خودگرایی گەانەویە بە مرۆقبوونی خێت و ئەوانیدیکەش.

***حەزەکەم سەرنجی تە بزانم لەسەر وتەیەکی بەختیارعەلی دەیت : مرۆڤ، کە شکست دەهێنێت لە زەر شتی ژیانی خەیی ئینجا هەوەدات مومارسەی نووسین بکات، یان ەووبکاتە نووسین. تە هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵ شکست و نشوستی هەیە کە تایبەت بێت بە نووسین؟.**

_شەرزاد حەسەن: بەگومان من شکستی خەمم دەنوسییەوە، بەڵام نەمدەزانی ەێژەك دێت کە تە دیدارم لەگەڵدا ساز بکەیت. نووسین بە من گەمەیەکی پە نهێنی بوو وەک دەستپێ، چونکە نەمدەویست دایکم و باوکم بزانن، بە تایبەتی کە من دەمەقاڵی و شەڕکانی ئەوانم تەمار دەکرد، دەشمزانی ئاسان نەبوو بیزانن کە هەردووکیان نەخوەندەوار بوون، بەڵام ترسکم لە دڵدا هەبوو، یان وەک باری دەروونی هەستم بە خیانەت و بەڵێوشتی دەکرد، کە نهێنییکانی ماڵی خەمانم دەنووسییەوە. وتەکەی "بەختیار عەلی" لەوەدا ەاستە کە (ئادلەر)ی دەروونناس باس لە گرێ و گوڵی مرۆڤ دەکات، جا چ جەستەیی بێت و چ دەروونی، کە وا لە مرۆڤ بکات داهێنان بکات، دەکرێت نووسین بە خەی پەکردنەوەی ئەو کەمبوودی و گرێ دەروونییانە بێت کە هەمانە، واتا

کەمپلەکستی یان بە عەرەوی "مرکب النقص". ئەگەر بگەڕێنەوە لای "ئادلەر" وا سەیری کەسێك دەکات کە شکستێکی هەیە لە باری کەمەایەتی کە مایەی ئەنگی بێت، هەوڵدەدات بە جۆرەها چالاکی دیکە ئەوە نەنگییە لە خۆیدا دابتەکێنێت، خۆ دەکرێت دیوی ئەرێنی هەبێت وەک داهێنان یان بە ئەرێنی و بەدکاری پێی بکاتەوە: جا فیزیکی یان سایکۆلۆژی.

***فرەید دەڵێت: چەپێنراوەکان دەگۆڕێنەوە، بە نموونە شەرزاد-ی تا بیست ساڵان کەمێك چەپێنراوی زۆری هەبێت ئایا دواتر لە ناو نووسینەکانتدا ئەنگدەداتەوە؟**

_شەرزاد حەسەن: بەگومان وایە.. هەموو داهێنانێك بە خۆی گیانەوەیە بە مندالی جا بە دەستی ئەنقەست بێت یان بە زەردارەکی یان بە بەکارهێنانی هەزی عەقڵانی. "کێن وێلسن"ی نووسەر ئامۆژگاری ڕەماننووس دەکات و دەڵێت: "لە خەتەوە دەست پێبکە." بەو مانایەی کە خەت ببیت بە سەرچاوەی داهێنانەکانت وەک ئەزموون و مەعریفەت. نووسەرە گەنجەکان پڕلاماری تەما و بابەتی گەورە و قەبە دەدەن: نەموونەی ئەنفال و کیمیابارنی هەڵەبجە و شەرشکانی نەتەوەکەی تاوەکو خەڵکی بزانن کە خەم و خولیاکانیان چەندە مەزنن، بەڵام وا ڕاستترە ئەم وەک نووسەرێکی گەنج ئاوە لە خەم و خولیاکانی خۆی و نەوەکەی بداتەوە. چونکە ئەم بەچوونی وایە ئەگەر دەست بە ئەو تەما و ناوەرۆکە گەورانە ببات، ئەوسا خەڵکی پتر ستایشی دەکەن، زۆر جاران نووسەر پێنا دەباتە بەر بابەتی سێکچوالێتی و ئیرەتیکی شاراوە و ئابووبەرانە تاوەکو سەرنجی خوێنەرەکانی ڕابکێشێت کە خۆی وروژێنەرە، بەڵام مەرجە داهێنان بێت نەك فلیمی ڕووت و پڕنە بێت.، چونکە دیارە کە سێکس و ئیرەتیکا بە هەمووان جگەی بایەخێ، یان ئەوەتا نووسەری گەنج وهەم بەتەمەن خەیان لە قەڕەی بابەتەکانی ڕامیاری و نیشتمانپەروەری دەدەن بە ئەوەی زوو ناوداربن. لە کاتێکدا وەک نووسەر زیرەکانەتر ئاوە لە هەموو ئەو بابەت و کەس و پانتاییە فەرامۆشکراوانە بدۆزنەوە کە نووسەرەکانی دیکە بە بە بایەخێکی کەمەوە لێیان نزیک دەبنەوە.

***ئایا بابەتی شکست دەبێتە هەی ئەوەی کە دنێت بەدات باس لەو ڕۆژگارە بکەیت؟**

_شەرزاد حەسەن: بە دنیاییەوە هەر هەموو نووسەرەکان مندالی و قەناغی لاویەتی دەکەن بە گەنجینەی خەیان، جا پێ شکست بووبێت یان

سەرکەوتن، کە بە بەوای من شکستمان زۆرترە. نووسەر بە خۆی هەر چەندە خودگەرا بێت، لە ناو خۆیدا هەموو دونیای دەوروبەری خۆی هەڵگرتووە، تە وا دەزانیت شتەکی چکۆلەیت وەک گۆردیلەیەک لەنێو ئەم گۆردوونەدا خۆت دەبینیت، بەڵام هەموو دونیا وا لەناو تەشدا ئامادەیە. من کە چیرۆکی شکستەکی دەداری یان سەزداری وەک "گوڵی بەش" دەنووسمەوە بە تەنها ئەزموونی شکستی من نیە، بەڵکو لەو سی ساڵەدا کە ئەو چیرۆکەم نووسیوە سەدەها کەس هەستیان کردووە من شکستی ئەوانم لە ئەویندارێدا بەرجەستە کردووە. لەبەر ئەوەی هەر کەسەک کەمەک ئەزموونداری بێت یان هەشیارێکی لە بان بێت کە باسی خۆی کرد وەکو ئەوە وایە کە باسی هەموومان بکات.

***تە لەو کاتەی، کە باسی ئەو هەموو کەشانەت کرد، هەم لە خەزانی خۆت و هەم لە کەمەگا، تاکی کوردی تاکەک بووە کە لە ووی سیاسییەکەیەوە و هەم لە ووە چینایەتییەکەیەوە، تاکەکی شکستخواردوو بووە، بەڵام تەش دێت لە ئەدەبدا دیسانەوە کارەکتەری چیرۆکەکانی تەش شکستخواردوون؟ بۆچی بیر لەوە نەکردەتەوە تاکەک دروست بکەیت تاکەکی سەرکەوتوو بێت، شکستخواردوو نەبێت و بەرەنگاری شکست بێتەوە، وەک لە زەر فلیمدا دیومانە کە لە کۆتایدا پاڵەوانەکە سەرکەوتوو دەبێت، ئایا دەبێت پاڵەوان هەر شکست بخوات؟**

_شەرزاد حەسەن: نووسەر هەیە کەی بەرهەمەکانی تراژیکە، ئەدیب هەیە ناسراوە بە کۆمیک، واتە بەزمگەڵێک، هەن تەکنیکێکن لە نێوان تراژیدیا و کۆمیدیا، بە بۆچوونی من تراژیدیا وانەی زیاتری تێدایە، ئەوەش مانای کەم بایەخکردنی کۆمیدیا نیە، بەڵکو پێویستە بڵێی کە مرۆڤ بە گشتی لە سەرزەمین گیرەدەی کارەساتی زەر بووە، دەی خۆ ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ئەو تراژیدیایە، کە تە ناوی دەنێیت شکست یان دەڕان و بەزین، من خۆم وەک نووسەر و ئادەمیزاد لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پتر نەهامەتی و شکست و کەوتنم بینیوە، من ژمارێیکی بە شوومارم لە خەڵکی بەشمەینەت بینیوە، عاشقانی زەر لە چواردەوری من دەدەڕان و بگرە لە ژیان دەتەران، مەژووی سیاسی و شەرشکانی ئەمە پڕن لە نشوستی و کارەساتی جەرگبڕ، لە شکستکەوە بە شکستکیتر. وەک نەتەوە گیرەدە و داگیرکراوین لە لایەن ناشرینترین ستەمکارانی ڕژهەڵاتی ناوەراستە. هەزار و چوار سەد ساڵە کولتووری بیابان و ئیمپراتۆرییەتی لەم فەرمانڕەوایە کە لە ناوکانماندە تاوکو کرک و ناورک داگیرکراوین.

ئەوە کارەساتە کە ئەمەی کورد هیچ خوێندنەوەیەکی قووڵمان بە ئەو

داگیرکردنی کولتووریی‌ی بێگانە نەکردووە، میللەتێك لەسەر خاکی خۆی دانیشووە و کەچی نامۆیە بە خۆی و ژیان و خاک، بۆی نییە ئاشنا بێت بە جوگرافیای خۆی، کامۆیە پاڵەوانی سەرکەوتوو؟ بە رای من وەک نووسەر درێژی وام پێناکرێت. با بیرمان نەچێت کە "شێکسپیر" وەک شانەووس بە تراژیدیاکانی ناسراوە نەک شانۆگەرییە کۆمیدییەکانی.. ئەدەبی شکستبار ئەدەبی بڕزین نییە، من وانەیەک لە رەمانی "دەن کیخۆتە"ی "سەرڤانتس" فێر بووم کە ئەویش ئەوەیە بوون بە پاڵەوان وەهمێکی گەورەیە، ئەو رەمانە گومان لە پاڵەوانبوون دەکات، باس لە گەمژەیی مرۆڤ دەکات. من دەمەوێت پێتان بڵێم کە هیچ پاڵەوانێك لەم دەوروبەرە بوونی نییە. دیارە من هیچ گلەییەکم نییە کە نووسەری واش هەبێت دونیا بکات بە بەهەشت و هەموانیش تیایدا ئاسوودەبن، ، بەڵام من ناتوانم درێژی وا بکەم، ئیشی من پێچەوانەکەیەتی، کارساتیشە میللەتێك بە دوای پاڵەوان و فریادڕەسدا بگەڕێت. تە پرسیاری کارەکتەری سەرکەوتوو دەکەی کە بۆچی دروستی ناکەم؟ بۆچی بیرت نەچوو بە رەمانی "ژنێك بەسەر منارەوە" کە تیایدا خانمێکی تەنیا کە ناوی "شادی"ە لە بەرامبەر شارێکدا لە جەنگدایە، من باوەرم وایە کە لە کوردستان و لە هەنووکەدا خانمی وا ئازا و ئازاد هەن، بەڵام کەمینەن. لە چیرۆکی "زەلکاو"دا مامۆستایەکی یاخی و ئازا بە تەنیا دژی زەرینە دەوستێت کە لە زەلکاودا مەلە نەکەن کە دیارە رەهەندێکی رەمزی تێدایە.

***ئایا ئەدەب بە خودی تە وەک مرۆڤ و نووسەر چ بایەخێکی هەبوو؟**

_شەرزاد حەسەن: ئەدەب هەڵکی فیکری بە من بەخشی کە قووڵتر بیر بکەمەوە، دیدگایەکی رەخنەگرانەی لە منداخولقاندووە کە ناهێت بسڕەوم، کە من هاتمە ناو ئەدەبیات قوتابخانەی یان رەبازی ئەدەبی "ریالیزمی سۆشیالیزم" باوی بووە کە "کۆمیونیزم" یا چەپگەرایی ستایشی دەکرد بە هاندانی چینی کرێکاران کە گوایە یەکسانی و دادپەروەری لەگەڵ خۆیدا فەراهەم بکات، هاوکات من لە دوا ساڵی خوێندنی دانیشگاییم ئاشنا بووم بە شانۆگەری و بگرە دواتر فیکری "پووچگەرایی" کە بە راستی بەقەد هەموو فەیلەسووف و نووسەرەکانی دیکەی مرۆڤپەروەر منیان لەسەر ئەوە راهێنا کە رەخنەگربم و هەم مرۆڤدۆست، بە واتا فیکر و شانۆی پووچگەرایی منی بەدار کردووە کە رەز لەو مرۆڤە بگرم کە گیرۆدەیە بە دەست سەدەها تەگە و تەپکە فاقە کە هاوتوخمەکەی بۆی ناوەتەوە. ئایا ئەوان دەرگایان داخست؟ نەخێر.. ئەوان بە منیان گوت: مرۆڤ تەنیا و گیرۆدەیە لەسەر زەمین، ئەدەبی پووچگەرایی دنیای دەدام کە بیربکەمەوە، کەچی بە من رەبازی

"ریالیزمی سۆشیالیزم" مژدەی بەهشتکی دەدامێ کە پتر باسی سوپەرمانی دەکرد، کە دیارە واش دەرنەچوو، بەگۆش داتەپینی بلۆکی سۆشیالیزم بوو لە کۆتایی هەشتاکاندا. بەگومان لای من کۆمیدیایەک هەیە کە وانەی جوان و دانسقەی تێدایە کە زۆر جاران ناوی کۆمیدیای ڕەشی لێنراوە، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە کە بپرسین: ئایا ڕەوایە بە ناوی ئایدۆلۆژیاکانی سەرزەمین و ئاسمانی زەریای خوێن دروست بکەین؟ ئەوە ئەو پرسیارە ڕەوشتپارێزەیە کە مەرجە لەخۆمانی بکەین. هەموو ئایینەکان بانگەشە دەکەن کە ئەمە هاتووین مرۆڤ ڕزگار بکەین و بیبەخشنەوە بە بەهەشت. لەولاشەوە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی بە چەپگەرا و چ بە نەتەوەپەرستکانیشەوە دەڵێن ئەمە هاتووین بەهەشتێك بە ئەوە دروست بکەین. ئایا تۆ باوەڕ بەوە دەکەیت کە پەیوەندکت بە بخوەقەنم کە هەرچوار پارچەکەی کوردستان یەکبخات؟

***ئایا یاخیبوون لە کوێی ئەم شکست و سەرکەوتنانەدایە؟**

_ شەرزاد حەسەن: بە بۆچوونی من ئەگەر کەسێکی هەشمەند شکست بهێنێت، بەجگە لە یاخیبوون هیچ دەروازەیەکی دیکە نییە. من باوەڕم بەوە نییە کەسێك شکست بهێنێت، ئیدی ئامادە نەبێت هەستێتەوە سەر پێیەکانی خۆی. بەڵام ناکرێت ئەو ڕۆحە غەیبانی و چارنووسگرایییە لە ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەمەد تاوەکو هەنووکە لە یاد بکەین. بەڵام کەسێك هەشمەند بێت، کە شکست دەنێت، دەبێت بە گومانکەر و خاوەنی دیدەها پرسیاری نەسرەوت. مەرج نییە شکست بەرەو بزینمان ببات، دەکرێت بەرەو بیرکردنەوەمان ببات؟ کارەکتەرەکانی ناو هەر دوو کایەی ڕامیاری و ئایین زۆر نارسیست و عاشق بە خەیانن دیارە حەشاماتیش ڕەنگی هەیە لەوەی خەیان بە پیرەز بزانن و بکەونە دەرەوەی هەر ڕەخنەیەکی شەلگیرانە، نووسەری ڕاستقینە دژی پیرەزی دەوەستێتەوە، سیاسەتباز و ئایینەدار خۆنفرەشن، هەردووکیان بانگەشە و مژدەی بەهەشمان بە ڕادگەنن، نووسەری ڕەسەن درەی وا بە کەس ناکات.

با بگەڕێمەوە سەر کارەکتەری بزیو و سەرکەوتوو، با نموونەی چیرۆکە ئۆقیندارییەکانت بهێنمەوە، چیرۆکە دەداریەکانی سەرزەمین دەنەو هەموو میللەتەکانی دونیا بە شکست کۆتایی هاتووە، یان بە مەرگ کۆتایی هاتووە یان بە لەکدابڕان، نموونەکانیش لە ژمارە نایەن "ئامیە و جولێت، شیرین و فەرهاد، خەجە و سیامەند، لاس و خەزاڵ…هتد." ، چونکە وانە و پەند و ڕاستی تیایە کە عاشقەکان ناگەن بە یەکدی، بگرە من لە ژیانی خەمدا دوو عاشقم نەبینی بە یەکتری بگەن، لای من هەکارەکەی دیارە کە مرۆڤ بە گشتی و بە ماوەی

هەزارەها ساڵ و بگرە لای خەمان تا هەنووکە دژی عیشق و خۆشەویستییە، چونکە لەسەر رق و کینە پەروەردە کراوین پەروەردەی ئەمە وای کردووە کچەکان و کوڕەکان رقیان لە یەکتری ببێتەوە، گومان لە یەکتری بکەن و بڕز لە یەکتری بکەنەوە.. ئیدی من کام دەدار و عاشق لە چیرۆکەکانمدا بە درێژی بیانگێڕنم بە یەکدی و بە دەهۆڵ و زورنا کۆتایی بێت، ئەدەبی ڕەسەن هەزی درێژی وای نییە. لە ڕاستیدا ئەدەبی شکست ئەدەبێکی دندەڕ و هاندەرە بۆ بیرکردنەوەی زیات و گۆڕان بۆ دوای هەکارەکانی شکستەکان، ئەدەبێکە دژی یوتۆپیا و ئایدیاڵیزا و پیرەزی و ڕەهاگەری و مژدە و دروشمی ساختە، ناهەقیەت خەشخەیاڵ بیت و دونیا بازنەتەوە بەمان لە کاتێکدا ژیانی خەمان لە ناو زیندان و شێتخانە و کوشتارگا و نەخۆشخانە بێت وەک ئێستاکە.
کەواتە من جەخت لەسەر وتە جەرگبڕەکەی " میلان کۆندێرا" دەکەمەوە کە دەفەرموێت، " ستایشی داستان تەنیا لەوە دایە کە ستایشی بەزین دەکات.". زۆقترین نموونەش ڕەمانی " دۆن کیخۆتە"ی (سەرڤانتس)ە.

***کەواتە تە مەبەستت بووە خۆشەویستی بە شکست کۆتایی بێت؟. لە ڕەمانی "ژنێك بەسەر منارەوە" ئاماژە بە کارەکتەرێک دەکەیت کە ناوی "هەمەر"ە و شێوەش دەینێرێت بۆ ئەوەی ژنە لەشفرۆشەکان بکوژێت، کەچی دواتر لە ڕێگەی عیشقی کچەکەوە کە "شادی" ناوە دەکەوێتە گومان لە خۆی و شەرش، بگرە پەشیمان دەبێتەوە و هەڵدەگەڕێتەوە. عەشق یان ئەدەب کامیان دەتوانرێت قووتر مرۆڤ بگۆڕێت؟**

_شەرزاد حەسەن: دیارە هەردووکیان، ئەدەب و عیشق، هەر یەکە و بە شێوەی جیاواز و زمانی تایبەت بە خۆی مرۆڤ دەگۆڕێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە خۆشەویستی یەکێکە لە تەماو و بابەت و ناوەرۆکە هەرە دیار و باو و زۆقکانی ناو جیهانی هونەر و ئەدەبیات، چونکە ڕۆح و کرۆکی ژیان و زیندەگییە، بەڵام لە ئەدەبدا تەما و بابەتی ئەوینداری ئەزموونێکی زۆر هەبەزاردەیە، لە هەشمەندیەکی باڵاتردە دەت، پەیوەندی بە شارستانبوونی مرۆڤەوە هەیە، نموونەی وەک "یۆنان" کە لە تۆک فیکر و فەلسەفەدا پڕە بە شیعر و شانۆ و داستان و ئەفسانە و ڕەسم و پەیکەرتاشی و بگرە گشت هونەرەکان دەدات، چونکە لەوێدا ڕۆحی بە شارستانبوونی مرۆڤ چەکەرە دەکات، هاوکات تەمای عیشق و ئەویندارێتی و ئیرەتیکا پتر گەشە دەکات و دەنەو دونیای ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەفسانەی " ئەدیب ـی پادشا" هەر هەبووە لە کۆندا، بەڵام ئەوە نووسەرەکی وەک "سۆفکلیس" دەت و دەیکات بە شانۆگەرییەکی نەمر، کە دواتر

دەروونناسێکی وەک "فرۆید" بە خوێندنەوەی مرۆڤ و ئایین و دامەزراندنی شارستانیەت و هەم پەیدابوونی ئایینەکان و تاوانی کوشتنی باوک و ستەم و دیەها بابەت و تەما و نهێنی خودی ژیان و بوون کەکی لێ دەبینەت. دواتر دیەها دەروونناس و وێدیب دێن و کەک لە ئەفسانەی " ئیدیب – ی پادشا وەردەگرن کە من بە خەم لە ژێر کاریگەری هەمان ئەفسانەدا خەیاڵم ئاگر دەدەم کە بتوانم لە نەقڵەتی/کورتە ڕەمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم"دا منیش باسی باوکی کوردانە بکەم، کە نووقمە لە ستەم و بێدادی، جا لە خانەوادەوە بیگرە تا ناو تەوێڵە و گەوەی سیاسەتی ئەمە و دڕی شەرش و ڕووبارێک لە خوێن، بگرە من گەرەکمە بەم ئەمە و ئازادی دووانەی هەمان سک نین، هەشتا کەرپەی سەربەستی لە هەموو هەشهەڵاتی ناوەراست -دا لە دایک نەبووە.

بە من ئەو دەخەی کە ئەمە تیایدا دێژین لە باری کەمەڵایەتی و ڕامیاریەوە بە تەنها ستەم نیە، بەکو هەحی ڕەشی ستەمە کە هەموو ژیان و زیندەگی ئەمەی گەمارە داوە. ئیدی بە دەبەت من هەر لە ختوخەڵایی باس لە سەرکەوتن و سوپەرمان و ئاگرخەر بکەم؟ دوا جار خودی نووسەن بەرهەم و زادەی دیدگا و جیهانبینی ئەو نووسەرە خەیاتی، ڕەنجی خوێندنەوە و ئەزموونی ژیان و تەگەیشنتنی منە. دابەشکردنی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک و شانۆگەری و ڕەمانەکان بەسەر دوو کاتیگەری سەرکەوتوو یان بەزیو لەمەکەدا باوی نەماوە و سواوە.

***لە ئەدەبیاتی تەدا جۆرێك لە ترس هەست پەدەکرێت. ئەو ترسەی کە "فرۆید" لە کتێبی "موسا و یەکتاپەرستی" ئاماژەی پێکردووە کە درێژبوونەوەی ترسە لە باوك کە بە دەردی (عوساب) دەگات و دواتر بە ترس لە خودا دەگاتە چەپەپە. ئایا ئەو ترس و تەقین و پەیوەندییە ناهەکەش لەو هەزە زۆرەی باوکەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەیەتی لە باری فیزیکی / جەستەیی و ڕەحیەوە بەسەر فەرزەندکانییەوە؟**

_شەرزاد حەسەن: بە بەچوونی من گرێی ئیدیب هیچ نیە، بەڵگە لە خولیا و کەکەڵەی فەرزەندکان کە چەن لە ستەمی باوک ڕزگاریان بێت، دیارە دوای کوشتنی باوکیش هەستکردن بە گوناه و تاوان ڕەحی هەموویان دەهاژێت، ناچار ڕەحی باوکە پیرەز بکەن بە دروستکردنی کەتەڵ و پەیکەر و بتی داتاشراو یان تەوتەم وەک ڕەمزێک بە زاتی باوکە، دواتر ترس و تەقینەکە تەشەنە دەکات و ئیدی بە خەیاڵی کوشندە و ماندووی کچکان و کوەکان ناچارن بەوەی ڕەحی باوکە لە

ناو دار و بەرد و شاخ و رووبار و بگرە هەموو رگەزەکانی ناو سروشت پەرت و بڵاو بکەنەوە، ئیدی باوکە دوای مەرگیش هەموو دونیایان لە داگیر دەکاتەوە، بە رای من قەناغی بتپەرستی زادەی چەشنێک لە پەرستن و سروتی پیرۆزکردنەکانی رۆحی باوان یان خودی باوە گەورەیە کە ئامادەن ببن بە قوربانیشی کە لە چیرۆکی " سەربڕینی ئیسماعیل –دا لە لایەن "ئیبراهیم"ی باوکییەوە دەگاتە چەپڵەپڵەی هەستکردن بە گوناە و ئامادەگی بوون بە قوربانی بە پاکبوونەوە لە خیاڵی کوشتنی باوکدا کە دیار دەبێت بە "تابوو" واتا حەرامی هەرە حەرامەکان، باوکیش دەبێتەوە بە "تەوتەم"، بە واتا ڕەمز و سونبولێکی پیرۆز بە ڕۆحی باوکە، کە دەکرێت کەتێك بێت یان درەختێك و رووبارێک کە ڕۆحی باوکە تیایدا جێگیر بووە.. ئیدی کەی سروشت بە ڕۆحی باوکە نەخشین دەبێت، بە بۆچوونی من قەناغی بتپەرستی و سروشتپەرستی و بووونی ئەو سەدەها خوداوەندەی کە بە هەزارەها ساڵ مرۆڤ کرنۆشی بە بردووە زادەی ترس و تاوانی کوشتنی باوکە، کە دوا جار ترس و بیمەکە وەها دەئاوسێت و گەورە دەبێت کە بەندەکانی ناو سروشت ناچار دەبن خودا لەسەر زمینەوە بگۆزنەوە بە ئاسمان کە ئەمجارەیان باوکە بە تەنیا سروشتی داگیر نەکردووە، بگرە زەوی و ئاسمان و هەر هەموو گەردوون هی خۆیەتی، کەواتە ناتوانین لە هەژموونی قەبە و هێزی لە بن نەهاتووی باوك دەربچین کە بەر نەفرەتی کەوتووین و هەرگیز پاک نابینەوە، بەڵام کەکەڵە و خولیای کوشتنی باوک وەک کەڵەگا و ستەمکار دەنەو هەموو کولتوورەکاندا بوونی هەبووە.

با من نموونەیەکی زیندوو بهێنمەوە کە ئەویش فەرمانڕەوایی نەوەی سێیەم و چوارەمی بنەماڵەی بارزانی –یەە کە من وای دەبینم گەر هێز و ناو و مەژووی مەلا مستەفای بارزانی نەبووایە، هیچیان نەیاندەتوانی تا هەنووکە لەسەر تەختی دەستەڵاتداری و سەرمایەگوزاری بەردەوام بن، دیارە بە من گرنگە ئەو بدرکێنم کە بارزانی باوە گەورە بە جێستە مردووە بەڵام ئەفسوونی و هێزی خواهانەی ماوە کە نەوەکانی دوای خۆی تا هەنووکە سوودی خراپیشی لێدەبینن. دیارە بە هەمان شێوە و کەمێک کاتتر بە بنەماڵەی تاڵەبانی –یش راستە، بگرە بە هەموو ئەو شێوە فیودالی و دەربەگییەی کە بە درێژایی مێژوو کە تا هەنووکەش ماوە و بەتە یاسا و ڕەسا کە تەخت و تاجی فەرمانڕەوایی وەک میرات لە باوکەکانەوە بە کوڕەکانیان جێدەهێنن. دیارە رامیاری بە مانا مەدەرنەکەی ئەو ڕەحە خەڵگرییە هەڵدەوشێنتەوە چیتر ڕێز بەمیراتگری دانانێت بە بەڵەوبردنی وەاتێک و نەتەوەیەک، بەڵکو

پەروەردەی مەدەرن کە ئەمە نیمانە تەنها رێز لە تواناکانی تاکەکەسکان دەگرێت بە هەڵبژاردنی هەر کار وئیشێک و پێستێک، دوا جار سەرێک بەر لە هەر شتێک بە خەی هاوڕاتی/هاونیشمانییە و بەس، نابێت پێگە و پێستەکەی جێگەی ناز و فیز و هەوا و دەبدەبەی تێدا ببێتەوە. ترسی هەرە گەورەی من ئەوەیە کە ئەمە لە ماوەی ئەو بیست و شەش ساڵەی رابردوودا نەمانتوانیوە کچان و کوڕانی نەوەی تازە وا پەروەردە بکەین کە تێیار و ئامادە بێت بە خەسڕاقاکردن بە زانست و زانیاری، ویست و ئیرادەگەری لەواندا بچێنین، ئاوەز وعەقڵێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت، خەی لە ترس و شەرم رزگارکردبێت، بەر لە خوێندن بە وەدەستهێنانی پیشە، بیر لەوە بکاتەوە چۆنچۆنی ببێت بە مرۆڤ، بە بچووکی من و ئامادەگیم لە ناو ژمارەیەکی زەر لە قوتابخانەکاندا وەک سەرپەرشتیار هەشتا سزادان و ئەشکەنجەدانی کچەکان و کوڕەکان ماون. لە راستیدا ترسی سەرەکیم لەوەدا چە دەکەموە کە پرسەی خەساندنی نەوە یەک لە دوای یەکەکان: تاکە کارەکە کە زەر بە وەستایی و کەشوەوە ئەنجاممان داوە.

*تە زەرجار باسی کەمەڵگای نەرسالاری دەکەیت و دەڵێیت هەموو شتەکان لەم کەمەڵگایەی ئەمەدا بە نەرەوزە، بگرە وەنەی باوکی ستەمکار لەسەر ئاستی خانەوادەدا کە بە ناوی پیرەزیەوە زیندانەکی بونیاتناوە لە ئەدەبیاتی تێدا ئامادەگی زەق و زەرە، کەچی هەمان ئەو وەنەی کەمەڵگا و دکتاتۆرە لە ژیانی ڕامیاری و کەمەڵایەتی و ئابووری و کەی پانتایی و جومگەکانی کەمەڵگای ئەمەدا سەدبارە دەبێتەوە. ئەویان لە هەموو کەس و کەبوونەوەکانی تێدا دووبارە دەبێتەوە؟ ئایا بە ڕاست زەخمی ستەمکە وەها کوشندەیە؟

_شەرزاد حەسەن: بەڵێ.. ئەوەی دەگوزەرێت گەدانی دەزەخکە بە هەموومان، بەڵام هەر هەمووان خەیان لە بینین و درکاندنی دەدزنەوە. گرەی ئەدیب، یاسا و ڕەسا ئاسمانی و سەرزەمینی باوانی پیرەز کردووە کە کەم کەس هەیە بوێرێت گومان لەو پێگە پیرەزەی باوکە ستەمکارەکان بکات لەسەر ئاستی کەمەڵایەتی و هەم ڕامیاری، دیارە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد ئەو کاتەی نهێنییەکانی ئەفسانەی "ئەدیب – ی پادشا" مان درکاند، پیرەزییەک کە لە ئاکامی کوشتنی باوکەوە بە دەستی فەرزەندەکانی دەگاتە ترس و تەقینەک کە بە پەرستنی باوک کۆتایی دێت، دەئاوسە و دەپەنمێت و قەبە و گەورە دەبێت لە خوداوەندە دەرینەکاندا دەبێت بە سرووتی هەزار شەوە لە پەرستن، دواتریش لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا بە یەکتاخوایی دەگات و مرۆڤایەتی پەوی پاند دەبێت و تا هەنووکەش بەردەوامە. هەبێتە

کارساتی پیرزیش دەبێت بۆ مایەی تێڕاقدانی هەم کوشتنی عەقڵ و ئاوەز. دەبێت ئاوڕش بزانین کە هەر سێ ئایینە ئیبراهیمییەکە زادەی باوکسالارییە و هەم دووبارە بەرهەمهێنەری نەرسالارییە بە زەخم و زیادەیەکی زەرەوە.

***هەکاری ئەوە چییە، کە زەرجار لەناو ئەم کەمەڵگا نەرسالارییەدا کە تێ زەر دووپاتیدەکرێتەوە، ژنەکانیش هەمان نواندن و نمایشی پیاوان دووبارە دەکەنەوە؟ بۆ نموونە: ترس لە مەینەت بوون و بگرە خۆ بە گوناهبارکردنەکی بەردەوامی ژنان بۆ خودی خۆیان و هەم بۆ یەکتری، هاوکات هەموو هاوڕەگانی ڕەگەزی مە بۆ ئاوەیە نەرینەکان ئاسوودە بکەن هەتا گەر لەسەر حیسابی بەدبەختی خۆیشیان بێت؟**

_شەرزاد حەسەن: تێگەیشتن لەوەی بۆچی ژنان کەوتوونەتە ژێر هەژموون و دەستەڵاتی پیاوەکانەوە وامان لەدەکات بگەڕێینەوە بۆ کەی مێژووی ستەم لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی و پاشان لەسەر ئاستی ستەمی نەرینە دەرهەق بۆ مەینەت. ئاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی مێشکی خانمان لە لایەن پیاوەکانەوە لە ڕەگەی هەزارەها بەند و داو و تەپکە و تەڵە و فاقە و یاسا و ڕەسا ئاسمانی و هەم سەرزەمینییەکان، کە مێشک داگیرکرا، ئیدی زەر ئاسانە کچەکان و ژنەکان بخەینە ژێر رکەفی خەمان و جەڵوگیری ئەمەی نەرینەبن، بگرە خودی زمان تا هەنووکە زمانەکە هی نەرە و لە بەرژەوەندی نەریش خۆی دەنوێنێت، بگرە هەر لە سەرەتای ئافسانەی خەلیقەتەوە کە یەزدان "ئادەم و حەوا" دروست دەکات، لە هەر سێ ئایینەکەدا بە ئەندازەی زەر یان کەمەوە جەخت لەوە کراوەتەوە کە "حەوا" لە پێناو "ئادەم"دا خولقاوە، بگرە چەندین فەرموودەی باوەڕپێکراو هەیە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەزامەندی یەزدان لە ژنان پەیوەستە بە ڕەزامەندی مەردەکانیانەوە، دەگوترێ ئەوە "ئادەم"ە کە ناو لە شتەکانی دەوروبەری خۆی دەنێت نەک "حەوا"، هەبەتە بە یارمەتی یەزدان فەری ناوی شتەکانی ناو سروشت دەبێت، ئەوە "ئادەم"ە ناو لە "حەوا" دەنێت: حەوا، حەوا بە خۆی خامۆش و گوڵایە.

بیرمان نەچێت کە گوناهی یەکەم خراوەتە ئەستۆی "حەوا" کە لە پای دەمبردنە بە میوەی قەدەغەکراو و فریودانی ئادەم بۆ تامکردنی میوەی حەرامکراو، پاشانیش تەکردنمان لە بەهەشت، ژنان کەم عەقڵ و کەم دین هەژمار دەکرێن لە لایەن پیاوانەوە کە بە خۆی وای لەدەت کە ئەندازەسازی ڕەوشتپارێزی و مەسەل لە لایەن پیاوانەوە بە ژنان دابەزرێنن، یەکەمین گومانی لە میراتی ئەو کولتوورەی نەرینە بە

خەی نەخشەی کەشاوە لە زمانەوە دەستی پێکرد، چونکە هیچ فکرێکی سپی و رەش لە دەرەوەی زمان بوونی نییە، زمانێک کە لە "ئادەم" ەوە تا هەنووکە هی پیاوەکانە و کەی یاسا و رێساکانی بە قازانج و سوودی ڕەگەزی نێرینە نووسراوەتەوە، بەڵام بە تا هەنووکە نەگۆڕاوە؟ چونکە پیاوان و ژنان پێکەوە هیچ گومانکیان لەم زەبە و زارە نییە کا بە پیرەز ناسراوە، سەرباری ئەوەش هەشیارییەکی زەر و زاحە دەوەت پیاوان بەنە پای ئەوەی شەرم لە خەیان بکەن و ئەو یاسا و رێسایانە هەبووشێننەوە کە ستەم و بەدادی تەدایە دەرهەق بە ژنان. بگرە "حەوا" و کچەکانی کە دایکان و خوشکان و کچان و هاوژینەکانی من و ئەوەیە کراون بە هاوڵەی شەیتان، گوایە ئەوە شەیتانە کە هانی "حەوا" دەدات لە سەوە حەرامەکە بخوات. ژنان بە هەمیشە لە لایەن نێرینەکانەوە هەم هامکراون و هەم هاوکراون. ژنان بە خەیان بەوایان وایە شایستەی جەرهەا سزان کە بەر نەفرەتی یەزدان کەوتوون، بگرە من دەیەها جار لە ژنان و کچانم بیستووە کە وتوویانە، " خوشکی خەم.. ئەمە لە پەراسووی خوار و خەچی ئادەم خولقاوین و تازە هەرگیز راست نابینەوە." لە راستیشدا ئەم روانینە زادەی زمانی خوار وخیچی نێرگەلێکی خە بە زلزانە، من گومانم لەوەدا نییە کە ژنان دوای تێکشکانی دایکسالاری لە بەرامبەر باوکسالاریدا بە تەواوی لە ناو مەژوودا جڵەق دەبن و وەدەر دەندرێن، چونکە پیاو بە تەنیا خەی دەکات بە خاوەن مەژوو. فەرموو سەیری ناو هەر هەموو کایەکانی ژیان بکە، نە لە ناو کایەی ئایینداو نە لەنا دونیای رامیاری و نە لە بازاڕ و سەرمایەگوزاریدا ژنان ئامادە نین، نەک خەیان حەز بەوە بکەن.. نەخێر، بەڵکو پێگەی خانمان لە هەر سێ کایەکە نزمە و ریگا پێدراو نییە ژنان کەبەکە و ململانی دەگەڵ پیاواندا بکەن..کاری نەکردەیە. گوە لەم فەرموودەیە بگرە سەبارەت بە خانمان، "من لە دوای خەم هیچ فیتنەیەکم بەجێنەهێشتووە لە ژنان زیانبەخشتر بەرامبەر بە پیاوان.

***ئەدەب چەن دەتوانێت هەموو ئەم تەوانینانە بگەڕێت؟**

_ شەرزاد حەسەن: سەرەتا گوتم کە ئەدەب وەک سیاسەتباز ورابەری ئایینی خاوەنی ئایدەلۆژیا نییە، کە نیازی بێت من و تە وا پەروەدە بکات کە کەی پێیامەکانی بە پیرەز بزانین و پەیرەوی لەبکەین، ئەدەب تەنها ئەو هەز و هەشیاریییە زاڵ و زەرەمان دەداتێ کە هەمیشە بپرسین و گومان بکەین، دیدگایەکی رەخنەگرانێت پێدەبخشێت، گەڕانکاری لە مەڕەدا و پێیداکردنی تەوانین و جیهانبینی تازە کارەکی ئاسان نییە کە لە میانەی چەند ساڵیکی کەمدا بەنە دی،

ئەویان کار و ئەرکی پەروەردەی مندالەکی تازەمان بە ئامادە بکات بۆ مەرجی گومانکردن لە بابەکی زۆری ئەو میراتە فیکری و فەرهەنگی و یاسا و رەسا و نەرمە کۆمەلایەتییەکان ببەت بە سەرمەشقی نەخش و پلان و ستراتیژی درۆژخایەن، ئەو گەنجانکارییە رادیکالەی ئەمە دیخوازین کار و پرسیکی مۆژوویی و عەقڵی گەورە و ویست و خوونی گەرەکە کە بە داخەوە دەستەاتداران و پەروەردەکارانی ئەمە لەو بیست و شەش سالەی رابردووەدا خوتبوون. ئەو گۆرانکارییە زادەی کەبوونی زانست و زانیاری و ماریفەتکی پە و دەوەمەندە، دیارە من هیچ ئومدکم نییە کە خانەوادەی کوردان بتوانن منداڵەکانیان لەسەر خشویستی فیکر و ئەدەب و هونەر پەروەردە بکەن، هەموومان دەزانین قوتابخانەکانیش کاولەئاشن و بگرە کچەکان و کوڕەکانمان لە کتەب و زانست و زانیاری دەترەنن، سیستمی پەروەردە و فێرکردنی ئەرە نەویکی تازەی دروست نەکرد کە هەزی بیرکردنەوە و شیکاری و لەکەینەوە و خوخوێندنەوە و دونیاناسینی هەبەت.. بۆیە دونیای ئەمە لە تووتیستان و کیەگەی داهەڵکان دەچیت.

لە هەموو دونیای پێشکەوتوتر لە ئەمە کچەکان و کوڕەکان هەر لە سەرەتاوە فێری ئەوە دەکرێن بەدەر لە بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن، عاشقی خوێندنەوە ببن و بگەڕێن و ببینن و ببیستن بۆ ئەوەی بتوانن بیر و بۆچوون و شیکاری و لەکدانەوەی خۆیان هەبەت لەسر ئەو ئەزموون و زانست و زانیارییانەی کە دەخێتە بەردەست و چاوانیان.ئەرکی پەروەردەی تازەیە کە خوون بە دامەزرندنی جیهانەکی تازەوە ببینێت، ئەمە تا هەنووکە نەمانکردووە، کەواتە سەیر نییە لە شکستەکەوە بە شکستەکی دیکە درۆژە بە ژیانەکی سست و بە داهەنان و خوون و خیاڵ دەدەین. پەروەردەی مرۆقدەست و عەقڵزدە پرۆژە و خوونی ئەوەی هەیە کە فێری هونەری ژیان و خشویستیمان بکات کە نەیکردووە. ئەوەندەی من ئاگادار بم وەتانی ئاوروپا لە دوای دوو جەنگی وێرانکار توانیان کەم و زۆر بەخەبکەون و روو لە بەرپاکردنی رەحمی ئاشتیەوانی بکەن کە ئەوەش بە پەروەردەی مرۆقدەستانە نەدەهاتە کایەوە، ڕێشهەڵکاتی ناوەراست تا هەنووکە، بە کوردستانیشەو، خوونکی وای نییە ئومێدمان بە داهاتوو هەبەت. دیارە لە دوا راپۆرتی یەکێتی ئاوروپا کە بە سەدەی بیست و یەک و هەزارەی سێیەم ئامادە کرابوو، تیایدا بە ئاشکرا دیارە کە گومانیان لە پەروەردەی خیان هەیە کە ئەگەر تێیار و ئامادە نەبن ئەگەری دووبارەبونەوەی مەترسیەکانی سەدەی بیست ئەگەرێکی دوور نییە، بە تایبەتی لە بواری توندوتیژی و رەگەزپەرستی و نایەکسانی

و بەدادی و پێگەی نزمی خانمان بە بەروارد دەگەڵ پیاوان، پیسبوونی ژینگە کە ئاو و هەوا و خاک گرانیوتر بوون لە جاران..سەرباری ترسیان لە کوژانەوەی ئەم ئاستەریەی کە ئەمە لەسەری دەژین لە ئایندەیەکی نزیک یان دووردا.

***زەر جاران ئەدەبیات دەستکاری کەمەگا دەکات، کەمەگا ئاسوودە نییە بەو نووسەرەی کە باسی جەرگ لە تایبەتمەندییەکانی کەمەگا دەکات، بگرە ڕاتی دەکاتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەدەب تا چ رادەیەک بە مافی خەی دەزانێت کە پەردە هەماڵێت لەسەر نەنگی و کەموکوڕی و داڕزانی کەمەگا؟**

_شەرزادحەسەن: بە بەچوونی من، ئەدەبەك ئابەووبەرە نەبێت و پەردە هەنداتەوە لەسەر ڕووداوە سیر و سەمەرەکان و گەبەندکان و ئەو ژیانە تراژیدی و هەم کەمیدییەی مرۆڤ.. کەواتە هیچی نەکردووە، گەر نەچێتە ناو چێپاو و زەلکاوە شاراوەکانی ناو شار و گەڕەکە دەزەخییەکانی ئەمە و شەڕ نەبێتەوە بە ئەو ئەشکەوت و بەشە تاریکەی وا لە ناو ناخی هەموومانداید، ڕەسمی ئەو بەڕە زەرەی توندوتیژییە نەکات، کە ژیانی ئەمەی خوەناوی و غەمگین کردووە.. ستەمی نەبەاوە دژی منداڵان و ژنان، قسەیەکی نەبێت سەبارەت بەو مەتەکە و کابووسەی ناومان ناوە مەژوو کە درێە و نیمانە، یان شەشی چواشە، یان بە داهەە- بوونی ئەو هەموو پیاوە بتاڵانە.. هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ شەرمی لەدەکات و لەشی دەترسێت، گەر وا نەکات.. دەکرێت هەر ناوەکی دیکەی لە بنەیت، بەڵام ئەدەب و هونەر و داهەنان نییە. ەنگە چەند خوەنەرەکی تەوەزەلی هەبێت کە دەی نووسەرەکە خەش بکات، بەڵام ناتوانێت خوەنەرەکی زیرەك پەیدا بکات. گەر سەیری مەژووی ئەدەبیات بکەین تەدەگەین کە بچی لە هەموو سەردەمەکاندا سانسەر و چاودێری دەستەاتداران و کەسانی کەنەپارەز هەبوون بە خنکاندنی دەنگی ئازاد و دڵێری نووسەران، بگرە بە بیانووی سنووربەزاندن و شکاندنی حەرامەکان و قەدەغشکەنی ژمارەیەکی کەم و زەر لە نووسەران لە جوگرافیای جیاواز و سەردەمە دەرینەکان و هەم لە هەنووکەدا سزا دراون بە تونددکردنیان لە زیندان و ئەشکەنجەدان و شاربەدەرکردن و تەکردن و کوشتن، جا چ بە ناوی ئایدیاڵەژیان ئاسمانی بووبێت یان سەرزەمینی کە هەردووکیان پیرەزیان بە خەیان قەرغ کردووە.

ڕەماننووسی ئایرلەندی "جەمس جەیس" دارکاری کرا لە سەنگەی بەاوبوونەوەی کەمەە چیرەکی" خەکانی دەبلن" گوایە ئاماژەی بە چەند کارەکتەرەکی ناو شاری "دەبلن" کردووە کە دەناسرانەوە، گوایە

ئابووبەر بوو، هەر خودی ئەو نووسەر وتەیەکی تووندی هەیە کە گوتوویەتی، " من ناتوانم بنووسم بێ بێ بریندارکردنی هەستی ئەوانیدیکە! "نەجیب مەحفوز"یش لەسەر بەاوبوونەوەی رەمانی " منداڵانی گەڕەکەکەمان" لە لایەن ئیسلامییە توندڕەکان بەر چەقۆ درا. دوو نووسەری ئینگلیز کە کوڕ و باوک بوون: کە لە دوو قۆناغی جیاواز دژیان و هەم ئەزموونیشیان لە یەکدی نەدچوو، پتر سەرگەرمی نووسینی رەمان بوون، مارتن – ی کۆی دەیگوت گەر باوکم رەمانێک سەبارەت بە خانوادەی خەمان بنووسێت، هەموو وردەکارییەکان باس دەکات، بەڵام توخنی ژووری نووستنی خۆی و دایکم ناکەوێت، بەڵام جیاوازی من لەتەک باوکمدا کە سەر بە نەوەیەکی تازەم ئەویە گەر منیش رەمانێک سەبارەت بە خانوادەی خەمان بنووسم .. بەر لە هەر شتێک دەرگای ژووری خۆتنی دایک و باوکم دەکەموە. هەڵبەتە مەبەستی مارتن ئاشکرا و روونە.

زەرینەی مرۆڤەکان حەزیان نییە ئاوێنەیەکیان بدەینێ و داوایان لێبکەین سەیری خۆیان بکەن گەر هەست بکەن پیس و چەکن و ناشیرینن. مەرجە رەز لە فیکشن یان ئەدەبی داستان –ئامێز بگرین کە بەوای بوونە نییە کەسانێک هەن فریشتە و کەسانێکیش شەیتانن.. نەخێر، بەڵکو لە ئەدەبی گەڕانوودا کە بە فیکشن ناسراوە ئاماژە بە راستییەک دەکات کە نووسەران سەرگەرمی باس و خواسی ژیان و زیندەگییەکن کە هەموو شتێکی تێدایە، واتا فیکشن تەماری بابا تگەلێکە لە ژیانوە قەرز کراو یان وەک ژیان وایە بە هەردوو دیوی جوان و ناشیرینی، بەڵام بە داداگاییکردن و لە قەفەزنان، کەس سووک سەیری کارەکتەری "سەنیا" ناکات لە رەمانی " تاوان و سزا"ی رەماننوسی روسی ' دەستیەڤسکی"، کە ناچارە قوربانی بە لەشی خۆی بدات تاوەکو بتوانێت خوشک و براکانی بەخێو بکات، دەتوانین ئاماژە بە سەدها کارەکتەری بەدکار و شەڕانگێز بکەین کە لە بری رق هەڵگرتن ئێمە هاوسۆزیانین.لە فیکشندا ژیان بە هەموو رەنگە جیاوازەکانەوە خۆی دەنوێنێت.

***تا چەند لەگەڵ ئەدەبی ووتبووونەوەدایت، کە دامایینە لە هەموو شتێکی رووکەشانە؟**

_شەرزاد حەسەن: ئەرکی ئەدەبە کە دەمامکەکان دامایێت و مرۆڤ وەک خۆی دەربکەوێت، بە تایبەتی لە باری رەحی و رەوانییەوە، واتا ناسینی دیوە شاراوەکەی، ئەدەب پەلاماری نادیار دەدات بەر لەوەی خۆی لە قەرەی ئەو بشە بدات کە هەموومان پێی ئاشنایین. ئەرکی ئەدەبە کە نائاسایی بکات بە ئاسایی و پێچەوانەکەشی راستە. بروا

ناکەم تەمبەستت "پەنۆ" بێت سەبارەت بە ئەدەبی رووتبوونەوە، بەڵام هەموومان دەزانین کە ئەدەبی "ئیرۆتیکا" کە دیوە سەزداری و عیشقییەکەی مرۆڤ پانتاییەکی گەورەی لە ئەدەبیاتی جیهانی داگیر کردووە. بە بۆای من مرۆڤی ئەم سەردەمە تووشی سەرەتان / شەرپەنجەی رۆحی بووە کە مەرجە نووسەران ئاوەی لە بدەنەوە نەک وەک پزیشکی دەروونی و بەس، بەڵکو وەک ئەو نووسەرەی کە چاوی چەلەکەی هەیە و هەر چواردەوری خەی دەبینێت و دەپشکنێت. من بە خەم نووسەر وەک بیرلەدەر دەبینم کە ناچارە چەندین چینی زەوی و خاک هەڵبکۆێیت تاوەکو دەگاتە ئاوی پاک هەڵقوڵاو، مەرجە نووسەریش بە هەزار فانەسەوە سەردانی ئەو ئەشکەوتە تاریکەی ناو ناخی مرۆڤ بکات، دەکرێت من و تە و ئەوانیدیکە دەزەخێک لە ناو بوونی ئەمدا هەبێت، نووسەری ئازا ئەوەیە کە بوێرێت سەر بەسەر زارکی ئەو جەهەننەمدا شۆڕ بکاتەوە و بگرە پیاسەی بە ناودآ بکات، بە واتا من گەر وەک دەزەخیەکان نەسووتەم: ئاخە چۆن بتوانم باسی سووتان بکەم؟

***هەموو ئەو نائومێدییەی لە ئەدەبیاتی تێدا هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ دەمرێت و بوونەوەرێکی نەمر نییە، گەر وەکو گلگامەش بەدوای نەمرییەوە بگەڕایە، گریمان نەمری دەستبکەوتایە. ئایا تە هەر وا نائومێد دەبوویت یان ئۆگاری ڕزگاربوون زیاتر دەبوو؟**

_ شەرزاد حەسەن: بە بۆچوونی "ئەلبەر کامۆ" خودی مەرگ زاڵترین خولیا و بیرکەیە کە مرۆڤی داگیر کردووە. ئۆگەر مرۆڤ نەمریش بووایە بە گرفت و کێشە نەدەبوو، گەرچی هەندێک بیریار و دانا و سۆفی مەرگ بە کۆتایی نازانن، بەڵکو بە درێژکراوەی ژیانی دەزانن. حەسرەتی نووسەرێکی وەک "گابریل گارسیا مارکیز" ئەوە بوو کە ئەزموونی مەرگ لای نەبەتە نووسین، یان شاعیرێکی وەک "ئەدۆنیس" بەوای وایە ئەو خودی مەرگە وایکردوو مرۆڤ خودایەک و قیامەتێک بخوازێت. مەرگ بە خەی وەک چەمک و مانا تەمایەکی سەرەکی ناو دونیای ئەدەبیاتە. ئەوەی کە بە من مایەی بایخ و تەئامانە ئەوەیە کە خەڵکی ئەمە مەرگدۆستە نەک ژیاندۆست، غەریزەی مەرگ و ژیان کە لە ململانێدان، پارسەنگی مەرگ قورستر لە هی ژیان، بەڵام نائومیدی من هیچ پەیوەندی بە ترسەوە نییە لە مەرگ، بەڵکو هاوارەکە بە ژیاندۆستی، بەڵام من ناچارم وەک نووسەر باسی ئەو مەرگپەرستییە بکەم کە ڕۆحی خەڵکی ئەمەی تاریک کردووە. من لە هەوڵی ئەوەدام گومان لە مرۆڤ بکەم، بە تایبەتی پیاو کە لەوتەی هێز و توانای پێدا کردووە، سەرگەرمی جەنگ و ئاووشکارییە. مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی جەنگە هەمیشەیەکانە.

***کە ژیان ئەوەندە ڕەش و ناخۆش بۆچی مەرگ هێندەبژێرین پەش ئەوەی خۆی بێت؟**

_شەرزاد حەسەن: هەبەتە هەندێك كەس لە نەوەندی نووسەران و هونەرمەندان و فیلەسووفان بە خۆایشتی خۆیان مەرگیان هەبژاردووە، ناوی گەورە و دروشاوەش بوون. من لە تەمەنی لاویەتیمدا بیرم لێدەكردەوە كە كۆتایی بە خۆم بهێنم، چونكە زیندەگیم زۆر تاڵ بوو، وەلی چوار هەكار نەیانهێشت دەستم بچێتە خۆم: تەنیایی و خەمی ناقۆڵای دایكم كە لە دوای من دە منداڵی ببوو، ستەمدیدە بوو بە دەست باوكێكی قومارچی و دەستوەشین و هەم جنەفرۆش، دووەمیان مەسیقا بوو، نێك وەك ژەنیار، بەڵكو من گوێگرێكی هەمیشەیی مەسیقا بووم، سێیەمیان كە دواتر هەموو ژیان ئاوەدان دەكاتەوە: ئەدەبیات بوو، چ وەك خوێندنەوە و چ وەك نووسین. چوارەمیان شاگێشكەبوونی من بە سینەما كە بە من دەزێنەوەی جیهانێكی هاوتەریب بوو لەتەك ئەدەبدا.راستی من هاوسەزی فیلەسوفی یۆنان-یم كە "ئیپیكورس"ە كە بەوای وابووە كە" ئەم ناچار نییە بیر لە مەرگ بكاتەوە تا ئەو ڕۆژەی دێژی، چونكە كە دەمرێت هیچ بوارێكی نەماوە بیر لە ژیان بكاتەوە"، وتەكەی ئەو فیلەسووفە زۆر پەندئامێزە. هاوكات من بەوام وایە كە سەگێكی زیندوو، گەر بەڵا و تەنگژەیش بێت جوانترە لە شێرێكی مردوو كە پادشای دارستانە. ئەم ڕستانە بۆنی ژیاندۆستی لێدێت، بەڵام كابرای دیندار قیامەت دەنێتە بەر ماڵەوە و پاڵێتی بگاتە حۆریەكانی ناو بەهەشت. ئەوەی كە لە خەرهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت مەرگدۆستییە تا ئەوپەڕی شێتبوون.

***ئایین چییە هێڵە لەوەی كە مەرگ جوان بكات؟**

_ شەرزاد حەسەن: بەگومان.. زەریش بە داخەوە، بە تایبەتی مەرگ بە كۆسانێك كە لەسەر زەمین گیرەدەن. لە ڕاستیشدا مرۆڤ تاكە ئاژەڵێكە كە نازانێت بژی. زۆربەی بیریار و دانا و زانا و فیلەسووفەكانی كۆن و نوێ بەدبینن بەرامبەر توخمی مرۆڤ، لە هەنووكەدا ئاو و هەوا و خاك پیس و بۆگەن بوون، خۆریكە ئەم ئەستێرەیەی ئێمە دەكوژێتەوە، دەی باشە.. بەجگە لە مرۆڤ كام گیاندار ئەو كارەی كردووە؟ گوایە مرۆڤ خەلیفەی خودایە لەسەر زەمین، دەی ئەگەر مرۆڤ دەندەی خودا بووایە: چۆن شێتانگەز و بەربادەكی لێدەردەچوو؟ ئایین ڕۆیكی گەورەی هەبووە لە ڕازاندنەوەی مەرگ، بگرە مەرگی كردووە بە فریادڕەس و هەم گەیشتن بە فیردەوسی پڕ لە حۆری و غیلمان، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام، مەگەر هەموتان گوێتان لە تەلقینی سەر مردووەكانی خەمان گرتووە كە مەلا دەژنەوێت، " لقد خرجت من دار

الغرور.. و دخلت الی دار السرور. لقد خرجت من دار الفناء.. و دخلت الی دار البقاء" کە مانا کوردییەکەی سووک و پووچکردنی ژیان و دونیایە و ئەو دونیاش هەواری خەشی و نەمرییە.

فتوحات و غەزەواتی ئیسلامییەکان بە درێژایی مێژوو مژدەی داوە بە جەنگاوەرەکانی کە گەر شەهادەت وەدەست بهێنن، بە جلی خوەناوییەوە لە ناو بەهەشتدا دەرحاڵ زیندوو دەبنەوە. بگرە سوپای عوسمانلییەکان کە بەرەو هەر شوێنەک ئیسپیان تاو دەدات مژدەی ئەتک کردنی ژنان و کچانی غەیرە دینیان بە جەنگاوەرەکان دەدا، سەرباری تاڵانی و داگیرکردنی خاک و خاک پەکەوە. کەسەک بە قەد چڵەکەیەک دەماغی هەبێت ئەو مێژووە خوەناوییە بخوەنێتەوە تەدەگات مەتیقی سەکس و هەوەس کە لە بەهەشت چنگ دەکەوێت بە شەهیدەکان شاخەونی خەونەکان بووە، هەمیشە مەرگ و سەکس دووانەی یەک سک بوون دەنەو ئەو کولتوور و میراتە شەرمهێنە. کەسەک سورەتی " ئەنفال" بخوەنێتەوە دەزانێت چی دەڵێم کە هاندانە بە تاڵانی و ئەتک کردن، ئەی چۆن عەرەبی بیابان-نشین توانی بگاتە چین و هیندوستان و کوردستان و ئیسپانیا؟ بە چەپکە گوڵەوە چوون یان بە زەبری شمشێر داگیریان کرد؟

*لەناو ئەو هەموو کەشە و گرفتانەی ژیاندا، هەر لە نەفرینی نەرسالاری کە بە تە بووتە کانگای ستەم، بیگرە هەتا ونبوونی مرۆڤ خەی. ئایا ئەرکی ئەدەب هەمان پەیامی ئایین و سیاسەتی هەیە کە بانگەشەی بەخشینی ژیانەکی خەش و شکۆمەندی و بگرە رازاندنەوەی بەهەشتەکە لەسەر زەمین یان لە ئاسمان؟ سەرباری ئەوەش دەنەو هەر دوو کایەی ئایین و رامیاریدا مرۆڤ بووتە چەقی بیرکردنەوە و هەم نیازیانە بیکەن بە خودان ژیان و سروشت و بگرە هەموو گەردوون. ئایا وایە؟ ئەی ئەدەب نیازی بە چیپە بە بەراورد لەتەک ئەو دوو بانگەشەیە کە تە خەت گومانت لەوەدا چە بەتەوە کە هەردووکیان زەریای خوەنیان بەرپا کرددوە؟

_شەرزاد حەسەن: ئەدەب هیچ ئایدەلۆژیایەکی فەرمی نییە و بانگەشە و مژدەی هیچ بەهەشتەکی پە نییە، هاوکات سوپەرمارکەتی نییە کە وەک هەر دوو کایەی سیاسەت و ئایینین بە تەن خەون و هیوا و ئاوات بفرۆشێت. ئەدەب دژی ئایدیەلۆژیایەکە کە فریوی مرۆڤ بدات بە مەرگەکی هەرزان، ئەدەب پەناسەی بە دەزەخ و بەهەشت تەواو جیاوازە، بگرە گومانی لە هەردووکیان هەیە بەو شێوە رەهاگەرییەی کە ئایین و سیاسەت قەڵەدا باسی دەکەن. ئەدەب دژی هەر چەشنە "یوتۆپیا"یەک کە دەکرێت ناوی بنێین شاری خوەنەکان، بەڵکو ئەدەب

ژیان وەکو خۆی وێنا دەکات کە هەموو ڕەنگەکان لە خۆی دەگرێت، بە قووڵیش ئەو تواناکارییە بە زیندەگی تاکی هەموومان دەکات. ئەدەب هیچ دروشمێکی زەرەن و خۆنەهێنی نییە تاوەکو خەڵکێک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئایدیالەژیا ئاسمانی و سەرزەمینییەکان خەڵکیان گەداوە بە ناوی پیرۆزی و هاگاری و قڕغکردنی هەر هەموو هەقیقەتەکان و جەخدتکردنەوە لەسەر یەقینگەرایی و فرشتنی مژدە و مزگێنی بە نرخی خوێن و فرمێسک و ئارەق، کە دیارە ئەدەبیات ئامادە نییە حیساب بە هیچیان بکات. لە هەمووی گرنگتر ئایین و سیاسەت بە بە "دەگما" و "یوتۆپیا" ناژین کە ئەدەب هەردووکیانی تێکاقداوە، بەڵکو کارکردی ئەدەب بە خۆی گوماکردنە لە پیرۆزی و دەگما و یوتۆپیا. من هاوسۆزی وتەیەکی گۆرکی "ئەلبەر کامۆ"م کە دەفەرموێت، "ئایینی تازەی من خودی ئەدەبە." کە دیارە ئەم وتەیە بە خۆی گومانکردنە لە ئایین بە مانا هەرە باو و ترادسیونەکەی.

***کەواتە ناتوانین وەک فریادڕەس تەماشای ئەدەب بکەین؟**

_ شەرزاد حەسەن: نەخێر و هەرگیز.. کەی پرۆژەی ئەدەب و پێامەکەی گومانکردنە لە هاتنی فریادڕەس کە ئایین و سیاسەت کردوویانە بە پایە و بناغە و چەتری خەیان، ئەدەب بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ خۆنی هاتنی فریادڕەس و پاڵەوانی ڕزگارکەر هەدەوەشێنێتەوە. هەر بە ڕاستیش کارساتە لە تاو هەموو گرفت و کێشە و تەنگژە کەمەایەتی و رامیاری و ئابووریەکان لەسەر زەمین نەتەوەیەک چاوەانی فریادڕەسی دەوبەزن بێت وەک لە ئەفسانەکاندا هاتووە کە پاڵەوانێکی دەوبەزن دێت خێر و خێشی لەگەڵ خۆی دەنێت، گرفتی ئەمە ئێوەیە کە بەردەوام سەرمان بە ئاسمان هەڵبڕیوە و نزا دەکەین فریادڕەسکمان بۆ دابەزێت. دوا ڕەمانی من "دوا شێوی دابەزینی عیسا" گومانی منە لە خەمان وەک کورد کە لە پەراوێزی مێژووش نزیک نەبووینەتەوە، چونکە چاوەانی فریادڕەسین کە ئێوەش بە خۆی ڕەگێکی قووڵی ئایینی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە بە تەنیا ئەمە گیردەی نەبووین، بەڵکو بە درێژایی مێژوو لە سەردەم و قەناغ و جوگرافیای جیاوازدا هەر هەموو خەڵکانی سەر ئەم ئەستێرەیە گیردەی بوون، دیارە هەندێک نەتەوە ڕزگاریان بووە لەو خەشخیاڵییە، بە دیدگای من لە ڕژهەڵاتی ناوەراستدا ئەو وەهمە لە ترۆپکدایە.

***کەواتە ئەدەب هۆشیاری بەرهەم دەنێت و تەامان و بیرکردنەوەی مەردومگەل زیاد دەکات؟**

_شەرزاد حەسەن: هەبەتە ئەدەب بەو ناسراوە کە بەتایبەکە زۆرێک لە کەی زانیاری و ماریفەتی مەردمگەلی لە خێدا کە کردەتەوە، سەرباری ئەزموونی پڕ و دەوڵەمەندی جوگرافیا جیاوازەکان، ئەدەب بە خێی خوانی خۆشەویستی و کەکردنەوەی هەموومانە لەسەر هەمان سفرەی داهێنان و جوانی، ئەدەب خاوەنی هەزارەها ئەندازیارە کە پردی درێژ و بتەو و تەکمە لە نێوان خەڵکانی هەر حەوت کەشوهەوایەکە دروست دەکەن کە مەحاڵە بەوخەت. ئەدەب کەڵەکەبووەنی کەی هەشیاری و زانیاری عەقڵە گەورەکانی سەرجەم مرۆڤایەتییە، هەر ئەوەشە وایکردووە خوێنەری هەمیشەیی ئەدەبیات بە خەی دەبەت بە رەخنەگرێکی ویژدان زیندوو، ئەدەب هەزی سازاندنی دیالۆگ و فەراهەمکردنی ڕەحەی ئاشتیەوانی هەیە کە ناهەمەت پڕت و بلاو ببینەوە، ڕەک پێچەوانەی هەر دوو کایەی ئایین و سیاسەتە، بە تایبەتی لای خەمان، کە بە هەمیشە وایکردووە خەمان بە پیرەز بزانین و ئەواندیکە گەاو و چەپڵە، هاوکات دەمانکەن بە دەژمنی یەکتری بە ناوی جیاوازی بیر و بۆچوون و فەلسەفەی سیاسی جیاواز و خودای جیاواز و دەدەنگ و مەن و کینەباز و شمشەروشەن.

بەوای تەواوم بەوە هەیە کە دوورکەوتنەوە لە ئەدەبیات و هونەر کەسانی ساغەم و ئاوەزدار و عەقڵزدە دروست ناکات. من لە دوای تەواوکردنی زانکە پتر ئاشنا بووم بە سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا کە سەر بە زانستە مرۆییەکانن، بەڵام چونکە لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە بە ئەدەبیات ئاشنا ببووم، هەستم کرد خوێندنەوەم بە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە ڕەگای بە کورت کردووەتەوە کە ئاسانتر لە سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا کەک ببینم و قووڵتر خەم و خەکی بناسم، دواتر بەم دەرکەوت کە زانستە مرۆییەکانیش سوودەکی زۆریان لە ئەدەبیات وەرگرتووە، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە من زانیم نووسەرێکی وەک "دەستۆیڤسکی" هەمان هەز توانای " فرۆید"ی هەبووە لە ناسینی مرۆڤ بە هەموو ئەو نهێنی و گرێ و ترس و درمە ڕەحییەکانی کە کەم و زۆر لە ناو هەموماندا هەگی داکوتاوە. بە من ئەدەب نازانیترین یارە کە هەموو ڕۆژێک بە ڕەحەکی تازەوە پێشوازیم لەدەکات، ئەفسوونی ئەدەب لەوەدایە کە ماریفەت و فیکر و زانیاری و ئەزموونی هەموو دونیا دەخاتە بەر دەمی من، بەڵام بە خەشی و چێژ و غەمەکی سەنگین و مرۆڤپەروەرانە کە هەموو ڕۆژێک دەمکاتەوە بەو منداڵەی بە هەمیشە سەرسام بەم و بپرسم و گومان بکەم.. بەڵام هاوکات نەهەمەت عاشقی خەم بم بە دیوە نارسیستی و خۆپەرستییەکەی.. بەڵکو بە هەمیشە گومانم لە خەم هەبەت کە زەرم ماوە ببەم بە نووسەر و ئینجا مرۆڤ... تائهوو.. هەشتا زەرم ماوە کە منی پەڵەوگە

بە گاگۆکە بەی دەخشم. دەی.. گوایە من کرێکار و شاگردی ناو دونیای ئەدەبیاتم.. دوا نیازی خۆم بە ئەو دەدرکێنم کە لەوەدا چەی دەکەموو: گەر ئەدەبیات سوود و کۆکی بە هیچ کەسانێک نەبووبێت، ئەوجا منیش وەک ئاغزێ نووسەر سوود و مانایەکم بە هیچ کەس نەبووبێت.. وەلی ئەوندەم بەسە کە دوای دەیەها ساڵ لە کایەکردنی من دەنەو ئەدەبدا هەز و توانایەکی بە من بەخشیوە کە بە هەتاهەتایە لە خورافاتی "ئایین" و "سیاسەت" و مزگێنی و مژدە فاسەکانی رزگارم ببێت و نەشترسم کە تاوەکو ناو جەرگەی جەهەنەم ڕەبکەم و باکم بە هیچ نەبێت..! دەی لەوە جوانتر گەرەکە ئەدەب چیدیکەم پێببەخشێت؟!

گفتوگۆ لەگەڵ نوسەرو هەنەرمەند عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی

نوسەرو هەنەرمەند عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی:
دەقی زیندوو، ئەگەر هەنەرمەند قسەشی لەسەر نەکات هەر زیندووە.
یەکێك لە قەیەمە جدی و زیندوەکانی ناو دونیای ئەدەبی ئێمە، کە ساڵانێکە وەك وەرگێڕو نوسەرو هەنەرمەند کاردەکات، مامۆستا (عەبدوڵا تاهر) بەرزنج یە، لەم دیمانەیەدا چەند پرسیارێکم دەربارەی گرنگی (شیعرو گێڕانکاریەکانی چیرۆك و ڕۆمان و پۆوسیتی هەنەر) ئاراستەکردو سەرەنجام گفتوگۆکەمان ئەم دیدارەی لێکەوتەوە.

سازدانی : شاخەوان سدیق …

پ1/ هەندێك جار دەوترێت، بەرهەمی ئەدەبی زیندوو نییە تا نەچێتە بەردەم لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کەسی هەنەرمەند، بە مەبەستی شرۆڤەکردن ودووبارە خوێندنەوەی هەهەندە قووڵەکانی ئەو بەرهەمە، بە بۆای بەڕێزتان تا چەند ئەم بۆچوونە ڕاستە؟

عەبدوڵا تاهیر/ هەنگە جارێك زیادەڕۆیی لەبەشکی بۆچوونەکەدا هەبێت، چونکە هەزارەها دەقی کۆن و نوێی زیندووی دنیا ومیللەتان هەن تا ئێستایش نەچوونەتە بەردەم لێکۆڵینەوە وهەڵسەنگاندنی

هەخنەگران، تا ئێستایش هیچ هەخنەگرێك دەستی بێ نەبردوون. زیندووبوونی بەرهەمی ئەدەبی بەوە نییە، یا مەرج نییە بچێتە بەردەم لێکۆلینەوەی فەان یا فیسار هەخنەگرەوە، ناکرێت ئەمە بکرێت بە مەرج بێ زیندوویی دەق وبەرهەمی باڵا. زیندووبوونی بەرهەم پەیوەندیی بە بەرهەمەکە خۆیەوەیە، بەو کەسەوەیە کە ئەینووسێت،نەك بە هەخنەکارەکەوە،هەخنەکاری بەتوانا و ئاستگێ ئەتوانێت بەها جوانەکانی کەشفکات، بەڵام ئەگەر بەهای نەبوو مەحاڵە بەهای پێ ببەخشێت. چەندین بەلکو بگرە زۆربەی بەرهەمە جوانەکانی گۆران یا (شێرکۆ یا حسێن عارف) لە گەورەیی خۆیان ناکەون وهیچ کەسێکیش دەستی بێ نەبردوون، چەندین بەرهەمی مردوویش یا بکەکێیش هەن بە وتار و کتێب لەسەریان نووسراوە،بەتایبەتی لە زانکۆکاندا. لەو زانکۆ زلوزەبەلاحانەدا ناوی وا ئەهێننە پێشەوە لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە، ئەمە بە بیانوی ئەوەی ئەم شاعیرە مەجهولە لە کۆندا دوو میعری نووسیوە، بەڵام چونکە خەڵکی ئەو شوێنەیە کە زانکۆکەی لێیە ئیتر ئەیکەن بە بیانوو بێ ئەوەی بیهێننە پێشەوە.سەیری ئەم مەرجە سەقەتانە بکە ! ئافەرین پێوەری زانستی، جا هەندێك ناونیشانی زەق و سەیریشیان بێ هەڵئەبژێرن، وەك (پێوەری سیمڵێجی بێ خوێندنەوەی شیعری…) یا (شیعرییەت لە بەرهەمی…) سەیری شیعری کابرایش ئەکەیت ئەبینی هەر شیعری بە وەزن و قافییە زانیوە و هیچی تر. موفارەقەیەکی سەیرە ئیتر یەکێ لەم زانکۆیەدا نایە بێ کاکە وانا!

پ2/ تا چەند بەرهەمی ئەدەبی بەبێ قسەکردن لەسەری بەرهەمێکی زیندووە، ئەو گرنگییەی هەخنە بە بەرهەمێکی ئەدەبیی دەبەخشێت چییە؟

عەبدوڵا تاهیر/ دەقی زیندوو هەر زیندووە، ئەگەر هەخنە قسەیشی لەسەر نەکات. بیگومان هەخنەگری بە سەلیقە ئەتوانێت بەهای جوانییەکەی بدۆزێتەوە و لە قاڵبێکی هەخنەییدا بیخاتەو، یا کارێکی تری تێدابکات. هیچ کات هەخنەکاران ناتوانن گیان بێ جەستەی دەقی بگیان بگەێننەوە.

پ3/ هەخنە هەوەشاندنەوەی بەرهەمی ئەدەبیە، یان دووبارە ماناداندنەوەیە پێی؟ بۆچی نووسەرانی ئێمە لە هەخنە نووسین لە بەرهەمەکانیان نیگەران دەبن؟

عەبدوڵا تاهیر/ هەوەشاندنەوە زاراوەیەکە بە پەیڕەوەکانی هەخنەی نوێوە پەیوەستە، وەك بونیادگەری وهەوەشانەوەخوازی و…من چ

بەعەرەبی بێت یا بە کوردی لە کۆتایی هەشتاکانەوە بە چەند نووسینێك لەمانە دواوم، دەقیشمان پێ خوێندوونەتەوە. ساڵی (1992)لە گۆڤاری پەڕۆژەدا کە بەعەرەبی و کوردی لە سلێمانی دەرماندەکرد، بەیاننامەیەکی هەخنەییم بۆاوکردەوە، کە خۆی لەسەرەتادا وتارێك بوو ساڵی (1989)نووسیبووم، تێیدا جەختم لەسەر هەوتی نوێ و پەیەو و زاراوەی هەخنەی نوێ کردووەتەوە. بۆگومان سوودیان بێ هەخنە هەبووە، هەر یەك لە بونیادگەری و پاشبونیادگەری و هەخنەی وەرگرتن.. هتد وەرچەخان بوون لە هەوتی هەخنەییدا، بە بۆچوونی ئێستایشم هەریەکەیان لە شتێکدا زیادەڕەیی تێدا بووە، بێ نموونە، زیادەڕەیی بونیادگەری لەوەدایە، لە هادەبەدەر پێ لەسەر دەق دادەگرێ و لە سەرچاوەی دەرەکی دایئەبڕێت و نووسەر تا هادەی بزرکردن کەمدەکاتەوە، یا هەخنەی وەرگرتن لە یەکێك لەسێ کوچکەی (نووسەر، دەق ، وەرگر)کەمدەکاتەوە، باشترە سەرلەنوێ پیاچوونەوە بە هەرسێکیاندا بکرێتەوە. سەبارەت بە دووبارە ماناداناوە بە دەق،بە دوو جۆر لە پرسیارەکەت ئەگەم، یەکەمیان گەانەوە ئەگەیەنێت بو باوەشی مانای مەرکەزیی دەقەکە،واتە ئەو مانا سەرەکییەی کە نووسەر گەرەکێتی، دووەمیشیان فرەکردنی مانای جۆراوجۆری دەقە، کە خوێندنەوەی جۆراوجۆر دەیخولقێنێت. سەبارەت بەوەی بۆچی نووسەران لە هەخنە نیگەران ئەبن، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەگرێتەوە، پەیوەندیشی بە پێکهاتەی کەمەایەتی وەرووی و فیکریشمانەوە هەیە با لە هەموو شتێکی کەمەاتیمان بگەین وبینە سەر شتی گرنگتر، تێ سەیری ژیانی سیاسی وفیکریی سەردەمی تێکاوبوونمان بەمدرنە بکە، خەك وتاکیان بە توندوتیژی و یەکتر قبووڵنەکردن پەروەردەکردووە، بۆیە گفتگۆکانیان نەزك بوون و بەشێوەیەکی نادروست هاتوون و بەردەوامبوون، ئیتر ئەمە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە. هەیەکی گەورە کە بزووتنەوەی چەپی چل و پەنجای سەدەی ابردوو کردوویەتی،ئەوەیە کە هەر شنبیرێك مارکسییانە بیرینەکردبێتەوە، بیرکردنەوەی بە بەهادار نەزانییوە، واتە ای جیاواز و فرەگەراییان پێ قبووڵنەکراوە، هەروەها بەرە حیزبی و رَشنبیرییەکانی تریش هەمان شتیان پەیەوکردووە، ئیتر ئەم بزووتنەوە و حیزبانە کە بەرهەمی قناغی نومانن، زەمینەیەکی وایان نەخسانووە بێ نەشونماکردنی قبوڵکرنی او و گفتووگۆی جیاواز. تێ سەیری گفتوگۆی نێوان ئەو لا جیاوازانە بکە کاتێك لە دەیەکانی ابردووداو لە ژنامەکانیاندا لەسەر بابەتێك قسەیانکردووە، ئەبینیت زمانیکی زبر و بیرکی توند وتیژ، هەر ئەوەیە خەنجەریان هەنەگرتووە، کەنالەکانی اگەیاندن، ئەمانە لە هەموو بوارەکانی ژیانماندا بە خراپی هەنگدەدەنەوە، یەك لەوانە

کاری هەخنەیە. پاشان لای ئەمە هەخنە وەک بوارێکی نووسین تازە پەیدا بووە، تەمەنی نییە، ئەمە نەک لەچاو یانداً، بگرە لەچاو عەرەب وفارسیشدا. کاریگەریی فیکری یانانی بەسەر هەخنەی هەوانبژێی عەرەبەوە دیارە، بەڵام ئەوان چەندین سەدەیە کار بەو هەخنەیە دەکەن، لە نووسین ودانیشتنیاندا ئەدیبان بەو جۆرە هەخنە بەلاغییە مامەڵە دەکەن، بەئاشکرا گفتووگۆیان لەبارەی شیعرەکانیانەوە کردووە، سەیری ئەو کتێبە کۆنانەیان بکە، پڕە لە نموونەی ئاشکرا. لە کۆتایی سەردەمی جاهیلیدا، بازار و دانیشتنی ئەدەبی زۆربوون، لەوانە لە بازاڕی عکازدا چادریان بۆ نابیغەی زوبیانی هەڵداوە، ئیتر شاعیران هاتوون و لە مەجلیسەکەیدا شیعریان خوێندووەتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵیانسەنگێنێت و هەڵای خۆی بدات.

جارێک شاعیران ئەعشا و (حەسانی کوڕی سابیت وخاتو خەنسا)ی شاعیر ئامادەئەبن و شیعری بۆ دەخوێننەوە، لە کۆتاییەکەدا خاتو (خەنسا) شیعرێکی بۆ دەخوێنێتەوە، (نابیغ)ەی زوبیانییش ئەڵێت، خەنسا، ئەگەر ئەعشای شاعیر لێرەدا ئامادە نەبوایە وشیعری نەخوێندبایەتەوە، ئەوە ئەموت تۆ گەورەترین شاعیری جن و ئینسی. جارێک(ام جندب) ی ژنی (ئمرو ئەلقەیس) ئەبێت بە حەکەم لەنێوان ئمرو ئەلقەیسی مێردی و عەلقەمەدا کە شاعیرێکی بەتوانا بووە،جا ئیتر هەردووکیان وەسفی ئەسپ دەکەن،لە کۆتاییدا (ام جندب) هەڵای خۆی دەرئەبڕێت و شیعرەکەی عەلقەمە بەباشتر ئەزانێت، چونکە وا وەسفی ئەسپەکەی کردووە ئەڵێی باڵی لێ هەڵاوە و لەگەڵ بادا پشبڕکێ دەکات، بەڵام ئمرو ئەلقەیس وەسفی ئەسپێکی لەوڵاواز دەکات، سوارەکەی هەر خەریکی قامچیلێدانە و ناگات بە نێچیر.

لەم هەڵسەنگاندنەدا چەند وانەیەک ئەبینین، یەک لەوانە زەکاوەتی ئافرەتە هەخنەگرەکەیە، دوو ئینساف وەاستگۆییەتی، کە مەرجە و بەدرێژایی زەمەن هەخنە پێویسی پێی بووە. ئەم بەهای شیعری بەلاوە گرنگتربووە نەک پەیوەندیی خێزانیی خۆی. ئەمە لەم سەردەمە تازەیشدا بەدەس گرووپ و گرووپکاریییەوە ئەناێینین، هەاستگۆیی پەیوەندیی کەمەایەتی ئەدەین بەسەر هەاستگۆیی هونەریدا، ئەو نموونانەی باسمانکردن کاریگەریی باشیان هەبووە، تاادەیەک شاعیرانی کۆنی عەرەب هەای یەکتری لە سنوورکدا قبووبکەن. من ناێم گەلی عەرەب وەک میللەتانی ئەژهەاتی ئیسلامی داخراو نییە، بەلام باوەم بەوەیە کە لە بواری شیعردا ئەو هەخنە هەوانبژییەیان، ئەیکی هەبووە لە قبووکردنی هەای جیاوازدا سەبارەت بە شیعر. پەیەوکردنی ئەم نەریتە لە سەردەمی جاهیلییەوە

تا ئیستا کاریگەریی باشی بەجێهێشتووە. ئەگەر ئەو هەوڵ و نەریتانە زوو لای خەیشمان هەبوایە، ئێستا هەخنە وبۆچوونی ئەمەیش وئامادەییمان بۆ قبووڵکردنی ئای رەخنەیی جیاواز، شتێکی باشتر ئەبوو.زۆرجار هەخنە لای ئەمە بووە بە ئامرازی لێدان، هەم هەخنەکارەکە وایداناوە کە تیر ئەهاوێت وهەم ئەوەیشی کە هەخنە لە بابەتەکەیی ئەگیرێت وای داناوە بەر تیر ئەکەوێت، لەم کاتانەدا هەخنە ئەبێت بە وەسیلە، نەك ئامانجێك بۆ هەڵشنکردنەوە.

پ4/ ئایە ئەمە وەك کورد کەسی پسپۆری هەخنەگرمان هەیە؟ بۆچی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەمە بە فلتەری هەخنەدا ناڕۆن؟

عەبدوڵا تاهیر/ بەبۆچوونم هیچ میللەتێك نییە لە جیهاندا سەرجەم بەرهەمی ئەدەبیی بە فلتەری هەخنەدا تێپەڕیبێت. لە یۆنانی خاوەن سەرچاوەی هەخنەوە بگرە تا دێتە سەر ئەدەبی ئەمڕۆی میللەتان. بیرمان نەچێت هەوویەك لە هووەکانی هەخنە مەسەلەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی دەقە. ناکرێت هەخنەگر دابنیشێت وچاوەڕوانی ئەوە بکات تا بزانێت، ئەمڕۆ ئەم گۆڤارە شەش شیعر باوەکاتەوە و ئەو گۆڤار هەشت چیرۆك وئەو دەزگایە چوار کەمەلە شیعر یا چیرۆك چاپەکات، تا بۆیان دابنیشێت و لەسەریان بنووسێت. ئەمە ئیشی هەخنەگر نییە، ئیشی لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکە یا گۆڤارێکە بە نووسینێکی کورت ئەیانخاتەڕوو.کەواتە ئەگەر بەرهەمێك خۆی زیندوو نەبوو، لەبنەرەِتدا بە سەقەتی هاتبوو، هەخنە ناتوانێت ڕۆحی بەبەردابکات، ئەگەر هەخنەگر پەنابباتە بەر هەڵسەنگاندن، کە لە هەگەزە سەرەتاکانی هەخنەی باوە، ئەتوانێت باسی چەوتی بکات. هەخنەکار ئەتوانێت ڕووە جوانەکانی بەرهەم بە زمان ومەنهەجێکی گونجاو کەشفبکات.

پ5/ بابینە سەر باسی شیعر دەڵێن" شیعری مۆدێرن وەك جۆرێك لە کێکراوەی ژانرەکانی تری لێهاتووە، واتە لە شیعرێکدا، (چیرۆك ودراماو پەخشان) دەبینینەوە. وەك ئەوەی (لە کورسی و هەنگدان وئێستا کچێك نیشتیمانمە) شێرکۆ بێکەس کردوویەتی، هەکاری ئەم پەلهاویشتنە بۆ ژانرەکانی تر لە شیعری مۆدێرنا چییە؟

عەبدوڵا تاهیر/ هەموو شیعری مۆدێرن وای لێنەهاتووە، ئێستایش زۆربەی زۆری شیعری نوێ تاك ژانرە، ئەمەی کە تێ باسیدەکەیت پێیئەوترێت دەقی کراوە،کە چەند ژانرێك لەخۆ ئەگرێت، ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی شیعری نوێ نەك هەمووی،لە شیعری نوێدا دەقی وا نووسراوە کە تەنها سوودی لە شانۆ بینیوە یا لە چیرۆك یا لە

سینەما، بەڵام نەبووە بەدەقی کراوە، یان نووسەرەکە خۆی وای ویستووە.لە حەفتاو هەشتاکاندا چەندین دەقمان هەن لەم جۆرەن. بە شێوەیەکی گشتی شیعر ئەو شوناسەی جارانی نەماوە هەر لە هەگەزێکی خاسدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نا کە هەموو شیعری نوێ بەت بە دەقی کراوە یا بەت بەیەك جۆر شیعر. نموونەی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر نییە. نییەت و مەخسەد ئەبینن لە دیاریکردنی ژانردا.من ئەتوانم بڵێ بەرهەمی نوێگەریی دووەممان ، بڵێ سەرەتای حەفتاکان بگەڕێمەوە و چەند دەقێك هەڵبژێرم و هەگبێکی سەرەتایی دەقی کراوەیان تێدا بدۆزمەوە،بو نموونە بگەڕێمەوە بۆ چەند شتێك لە چیرۆکەکانی لەتیف حامید،بۆ سەر دەقێکی هەفیق سابیر،بەڵام ئەوان مەبەست (قەسد ومەخسەد)یان نەبووە،دەقی کراوە بنووسن.یەکەم کەس لەناو کوردا بە قەسد دەقی واڵای نووسیبێت شڕکۆ بێکەسە.ئەو ناوی لێئەنێت،لەسەر بەرگەکەی ناوی دەقی واڵا ئەچەسپێنێت،واتە مەخسەدەکەی ژانرەکە دیاریدەکات، ئیتر من وەك رَەخنەگرێك لەو دیاریکردن ومەخسەدەیەوە مامەڵە لە گەڵ دەقەکەیدا دەکەم،ئایە تاچەند سەرکەوتووە؟ چۆنچۆنی بۆ دەقی واڵا چووە تا چەند لێیگەیشتووە،هەبەزین ودابەزینی لەم هەنگاوەیدا چییە؟

پ6/ شیعری ئێستای کوردی زیاتر لەژێر کاریگەریی شیعر و ئەدەبیاتی فارسیدایە، لە کاتێکدا نەوەی (70 و 80کانی سەدەی ڕابردووی ئێمە، سەرچاوەی ڕۆشنبیریان هەمووی عەرەبی بووە.ئەمە بۆ؟

عەبدوڵا تاهیر/ پێشتریش ،پێش بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی زانینی زمانی تورکی و هەژموونی دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچەکەدا، ئێمە لەئەدەبیاتی تورکەوە نزیکبووین، بگرە بەشێك لە بەئاگابوونمان لە ئەدەبی ڕۆژئاوا، لەڕێگەی زمانی تورکییەوە بووە،فارسییش پێش نەوەدەکان بەشێك لە فاکتەری ڕۆشنبیریی خەمان بووە، ئەویش لە ڕێگەی حوجرەوە،هەر لە کێشەوە زمانی عەرەبی بەبێنەی ئایینەکەوە باوبووە و ئاگامان لە شیعری عەرەبی بووە. سەبارەت بە نزیکبوونەوەمان لە شیعر وئەدەبی نوێی عەرەب، ئەوە هەر لە حەفتا و هەشتاکانەوە نەبووە،بەکو لەوە کێنترە و ئەگەڕێتەوە بۆ سی وچلەکانی سەدەی ڕابردوو. لەو ساڵانە بەدواوە وەرچەرخان لە شیعری عەرەبیدا ڕوویدا، (لویس عەوەز) بە کەمەڵە شیعری (بلێتلاند وشیعری تر) و(نازك و بەدر شاکیر سەیياب و بەیاتی و کەسانی دیش). لەو کاتانەوە ئەدیبی کورد بۆ سوودبینین و بەئاگابوون لە ئەزموونی نوێگەری،وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکان لە زمان و شیعری عەرەبی نزیکبووەوە،لە حەفتا و هەشتاکاندا ئەم بواڕە گوێتێکی زیاتری

به خۆوه بینی،بەدەگمەن هەبوو زمانی عەرەبی نەزانێ و بە عەرەبی نەخوێندەتەوە. حەقیقەتێك هەیە ئەبەت بوترێت، ئەویش ئەوەیە کە ڕاستە عەرەبیی سەرچاوەیەکی گرنگی ڕۆشنبیریی بوو، بەڵام لەبەردەم دروستبوونی دەنگی جۆراوجۆری شیعر وئەدەبدا ڕۆگر نەبووە، هەموو سوودیان لە شیعری عەرەبی بینیوە، کەچی هەستناکەیت کە ئەو دەنگانە سەبەری (سەیاب یا بەیاتی یا نازك یا سەعدی یوسف) و... بن، بەکو دەنگی ڕەسەنی واقیعی کوردین، موتوربەکردن وسوودبینین جیایە، وەك (مەحمود دەروێش) ئەڵێت ناتوانیت خۆت لە کەسی تر بپارێزیت. نووسین نووسینە لەسەر نووسین ،گرنگ ئەوەیە دەنگی خۆت بیت.

شۆرکێ بیکەس دەنگی ڕەسەنی خۆیەتی،ئاشکرایە زمانی عەرەبی سەرچاوەی سەرەکیی ڕۆشنبیریی ئەو بوو، هەر ئەدەبی ڕۆژئاوای بە زمانی عەرەبی ئەخوێندەوە، ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی ئەدەبێکی مردوو پێشکەشبکات، بەکو ئەدەبێك تەواو مۆرکی شۆرکێ و کوردی پێوەیە. شۆرکو بێکەس ئەوەندە بەپەرۆش بوو بۆ موتابەعەکردنی چاپەمەنیی عەرەبی، لە دەرەوەیش لێی دانەبڕا.بیرمە ساڵی 1975 لە مەریوان بوو،لەسلێمانییەوە گۆڤاری (الاقلام) عیراقیی بۆ ئەهات، من خۆم بۆ شایەتی لە مەریوان، دوو جار ئەو گۆڤارە عەرەبییەم بۆ خویندنەوە لێ وەرگرت، بەڵام شۆرکێ خۆی بوو،لەتیف خۆی بوو، پەشۆو خۆی بوو ،ئەنوەر قادر خۆی بوو ،کە جارجاریش بە عەرەبی ئەینووسی، فەرهاد شاکەلی خۆی بوو کە عەرەبییەکی چاکی ئەزانی، حسێن عارف خۆی بوو، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل خۆی بوو،عەبدوڵا سەراج خۆی بوو...لە نەوەد بەدواوە لە فارسی وەرگرتن بوو بە دیاردە،بۆ نموونە، سوهراب سەدەها شیعری مردووی خستە ناو ئەدەبی کوردییەوە، سوودوەرگرتن لە سوهراب کارێکی ئاساییە بە مەرجێك خۆتی لێ دروستبکەیت. شیعری فارسی دەوڵەمەندە،نموونەی باڵای تێدایە، نموونەی وەستاویشی زۆرە، نموونەی وای ئەخوێنمەوە، بێگیانە، خۆناکرێت هەر دەقێك بە زمانی نیما و سوهراب و ئەحمەدی شاملو نووسرا، ئیتر کۆرانە بۆین ئەوە ئەدەبێکی باڵایە. من لە ئێستای ئەدەبی فارسیدا زیاتر ئەزموونی چیرۆکیان سەرنجم ڕاکێشە..لەسەر ڕووبەری شیعری کوردی ئەم دوو دەیەی دوایی ،سوهراب شیعری مردووی زۆری خستۆتەوە. سەرسوڕمان بە ئەدەبی کەسێك بەو مانایە نییە ببم بە سێبەری ولێی نەبمەوە، لێی نزیك ئەبمەوە و گفتوگۆی لەتەك ئەکەم، بەمەبەستی جیاوازی دروستکردن نەك توانەوە لە سنووری شوناسیدا. ەنگە وەرگۆان باشترین ڕۆگە بۆت بۆ پردی پەیوەندی، دەزگاکانی ئێمەیش خەمی بازرگانی وسوودیان پێش خەمە ڕۆشنبیرییەکە خستووە، مەبەستێتی دە جار ئەدۆنیس چاپبکات، دە جار ئەحلام موستەغانمی چاپکات، بەڵام

نایەت دەنگە گرنەگانی دوای سەیياب و بەیاتی و ئەدۆنیس چاپبکات، کە شتێکی ترن، چ دەزگامان چ خوێنەرانمان ناگەێن دەنگی تر کەشفبکەن، تا ێادەیەك دەزگا حەقێتی، لە بازار ئەترسێت.

پ7/ هێکاری ئەوە چییە کە لە شیعری نوێدا زیاتر بەر تەکنیك دەکەوین بەر لە مانا، ئایە شیعر هونەر و زانستە یان مانا و خەیاڵ، تێکشکاندنی زمانی باو، چ ێێێکی لە بونیادی شیعری نوێدا هەیە؟

عەبدوڵا تاهیر/ لە پێشدا وتم شیعری نوێ شوناسی گێێاوە،هەر تەنها پەیوەست نییە بە بوونی دێرینەی خەیەوە،لەم ێووەوە مەرج نییە شیعر هەر بە شیعر بنووسرێت، بەڵکو بە پەخشانیش ئەنووسرێت وتیکلاوی سینەما و شانۆ و هونەری شیوەکاری وچەندینی تر بووە، ئەم تێکەاوبوونە بۆ خۆی، تەکنیکی جۆراوجۆری ژانرەکانی تر دۆزیتە ناو جیهانی شیعرەوە وشوناسی پێ دەولەمەندەکات، لە زۆری شیعری کوردیدا ئەم تەکنیکە ئامادەیی وەهای نییە. جاران تەکنیکی شیعر هەر هونەری شیعر خۆی بووە، ئێستا تەکنیکی جۆراوجۆری سینەما و هونەری شیوەکاری و شانۆ و …بۆ هاتووە.

پ8/ مامۆستا با کەمێك لەسەر چیرۆکیش بوەستین، کە باس لە قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی دەکەین، بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکرێت (حیکایەت وبەسەرهاتی لادێ، لە چیرۆك و گێێانەوەی شار) زۆر جار چیرۆکی (چای شیرینی حسێن عارف)یش بە سەرەتای چیرۆکی شاریانەی کوردی دادەنرێت. تا چەند ئەم بۆچونە ێاستە؟

عەبدوڵا تاهیر/ مەرج نییە ئەم قۆناغبەندییە وەك یاسای لابێت هەموو دنیای چیرۆکی کوردیی پێ بخوێنرێتەوە، یا بۆ هەموو سەردەمێك وهەموو ئەزمونێك بڵوێت. دوای ێاپەڕین وتا ئێستا گێێانکاریی زۆر بەسەر هونەری گێێانەوەی کوردیدا هاتووە دەکرێت لە چەندین دەروازەی تردەوە بۆ خوێندنەوەی چیرۆکی کوردی بچین.
لە ێێمانی تورکیدا دوانەی لادێ و شار ئەبینرێت و لە ێیکێێینەوەیشدا بەرچاو ئەکەوێت، بەڵاستیش ئەزموونی ێێمانی شار و ێێمانی لادێ دەخوێنینەوە، لەم نێوانەدا ێێمانی وا ئەبینیت هەردووی لەخۆ گرتووە، بەتایبەت ئەوانەی کە باسی هیجرەت لە گوندەوە بۆ شار دەکەن،لەم چەشنەدا ێێماننوس ناچارئەبێت باسی ێابردوو و ئێستای کەسەکانی ێێمانەکە بکات،واتە ێابردووی لەگوندا وئێستا و ئایندەی لە شاردا،لە یادمان نەچێت تورکیا شاری هەیە، بە هەموو مانای شار، کە کەسەکان تووشی نامۆیی ودلەڕاوکێ دەکات. لامواید لێکێێەری کورد

لەم ڕووەوە پەنایشی بۆ ڕەخنەی تورکی وعەرەبی بردووە،هەندێك جار دابەزاندنی بڕچوونی ڕەخنەیی ئەوانی دی بە وریاییەوە نەبێت،بە هەندێك زیادەڕۆییدا ئەمانبات ،بەتایبەت کە دێین و بۆ زەمینەیەکی جیاواز ئەیانگوێزینەوە. ئەم قۆناغبەندییە هەندێك ڕاستیی تێدایە ،خۆ دەکرێت چەندین خەسڵەتی تر هەن چیرۆکی کوردییان پێ بخوێنرێتەوە.
پ 9/ بڕچی زۆربەی نووسەرانی ئێمە بەشیعر دەستپێدەکەن و دواتر پەل بۆ نووسینی ڕۆمان دەبەن و چیرۆکنووس لەو نێوندەدا زۆر کەمە،

عەبدوڵا تاهیر/ وای بۆ ناچم هەموو شاعیران و نووسەرانی ئێمە وازیان لە چیرۆك وشیعر ونووسینی ترهێنابێت و ڕوویان کردبێتە ڕۆمان، چونکە شاعیران ونووسەرانی ئێمە ئەوەندە زۆرن بەقەد سوپایەکی ئێجگار گەورە دەبن،گەر بەو گشتگیرییە بوایە ئێستا لە ڕووی چەندایەتیشەوە بوایە ڕۆمانکی زۆرمان ئەبوو.باوەڕ ناکەم چیرۆکیش ئەوەندە هونەرێکی ئاسان بێت هەروا بە خشکەیی بۆ ڕامکردنی بچین.

پ10/ زۆر جار دەوترێت چیرۆك مەشقە لە نێوان ڕۆمانێك بۆ ڕۆمانکی تر، یان دەوترێت چیرۆك بۆ پێدانی پشووە بە خوێنەر لە نێوان کتێبێك بۆ کتێبکی تر.

عەبدوڵا تاهیر/ ئەمە تەنها ڕایە،دەستور و یاسا نییە.ئەکرێت هەندێك ڕۆمانووس وچیرۆکنووس وا بکەن و وا بیربکەنەوە،ئەیشکرێت ڕۆمانوس وخوێنەری تر وا نەکەن.

پ11/ زۆرێك لە ڕۆمانووسان دەڵێن ئێمە دەتوانین ئەوەی بە ڕۆمان دەینووسین، بیکەین بە چیرۆك، یان ئەو چیرۆکەی دەی نووسین دەتوانین بیکەین بە ڕۆمان ئایە ئەوە چۆن لەم سەرنجە دەڕوانن کاری وا دەکرێت؟

عەبدوڵا تاهیر/ ئەمەیش شتێکی ڕۆژەییە. ڕای هەموو چیرۆکنووسانی جیهان نییە. واقیعەن ڕۆمانوسی واهەیە، ڕۆمانی خۆی کردووە بە چیرۆککی کورت، یان چیرۆکی خۆی کردووە بە ڕۆمان.چەندین جار لە چاوپێکەوتنەکانیاندا باسی ئەم جۆرە ئەزموونانەی خۆیان کردووە. ڕەخنەگرێکی ڕووسی ڕایەکی هەیە ئەڵێت ڕۆمانی تاوان وسزای دوستۆیفسکی لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی کورتە و بە زۆر ئەیکشێنێ و درێژی دەکاتەوە.چیرۆك بە هونەرێکی ئاسان نازانم،بواری درێژدادری نادات، ڕەنگە بتوانیت لە ڕۆماندا درێژدادری بکەیت، لە چیروکدا

قورسە، ەنگە ەماننوسی وا هەبێت لای قورس بێت بەو چۆپییە بنووسێت، کە جیهانی چیرۆك گەرەکێتی.هەندێك لە ەخنەگران چیرۆك بە خزمی نزیکی شیعر ئەزانن. لە بواری شیعریشدا ئەم ئەزموونە هەیە،مەبەستم گۆرینی جۆرە شیعرێك بە جۆرە شیعرێکی تر، بۆ نموونە شاعیرێك دێت، چوارینەیەکی نووسیوە و سەرلەنوێ دایئەڕێتەوە و ئەیکات بە شیعری سەربەست، بۆدڵر یەکێکە لەوانە، شیعری سەربەستی هەبووە،هاتووە کردوویەتی بە شیعری پەخشان،ئیتر بە گۆرەی کەشوهەوا نوێکە کەمەیێك گۆڕانکاریی بە سەرا هێناوە، پێش ئەویش،ئیلیزەس بیرترانی شاعیر، بابەتێکی لە ەڕژنامەیەکی فەرەنسیدا بڵاوکردەوە و پاشان کردی بە شیعری پەخشان.

پ12/ تاچەند دەبێت نووسەر بۆ خوێنەر بنووسێت، یان بەپێچەوانەوە نووسەر نابێت بۆ خوێنەر بنووسێت و ئەوە خوێنەرە دەبێت بۆ ئاستی نووسینی نووسەر بەرزبێتەوە؟ تۆ لەگەڵ کام بۆ چوونەدایت؟

عەبدوڵا تاهیر/ لە هەردوو حاڵەتەکەدا،واتە ئەگەر بیری لێ بکاتەوە، یا نەیکاتەوە، دەق خۆی لە بنەڕەتدا گوتارێکی ئاراستەکراوە ،بە مەبەستێك بۆ خوێنەر دەنڕدرێت، یا با یاکەبسنیانە بۆێین، دەق پەیامێکە،نووسەر بۆ وەرگرێکی دەنڕێت. لەبارەی ئەو ڕایەوە زۆر وتراوە.ئیکۆ وا ئەبینێت کە نووسەر کاتی دانانی نەخشەیەك بۆ دەقێکی، لە هەمان کاتیشدا بیر لە نەخشەیەکیش بۆ خوێندنەوەیشی دەکاتەوە،جا خوێنەری ڕاستەقینە هەیە کە بە فیعلی کتێبەکە یا پەیامەکە دەخوێنێتەوە،جۆرێکی تر هەیە ەنگە دەقەکە بخوێنێتەوە،خوێنەری میسالییش ئەو جۆرەیە کە سەرچاوە و ئاسۆکانی دەقەکە بە باشی ئەزانێت .سەرچاوەکانی بواری گۆڕانەوە،ئاماژە بە جۆرێك خوێنەری تر ئەدەن،پڵی ئەوترێت، خوێنەری خەیاڵی کە بە ئاشکرا ناوی یا سیفەتێکی لە دەقەکەدا دێت. خوێنەر هەیە واقیعییە، واتە ئەمە کە دەقێ یا کتێبێك ئەخوێنینەوە ،خوێنەری ڕاستەقینەین، لە گەشت وخوێنین ،بوونەوەرێکی کاغەزین نین،خەیاڵی نووسەر،لەناو دەقەکەدا نەیخولقاندووە، تیوردانێژی بەناوبانگ ئایزر زۆر باسی خوێنەری ناوەکی کردووە و لای وایە، کە ئەم جۆرە خوێنەرە،کەسایەتییەکی گریمانکراوە،دەقەکەی لە پێناودا ئەنووسرێت،هەموو کارێکی ئەدەبی پەیوەندیی بە خوێنەرێکی نموونەییەوە هەیە توانایەکی چاکی هەبێت بۆ وەرگرتن.خوێنەری گریمانکراو بەرهەمی خەیاڵ و وناکردنی نووسەرە لە کاتی نووسیندا. هەموو ئەمانە جیان لە خوێنەری واقیعی کە ئاستی وەرگرتنیان ئەگۆڕێت و ەنگە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی دەقدا بگونجئَت وەنگیشە

پێچەوانەی بکەوێتەوە. لە ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی بابەتێکی گرنگم لە جۆرەکانی خوێنەر ئەدوێت.

لە حەفتاکاندا ئەو پرسیارە زۆر وروژایە ئەدەب بۆتە ئاستی خوێنەر یا خوێنەر بۆ ئاستی نووسین بەرزبۆتەوە، پێشەکی من ئەیم ئەدیب سەربەستە چۆن ئەنووسێت وچۆن بە گۆڕەی ئەزموونی خۆی بیر لە خوێنەر دەکاتەوە، ئەمە ئەمانباتەوە سەر مەسەلەی تەمومژ و ئەدەبی چینی باڵا و ئەدەبی چینی پەراوێز، کە ویستراوە بە زمانی تایبەتی خۆی بنووسرێت. ئەدەبی شێشیالیزم نموونەی نوخبەگەریی نەویستووە، بەم بۆنەیەوە چەندین نووسەریان لەناوداوە، دوور لە تارمایی ئەدەبی شێشیالیزم لەم ساڵانەی دواییدا تاوانی شیعری قورس وتەمومژاوی ئەدەنە پاڵ هەندێك شاعیری گەورەی دنیا، لە سەروویانەوە ئیلوێت، گوایە ئەو شیعری لە دەس هەموو خەڵك دەرکرد ودایە دەست نوخبەیەك.

چیرۆکی کوردی و کێشەکانی لە دیدی نوسەرانەوە

چیرۆك یەکێکە لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب و یەکێکیشە لە کۆنترین بوارەکانی نوسین، لە کورترین پێناسەی ئەم ژانرەدا، گۆڕانەوەی بابەتێکە لە کورترین ماوەدا. بۆ قسەکردن لەسەر چیرۆکی کوردی و کێشەکانی ئەم دیدارانەمان لەگەڵ چەند چیرۆك نوسێکدا ئەنجامدا. ئامادەکردنی تەوەر: شاخەوان سدیق ...

نوسەرو وەرگێڕ: هەوف بێگەرد

ئەو گۆڕانە بەرچاوانەی کە لە ماوەی ساڵانی ٨بردوودا لە چیرۆکی کوردیدا ڕویانداوە چین؟ لە چیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ەوە تا ئەمڕۆ. هەم لە ڕووی تێکست و تەماو ماناوە، هەم لە ڕووی تەکنیك و گۆڕانەوەوە؟

ڕەووف بێگەرد/ ئەو گۆڤانەی باسی لێوە دەکەیت کارێکی حەتمیە. چونکە سەدەیەك تەمەن نەك بۆ ژانرێکی ئەدەبی، بەڵکوو بۆ سەرجەم پرسەی مەعریفی زارە، بەتایبەتی دوای ئەو ئاڵ و گۆڕە خراپەی لەدوای هەردوو جەنگە جیهانیەکەوە هاتنە گۆڕێ و بوون بە هۆی گۆڕینی گەلێك سیستم و تەنانەت ئەو بەهایانەی کە مرۆڤایەتیەوە هێلانەی نەمریی بۆ خۆی چێ کردبوو. هیچ شوێنکی چەپەك و تەریکی سەر ئەم ئەستێرەیە نەمایەوە کاریگەریەکانی ئەو تراژیدیا سامناکەیان بەرنەکەوت و دەست لە یەخەی گەلێك لە بەهای چەق بەستوو بەرنەدەن. بەڵای منەوە چیرۆکی لەخەوماکەی جەمیل سایب بۆ ئەو سەردەمە کارێکی دیار و ناوازەیە، ئەمەم لە زار دیمانەی تردا وتوە. چونکە جگە لەوەی یەکەم چیرۆکی کوردیە، یەکەم هەنگاوی ئەدەبیی نووسینی پەخشانیشە کە بە هەخنە دەست پێ بکات. نووسەرەکەی بۆرانە لە شان و شکۆیەکی پێ لە خەوشی و کەلێنی سیاسەت بدات کە لە ڕۆگای گەندەڵیەوە پیادە کراوە و جەماوەر لە سایەیدا جگە لە برسیەتی و ئاسایش نەدیوی و لە دەرگای جل خوارنەدان هیچی نەچنیوەتەوە. من هەمیشە ئەوە بە شەرەفی چیرۆکی کوردی دەزانم کە لەنێو گەردابی سیاسی و ئاپوورەیەکی بێ جەمسەر و تابۆیەکی سەپێنراودا دەنگ هەبێت و تابۆکان بلەرزێنێت. دوای لە خەوما چیرۆك و گۆرانەوەکان ئاقاری تریان لەبەرگرت کە تا رادەیەکی زار چاولێکەریی مۆدێلێکی ئایدیۆلۆژی نوێ بوو کە نەك تەنیا کۆمەڵگای کوردی، بەڵکوو سەرجەم کۆمەڵگاکانی تریشی گرتەوە. بابەتەکان زیاتربوون بە ململانێی چینایەتی کە لە زەبر و زەنگی دەرەبەگ و خاوەن زەویی لەلایەك و، بەرەنگاربوونەوەی جوتیار و پاڵە لەلاکەی تردا سەرچاوەی دەگرت (زاربەی ئەو چیرۆکانە لە یەکتر دەچوون، چونکە هەر لە سەرەتاوە خوێنەر دەیزانی سەرچاوەی کێشەکە چیە و کارەکتەرەکانی لەکۆدا خۆدەبینینەوە) جگە لەوەی زمانی گۆڤانەوە حیکایەت خوانی دوور لە تەکنیك و شێوازە هونەریەکانی گۆڤانەوە بوون.

بەناو بەهۆی دەرکەوتنی گۆڤاری گەلاوێژەوە (١٩٣٩ – ١٩٤٩) لەژێر کاریگەری ئەو وەرگۆڕانەکەمانەدا کە لە ئەدەبی ئەوروپاوە دەکرا، وردەوردە چیرۆکی کورت شەقڵی تایبەتی خۆی گرت، بوو بە ئەدەبێك ستایێ و تایبەتمەندیی خۆی بدۆزێتەوە و لەو قاوغە تەنگەبەرەیش دەربچێت کە ناوەرۆك و بابەتیان قۆرخ کردبوو. بابەتی خێشەویستی، کێشەی نەتەوایەتی، تاکەتاکە ئاوێدانەوە کە خولیاکانی تاك بوون بە کەرەسەی چیرۆك. من وادەزانم گۆڤانی بنەڕەتی بەسەر فۆرم و بابەتی چیرۆکی کوردیدا لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردووەوە دەست

پ ده‌کات. به‌تایبه‌تی دوای گ‌ان‌کی سیاسی که بواری ب‌اوکردنه‌وه‌ی فراوانترکرد و په‌نجه‌ره‌یه‌کی له‌سه‌ر بیری ئازاد و گه‌ان و سووسه‌کردنی نو کرده‌وه. له‌م س‌نگه‌وه‌یه‌وه، ک‌مه‌ك چیرک‌نووس هاتنه ناو کایه‌که‌وه که تا‌اده‌یه‌ك کاریگه‌ریه‌تی ‌استه‌وخ‌ی ئه‌ده‌بی ئه‌وروپایان له‌سه‌ربوو.

به‌تایبه‌تی که توانیان بابه‌ته ته‌قلیدیه‌کان و ش‌وازه حیکایه‌ت خوانیه‌که‌ی جاران ئافه‌رز بکه‌ن. ئه‌گه‌رچی ئه‌م شه‌پ‌له هه‌ندک‌ی ش‌ه‌ژاند، و هه‌ندک‌یش به‌رهه‌ستیان کرد چونکه هه‌موو م‌دل‌کی تازه زوو هه‌رس ناکر‌ت، به‌تایبه‌تیی ئه‌وانه‌ی نه‌یانده‌توانی به‌ش‌وازی تازه بنووسن و، هه‌ندك له‌و ‌ه‌خنه‌گرانه‌یش که به ناوی (قوتابخانه‌ی ‌یالیزمی سوسیالسته‌وه) ش‌ه‌ی ئایدی‌ل‌ژیان ده‌فر‌شت و له‌گ‌ بابه‌ته تازه‌کان و ش‌وازی نووسینه‌کاندا وك نه‌ده‌هاتن و خ‌یشیان پ‌ی نام‌ بوون. ئه‌م شه‌پ‌له تا ‌اده‌یه‌کی زر بایه‌خی به مر‌ق ده‌دا وه‌ك خ‌ی و ئه‌و ده‌وروبه‌ره‌ی مه‌ودای بیرکردنه‌وه و حا‌ه‌ته سایک‌ل‌ژیه‌که‌ی تیا دروست کردوه. به‌تایبه‌تیش گه‌ان به‌دوای ئه‌و که‌سه په‌راو‌زخراوانه‌دا که ک‌مه‌ ل‌ی به‌رپرسیاره و خ‌یشی فه‌رام‌شی کردون. لای ئه‌م ج‌ره چیرک‌نووسانه ک‌شه‌ی تاکه‌کانی ک‌مه‌ ک‌شه‌ی ته‌واویی ک‌مه‌گایه چونکه به‌رهه‌می خ‌یه‌تی.

هه‌بوو. ئه‌مه به‌ره‌نجامی سیاسه‌تی پ‌ له ستەم کارانه‌ی دوژمنانی ئازادی و خه‌ون و خه‌مه‌کانی گه‌لی کوردستان بوو که نیمچه ه‌ک‌ستکیان له دژی ئه‌نجامدا. چیرک‌ی ئ‌ستامان، به‌تایبه‌تی لای نه‌وه‌یه‌کی نو که به‌رهه‌م گه‌ل‌کی ج‌راوج‌ری له‌به‌رده‌ستایه و توانیویه‌تی شاره‌زاییه‌کی باش له کلتور و ئه‌ده‌بی ئه‌وروپا و ئه‌مریکای لاتین و شو‌نه‌با‌اکانی تر وه‌ربگر‌ت. ب‌گومان ‌ح‌کی تازه و زیندووتری به چیرك داوه. دیاره پ‌ل‌ن کردنی ئه‌و کارانه له ئ‌ستادا زه‌حمه‌ته. پ‌ویستی به ک‌ و سیمینار و پسپ‌ گه‌ل‌ك هه‌یه که شاره‌زاییه‌کی ته‌واویان له‌سه‌ر ئه‌ده‌بی چیرك هه‌بت و بتوانن به ‌ه‌هه‌ندک‌ی جیاواز له جاران ئه‌نجامگیری بکه‌ن. ئه‌مه‌یش ب‌ ئه‌م سه‌رده‌مه کار‌کی ئه‌سته‌م نیه.

چیرک‌نووس: ئارامی کاکه‌ی فه‌لاح

پرسیار: ز‌ر جار باس له‌وه ده‌کر‌ت، نووسه‌ری چیرک‌ی کوردی زیاتر بابه‌ت و ناوه‌ک‌ی ت‌کسته‌که‌ی ب‌ گرنگه تا ته‌کنیك و که‌متر به‌لای ته‌کنیکی نو و د‌زینه‌وه‌ی ش‌وازی جیای گ‌ان‌وه‌دا ده‌گه‌ ، تا چه‌ند ئه‌م ب‌چوونه ‌استه؟ ئایا چیرک‌ی ئ‌ستای کوردی خاوه‌نی ته‌کنیکی نو

و بەهۆزە بۆ گێڕانەوە؟

ئارام کاکەی فەلاح/ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە باشترە کەمێك باسی تەکنیك و فۆرم و گۆشەنیگاو شێوازی گێڕانەوە بکەین کە لای ئێمەی خوێنەرەکانی و کورد هەموو ئەمانە بە ناخێشنی ماونەتەوە و کاتێکیش خوێنەرێکی کورد (لێرەدا مەبەستم باشەکەشیانە) تێکستێکی دەکەوێتە بەر چاو ئەوا لە باسکردنی زمان زیاتر هیچی تری پێ نییە و لە بارەی زمانیشەوە ڕستەی وەك : کورد وا ناخێی یان ئەم وشەیە بێگانەیە و هەموو هەڵدەستن خەیان لێ دەبێتە مامۆستای زمان، گەر ئێی هەڵە کرد و کەوتە ناو ئەو زەویانەی بە مین چنراون و لە جیاتی زمانی ، پێنووسەکەی تەتەڵەی کردو باسێکی تەکنیکی کرد بە بێ ئەوەی بە تەنها یەك ڕستە باسی تەکنیکمان بۆ بکات یان پێناسەیەکی کورتمان بداتێ کە ئەو لەو بارەوە چۆن بیردەکاتەوە، ئەوا هەر لەم هەفتەیەدا دوو ڕستەی کۆمیدیم بەرچاو کەوت وەك ئەم چیرۆکە بە تەکنیکێکی زۆر سادەو جوان نووسراوە، یان ڕستەیەکی تری وەك: لە ڕووی تەکنیکییەوە چۆتە قووڵایی سایکۆلۆژییەوە، ڕستەی وا پێکەنیناویی کە تەواو بێئاگایی مرۆڤی ئێمە پیشان دەدات و لە هەمان کاتدا نەوستێتی بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو شتانەی کە هیچی لێ نازانێ. لە بارەی تەکنیك وفۆڕم و شێوازی گێڕانەوەی تێکستێکدا سێ پرسیاری سەرەکیی دەبێ ئامادە بێت و هەر سێ پرسیارەکەش بەسەر چەند لقی جیا جیادا دابەش دەبن.

پرسیاری یەکەم ئەوەیە: ئەوە کێیە لەناو تێکستەکەدا دەگێڕێتەوە؟ پرسیاری دووەمیش ئەوەیە ئەوەی دەگێڕێتەوە چەند دەزانێت لەبارەی ئەوەی دەیگێڕێتەوە؟ پرسیاری سێیەمیش لە چ گۆشەنیگایەکەوە دەگێڕێتەوە؟ با جارێ بینە سەر پرسیاری یەکەم و وەڵامی بدەینەوە: کە ئەمەش بەسەر چەند لقێکدا دابەش دەبێ و یەکێکیان ئەوەی دەیگێڕێتەوە نووسەرەکە خۆیەتی، بەو مانایەی نووسەرەکە خۆی دێت و بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە وەك بۆ نموونە دانیشتی سێرڤانتس(١٦٠٥) کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: لە دێیەك لە لامانشا، کە من نامەوێ ناوەکەی بڵنم لە کاتێکی زۆر دووریش نا، یان دانتی بە ئیتاڵییەکەی لە دیڤینە کۆمیدییە، خوداوەندی کۆمیدی کە کاری زۆری کردە سەر نووسەرانی وەك جەیمس جۆیس و تۆ سێ ئیلیێت ولیام بلاك.

لقی دووەم کاتێ ئەوەی دەگێڕێتەوە یەکێك لە کاراکتەرەکانی چیرۆکەکەن کە زۆربەی زۆری ڕۆمان چیرۆکی پێ نووسراوە بۆ نموونە دوکتۆرێك لە دێیەکدا کافکا (١٩٢٢)، من لە دوودێیەکی گەورەدا

بووم، دەبوایە سەفەرێکی زۆر خۆرا بکەم. یان ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی ١٩٩٧ کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: من (خەندانی چکۆلە) چەندین ساڵ لەمەو بەر هەموو ئەو رووداوە سەیرانە ژیام... یان لقی سێیەم هەر نووسەر دەیگێڕێتەوە بەڵام خۆی ون دەکات؟ بۆ نموونە کە دەڵێ ئەم چیرۆکەمان هەرچەندە چیرۆکە بەڵام لە ڕاستیدا رووی داوە. یان لقی چوار وەک چۆن پەپوولەیەک لە لقێکەوە دەچێ بۆ لقێکی تر، تێکستەکەش بریتیە لە تۆمارکردنی چەند رووداوێک لە چەند شوێنی جیاواز وەک بۆ نموونە چیرۆکی دزینی خەونەکان یان من و کامڕاکەم. پرسیاری دووەم : ئەوەی دەگێڕێتەوە چەند دەزانێ؟ ئەمەش دیسانەوە دەکرێ بەسەر چەند لقێکدا دابەش بێت. یەکەم ئەوەی هەموو شتێ دەزانێ نمونەی ئەمەش دەنکیشێت. لێرەدا گێڕەرەوە بە ئارەزووی خۆی بە فلاش باک دەچێتەوە بۆ دواوە بۆ کاتی ڕابردوو بە فلاش فۆروارد دەچێتە پێشەوە بۆ داهاتووی دوورو نزیک.

لێرەدا ناراتوورەدەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا قسەبکات، دەتوانێ چی بەخەیاڵدا بێ، بیڵێت.زۆربەی زۆری ڕۆمانەکانی سەدەی شازدەو سەدەی حەڤدەو هەژدە بەم جۆرە شێوازە نووسراون. هەر لە تۆماس هاردییەوە تا هێنری فاڵدینگز، بۆ سەلما لاگەرلیۆف سویدی و زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی چێخۆف. دووم دانە هەر وەک ئەو پەپوولەیەی باسم کرد کە تۆمار کردنی چەند رووداوێک لە چەند کاتێکی جیاوازدا، سێیەم ئەوەی دەگێڕێتەوە دەزانێ کە یەکی لە کاراکتەرەکان دەزانێ، وەک بۆ نموونە ١٩٨٤ ی جۆرج ئۆرێڵ، لێرەدا گێڕەرەوە دەزانێ کە ویستۆن سمپ چی دەزانێ بەڵام کەسی تر ئەمە نازانێ.
چوارەم ئەوەی یەکێ لە کاراکتەرەکان دەزانێ کە ئەوانی تر چی دەزانن بۆ نموونە غەریب ئیکەرد لە نووسینەوەی دۆکدا چونکە زانیاری زۆری پێ دەگات لەوانی ترەوە. پێنجەم دانە ئەوەی دەیزانێ زۆر سنوور دارە ئەمەش بۆ شاردنەوەی زۆری ئەو زانیارییانە لە خوێنەر وەک نموونەی زۆربەی ڕۆمانەکانی ئاگاپا کریستی. لەمەدا گێڕەرەوە ناتوانێ زۆر شت ئاشکرا بکات، بۆیە خوێنەر زۆر زانیاری چنگ ناکەوێت. جاری وا هەیە هێندە سنووردارە کە ئێمەی خوێنەر تەنها لە خەیاڵ و ئەگەری بۆچوون و مانۆلۆژو شەژانی دەروونی کاراکتەرە سەرەکییەکەوە زانیارییەکی کەممان دەست دەکەوێ وەک لە تێکستەکانی هێنری جەیمس و جەیمس جۆیس و فرجینا ولف وەک مانۆلۆژی ناوەکی کە دوایی هەر لای خودی جەیمس جۆیس دەبێتە شەپۆلی هێش و ئەو وێنە گرنگەی ناوەوەی مرۆڤمان بۆ ئاشکرا دەکات بە بەرجەستە بوونی نەخۆشی سەختی دەروونی کە بگومان سەرەتاکانی ئەم شەپۆلە لای

دەستەفسکی دەبینینەوە بە تایبەتی لە تاوان و سزا دا.

بەنام لای جەیمس جۆیس لە ڕۆمانی ئۆدیسیەس (١٩٢٢) کە یەکێ لە کاراکتەرەکان لە کۆتاییدا بە پەنجا لاپەڕە بە تەنها مۆنۆلۆژ کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێنێت. لێرەدا من دەتوانم لقی شەشەم بۆ زۆربەی نووسەرە کوردەکان بکەمەوە ئەویش بەوەی نە هیچ بە خوێنەر دەڵێت و نەهیچیش دەزانێ واش دەزانێ هەموو شتێ دەزانێت. ئێستا دێینە سەر سێیەم پرسیار ئەویش وەك وتم لە چ گۆشە نیگایەکەوە دەگێڕیتەوە؟ یان کێ ڕووداوەکە دەبینێ؟ ئەمیش دەبێتە چەند لقێك و یەکێکیان گۆشەنیگای دەرەکی وەك کەسی سێیەمی وەك (ئەو یان ئەوان)، یان گۆشەنیگای ناوەکی وەك ئاناوی یەکەمی من وەك لە هەندێ لە چیرۆکەکانی ئێلیس مۆنرۆ. ئەمەش کە تا ئێستا من باسم کردووە هیچیان تەکنیك نین و کە لە حەفتا و هەشتاکان دا بەم جۆرەیان دەوت تەکنیك ئێستاش زۆربەی خوێنەرو نووسەران ئەو تێگەیشتنەیان هەیە، لەم سێ پرسیارەوە کە کردم تێ دێیت و تەکنیکی چیرۆك و ڕۆمان بۆ تێکستەکەت هەڵدەبژێری و لە تێکەییەك لەم سێ پرسیارە دروستی دەکەیت. وەك وتم ئەمانە تەکنیك نیین بەڵکو فۆرمی کەسایەتین لە ناو تێکستەکاندا، تەکنیك بریتە لەو هێزەی کە دەبێتە ڕۆخەرو دابەشکردنی ڕۆڵ وکەسایەتی و دیمەن و ڕووداوەکانی ناو چیرۆك و ڕۆمان تا هارمۆنییەك بدات بە گۆڕانەوە. تێ قەت ناتوانی پێش ئەوەی بنووسیت بڕیت من ئەو تەکنیکە هەڵدەبژێرم چونکە نووسەر ناتوانێ تەکنیك هەڵبژێرێت بەڵکو پێویستی ڕۆمان و چیرۆکەکەیە دەیسەپێنێ بەسەرتا، بێ نموونە گەر کاراکتەرەکانی تێ لەو گۆشەنیگایەوە قسە بکەن کە زانیاری کەمیان هەبێت و لە هەمان کاتدا نووسەر خۆی زۆر بەشداری نەکات و نەبێتە دەمڕاستیان، ئەوا لێرەدا تێ پێویستت بە تەکنیکی فرەدەنگی دەبێت تا بە هۆی هەموویانەوە بتوانی چیرۆکەکەت بگێڕیتەوە، کە لێرەدا تێوی فرەدەنگی لە فرەکەسایەتی ناو یەك کەسایەتییەوە، لە فرەدەنگی ناو یەك دەنگەوە لای دەستەفسکی دەزمەوە کە دوایی گەشەدەکات و دەبێتە تەکنیکێکی تازە بۆ نووسەرانی مۆدێرن، لای خۆشمان ڕۆمانی مەرگی تاقانەی دووەمی بەختیار عەلی لای من نموونەیەکی جوانی ئەم جۆرە تەکنیکەیە کە کۆمەڵك کەسایەتی هەریەکەیان هەڵدەستن بە گێڕانەوەی بەشێك لە چیرۆکێکی درێژ کە هەریەکە لەو دەنگانە بەشێکی کەمی زانیاری دەداتە خوێنەر و بە هەموویان هەموو تابلۆکە بۆ خوێنەر تەواو دەکەن. هەر بۆیە بێ نموونە ئەو تەکنیکەی لای پامك لە ڕۆمانی (من ناوم سوورەیە)، کاتێك زەیتوون قسە دەکات، مردن، درەخت، ئەسپ بەناوی خۆیانەوە قسەدەکەن ، دەیگەنمەوە بۆ ڕۆمانی کۆگەی

ئاژەڵانی جۆرج ئۆرێڵ.

بۆ دووەڵی دەزانم سەرچاوەکەی لەوێوەیە، هەر بۆیە وا بە جوانی و ئاسانیش دەچێتە ناو شیعری شۆرکۆ بەکەسەوە، کە کاتێ درەخت قسە دەکات، کۆتر ، دار ، مەل ، شاخ، باخ قسەدەکەن.بۆیە گەر بۆ نموونە تۆ کەسایەتی سەرەکیت هەموو شتێکی بزانیبایە و بیگەینایەتە خوێنەر لەم بارەدا تۆ قەت پێویستت بە فرەدەنگی نەدەبوو، من لێرەدا دەمتوانی چەندەها لاپەڕەی تر لەسەر تەکنیك بۆ نموونە لە نیگای فۆرمالیستە رووسەکان و دەقی کراوەی ئیمپرتۆ ئیکۆ و فۆرمەکانی ڕۆمان لای ستێفان بیۆرك و تەکنیك لای پامۆك و مۆراکامی دڕژەم بە باسەکەم بدایە و هەندێ تیشکم بخستایەتە سەر تەکنیك کە لە چیرۆکەکانی مندا هەیە، بە تایبەتی چیرۆکی باوکی ناو تەلەفۆن و هەر سێ بەشەکەی نووسینەوەی دۆك من و کامیراکەم و زۆربەی چیرۆکەکانی تریشم بەڵام لێرەدا دەوەستم، بۆ ئەوەی باسەکەم ڕوونتر بکەمەوە دەڵێم کە تەکنیك لە ڕێخستنی ماڵێك دەچێ کە جارێ شت و مەکت نەخستێتە شوێنی خۆی و هەر جارەی ڕۆکی دەخەیتەوە و بە جۆری جیاواز پێشانی دەدەیت، لێرەدا تەکنیك تەواو لەو کچە بەسەلیقە و زەوق جوانە دەچێت کەوا دەکات ژووورەکان لەگەڵ یەکدا هارمۆنییەکیان هەبێت و ڕەنگەکانی یەك ژووریش لەگەڵ یەکدا بگونجێن پەردەکەی لە فەرشەکەو فەرشەکەی لە قەنەفەو کورسییەکان بچێت، تەکنیك لێرەدا شتێك نییە شاردراوە بێت یان بۆ تەم و مژ دروست کردن بەکار بێت بەڵکو دەبێ لەدووری دوورەوە ببینرێت. بۆیە لێرەدا هیچ نووسەرێکی جیهانی نییە چیرۆك و ڕۆمان بەبێ تەکنیك بنووسێت هەندێ لە نووسەری خەیاڵپڵاوی کورد نەبێت. کە چیرۆکێك دەنووسێت و ناوی لێ دەنێت ئەزموون، کە کتێبی وەرگێڕدراو بە کتێبی خودی خۆی تەماشاو مامەڵە دەکات و لەکاتی بڕاوکردەنەوەیدا ئیمزای لەسەر دەکات.
ڕۆمان وەردەگێڕێت و خۆی لێ دەبێتە ڕۆمان نووس. لەولاشەوە ئەم بارە ناهەمواڕە خوێنەرێك دروست دەکات کە هێزی ڕەخنەو زەوق و چێژی خوێندنەوەی لاواز دەبێت و بەرە بەرە نامێنێت و زیاتر بیر لە پۆکردنی ورگی دەکاتەوە تا پۆکردنی مێشکی بە کتێبی جوان. دواجار من زۆر گومانم لەوەشە کە چیرۆکی کوردی ناوەڕۆکی بەلاوە گرنگ بێت، من زۆر بەدەگمەن چیرۆکێکی جوانم بەرچاو دەکەوێ، لەدوای دووهەزارەوە تا ئیستا کەمکم نەبینیووە بە جددی بێتە پێشەوەو بیەوێ هەموو ژیانی بۆ چیرۆك تەرخان بکات، ئەوەی هەیە هەر قیژە قیژو خۆبردنەپێشەوەی درزنانەیەو هیچی تر، وەهمی نوسین و نووسەربوونە نەك نووسینی ڕاستەقینەو نووسەری ڕاستەقینە. ماوەیەك دێ و تەپ و تۆزێك دەکات ئیتر دەڕوات. بەڵام هەندێ گەنج هەن من

زۆر دەم پێیان خۆشەو هەست دەکەم هەنگە ئەوان بتوانن شتێ بکەن، بابزانین چۆن دەبێ.

نوسەرو وەرگێڕ: ئەحەمەدی مەلا

پ/ زۆرجار باس لەوە دەکرێت نوسینی چیرۆك مەشقە بۆ نوسینی ڕۆمان، یان پشووە لە نێوان نوسینی ڕۆمانێك بۆ ڕۆمانێکی تر، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا ئەوەی چیرۆك دەنوسێت دەتوانێت ڕۆمانیش بنوسێت، یان بە پێچەوانەوە؟

ئەحەمەدی مەلا / بە بڕوای من نابێ بەوجۆرە سەیری کورتە چیرۆك بکەین، نەك لەبەر ئەوەی لە ڕۆمان کورترە، دەبێ وەکو مەشق و خۆڕاهێنانی سەیری بکەین، بەڵکو بنەڕەتێکی دیکەیە، خەسڵەتگەلێکی دیکەی هەیە کە لە ڕۆمان جیای دەکاتەوە: داشتن، سیستەمی کەسایەتییەکان، چڕیی، نەبوونی حەکایەتی لاوەکیی، هتد. مەرج نییە ئەوەی بەسەر نووسینی کورتە چیرۆکدا زاڵ بێ، بتوانێ ڕۆمانیش بنووسێ یا بە پێچەوانەوە. لەهەموو بارێکدا، کورتە چیرۆکیش داهێنانێکی ئەدەبییە.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەکی تێکستەکەی بێ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دڕینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تکنیکێکی نوێ و بەهێزە بۆ گێڕانەوە؟

ئەحەمەدی مەلا / تەکنیك دەبێ لەگەڵ شێوازدا ئاوێتە بووبێتن، ئەم ئاوێتەبوونەش لە خزمەتی بابەتەکە تەواو بێ، بە واتایەکی دیکە، بابەت بە دوای زمان و تەکنیکی خۆی دەگەڕێ. کاتێك، چیرۆکێك گوزارشت لە بابەتێکی سایکلۆژی بکات، ئەو دەم پێویستمان بە مۆنۆلۆگ و زمانی ناوەکیی و
چڕبوونەوە دەبێ بۆ ناخی کەسەکان، کاتێك بابەت پەیوەندیی بە دراماکی دەرەکی دەبێ، ئەو دەم، بە شێوەیەکی دیکە، ڕەنگە دیالۆگی زیاتر، یا وەسفی زیاتر هەبگرێ. هەروەها رستە، یا پەرەگرافی کۆتایی، کە بە فەرهنسیی پێی دەگوترێ "chute" دەبێ بە شێوەیەکی بەهێز بێ. بۆ نموونە، دوا وشەی یەکێك لە چیرۆکەکانی مارکێز، " ئەو سەرهەنگەی کە نامەی بە دەست ناگا" زۆر بە هێز، کۆتایی بە چیرۆك/ ڕۆمانەکەی دەهێنێ. بۆیە، کۆشەی زمان و تەکنیك و شێواز دەبێ لە هەمەئاهەنگیی دابن.

چیرۆکنووس: فاروق هەمەر

چیرۆکی کوردی لە ئیستادا لە کوێی چیرۆکی جیهانیدایە ؟ ئایا ئەدەبی کوردی خاوەنی تاموبۆنی چیرۆکی تایبەت بە خۆیەتی ؟

فاروق هەمەر/ من بە تەماشاکردنی ئەو پرسیارە تووشی ئاڵۆزکێنکی گەورەبووم . بەتایبەتی سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە، هەستم بەو لەخۆبایبوونە گەورەیە کرد کە خۆی لە پشتی ئەو پرسیارەوە حەشارداوە . چیرۆك لە هەر شوێنکی دونیادا لە دەوری ئینسان خول دەخوا و پەیوەندییەکی زیندوویان پێکەوە هەیە . کاتێك پرسیاری چیرۆك دەکەین، کتوپڕ ئەو ئینسانەمان دێتەوە بەردەم کە لە پشتییەوە ئاوەستاوە . چیرۆکی ئینگلیزی واتە چیرۆکی ئینسانی ئینگلیزی و ئەو شوێنەوارەی کە لێی دەژی .

چیرۆکی ئەفەریکی بەرەو ئینسانی ئەفەریکیمان دەبا و پێگەی ئینسانی ئەفەریکیش لە جیهان دا بەرەو ئاڵۆزگاری کێن و ئەو سەردەمەمان دەباتەوە کە ئینسانی ئەفەریکی لەوێ دا کۆیلە بووە و لە ئەنجامی ئەو گوزەرانەوە سەدان چیرۆکی گەورەیان بەرهەمهێناوە و دواتر چیرۆکی ئازادبوونی لە کۆیلایەتی و شکانی کۆتوبەندەکانی و دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئینسانی ئەفەریکی ئەمرۆ بە گرفت و خەمێکی دییەوە لە جیهاندا وەستاوە کە دیارترینیان خۆی لە جەنگی برسێتییا دەبینێتەوە. چیرۆکی کوردی دەبێ هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بێ کە کارەکتەری ئینسانی کوردی هەڵیگرتووە. دەبێ سەرەتا بپرسین ئینسانی کوردی لە کوێی جیهاندایە ؟ هەڵبەت چیرۆکی کوردی بەبێ ئینسانی کوردی ناچێتە ناو جیهانەوە .

چیرۆك دابۆاو نییە لە ئینسان و لەو شوێنەوارەش تیای دەژی . کاتێك لە ووشەی " ئیستا " ووردەبینەوە، دەبینین کاتێك دیاری کراوە و ئەوەمان نیشان دەدات دەبێ بەرلەوە ئاڵۆزگارێکی دووردرێژ هەبووبێ چیرۆکی کوردی لەناو جیهاندابووبێ و ئەمە تەنیا پرسیار لەو ئیستایەی دەکەین کە من و تۆی تیادەژین . من وای دەبینم نە لە رابردوودا و نە لە ئیستاش دا ئینسانی کوردی لەناو جیهان دا نەژیاوە . کورد بەردەوام جیهانێکی نەدێزراوە بووە و کوردەکان بێ خۆشیان نازانن دەکەونە کوێی دونیاوە . چیرۆکی هەر گەلێکی ئەم دونیایە پاپەندبووە بە گۆڕانەوەی خەم و ئازارەکانی خۆیانەوە . تەماشای چیرۆکی هیندی و ئیسرائیلی و ئەرمەنییەکان بکە زۆر زیرەکانە خەمەکانی خۆیان خوێندێتەوە و سەرنجی دونیایان بێ خۆیان ڕاکێشاوە .

ئەمەی کورد تاوەکو ئیستا نەمانتوانیوە گوزارشت لە خەم و ئازارەکانی خەمان بکەین و نوسەرانی ئەمە خەونی چوونە ناو دونیایان نەبووە . چۆن بچینە نێو دونیاوە . کەسانێك لەرەولەوێ هەن زۆر سادە وا دەزانن وەرگێڕانی چیرۆکەکانیان بۆ سەر زمانی فارسی و عەرەبی و ئەوانی دی دەروازەیەکی زۆر باش بۆت بۆ چوونە ناو کلتورە جیاوازەکانی دونیاوە و ئەو پرسەیە لە دونیای لێکاڵەوە زۆر بەئاسانی دەیانباتە نێو دونیایەکی فراوانتر . لەنێو کەمەگای کوردی دا ڕوانینکی تەندروستمان نییە بۆ مافە سەرەتاییەکانی ئینسان و ئەو کێشە گەورانەی هەمانە لە نەبوونی ئازادی و چەوسانەوەی نەتەوەیی تاوەکو دەگاتە بۆ ڕۆژی بە ژن و منداڵ و کەم تەماشاکردنی مرۆڤانی کەمئەندام .

کوان ئەو نوسەرانەی زۆر بە قووڵی باسیان لە گرفتەکانی ئینسانی کوردی کردووە بە هەموو خەمەکانییەوە . ئایا چیرۆکی کوردی خەمی ژنی کردۆتە خەمی خۆی یاوەخوود لە توانایدا هەبووە گرفتەکانی ژن ببات ئاستێکی باڵاوە . ئەوە هەر باس لە مافی ئاژەڵان مەکە. بۆ نمونە ڕۆمانوسێکی وەك " ئانا سوئێل " ڕۆمانێکی هەیە بەناوی " هەشەی نازدار " دەربارەی ئەسپێك دەدوێ کە دواجار ئەم ڕۆمانە لەگەڵ باڵوبوونەوەی دا هەموو دونیای خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە و روانینی خەڵکانی دەربارەی ئاژەڵان گۆڕی . ئەم ڕۆمانە هەر بەتەنیا و بە خۆرایی پێ فرۆشترین ڕۆمانی دونیا نییە، بەڵکو ئەو پێ ماناترین ڕۆمانی دونیاشە . لە جێگەیەك دا دەڵێ " هیچ ئاینێك نییە بەبێ خۆشەویستی . خەڵکان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەربارەی ئایینەکانیان بدوێن، بەڵام کاتێك ئایینەکان فەریان ناکات باشبن و پێ بەزەیی بن بەرانبەر بە ئینسان و ئاژەڵان، ئەوە زۆر جێی شەرمە .. " ئەمە تا ئیستا ئەدەبێکمان بەرهەم نەهێناوە باس لە باشبوونی ئینسان بکات .

ئەدەبێك بۆی نەکرێ ئەو ئینسانە بگۆڕێت کە هاوزەمانی خۆیەتی، چۆن بۆی دەکرێت بچێتە نێو دونیاوە، ئەگەر چووش دەبێ کەڵکی چییان پێبگەیەنێت . نوسەرانی ئەمە تەنیا ڕوداو دەگێڕنەوە . من پێم سەیرە نوسەرانی ئەمە ئەدەبی هەموو جیهان دەخوێننەوە و تەماشای دونیایێك فیلمی ئەرەوئەوی کلتورە جیاوازەکان دەکەن و لە ئەلفەوە تاوەکو یای ئەزبەر دەکەن کەچی بۆیان نەکراوە کەڵکی ئەوتۆی لێوەربگرن و بیکەنە ئەزمونێك بۆ ئەوەی فێری ئەوە بن چۆن دونیای خۆیانی پێ بخوێننەوە . ئەو پرسیارە گەلێك گرفتاری هەیە و بەپێی ئەو کاتەش کە تۆ بۆ منت داناوە لێرەدا جێدەهێڵم و دەربارەی

تاموبۆنی چیرۆکی کوردی دەدوێم . کاتێك چیرۆك ناتوانێ سەردەم و ڕۆژگاری خۆی بناسێ و گرفتەکانی ڕۆژگاری خۆی زەق ناکاتەوە دەبێ داوای کام تاموبۆنی لێبکەین . من پێموایە چیرۆکنوسانی کورد چ لە ڕابردوودا و چ لە ئیستاش دا ئەو ئەزموونەیان پەیدا نەکردبێ ئەدەبێکی ئینسانی قووڵ بەرهەم بهێنن . کام چیرۆکی کوردی هەیە ناوی نوسەری پێوە نەبێت بناسرێتەوە .

تاموبۆن کاتێك دەخوڵقێت چیرۆکنوسان گرفتی کۆمەڵگاکانی خۆیانیان کردبێتە خەمی گەورەی خۆیان . کەسانێك دژن و کۆمەڵێك چیرۆك دەنوسن و دەڵێن، لەگەڵ دور کەوتنەوەیان لە بیر دەچنەوە . بۆوا دەکەم چیرۆکنوسێکمان نەبێ بتوانین بە نوێنەری ئەدەبی کوردی ڕەوانەی دونیای دەرەوەی بکەین . کەسانێك لە دەرەوە بەچاوی گەلێکی ستەم دیدە لێمان دەڕوانن و کاتێکیش لە نوسین و کارەکانمان دەڕوانن تەنیا وەکو بەزەییەك دەست دەهێنن بەسەرمانا و هاوخەمییمان دەنوێنن . دەنا بێجگە لە مەموزینی خانی بۆواناکەم چیرۆکێك یان کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی شك بەرین بێ بکرێ دوور لە چاوی بەزەیی بە کۆشە ڕەواکەماندا، لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت . تێ تەماشای چیرۆکەکانی چێخەف بکە، پڕە لە تاموبۆنی خەمگینییەکانی ئینسانی ڕوسی .

هەر ئەو تاموبۆیەش ئەو هێزەی داوەتێ بپەڕێتەوە بێ دونیای دەرەوە و خەمگینییەکانی سەرجەم ئینسان لە نێو کۆمەڵگا جیاوازەکان دا بلاوێنێتەوە. چیرۆکی پیرەمێرد و زەریای هەمەنگوای، خەمگینی پیرەمێردێکی ڕاوچی دەکاتە خەمگینییەکی ئەوەندە دیار و گەورە کە تێیەکی کوردیش بێت ناکرێ هاوسێزی لەبەرانبەر نەنوێنیت . کاتێك چیرۆك گرفت و خەمگینی ئینسانەکانی خۆی هەڵنەگرێت نەك تاموبۆیێك و هێزێك پەیداناکات بەکو لەگەڵ نوسینیا لە گوند و شارەکەی خۆشی ناڕواتە دەرەوە و هێزی مانەوەشی لەناو سنور و زەمینەی خۆشی دا بەرەو داهاتوو نابێ.

نوسەرو وەرگێڕ: کەریم پەرەنگ

پ/ زۆرجار باس لەوە دەکرێت نووسینی چیرۆك مەشقە بێ نووسینی ڕۆمان، یان پشووە لە نێوان نووسینی ڕۆمانێك و ڕۆمانێکی تردا، تا چەند ئەم بۆچوونە ڕاستە، ئایا ئەوەی چیرۆك دەنوسێت دەتوانێت ڕۆمانیش بنووسێت، یان بە پێچەوانەوە؟

کەریم پەرەنگ/ چیرۆك و ڕۆمان گۆڕانەوەن، زۆر ڕەگەزی هاوبەشیان

هەیە بە یەکیانەوە دەبەستێت و زۆر هۆگەزی دیکە لە یەکیان جودا دەکاتەوە. لە چەند شوێنێك بیستوومە و خوێندووومەتەوە کە مەرجی هاووسین چیکنووسییە. ئەمە بیرکردنەوەیەکی زۆر سەربازییانەیە، دەیانەوێ بڵێن، ئەگەر تۆ جگری ئەفسەر نەبووبی ناتوانیت ببیتە ئەفسەر. یان ئەگەر لە بنکەیەکی سەربازیدا مەشقت نەکردبێت ناتوانیت لە شەڕدا بەشدار بیت یان بیرکردنەوەیەکی پەروەردەییە، دەیانەوێت بەم قسەیە بڵێن، ئەگەر تۆ خوێندنی بنەڕەتیت تەواو نەکردبێت، ناتوانی بچیتە دواناوەندی. لە بەر ئەوەی ئێمە هۆخنەگرمان کەمە، زۆر لەو هۆخنەگرە کەمانەش کەم ئەزموونن و زمانی گەلانی دەوروبەرمان و زمانی جیهانیی نازانن، کە سوود لە ئەزموونی هۆخنەگرەکانیان وەرگرن، واتە هەر بە زگماك هۆخنەگرن، وا هەست دەکەن ناچارن هەندێ پێوەر بۆ خوێندنەوەی ئەدەب دابهێنن، کە لە ڕاستیدا هەندێ جار بە نوکتە دەچن، بەڵام کەمەڵێ خەڵك هەمان ئەو ڕستانە ئەوەندە دەڵێنەوە بە تێپەڕینی کات لە ئەدەبی ئێمە ئەو جۆرە قسەهەڵدانانە دەبنە جۆرە نۆرمێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدەب.

بەوەی باشە کە لە ئەدەبی ئێمەدا نۆڤلێت کەم نووسراوە و زۆر جێگەی خۆی نەگرتووە، یان هەندێ نووسەر نوڤلێت بە ژانرێکی بەرز نازانن، ئەگەر نۆڤلێتیش بنووسن هەر بە ڕۆمان ناوزەدی دەکەن، ئەگینا هەندێ هۆخنەگر داوایان لە نووسەران دەکرد لە پێشدا کورتەچیرۆك، ئەمجا چیرۆك، ئەمجا نۆڤلێت و ئەمجا خۆیان لە قەرەی ڕۆمان بدەن و بینووسن، واتە ژانرەکانی پێش ڕۆمان وەکو پراوە و ڕاهاتن بۆ فڕبوونی نووسینی ڕۆمان سەیر دەکرێن، نەك وەکو داهێنانی سەربەخۆ. ئەم قسەفڕۆدانانە نەك تەنیا لە بواری ڕۆماننووسین، بەڵکو لە بواڕەکانی دیکەشدا بووەتە باو، ئەگەر وەرگرێك توانای بە سەر وەرگێڕانی دەقێکدا نەشکێت و کوردییەکەی دەستکاریی بکات و زمانێکی شاعیرانە و "پاراو"ی پێ بدات، ئیتر هۆخنەگرەکانمان بە وەرگێڕانێکی باش ناوزەدی دەکەن، زۆر دەق هەن بە زمانە ئەسڵەکەش بە زمانێکی شاعیرانە نەنووسراون، بەڵام ئەگەر زمانی وەرگێڕانە کوردییەکەی شاعیرانە بوو ئیتر بە وەرگێڕانێکی باشی لە قەڵەم دەدەن، لە ڕاستیدا لە کاتێکدا دەتوانین بە وەرگێڕانێك بڵێین وەرگێڕانێکی باش کە هەتا دەکرێت دەقە وەرگێڕدراوەکە لە دەقە ئەسڵییەکەوە نزیك بێت و هەڵسەنگێنەریش هەردوو زمانەکە بە باشی بزانێت و دڵ بە دڵ و وشە بە وشەی دەقەکان بەراورد بکات ئەمجا حوکمی ئەوە بدات ئەو دەقە باش یان خراپ وەرگێڕدراوە. ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا تەکنیکی گۆڕانەوەی جیاواز دەبینین، مرۆڤی وا هەیە بە چەند ڕستەیەك ڕووداوێکی گەورە دەگێڕتەوە، مرۆڤی وا هەیە

ووداوەکی بچووك بە تەروتەسەلیی و سەرومەیی دەگێڕتەوە و زەر شتی دیکەشی بۆ زیاد دەکات، بەوەی فەکوسی گێڕانەوەکە تەنیا لە کەرکی ووداوەکەدا چڕ ناکاتەوە، بەکو وەسفی دەوروبەر و کەش و جل و بەرگ و سیما و جووڵەی کارەکتەرەکان دەکات.

من ناتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە چیرۆك و ڕۆمان دوو ژانری جیاوازن، لە کۆتاییدا چیرۆك و ڕۆمان گیانەوەن، بەڵام چیرۆك کورتە، چڕە، هەر لە بەر ئەوە زمانەکەشی چڕە، بواری بەتاڵیی و لادان نادات. بەڵام ڕۆمان درێژە، دەرفەت بۆ ڕۆمانووس دەڕەخسێ گەمە بە زمان بکات، لە خەتە سەرەکییەکە لابدات، ووڵنکردنەوە بدات، زمانێکی شیعریی یان زمانی ڕۆژانە بەکار بهێنێت، تەکنیکی جیاواز بەکار بهێنێت، بۆ نموونە ڕۆمانووس دەتوانێت ڕۆمانێکی مۆزوویی بنووسێت، بەڵام ئەمە لە چیرۆکدا کەمتر شیاوە. ئەگەر چیرۆکنووسین پێوەر بێت بۆ فەربوونی نووسینی ڕۆمان ئەوا دەبێ بڵێی، ئەلیس مۆنرۆ لە ساڵی ١٩٥٠ەوە، واتە ٥٧ ساڵە چیرۆك دەنووسێ هەتا ئێستا فەری ڕۆمانووسین نەبووە، یان دەبێ بڵێین خەرخێ لویس بۆرخەس بە درێژایی ژیانی مەشقی چیرۆکنووسیی کرد و فەری نووسینی ڕۆمان نەبوو. یان هەموو ئەو ڕۆمانووسانەی هەرگیز لە ژیانیاندا چیرۆکیان نەنووسیوە ڕۆمانەکانیان خراپن، لە بەر ئەوەی پێشووتر باش بە چیرۆك مەشقیان نەکردووە، ەنگە ئومبیرتۆ ئێکۆ زەقترین نموونە بێت کە حەوت ڕۆمانی نووسیوە و ئەوەندەی من ئاگادار بم تاقە چیرۆکێکی نەنووسیوە. هاینریش بۆڵ دەڵێ: "زۆر حەز دەکەم جارێکی دیکە کورتەچیرۆك بکەمە ‹چەق›. بەڵام کاتێ هەوڵ دەدەم ئەمە بکەم، هەمیشە دەرگیری نموونەکانی چنین دەبم."لە بەر ئەوەی ووبەری چیرۆك زۆر بچووکە، زۆر جار ووداوەکەش کورتە، ئەمە بۆ کاراکتەرەکانی چیرۆکیش ڕاستە کە دەبێ لە تەنیا کەسێك یان ژمارەیەکی زۆر کەمی کاراکتەر پێك دێت، چیرۆك فەکوسی دەخاتە سەر ووداوی کاراکتەرێك و ووبەووبوونەوەی دەوروبەری.

ڕایەڵەی گێڕانەوەش بەرفراوان نییە و ئاڕاز نییە، بەکو لە لای شتە جەوهەرییەکان دەمێنێتەوە. ئەمە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر بەرنامەڕێژیمان بۆ ڕۆمان نەکردبێت و ڕۆمان بە چیرۆکێکی درێژکراوە تێ بگەین. لە بەر ئەوەی بە داخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ خوێنەری چیرۆك لە ئەدەبی ئەمەدا کەم دەبێتەوە، ئێستا زۆر چیرۆکنووس ووویان لە ڕۆماننووسین کردووە، بەڵام ئەگەر وەکو چیرۆکنووس جێدەستیان دیار بووبێت و جیگەیەکی شایانیان لە ئەدەبی ئەمەدا گرتبێت و توانایان بە سەر ئەم ژانرەدا شکابێت، خوێنەری وریا هەست دەکات هەندێ لەم

ماناتە چیرکی بە زار درژکراوەن. واتە مادام چیرکنووسکی باش بوو دەبێ ماننووسکی باشیش بێت، تووشی هەیەکی گەورە دەبین گەر لە بنەڕەتدا بین گرانەوە وەکو پلەی سەربازیی وایە و دەبێ بە بچووك دەست پێ بکەین و بەرەبەرە پلە و پایەمان بەرزتر ببێتەوە، واتە چیرك وەکو پەیژەیەك سەیر بکەین کە بە سەریدا بەرەو بەرزتر واتە ئاسمان سەردەکەوین.
من لەو بۆچوونەدام شاعیر هەیە، وەکو شەرکێ بکەس، بە شیعر گوزارشتی لە هەستی دەکرد و پێویستی بەوە نەبوو شیعر وەکو مەشق بێ نووسینی ژانرکی دیکە سەیر بکات، چیرکنووس هەیە، بە تەکنیکی چیرك گوزارشت لە خۆی دەکات و پێویستی بەوە نییە چیرك وەکو مەشق بێ نووسینی تەکنیککی دیکە سەیر بکات، من نە وەکو مەشق لە چیرك دەڕوانم، چونکە چیرکی ڕاستەقینە و جیدی هیلاکییەکی زۆری دەوێت، نە وەکو پێکەرەوەی کاتی حەسانەوەی نێوان ئاسمانك و ئاسمانکی دیکەی دەبینم، چونکە داواکارییەکانی نووسینی چیرکی باش لە داواکارییەکانی نووسینی ئاسمان قورسترن. چۆکردنەوەی توانا بێ نووسینی چیرك لە هەوڵدان بێ نووسینی ئاسمان کەمتر نییە، چیرکنووس دەبێت لە چەند لاپەڕەیەکدا ڕووداوێك، کارەکتەرێك یان چەند کاراکتەرێك، زمان، گرانەوە خەست بکاتەوە، لێرەدا مەبەستم لە چیرکی مینیماڵ نییە، چونکە من چیرکی مینیماڵ نە بە چیرك دەزانم، نە دەیخوێنمەوە. بەڵام ناکرێ ئاسمانکی ٢٠٠-٣٠٠ لاپەڕەیی بەو زمانە چڕە بنووسرێت، کارەکتەر کەم بکرێتەوە، ڕووداو بێ ئاستەکی بچووك سنوردار بکرێت، ئاسمان زۆر جار بەتاڵیی تێ دەکەوێت، کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان دەگۆڕن، ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرکنووس ناتوانێت هاوکات ماننووسیش بێت یان بە پێچەوانەوە، بەهای ئیستاتیکی چیرکەکانی ئەرنست هەمەنگوەی، ئیتاڵۆ کالڤینۆ، هاینریش بۆڵ، تۆماس مان لە ماناەکانیان کەمتر نین. بەڵام ئەمە ناتوانین بانگەشەی هەمان بەهای ئیستاتیکی بێ چیرکەکانی فرانتس کافکا یان جەیمس جۆیس بکەین، هەنگە ئەگەر کافکا هەزار چیرکی تریشی بنووسیایە و ئاماناەکانی (وەرگران)، (قەڵا)، (ئەمەریکا)، (بۆیاری دادگا)ی نەنووسیبایە ئێستا ئەمە نەمان ناسیبایە، یان جەیمس جۆیس جگە لە پانزە چیرکەکەی دەیان چیرکی تری بنووسیبایە و ئاماناەکانی (ئاڵەسیس)، (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)، (دەبلینییەکان) یان (فینگەنس وەیك)ی نەنووسیبایە ئێستا لە لای ئەمە ناوکی نائاشنا دەبوو.

چیرکنووس: سیامەند هادی

ئەوکاتەی دەڕۆین سیمایەکی دیاری چیرۆکی پێش ئاپەڕین، خستنەڕووی بابەتی گشتی بوون و بەڵام ڕوانین و ئەندێشەی تاکدا ڕانەچوون، مەبەست لەو تایپە دیارەیە کە زۆربەی چیرۆکنووسان ئیشیان لەسەر کردووە، چونکە چیرۆکنووسیش هەیە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ڕوانینەوە.

سیامەند هادی/ سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو گوتارە دەستەجەمعییەی وەك سیمایەك بەو دەقانەوە دیارە، بەوەی خۆیان خستووەتە جێگەی هەموان و لەبری گشت دەنگیان هەڵبژێوە، بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە هەڵبژاردنی بابەتەوە نییە. ئەوە گرنگ نییە تۆ لە چ بابەتێك دەدوێیت، بەڵکو گرنگ چۆنێتی خستنەڕووی بابەتەکەیە، کە تا چەند ڕوانینکی تایبەتی و خودی بە بابەتەکە دەبەخشیت. ئەگەر ئێمە هەلومەجی قۆناغی دەقەکانیش لەبەرچاو بگرین، کە وەڵامدەرەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری سەردەمێکی دیاریکراوە، پێویستە ئەوە بزانین هیچ سەردەمێك بەتاڵ نییە لەو هەلومەجانە، لەگەڵ بوونی هەندێك جیاوازیدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. بگومان نووسەران لە هەموو سوردەمێکدا بە ئەرکی خۆیان زانیوە، کە لەبری هەموان دەنگ هەڵبژێن و بەرگری لەو بەهایانە بکەن کە سیمای مرۆڤبوون و هاووڵاتیبوون دەبەخشنە ئێمە، کە بە قەولی (ئەلبێر کامۆ) ژیان بۆ بوونی ئەو بەهایانە هیچ مانایەکی نابێت. لەوێوە دەکەونە دژایەتی کۆمەڵێك دیاردە کە دەبنە مەترسی بۆ سەر ئەو بەهایانە. لە هەموو سەردەمێکدا هەمیشە چەند شتێك هەن بۆ نووسەران کە بەرگریان لێ بکەن، لەبەرئەوە ناتوانین گرفتەکە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی نووسین بگەڕێنینەوە، بەڵکو ئەوەی گرنگە قسەکردنە لەسەر خستنەڕووی هونەریانەی بابەتەکە. بابەتی زۆربەی ئەو چیرۆکانەی لەبارەیانەوە دەدوێین، لە دەوری خۆشەویستی و هەژاری و دەرەبەگایەتی و دابونەریتی کۆنخواز و ستەمکاری سوڵاونەتەوە. ئەگەر بۆ هەر یەك لەو بابەتانە لە چیرۆکی جیهانیدا بگەڕێین، ئەوا چەندین نموونەی دەدۆزینەوە لەسەر ئەو بابەتانە نووسراون و تا ئێستاش ئێمە پێیان سەرسامین. کەواتە گرفتەکە لە بابەتدا نییە، بەڵکو گرفتەکە بۆ چەند لایەنێکی تر دەگەڕێتەوە، کە لێرەدا هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێ بدەم.

١- بە شێوەیەك تەماشای زمان کراوە، وەك ئەوەی بە تەنها ئامرازێك بێت بۆ گوزارشتکردن، لە کاتێکدا زمان بوونێکی سەربەخۆی هەیە و هەڵگری چەندین مانا و دەلالەت و ئاماژەیە.

٢- زۆرجار بە شێوەیەکی ئاسایی بابەتی چیرۆکەکە باس کراوە و هیچ

گرنگییەکی بەرچاو بە تەکنیك نەدراوە، ئەوەش وای کردووە دەقەکان گ□انەوەیەکی تەقلیدییان هەب□ت.

٣- ز□ربەی دەقەکان خاوەنی گر□چنکی ئەرست□یی بوون (سەرەتا و لوتکە و ک□تایی)، ئەوەش لە دووبارەبوونەوەی بەردەوامدا خو□نەر ب□زار دەکەن.

٤- ز□ربەی چیر□کنووسانی کورد ئ□ستاشی لەگە□دا ب□ت، ناتوانن لە خستنە□ووی بابەت و کەس□تییەکاندا ب□لایەن بن، بەردەوام لەسەر ھ□□کی ئایدی□ل□ژی بابەتەکان بە□□وەدەبەن و کەس□تییەکانیش لەژ□ر ک□فی خ□یاندا ئا□استە دەکەن.

٥- لە خو□ندنەوەی ز□ربەی ئەو چیر□کانەدا، ب□ ئەوەی خ□مان ماندوو بکەین و بیربکەینەوە، بە ئاسانی ھەموو مەدلول و مەبەستی دەقەکان دەگاتە ئ□مە، چونکە لەن□و دەقەکاندا ھەموو شتەکان بە ش□وەیەکی ز□ر □استەوخ□ □وون کراونەتەوە و پ□ویست بە گە□ان و □اقەکردن ناکات.

٦- لەو ج□رە دەقانەدا نووسەر خاوەنی پەیامە، ھەرب□یە ئەو پەیامە لە □□گەی بابەتکەوە دەکر□تە سەنتەر و ھەموو لایەنەکانی تری دەق لە خزمەتی ئەو پەیامەدا دەسو□□نەوە.

٧- چیر□کنووسانی ئ□مە لەژ□ر کاریگەریی شەپ□ل□کی ئایدی□ل□ژیدا زیاتر گرنگییان بە ناوەر□کی دەق دەدا و تەکنیك و فەرمی چیر□کیان تا □ادەیەکی ز□ر فەرام□ش کردبوو، ئەوەش وای کردبوو چیر□کەکان ش□وەیەکی حیکایەتئام□ز وەربگرن.

٨- ز□ر□ك لەو چیر□کنووسانە ھەو□یان داوە بەپ□ی خواست و داواکاری جەماوەری ئەو سەردەمە بنووسن، بەو واتایەی ببنە ج□گەی □ەزامەندیی ز□رینەی خو□نەران و ئەوەی ئەوان دەیانەو□ت، ئەمان دەریببڕن.

٩- ئەو نەوەیە مامە□یەکی □استەخ□یان لەگە□ واقیعدا کردووە و ھەو□یان داوە واقیع وەك ئەوەی کە ھەیە بگو□زنەوە ب□ نەو دەق.

١٠- ز□ر بە کەمی ئەند□شە و ک□شە تایبەتییەکانی تاك کراونەتە بابەت، بەک□و زیاتر ئیش لەسەر ئەو ک□شانە کراوە کە دەکەونە دەرەوەی تاك.
جگە لەم خا□انە، چەند وردەکارییەکی تریش ھەن کە ئەو ش□وە سیمایەیان بە دەقەکانی ئەو نەوەیە بەخشیوە، بە□ام سەرە□ای ئەوەش

چەند چیرۆکنووسێك یان چەند دەقێك هەن كە لە چوارچێوەی ئەو سیمایە دەچنە دەرەوە.

چیرۆکنووسانی پاش ئاپەرین بە حوكمی ئەو فەزا جیاوازەی هاتە كایەوە، زیاتر بە ووی ئەدەبی خۆرئاوادا كرانەوە و توانییان لە دەقەكانیاندا گۆڕانكاری بەسەر ئەو خانەدا بهێنن كە وەك سیمایەك بۆ نەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، بەڵام دیسان هەندێك وردەكاریی دیكە سەریانهەڵدا كە چەند ئیشكالیەتێكی لەنێو دەقەكانی ئەوانیشدا دروست كردووە. ئاستە ئەوان زیاتر گرنگییان بە ئوانینە تایەتییەكانی تاك دا و گەڕانەوە بۆ كێشە تایبەتییەكانی تاك، بەڵام ئەو كارە وەك كاردانەوەیەك و وەڵامدانەوەیەكی پێشتر ئەنجام دراوە، ئەوەش وای كردووە هەندێك كێشەی دیكە بۆ دەقەكان دروست بكەن، كە جێگەی لەسەروەستانە. زۆرجار ئەم نەوەیە ئەوەندە بە چڕی گەڕاوەتەوە بۆ تاك، بە تەواوی فەزای دەرەوەی فەرامۆش كردووە و چیرۆكەكە لە ووی ئوانینەوە مەودایەكی زۆر تەسكی وەرگرتووە و زیاتر ڕووچوون بووە بە دەوری ئەندێشەكانی تاكدا، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە دەوروبەرەوە هەبێت. ئەگەر تەماشای هەموو ئەو بابەت و تەكنیكانە بكەین كە چیرۆكنووسی ئێمە پێیان نووسیوە، لە چیرۆكی جیهانیدا گەڵێك چیرۆكی داهێنەرانەیان پێ نووسراوە، بەڵام زۆرجار لای ئێمە كێشەی دروست كردووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی مامەڵەكردنی ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا. لە كاردانەوەی ئەو زمانە سادە و ئاساییەی چیرۆكی نەوەی پێش ئاپەرێندا، لای هەندێك لە چیرۆكنووسانی پاش ئاپەرین هەوڵ دراوە زمانێكی شیعری و تا ڕادەیەكیش ئاڵۆز بەكار بهێنرێت، كە ئەوەش گەڵێك جار زیانی بە دەقەكان گەیاندووە. كاتێك زمانێكی شیعری بە شێوەیەكی وەسفئامێز وێنای ئوانینەكانی ئاوی یان كاراكتەرێك دەكات، كات دەوەستێت و مەودای جوڵەش زۆر تەسك دەبێتەوە، هەربۆیە لەو حاڵەتەدا دەق لە پەخشانێكی ئەندێشەئامێز نزیك دەكاتەوە، كاریگەریی ئەو جۆرە دەقانە ئێستا بە چیرۆكی نەوەی نوێوە دەبینرێت. لە كاردانەوەی ئەو شێوە سادە و ئاساییەی لە خستنەووی بابەتی زۆرێك لە دەقەكانی پێش ئاپەرێندا دەبینرێن، هەندێك لە چیرۆكنووسانی پاش ئاپەرین بە شێوەیەكی ئەوەندە ئاڵۆز بابەتەكانیان دەخستەوو، كە خۆشیان نەیاندەزانی چۆن كۆتایی پێبهێنن. دیارە دواتر خۆشیان هەستیان بەوە كرد، هەربۆیە گەڕانكارییان بەسەر چۆنێتی خستنەووی بابەتەكانیاندا هێنا.

سەرەڕای ئەو وردەكاریانەی وەك گرفت لە چیرۆكی پاش ئاپەرێندا

دەبینرێن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئەو نەوەیە گۆڕاوە أنکاریان لە دەقدا نەخوێندبێت. چیرۆکنووسانی پاش ئاپەین بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ زمان و بابەت و گۆڕانەوە و کاراکتەر و وردەکارییە هونەرییەکانی تری دەقدا کرد و چەند تەکنیکێکی چیرۆکیان تاقیکردەوە، کە ئەوانەش چیرۆکی کوردیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گواستزایەوە. ئەو شێوە گوتارە دەستەجەمعییەی لای زۆرێك لە چیرۆکنووسانی پێش ئاپەین دەبینرێت، کە دەیانویست وەك دەنگی هەموان خۆیان نمایش بکەن و پەسەندکراوی زۆرینە بن لە ڕووی گوتارەوە، بە تەواوی لای نەوەی پاش ئاپەین کاڵ بووەوە و دەقی نوێ زیاتر بەنێو ڕوانین و دونیابینی تاکدا شۆڕبووەوە. لەرەشەوە چیرۆکی ئەم نەوەیە خۆی لە کەمەڵك ڕووداوی دەوروبەر و گشتی قوتار کرد و سەرقاڵ بوو بە ڕوانین و ئەندێشەی تاکەوە، بۆ ئەوەی دەنگی تایبەتی و دونابینی تایبەتی خۆی نمایش بکات. لەگەڵ ئەوەشدا وەك چۆن هەندێك گرفت لە چیرۆکی زۆرێك لە نەوەی پێشوودا هەست پێ دەکەین، بە هەمان شێوە دەقەکانی ئەم نەوەیەش هەڵگری کەمەڵك گرفتن. لەبەر ئەوەی باسەکە لەسەر گەڕانەوەیە بۆ تاك، بە تەنها لەسەر ئەو لایەنە دەوەستین، تا بزانین ئەو شێوە ئیشکردنە چ جۆرە ئەنجامێکی لێ کەوتەوە. زۆرێك لە چیرۆکنووسانی ئەم نەوەیە لە کاردانەوەی ئەو ڕاستەوخۆییەی پێشوودا لە لایەك و خەونی بەجیهانیکردنی دەقەکانیان لە لایەکی ترەوە، هەوڵیاندا هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە کولتوور و لەکاڵیبوون نزیکیان دەخاتەوە، خۆیانی لێ بەدوور بگرن، بەوەش دەقەکانیان لە هەموو تایبەتمەندییەکی کولتووری و لەکاڵی داماڵرا. ئەو شێوە ڕوانینە تا ئێستاش درێژ بووەتەوە و کاریگەرییەکەی بەتەواوی بەسەر دەقی زۆرێك لە چیرۆکنووسانەوە دەبینرێت. ئەگەر چیرۆك و ڕۆمانی زۆرێك لەو نەوەیە بخوێنینەوە، دەبینین ناوی کەسێتییان تێدا نییە و ئەگەر هەشبێت دوورن لەو ناوانەی ئێمە هەمانە، ناوی ناوچە و شار و هیچ شتێکی ئەوتۆیان تێدا نییە کە ئێمە بتوانین بیبەستینەوە بە ئێرەوە.

ڕاستە هەندێك لەو دەقانە لە ڕووی هونەری و بابەتەوە چیرۆکی سەرنجڕاکێش و بۆ گرفتن، بەڵام زۆر جار وەك دەقێکی هەڵواسراو دەردەکەون و دوور دەکەونەوە لە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئێمە. هەموو ئەوە دەزانین کە نووسەران خەونی تێپەڕاندنی هەموو سنوورەکانیان هەیە و دەیانەوێت بۆ هەموو جیهان بنووسن، بەڵام خۆ بەجیهانیبوونی دەقێك ناکاتە بەتاکردنەوەی لە هەموو تایبەتمەندییەکانی دەورووبەری ئەو نووسەری دەقەکەی تێدا نووسیوە.

ئەمە پەروەردەی کولتووریکین و بەنرخو چەند هۆوداوێکدا گوزەرمان کردووە، کە هەڵگری چەندین گرفت و جوانی و ناشیرینی و دژیەك و وێنەی جۆراوجۆرن، هەرچییەك بکەین ناتوانین زیهنی خۆمان لەوانە بەتاڵ بکەینەوە و لە دەرەوەی ئەو فەزایە دەق بەرهەم بهێنین.
لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بوو جارێك چاوپێکەوتنێکی (تاهیر بن جەللون)م خوێندەوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا وتبووی (جیهانیبوونی دەقێك لە لێکاڵیبوونیەوەیەتی)، ئەو کاتە زۆر بە لامەوە سەیر بوو نووسەرێك بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، بەڵام دواتر ڕاستیی ئەو قسەیەم بۆ دەرکەوت. هەموو نووسەرانی دونیا ئیش لەسەر هۆوداو و کارەسات و شۆن و ناوی تایەتی خۆیان دەکەن و هیچ گرفتێکیان بۆ خوێنەران دروست نەکردووە، ئیتر نازانم بۆ ئێمە بەو شێوەیە دوورەدەکەوینە و لەو تایبەتمەندییانەی خۆمان دەترسین؟ لەرەشەوە دەردەکەوێت کە ئەوە گرفت نییە تۆ چ بابەت و هۆوداو و شۆن و کاتێك هەڵدەبژێریت بۆ نووسینی دەقێك، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن ئەو دەقە دەگۆڕیتەوە و بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ لایەنە هونەرییەکانی دەقدا دەکەیت. هەندێکجار دەبینین کارەسات و هۆودای گەورە کراوەتە بابەتی دەقێك و نەشیتوانیوە ببێتە دەقێکی سەرنجڕاکێش، لە کاتێکدا لەسەر بابەت و هۆوداوی ئاسایی و بچووك، دەقی زۆر باڵا و داهێنەوانە نووسراوە. هەموو ئەوانە دەکەوێتە سەر باکگراوندی هۆشنبیری نووسەر و توانا و سەلیقەی لە گۆڕانەوە و چۆنێتی مامەڵکردنی لەگەڵ دەقدا، کە تا چەند دەتوانێت دەقێکی هونەریانە بخوێقێنێت. ئەوە بابەت نییە گرفت بۆ دەق دروست دەکات، بەڵکو ئەوەی گرنگە چۆنێتی گۆڕانەوە و خستنەڕووی دەقەکەیە لە ڕووی هونەرییەوە.

پ/ کە باس لە قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی دەکەین، بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکرێت (حیکایەت وبەسەرهاتی لادێ، لە چیرۆك و گۆڕانەوەی شار) زۆر جار چیرۆکی (چای شیرینی حسێن عارف)یش بە سەرەتای چیرۆکی شاریانەی کوردی دادەنرێت.
عەبدوڵا تاهیر: مەرج نییە ئەم قۆناغبەندییە وەك یاسای لێبێت، هەموو دنیای چیرۆکی کوردیی پێ بخوێنرێتەوە، یا بۆ هەموو سەردەمێك وهەموو ئەزمونێك بلوێت. دوای ڕاپەڕین وتا ئێستا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر هونەری گۆڕانەوەی کوردیدا هاتووە، دەکرێت لە چەندین دەروازەی تردەوە بۆ خوێندنەوەی چیرۆکی کوردی بچین. لە ڕێگەی تورکیدا دوانەی لادێ و شار ئەبینرێت و لە ڕێگەیەوەیشدا بەرچاو ئەکەوێت، بەڵاستیش ئەزموونی ژیانی شار و ژیانی لادێ دەخوێنیەوە، لەم نێوانەدا ژیانی وا ئەبینیت هەردووی لەخۆ

گرتووە، بەتایبەت ئەوانەی کە باسی هیجرەت لە گوندەوە بۆ شار دەکەن، لەم چەشنەدا ڕۆمانووس ناچارئەبێت باسی ئابردوو و ئێستای کەسەکانی ڕۆمانەکە بکات، واتە ئابردووی لە گوندا وئێستا و ئایندەی لە شاردا، لە یادمان نەچێت تورکیا شاری هەیە، بە هەموو مانای شار، کە کەسەکان تووشی نامۆیی ودلەڕاوکێ دەکات. لامواید لێکۆڵەری کورد لەم ڕووەوە پەنایشی بۆ ڕەخنەی تورکی وعەرەبی بردووە، هەندێك جار دابەزاندنی بۆچوونی ڕەخنەیی ئەوانی دی بە وریاییەوە نەبێت، بە هەندێك زیادەڕۆییدا ئەمانبات، بەتایبەت کە دژین و بۆ زەمینەیەکی جیاواز ئەیانگوزینەوە. ئەم قۆناغبەندییە هەندێك ئاستیی تێدایە، خۆ دەکرێت چەندین خەسڵەتی تر هەن، چیرۆکی کوردییان پێ بخوێنرێتەوە.

پ 9/ بۆچی زۆربەی نووسەرانی ئێمە بەشیعر دەستپێدەکەن و دواتر پەل بۆ نووسینی ڕۆمان دەبەن و چیرۆکنووس لەو نێوندەدا زۆر کەمە، عەبدوڵا تاهیر: وای بۆ ناچم هەموو شاعیران و نووسەرانی ئێمە وازیان لە چیرۆك وشیعر ونووسینی تر هێنابێت و ڕوویان کردبێتە ڕۆمان، چونکە شاعیران ونووسەرانی ئێمە ئەوەندە زۆرن بەقەد سوپایەکی ئێجگار گەورە دەبن، گەر بەو گشتگیرییە بوایە ئێستا لە ڕووی چەندایەتیشەوە بوایە ڕۆمانێکی زۆرمان ئەبوو. باوەڕ ناکەم چیرۆکیش ئەوەندە هونەرێکی ئاسان بێت هەروا بە خشکەیی بۆ ئامکردنی بچین.

چیرۆکی کوردی و کێشەکانی لە دیدی چیرۆك نوسە گەنجەکانەوە ... ئامادەکردنی تەوەر: شاخەوان سدیق

چیرۆك یەکێکە لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب و یەکێکیشە لە کۆنترین بوارەکانی نوسین، لە کورترین پێناسەی ئەم ژانرەدا، گۆڤارەوەی بابەتێکە لە کورترین ماوەدا. بۆ قسەکردن لەسەر چیرۆکی کوردی و

کۆشەکانی ئەم دیدارانەمان لەگەڵ چەند چیرۆك نوسەکی گەندا ئەنجامدا.…

پ/ ئەو گۆڤانە بەرچاوانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە چیرۆکی کوردیدا ڕویانداوە چین؟ لە چیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ەوە ئا ئەمڕۆ. هەم لە ڕووی تەکنیك و تەماو ماناوە، هەم لە ڕووی تەکنیك و گۆڤانەوەوە؟

سواره نەجمەدین جەبار
5/12/1986 لە کەرکوك لە دایك بووە.
ساڵی 2005 دەست بە نووسین و بڵاو کردنەوەی دەقەکانی دەکات.
ساڵی 2006 کۆمەڵە چیرۆکی (نامەیەك بۆ فرێد) بڵاو دەکاتەوە.
ساڵی 2010 کۆڵێژی کارگێری و ئابووری بەشی ئاماری زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات.
ساڵی 2011 کتێبی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیانێرم) بڵاو دەکاتەوە.
ساڵی 2011 خەڵاتی یەکەمی شیعر لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ وەردەگرێت
ساڵی 2015 و 2016 خەڵاتی دووهەمی چیرۆك لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ وەردەگرێت.
25/11/2016 یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی (سوپاس بۆ دڵستێڤسکی) بڵاو دەکاتەوە.
چەند چیرۆك و شیعرێکی وەرگێردراون بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی.
هەمان ساڵ قەڵغانی کتێبی ساڵ لە لایەن دەزگای هەواڵ و دەزگای داودییەوە وەك باشترین کتێبی ساڵ دەدرێت بە ڕۆمانی سوپاس دڵستێڤسکی.

سواره نەجمەدین/ ئەو ماوەیەی ئێوە پرسیاری لە بارەوە دەکەن، نزیکەی سەدەیەکە، قسەکردن دەربارەی سەدەیەك لە چیرۆك(1925 بۆ 2017)، لە کاتێکدا چەند ڕەگەزێکی دیاریکراوتان داناوە، هەر یەکەیان بۆ خۆی پێویستی بە قسەکردنی ورد هەیە، کارێکی نەکردەیە لە وەڵامی پرسیارێکدا جێگای ببێتەوە، پرسیارەکە چۆن و وەڵامێکی چۆی دەوێت، بۆ ئەوەی لەو سنورەی بێت داناوم وەڵامێکی گونجاو بدەمەوە، دەبێت خۆم لە زۆربەی بەشەکانی پرسیارەکە بدزمەوە. بە بەراورد بە مێژووە کورتەکەی (92 ساڵ) چیرۆکی کوردی لە زۆربەی ڕووەوە هەنگاوی بەرچاوی ناوە، بە جۆرێك دەکرێت بڵێم لە هەندێك قۆناغدا نەك هەنگاو بگرە بەقەڵەمبازیش ناوی بەرین زیادەڕەویمان نەکردووە. چۆن مێژووی چیرۆکی جیهان زۆر لەوە درێژتر و چڕ تره، لە

چیرۆکی کوردی بەم ماوە کەمە لە ئێستادا لە قۆناغێکی تا ڕادەیەك شایستەدایە بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، گەر بەراوردێکی چیرۆکی (لەخەوما) و چیرۆکێکی ئەمڕۆ بکەین، دەبینین ئاستەکە بەشێوەیەك بەرچاو بەرەوپێش چووە. بە ڕەچاوکردنی ئەو بڕچوونەی لای وایە (لەخەوما) ناچێتە خانەی چیرۆکەوە، بگرە گۆڕانەوەی ڕۆژانەیە یان هەڵشتنی دەردە دڵە. چیرۆکی ئەمڕۆ زۆر هونەری تر و بابەتی تڕە، بە تایبەت چیرۆکی دوای نەوەدەکان بە ڕووبی کاریگەری ئەدەبیاتی جیهانی پێوە دیارە، دەکرێت بڵێم چیرۆکنووسانی نەوەی پێش ئێمە زۆر لێهاتووبوون لە هێنانی ئەزموونی چیرۆکنووسە جیهانییەکان بۆ ناو چیرۆکی کوردی، نەوەی پێش ئەوانیش زۆر زیرەکانە ئەزموونی چیرۆکی عەرەبی و فارسیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی قۆناغێکی خۆیان. چیرۆکی ئەمڕۆ لە زۆربەی ڕووەوەکانەوە کاریگەری چیرۆکە جیهانییەکانی لەسەرە، بەجۆرێك فۆرمە نوێیەکانی چیرۆك بە ئاسانی دەگات بە چیرۆکی کوردی، گەر سەرنجێکی چیرۆکی ئەمڕۆ بدەی دەیان فۆرم و گۆڕانەوەی جیاواز دەبینیت، بە بەراورد بە چیرۆکی (لەخەوما- جەمیل سایب) یان (مەسلەی ویژدان- ئەحمەد موختار جاف) کە دەکرێت بڵێین زیاتر گۆڕانەوە کردویانێتی بە چیرۆك، دەبینین مانا ئەمڕۆ زۆر فراوانترە، فۆرم زۆر جیاوازترە و دەیان و سەدان فۆرمی جیاواز پەیڕەو دەکرێت، گۆڕانەوە و زمان، تەکنیکی جۆربەجۆر، گرێچن و چاوەاو بە هونەرێکی بەرز، هەموو ڕەگەزەکان لە چیرۆکی نوێدا بڕەویان پێدەدرێت و هەوڵی دۆزینەوەی فۆرمی نوێ دەدرێت. هەبەت ئەم بەراوردکارییە لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا دادپەروەری نییە، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی پێگەی ئەو دوو چیرۆکە نییە لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا، چونکە چ (لەخەوما) و چ (مەسەلەی ویژدان) دەستپێکێکی مەزن بوون بۆ چیرۆکی کوردی، چۆن پێشووتر چیرۆکی کوردی لە قۆناغی گۆڕانەوەی بەرئاگردان و بەند و بالۆرەی نێو قاوەخانەکانەوە گواستەوە بۆ فۆرمێکی هونەری، واتە چیرۆکی لە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییەوە گواستەوە بۆ ژانرێکی هونەری، لەسەر ئەو بنەمایەش چیرۆکی کوردی گەیشتووە بەمڕۆ.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی تێکستەکەی بۆ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دۆزینەوەی شێوازی جیای گۆڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تکنیکێکی نوێ و بەهێزە بۆ گۆڕانەوە؟

جوتیار ئەحمەد ساڵی 1980 لە دایك بوە.

ساڵی 2006 بەشی شۆنەواری زانکۆی سلێمانی تەوکردووە.
ئێستا خوێنکاری ماستەرە لە بواری شۆنەوارادا.
تا ئێستا دوو کەمپەینی چیرۆك بۆاوکردۆتەوە بەناوەکانی (سواڕەکانی وشەو ڕۆچکەی مۆلوڕەکان) ڕۆمانکیش بۆاوکردۆتەوە بەناوی (ئایەتەکانی سورەیا).
جوتیار ئەحمەد/ تا ئەو کاتەی کاروان کاکەسور، ئارامی کاکەی فلاح و عتا محمەد دژن و بە ناخی ئینسانی کوردا ڕۆئەچن و تێئەگەن کە تاکی کورد چەند ناخی داماوەو چۆن ئەناڕەنێ بەدەست نەخۆشیەکانیەوە، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەند دەرونی ماندو کردوە! ئیدی لێرەوە تەماو مانا ئەگۆڕن بۆ ئەوەی کە ئینسانی کورد بەرەو ئەوە ئەچێت کەخۆی بناسێت و بەناخی خۆیدا شۆڕبێتەوە، بەرەو وشیاری مل بنێت، لە ڕۆگەی ئاناتۆمی ناخی خۆیەوە خۆی دەوروبەر بناسێت ! تۆ ناتوانی تکنیك داڕێژی ئیدی بەپێی ئەو یاسایە ناوەڕۆك داڕێژی ئەمە تنها بۆ زانست دەست ئەدات کە من لە شۆنی تریشدا وتوومە، ئەدەب و هونەر ناچێتە خانەی هیچ یاساو ڕێسایەکەوەئەوە ناوە ڕۆکە کە تکنیك دیاری ئەکات و نوسەر ئەتوانێت بەپێی ئەو ناوەڕۆکەم تکنیك دیاری بکات. ئیدی باش یا خراپ ئەوە ئەکەوێتە سەر نوسەر خۆی! چیرۆکی کوردی کە زۆر خۆی لە قەرەی تکنیك نەداوە، بەتایبەتی لە ڕابردودا، پێئەچێ هۆی ئەوەبێت کە ئێمە ئەم ژانرەمان وەرگرتبێت واتە وەك هەر ژانرێك و شتێکی تر هاوردەمان کردبێت، شارەزای بنجوبناونی نەبین تا بزانین چۆن بیگۆڕینەوە، بۆیە زۆرکات لە سەر شێوازی ئەوەی پێئەڵێین حیکایەت دەست بەگۆڕانەوە ئەکەین، لەم ساڵانەی دوایدا چیرۆکی کوردی بەشوێن شێوازی نوێی گۆڕانەوەو تەکنیکی نوێدا ئەگەڕێت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دنیابینی تاکی کورد زیاتر بووە، وەرگۆڕان بۆ سەر زمانی کوردی زۆر لە جاران زیاتر بووە ئیدی باش بێت یا خراپ، پێشکەوتنی تکنەلۆجیاش خۆی هۆیەکی سەرەکیە بۆ پێشکەوتنی تکنیکی چیرۆك کە بەردەستخستنی زانیاری زۆر ئاسان کردووە.

پ/ بە بەراورد بە چیرۆکی جیهانی ئەو شێوازو تەکنیکە نوێیانە کامانەن کە بۆ نوسینی چیرۆکی نوێی کوردی گونجاون؟ یان بە جۆرێکی کە کێشەکانی ئێستای چیرۆکی ئێمە لە چیدایە؟

گۆران ەئوف

ساڵی 1991 لە دایك بووە ـ
دەرچووی ئامادەییە ـ
لە ساڵی 2005 دەستیکردووە بە نووسین ـــ ساڵی ٢٠٠٧ چاپ و

بڵاوکردنەوەی نۆقلێتێك بەناوی (زستانێکی پڕ نهێنی)
ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانێك بەناوی (ڕاستییە درزنەکان)
ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە شیعرێك بەناوی (عەشق نائومێدییەکی خۆشە) لەلایەن خانەی ڕۆشنان ەوە.
ـ ساڵی ٢٠١٦ چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکێك بەناوی (قەفەزێك لەناخی باڵندەیەکدا). لەلایەن دەزگای سەردەمەوە.
ـ ساڵی ٢٠١٢ لە هەشتەمین ڤیستیڤاڵی گوڵعەنبەردا خەڵاتی یەکەمی وەرگرتوە بۆ چیرۆکی قەفەزێك لەناخی باڵندەیەکدا.
ـ ساڵی ٢٠١٤ لە هەژدەیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە بۆ چیرۆکی دڵی قاسم. ـ ساڵی ٢٠١٣ لە فیستیڤاڵی هەتاودا خەڵاتی سێیەمی وەرگرتووە بۆ چیرۆکی گەڕانەوە بۆ ژیانەکەی تر.

گۆران ڕەئوف: بەشی یەکەمی پرسیارەکە کەمێك ئاڵۆزی تێدایە. دنیای چیرۆکی کوردی بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە لەگەڵ مۆژووی چیرۆك، لە جیهاندا هاوتەریب ڕێبکات، ناکرێت ئێمە قسە لەبارەی سەرلەبەری چیرۆکی کوردییەوە بکەین.. هۆکارگەلێکی زۆر هەیە کەوایکردووە بۆ مۆژووی چیرۆکی کوردی لاسەنگ بێت لەگەڵ مۆژووی چیرۆکی جیهانیدا؟ چونکە دۆخی سیاسی و داگیرکاری و ڕاوەدوونانی نەتەوەی کورد و چەوساندنەوەی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هۆکارێکی بنەڕەتی بووە تا چیرۆکی کوردی بەپێی قۆناغە جیهانییەکانی گەشە بەخۆی بدات. من نامەوێت ئاماژەی قسەکان بگوازمەوە بۆ ئەو هۆکارانە کە گەر بێت و بمانەوێت قسەی لەبارەوە بکەین ئەوا کاتێکی زۆری دەوێت. بەڵام ئەوەی دەکرێت ببێتە وەڵام بۆ پرسیارەکەی ئێوە هەڵسەنگاندن و بەراوردە لە نێوان چیرۆکە جیهانییەکان و ڕەوت و هەوڵەکانی چیرۆکنووسانی کوردە لە ئێستادا. چیرۆکی نوێی کوردیی هیچی کەمتر نییە لەو چیرۆکانەی لە دنیادا دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە، گەر لە ڕابردوودا چیرۆکنووسانی کورد نەیانتوانیوە لەگەڵ تەوژم و ڕەوتی چیرۆکدا گەشە بەخۆیان و بەرهەمەکانیان بدەن، بەڵام ئێستادا بەهۆی ئەم نەوە نوێیەوە، چیرۆکی کوردی گەشەی زۆر و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە زمانی گێڕانەوەوە تا دەگاتە بابەت و ماددەی چیرۆك و تەکنیك و کەرەستەی چیرۆکنووسین.. هەموو بنەما و پێوەرەکانی چیرۆکی نوێی تێدایە.
لە ئێستای چیرۆکی کوردیدا ئیشدەکرێت لە بواره جیاوازە مرۆییەکانی وەك بابەتی "دەروونی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دیاردە و ئازار و خەمە گەردوونییەکانی مرۆڤی نوێ" کە ئەمەش بەوردی ئیشی تێداکراوە و هەموو پایەکانی چیرۆکی بەباشی تێدا بەرجەستەکراوە، وەك کەرەستە

و زمان و تەکنیك و دروستکردنی کاراکتەر بە فۆرمی ئەمە زەمەنە. چیرۆکنووسانی ئێستا دەکرێت بڕێن شارەزاتر و بەئاگاترن لە چیرۆکنووسانی پێشوو، ئەمەش پشت دەبەستێت بە گەشەی کۆمەڵایەتی وەك کرانەوەی ئەمە بەووی دنیادا و فڕبوونی زمانە جیاوازەکان و خوێندنەوە و ئاگاداربوون لە هەوتی چیرۆك لە جیهاندا و وەرگێڕانی چیرۆك و ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکە و ئەو بنەمایانەی لە ئێستادا چیرۆکی پێهەڵدەسەنگێنرێت. بۆیە دەکرێت بڕێن لە ئێستادا چیرۆکی کوردی گەر هاوتەریبیش نەبێت لەگەڵ چیرۆکی نوێی جیهاندا ئەوا قۆناغی باشی بۆیوە و خاوەن چیرۆك و چیرۆکنووسی ئاگادار و حرفەیین.

گەر بڵێمە سەر بەشی دووەمی پرسیارەکە، کێشەی چیرۆکی ئێمە لە چیدایە؟ ئەوەندەی من ئاگادارم لە ئێستادا چیرۆکی زۆر جوان و نایاب بەرهەمهاتووە کە هیچی کەمتر نییە لە چیرۆکە جیهانییەکان و چیرۆکی وڵاتانی دراوسێ، خۆشبەختانە وەك باسمکرد نەوەیەك دروستبووە ئاگاداڕە و دەیەوێت دنیای چیرۆکی کوردی تەکان بخوات و بۆواتە قۆناغێکی نوێوە، جا ئەم چیرۆکانە لە زمانەوە بیگرە تا دەگاتە تەکنیك و وەگەڕخستنی بابەت و رووداو و کارەکتەر و پەیام و گووتارەکانی چیرۆکی کوردی، تێکڕا شتی جوان و بەپێز دەبینین کە لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبیدا بەرهەمهێناون. بۆمن ئیشکالییەتێك لە چیرۆکی کوردیدا بەریدەکەوم، کێشەی بابەت و زمانمان هەیە. ئێمە لە زەمەنێکداین زەمەنی تاریکی و تەنیایی و لەنێوچوونی بەشێکی زۆری بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانی مرۆڤە، کە پێویستە زمانێکی وردو بەهێزمان هەبێت بۆ گوزارشت و گێڕانەوە و دروستکردنی چیرۆك، کە تێیدا ئەپدەیتی زمانی گێڕانەوە بکەین و خۆمان لادەین لە زمانە سەرگوزشتەیی و پەخشانئامێزەکانی رابردوو، زمانێکی سادەگۆ کە تێیدا قسەمان بۆبکات لەمەڕ ئیشکالییەتی مرۆڤی ئەم زەمەنەوە. ئەمەش دەتوانم بڵێم گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەوەی مەبەستمە ئاماژەیەکی کورت بدەم پێی، بابەتی پەیام و ماددەی چیرۆکە، کە پێویستە قووڵتر کاری تێدابکەین. بەهۆی ئەو گێڕانکارییانەی بەسەر بەشەریەتدا هاتووە، هاوکات کێشە و شوناسی گرفتەکانیش گێڕانکارییان بەسەردا هاتووە کە دەکرێت وردتر ئەم کێشە و گرفتانە دەرك بکەین و وەگەڕی بخەین بۆ پرسەی بە چیرۆککردن. ئەمەش پشت دەبەستێت بە خۆداماڵین لە دەردە گشتییەکان و وردبوونەوە لە کێشە خودی و دەروونی و تاکگەراییەکان، کە مرۆڤی ئیستا پێوەی دەناڵێنێت، هەرچەندە لەم خاڵەشدا چیرۆکی کوردی زۆر بەرەوپێشچووە و لە بەرەودایە، بەڵام بۆئەوەی چیرۆکی ئێمە بچێتە

مۆووی چیرۆکی جیهانییەوە بەپێوای من ئیشکردنی چیرۆکنووسانە لە دروستکردنی زمانی نوێدا و ئەو بابەتانەی کە فۆرمێکی گەردونیان هەیە تەوزیفبکرێن بۆ چیرۆك، نەوەك خولانەوە لەبازنەی کێشەیەك بابەت و کەرەستەی سووادا کە لەمۆژە جیهان و دنیای ئێمەش تێمان پەڕاندووە.

پ/ کێشەکانی ئێستای چیرۆکی ئێمە لە چیدایە؟ بە بەراورد بە چیرۆکی جیهانی ئەو شێواز و تەکنیکە نوێیانە کامانەن کە بۆ نووسینی چیرۆکی نوێی کوردی گونجاون؟ ئایا ئەدەبی کوردی خاوەنی تام و بۆنی چیرۆکی تایبەت بە خۆیەتی؟

بەختیار حەمەسوور، لەدایکبووی سلێمانییە.

ساڵی ٢٠١٠ یەکەم چیرۆکی لە ڕۆژنامەدا بڵاو کردووەتەوە.
ساڵی ٢٠١٥ کۆمەڵەچیرۆکی «مڕوولەکان بەژێر ووناکیی مانگدا دەڕۆن» لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە چاپ و بڵاو کردووەتەوە.
ساڵی ٢٠١٦ لە بیستەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا بەشداری کردووە و خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی وەرگرتووە.
بەختیار حەمەسوور: کێشەی بنەڕەتی ئێستای چیرۆکی کوردی نەبوونی جیهانبینییە، تێروانینەکان لێکاڵین و بە دیدێکی لۆکاڵییەوە دەنووسرێن، هەبەت ئەگەر تەماشای چیرۆکی جیهانی بکەین ئەمە جۆرێکی تڕە؛ بۆ نموونە چیرۆکی ڕووسی، لەگەڵ ئەوەی تێما و بابەتی چیرۆکەکانی گۆگووڵ، چێخۆف، تۆرگنێف و… باس و کەڵکەڵەی ڕووداو و شوێن و بەسەرهاتەکانی ڕووسیایان هەیە و کردوویانن بە چیرۆك، بەڵام جۆری جیهانبینیی ئەوان لە ئاستێکی بەرز و بەرفرەدایە، لە ئاستێکدایە، کاتێك ئێمە لە کوردستان ئەو چیرۆکانە دەخوێنینەوە، دەبینین بووە بە وەڵامدەرەوە و قسەی ئێمەیش، کێشە و گرفت و خۆشییەکانی خۆمان لەو چیرۆکانەدا دەبینینەوە و دەڵێین: دەڵێی بۆ ئێمە نووسراوە! ئەمە جیاوازییەکی بنەڕەتییە، بە جۆرێك کە زۆر جار ئەو چیرۆکانە لە چیرۆکەکانی خۆمان باشتر لە خۆمان و دنیاکەمان دەدوێن و پێشانمان دەدەن، ئەم جۆرە لە دنیابینیی کەمتر لە چیرۆکی کوردیدا دەبینرێت. شێوازێك کە بۆ چیرۆکی کوردی پێویستە ئەوەیە کە باس و کێشە لۆکاڵی و ناوخۆییەکان بە دیدێکی جیهانییەوە بنووسێتەوە و بەچیرۆکیان بکات، ئەمەیش لە ڕێی فۆرم و تەکنیکێکی ئەمڕۆیی و مۆدێرن، ئاگاداربوون و ئاشنابوون بە ئیمکانییەت و پێشکەوتنە خێرا و بەردەوامەکانی ئەدەبیات، بە تایبەت ئەو گۆڕانە بەرچاوانەی ژانری چیرۆك لە سەرەتاوە تاکو گەیشتووەتە ئەم ئاستەی

ئەستا.ئەدەبی کوردی تەنیا بە کردنی ووداو و بەسەرهاتەکانی مژووویی کوردی ناتوانێت ئەدەبێکی لە دەربێت بە تام و بۆی خۆی، بەکوو ئەوەی گرنگە چۆنێتیی مامەڵەکردنی ئەدەبیاتە لەگەڵ ئەو ووداو و بەسەرهاتانەی کە لە مژوو و نەریت و ئەمڕۆیی کوردیدا هەن. چیرۆکی کوردی بۆ ئەوەی مۆری خۆی وەك شوناس و ناسنەری کورد لە بدات، پێویستی بە ئاوڵدانەوەیەکی کۆنکرێتییە لە ئایدیا و بیرکە نزیك و دوورەکان، لە مژوو و کارەساتەکانەوە تاکوو ووداوە بچووك و ئاساییەکانی دەوروبەر، ئەویش بە شێوەیەکی هونەری و دڵزینەوەی فۆرم و تەکنیکی گونجاو بۆ هەریەك لەو تەما و ووداوانە.

پ/ کاتێك باس لە چیرۆکی کوردی پێش ڕاپەڕین دەکرێت، باس لە چیرۆکێك دەکرێت کە زیاتر کێشە گشتیەکان بابەتی سەرەکی بون و گۆڕانەوە تیایاندا، فۆرمێکی گشتی هەبوە، ئایا دەکرێت، بڵێین دوای ڕاپەڕین چیرۆکی کوردی زیاتر باس لە خودو کێشەکانی تاك دەکات و گەڕاوەتەوە بۆ گۆڕانەوەی شتە تایبەت و ووردەکانی تاك لە کۆمەڵگادا؟

محمود نەجمەدین لەساڵی 2000 کانەوە چیرۆك دەنووسێ

کۆمەڵە چیرۆکێکی چاپکراوی هەیە بەناوی هاوشێوەکانی سەلیم جەودەت. کۆمەڵە چیرۆکێکیش بەعەرەبی بڵاوبوەتەوە، ئێستاش هەمان کۆمەڵە چیرۆك ئامادەیە بۆ چاپی دووەم. دوو کۆمەڵە چیرۆکی دیکەش ئامادەی چاپن ئەوانیش (کۆمەڵە چیرۆکی پاسەکەی گورون- کۆمەڵە چیرۆکی یاریم لەگەڵ مەکە سەعدوون)
محمود نەجمەدین/ مەرج نییە ئەو پاڵنە قبوڵ بێت، هەندێك چیرۆکی حوسێن عارف هەیە لە شەستەکاندا نووسیوێتی، ئاستیان ئەوەندە بەرزە، لەوباوەڕەدام لەگەڵك لە چیرۆکەکانی دوای ڕاپەڕین ئاستیان بەرزترە، بۆیە زۆرجار زەمەن ناکرێتە پێوەر، ئەوەی دەبێت ببێتە پێوەر ئاستی چیرۆکەکەیە، خۆ ئێستا لەروسیا گەلێك چیرۆکنووسی نوێ هەیە، لە چیخۆف هەشتا تازەیە و بگرە لە زۆرێك لە چیرۆکنووسەکانی ئەم سەردەمە تازەترە، ئەوەی بۆ چیرۆك گرنگە زەمەنی نووسین نییە، تازە و کۆنی لەوەدانییە کە چیرۆکەکەی کەی نووسراوە، بەڵکە ئەوەی بۆ چیرۆك گرنگە ئەو تێکستە شەرت و شرووتی چیرۆکی تێدابێ و ڕێك و ڕاست خەسڵەتەکانی چیرۆکی تێدابێ، ئێمە لەم سەردەمە تازەیەدا کە ساڵی 2017یە چیرۆکنووسمان هەیە کە لەسەر ئاستی کوردستان وەك چیرۆکنووسێکی باش ناسراوە، لە هەندێك لە چیرۆکەکانی نەك بە

چیرۆکی پێشڕاپەڕین ناگەنەوە بگرە ئاستیان زۆر نزمە، جا ئەوەی بۆ چیرۆك گرنگە ئەوەیە کە چیرۆکی چیرۆکی هونەری بێ و خەسڵەتی کورتە چیرۆکی لەخۆیدا هەڵگرتبێ، گرێچنی تێدابێ، گێڕانەوە گێڕانەوەی کورتە چیرۆك بێت، لەروداوێك زیاتری تێدا نەبێ. لەدەست پێك تا کۆتایی بە نەمەتی کورتە چیرۆك بڕوات.

هۆشتاش گەڵك چیرۆکنووسمانە هەیە پێی وایە ئەگەر چیرۆکەکەی درێژکردەوە بۆ پەنجا یان حەفتا لاپەڕە ئەوە کردوویەتی بە ڕۆمان، لەکاتێکدا خەسڵەتی ڕۆمان و چیرۆك پەویەندی بە کەمو زۆری لاپەڕەوە نییە، بەڵکە پەیوەندی بەو خاڵانەوە هەیە کە هونەری چیرۆکی کورت و ڕۆمانی لەسەر بنیاد نراوە، بۆیە لەکۆن و لە تازەشدا کێمەڵێك خاڵ و کێمەڵێك مواسەفات هەیە چیرۆکی لەسەر بنیاد دەنرێ، بەنیسبەتی ئەوەی چیرۆکی کوردی روداو و فۆرمێکی گشتی هەیە یان کارکردنە لەسەر خود و گەڕانەوەیە بۆ ناو خود، بۆ ئەوەشیان مەرج نییە، دەشێ چیرۆکی پێش ڕاپەڕین لەگەڵ بەرهەمی دوای ڕاپەڕین لە هەندێك بابەت و دۆسێدا جیاواز بن، بەتایبەتی کورد لە سەدەی ڕابردوودا لەدۆخی بەرگریدا بووە و لەحاڵەتی شۆڕشدا بووە، ئەمەش وای کردووە هەندێك چیرۆك و بگرە ڕۆمان و شیعریش هەندێکجار بەرگی سیاسەت و شۆڕش و ئایدۆلۆژیایان پۆشیوە. بەڵام بەگشتی چیرۆك گێڕانەوەی مرۆڤە و مرۆڤیش هەمیشە حیکایەتێك، ڕوداوێکی هەیە بۆ گێڕانەوە، جا سەلیقەی چیرۆکنووسەکە بۆیار دەدات ئاستی گێڕانەوە چۆنە و باشە یان خراپ، سەرکەوتووە یاخود نا.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەکی تێکستەکەی بێ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دێزینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تکنیکێکی نوێ و بەهێزە بێ گێڕانەوە؟

فەرهاد چۆمانی

لەدایکبووی: ١٩٨٦- چۆمان
تاوەکو ئێستا دوو کتێب: پەنجەکان شتێك دەڵێن- کۆمەڵە چیرۆك- ٢٠١٣
وەرگێڕدراوەتە سەر فارسی و ئەمساڵ لە تاران بلاوکرایەوە.
قیژە- ڕۆمان- ٢٠١٧
وەگێڕان: ڕۆمانی مژاباد- جان دۆست- ٢٠١٦
ژنانی نهێمە بەرزەکان- حەلیم یوسف – ٢٠١٧
٩٩ موورووی پەرشوبڵاو- حەلیم یوسف

نائارامی- زولفو لیقانەلی

فەرهاد چەمانی: با پرسیار لەم گشتاندن و زەراندنە دەربهێنین، با سەرەتا وردبینەوە لەوەی داخە لە چەند لێکۆڵینەوەی رەخنەی ئەدەبی پشتبەستوو بە تیۆرە ئەدەبییەکان بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە؛ نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەرۆکی تێکستەکەی بێ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دڵزینەوەی شێوازی جیای گرنگانەوەدا دەگەڕێت! من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، کە زیاتر پرسیارەکە بێ گەیشتن بە وەڵامێکی خوازراو، من پێموایە چیرۆکی کوردی لە ئێستادا هەم لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەم لە تەکنیك و شێوازی گرنگانەوەدا گرنگانکاری و پێشڕەوچوونی باشی بەخۆوە بینیوە، چیرۆکی کوردی لە قالبی حیکایەتخوانی هاتووەتە دەرەوە، زەمەن پارچە پارچە بووە، ڕووداوەکان بە تەکنیکێکی تازە دەچنە پێشەوە. تەما و (بابەت)ی چیرۆکەکان هەم لە ڕووی چنینی ڕووداوەکان هەم لە ڕووی گوزارشتکردنێکی ڕاستگۆیانەتر لە ژیار و فەرهەنگ و کەمەڵایەتییەوە گرنگانکاری باشیان بەسەردا هاتووە. لەگەڵ وەرگرانی هەر چیرۆکێکی جیهانیدا کاریگەری و سایەی کردوەتە چیرۆکی هونەری کوردی. ئەگەر پێشان چیرۆکی کوردی کولتوور و فەرهەنگی زمانێك و دوان سەرچاوەی بووبن، ئێستا بەسای وەرگێرانەوە لە چەندین زمانەوە شێواز و تەکنیك فێردەبین، لە گۆگڵ و چیخۆفەوە تا جەیمز جۆیس، چارڵز دیکنز، هەمنگوای و کافکا و مارکیز و موراکامی و کۆ و کۆ هەر چیرۆکە و دەلاقەی دونیایەکی تازەی بەڕووا کردووینەتەوە، بەڵام دەبێ ئیستێك بکەین و بپرسین بەڕاستی هەموو ئەم خەیاڵانە وایکردووە ئاسۆی ڕوانین و دونیابینی چیرۆکنووسانی ئێمەی بەرفراوان کردوە؟ ئایا کرانەوەی دەلاقەکانی دونیا وایکردووە چیرۆکنووسی ئێمە بە تەمای خەیەوە بەرگی تەکنیکێکی نوێ و جیهانی بکاتە بەر چیرۆکەکانی؟ ئایا بەڕاستی چیرۆکنووسی کورد دوای خوێندنەوەی دەیان چیرۆکی وەرگێردراوی کولتوور و ئەدەبی گەلان پرسیاری لەخۆی کردووە لەکوێی ئەدەبی جیهاندایە و چیرۆکی کوردیش لە کوێی ئەم دونیا پێ خەیاڵ و داهێنانەدا؟ من پێموایە لە وەڵامی ئەم پرسیارانەوە بەو ڕاستیە دەگەین کە هەڵە ڕوویداوە، جۆرێکە لە "بەهەڵە تێگەیشتن" چونکە هەندێك تەکنیك هەن کاریگەری زمانیان بەسەرەوەیە، کاتێك بە زمانی یەکەمی خۆی دەیخوێنیتەوە تەکنیك "کاڵا بەقەد باڵا"یە بەڵام کە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکیتر و هەوڵ دەدرێ "لاسایی" ئەم تەکنیکە، لاسایییەکی کۆڕانەی بکرێتەوە نابێتە چیرۆك، دەبێتە وێنە. هەڵەیەکیتر ئەوەیە؛ چیرۆکنووسی ئێمە هێندە ئاسان خۆی ڕادەستی تەکنیکی ئەوانیتر، یاخود ئەدەبی وەرگێڕدراو دەکات لەبیری دەچێتەوە تەمای ئەو پێویستی بە تەکنیکی

تایبەت بە خۆیشی هەیە. من پەموانیە چیرۆکنووسی کورد زیاتر بابەت و ناوەکی تێکستەکەی بێ گرنگ بێت، نەخێر! زۆر جار بیریشی دەچێتەوە ئەو کاڵایەی بێ باڵای تەماکەی دەدووڕێان بەبەری تەنگە یان فش. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین پشکەوتنەکان و ئەو گۆڕانانەی بەسەر شێواز و ناوەرۆکی چیرۆکی هونەری کوردیدا هاتوون نادیدەبگرین.

پ/ چیرۆکی کوردی لە ئێستادا لە کوێی چیرۆکی جیهانیدایە؟ ئایا ئەدەبی کوردی خاوەنی تام و بۆنی چیرۆکی تایبەت بەخۆیەتی؟

ئارام شێخ وەسانی…

ساڵی 2012 یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناوی (سەمای سێبوون) بڵاو کردووەتەوە،
هەمان ساڵ خەڵاتی لاوی ساڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بواری ڕۆمان وەرگرتووە.
– ساڵی 2013 بۆ چیرۆکی (دەزگیرانی گوڵستان) لە ڤیستیڤاڵی هەتاو بۆ ئەدەبی گەنجان خەڵاتی دووەمی چیرۆکی وەرگرتووە.
– ساڵی 2014 بۆ چیرۆکی (زمانی دیوار) خەڵاتی یەکەمی ڤیستیڤاڵی گەلاوێژی بۆ بواری چیرۆك وەرگرتووە.
– ساڵی 2014 ڕۆمانی (خەوتوو) لە خانەی ئەربیل، چاپ و بڵاو کردووەتەوە
– ساڵی 2016 ڕۆمانی (مەرگی مۆزوونووس)ی، لە ناوەندی ئاوێر بە چاپ گەیاندووە.
– چەندین چیرۆك و وتاری ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو کردووەتەوە.
ئارام شێخ وەسانی/ ئەدەبی کوردی لە جووڵەدایە. هەنگاوەکان ئەگەرچی درەنگوەختیش بن، بەڵام بۆ کەوتنە سەرپێ باش و گرنگن. تۆ بڵێی ئەمە تا ئێستا مارسێل پڕۆستمان نەخوێندبێتەوە، تازە خەریکە دەکرێتە کوردی، دەیان بەرهەمی گرنگی دیکە، کە بناغەی گەشەسەندن و پایەی گەورەی ئەدەبین، تازە ئاوێیان لێ دەدرێتەوە. نەوەی دوای ئاپەڕین، کەمتر زمانی دووەم دەزانێت، بۆیە ئێستە بە وەرگێڕانی ئەو تێکستە بە ناوبانگانە، شاگەشکە دەبێت.
بەم هۆیەوە تا ئادەیەك لە ڕۆگەی وەرگێڕانەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ ڕۆچکەی ئەدەبی جیهاندا دروست کردووە. ئەگەرچی تا ئادەیەکی باش لە نووسەرانی سەردەم دابڕاوین، ئەمە ئێستە خەریکی ئاشنابوونین بە نووسەرانی ساڵانی بیست و پەنجا و حەفتا، زۆر بە کەمی ئیش لەسەر

بەرهەمی نووسەرانی ساڵانی دوای نەوەد و دووهەزار دەکرێت، وەک ئەوەیش ئەو شەپۆلە گرنگ و گەورەیەی وەرگێران وای کردووە، لە ئاستی چیرۆک و ڕۆمان و ئەدەبی خەمان تێبگەین. ئەمە کاتێک ڕۆمانێک یان چیرۆکێکی بیانی دەخوێنینەوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەدەر لە ویست، ناخمان دەکەوێتە بەردەم بەراوردکاری ئەدەبی خەمانی و ئەدەبی بیانی. ئەم بەراوردکارییە، ئەکادیمیانە نییە، جارێکە لە چاژی خوێندنەوە. لە چەندین جومگەوە دەتوانرێت ئەدەبی کوردی بناسرێتەوە، بەتایبەت لە بابەتدا، کە نووسەر بەگشتی ناکرێت هەبێت لەو دەخەی لە دەوروبەریەتی، بابەتی گرانەوە و چیرۆک بەگشتی، پێوەندیان بە دەخی ژیان و تایبەتمەندی شوێن و خەکەوە هەیە. بگومان لە خاڵی مرۆڤبوون و کێشە ئێنتەلێجیەکاندا هەموومان لەیەک دەچین، هەروەها هەموشمان مافی ئەوەمان هەیە بە زمان و تێگەیشتنی خەمان باس لەو کێشانە بکەین، بەڵام بەهۆی کەمەلەک هەکەوتەی جیاوازەوە بەرکەوتنمان بە دیواری ژیان جیاوازە، لێرەدا دەتوانین چیرۆک و گرانەوەی کوردی بناسینەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە سەر چیرۆکی جیهانی، بەپێی شوێن و زەمەن گرانکاری بەسەردا هاتووە. شێواز و بابەتی سەردەمی جەنگی جیهانی، جیاوازە لە سەردەمی دوای جەنگ، دەخی کەمەایەتی ئەمریکییەکان جیاوازە لە هیی ڕووسەکان، واتا لە ڕێگەی کات و زەمەن و هەندێ تایبەتمەندی دیکەوە، دەکرێ ئەدەبی خەمان بناسینەوە پێناسەی بکەین.

پ/ زۆرجار باس لەوە دەکرێت نوسینی چیرۆک مەشقە بۆ نوسینی ڕۆمان، یان پشووە لە نێوان نوسینی ڕۆمانێک بۆ ڕۆمانێکی تر، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا ئەوەی چیرۆک دەنوسێت دەتوانێت ڕۆمانیش بنوسێت، یان بە پێچەوانەوە؟
سوارە نەجمەدین/ نووسینی هەر ژانەرێک سەربەخۆی خۆی هەیە، پەیوەندی نێوان ڕۆمان و شیعر چۆنە، پەیوەندی نێوان چیرۆک و ڕۆمانیش بە هەمان شێوە، نووسینی چیرۆک و ڕۆمان وەک ئەوە نییە یەکێک شیعری کورت بنووسێت و چامە(قەصیدە)ش بنووسێت، چیرۆک بەشێکی کورتی ڕۆمان نییە، بەڵکو ژانەرێکی سەربەخۆیە. ئەو بڕچوونەی دەڵێت چیرۆک مەشقە بۆ ڕۆمان، یان ئەو نووسەرانەی پەیڕەوی ئەو وتەیە دەکەن، زیان بە کردەی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانیش دەگەیەنن، بە گشتی نووسین هەر جۆرێک بێت بۆ خۆی مەشقە، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بێت، یان پەخشان، شیعربێت یان چیرۆک، ڕۆمان بێت یان داستان، تێکڕایان مەشقن بۆ ئەو دەقەی لە کۆتایدا دەتەوێت بینووسیت، ئەو دەقەی هەنگە دەقی تەمەن بێت.

لە پرسیارەکەتدا ئەوە بەدیدەکرێت، کە بۆچونێك هەیە لای وایە ژانەری چیرۆك لە ئاستی ژانەری ڕۆماندا نییە، یان بە ڕوونتر چیرۆك ژانەرێکی بچوك و ئاسانە و ڕۆمان هونەرێکی باڵایە! بەکارهێنانی دەستەواژەی (مەشق) و (پشوو) بە کەم تەماشاکردنی چیرۆکە، لای من ئەمە وانییە، چیرۆك هیچی کەمتر نییە لە ڕۆمان و شیعر، بە پێچەوانەوە وای دەبینم چیرۆك هونەرێکی ئەستەمترە، لە چیرۆکدا مەودایەکی کەمترت لە بەردەمدایە و ڕەگەزگەلێکی زۆریش تا جێگای بکەیتەوە، دەق وەك ئەوەی پارچە زەوییەکی بیست مەتری بخەیتە بەردەست ئەندازیارێك تا خانوویەکی تەواوی لەسەر دروست بکات، دەبێت ژووری میوان و چێشتخانە و ژووری نووستن و تەوالێت و حەمام و تەنانەت باخچەشی تیادا جێگا بکاتەوە، بەڵام ڕۆمان هونەری ئەندازیارەکەیە لەسەر پارچە زەوییەکی فراوان، جا باڵەخانە یان کۆشکێکی تیادا بونیاد بنێت، ئەکەوتەوە سەر هونەری ئەندازیارەکە، بە چواندنێکی تر چیرۆك هونەری کاتژمێری دەستییە، لێ ڕۆمان هونەری چێکردنی ئۆتۆمبێلێکە، لە سنوری کاتژمێرێکی دەستیدا جێگای ژمارە و مەکینە و پیل و پیم زەرجار ڕەژمێر دەکرێتەوە، لێ لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلدا ئەو مەودا کەمە نییە.

ئەو ئەندازیارەی لەسەر زەویەکی بیست مەتری بتوانێت بینایەك بونیاد بنێت، ئەگەری زۆرە بتوانێت لەسەر زەویەکی چەند یاردیش باڵەخانەیەك دروست بکات، بەڵام ئەوەی کاتژمێری دەستی دروست دەکات، ئەستەمە بتوانێت ئۆتۆمبێلیش دروست بکات، بێیە بە هەمان شێوە وەك ئەندازیاری بیناسازیەکە نووسەر هەنگە بتوانێت چیرۆك و ڕۆمانیش بنووسێت، یان وەك ئەندازیارە میکانییکییەکە نەتوانێت لە چیرۆك و ڕۆماندا کار بکات.

پ/ ئەو گۆڕانە بەرچاوانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە چیرۆکی کوردیدا ڕویانداوە چین؟ لە چیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ەوە ئا ئەمڕۆ. هەم لە ڕووی تێکست و تێماو ماناوە، هەم لە ڕووی تەکنیك و گۆڕانەوەوە؟

جوتیار ئەحمەد/ ئەتوانین بڵێین جەمیل سائیب لە چیرۆکی لە خەومادا زۆر پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، سەردەمێك کە بەڵای ئەو وە بەڵای مۆژوونوسانیش پێبووە لە زۆمی شێخ محمود کە مەلیکی یەکەمین دەهەتی کوردی بووە. سەردمیك کە لەهەمان سەردەمی ئێستا ئەچێت بەڵام زەمن و کارەکتەرەکان جیاوازن. لەخەومای جمیل سائیب لێدانە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەمە وەك تێما ومانا، کە بە هەمان شێوە لە ساڵانی ١٩٧٠ وە بە تەکنیکێکی سادەی بە یاساو ڕێسای ئەدەب

داڕژراو چیرۆکی کوردی بەردەوام ئەبێت، لە شێوەی ئەدبی بەرگری لێدان لە دژخی کۆمەڵایەتی، بەڵام تەمای ئەمجارە دەستەلاتی ژێمی داپڵۆسێنەری عراقیە، ئەمەش زۆرجار ئیشکردن بووە بە کێدو مجاز. بەڵام ئەوەی چیرۆکی دوای ڕاپەڕین لەو سەردەمە جیا ئەکاتەوە، دژخی کافکایی و ئیشکردنە لەسەر دەرونی ئینسانی کورد وەك تاکەك کە خۆی ئەناسێتو خاوەنی خۆیەتی، بۆنمونە ئەگەر باسی دژخە کۆمەڵایەتیەکە بکەین تا ساڵانی ١٩٩٧ چیرۆکی کوردی باشور لێدان بووە لە دژخی کۆمەڵایەتی و باوك سالاری. لێدان و ڕخنەی دژخی سیاسی تەنها لە وتاردا بەدی ئەکرا لەبواری چیرۆکدا زۆر بەدگمەن بەدی ئەکرێت، تا ئەوکاتەی شەری کورد بەدەستی کورد ئەگاتە لوتکەو ئینسانی کورد هەست بە وێرانبوونی ناخی خۆی ئەکات، بۆنمونە ئەگەر سەیری شۆرزاد حەسەن بکەین بەدەست پیاو سالاریەوە گیرۆدەیە ڕاستە ڕەچەتە دەرونی ئینسانەکانەوە بەڵام کۆشەی سەرەکی ئەو نۆر سالاریيە.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، کە هۆندەی خوێنەری ڕۆمان هەیە هۆندە خوێنەری چیرۆك نییە، ئەم بۆ چونە تا چەند ڕاستە، ئەگەر ڕاستە هۆکاری ئەوە چییە؟

گۆران ڕەئوف: بۆ ئەم تەوانینە ئامار و داتایەکی وردلەبەردەستدانییە، کە خوێنەری ڕۆمان زۆرترە لە خوێنەری چیرۆك؟ بەڵام ئەوەی دەبینرێت و هەستیپێدەکرێت، بۆگومان ئەو ڕوانینە دروست دەبێت کە خوێنەری ڕۆمان زیاترە و لە ئێستادا پتر چاوی خوێنەر لەسەر چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکانە. بە بۆای من ئەمەش چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە و هەریەك لەم هۆکارانەی دەمەوێت ئاماژەیەکی کورتیان پێبدەم، سەرچاوەن بۆ بەربڵاوی و گەشەی خوێنەری ڕۆمان بە بەراورد بە چیرۆك و ژانرەکانی تریش. یەکێك لەو هۆکارانە هۆکاری مۆژوویيە.. یان مۆژووی سەرهۆدان و دروستبوونی ئەم و دوو ژانرەیە لە دنیادا و بەتایبەت لە کوردستاندا. مۆژووی ڕۆمانی کوردی و سەرهۆدانی بۆ خوێنەر بە بەراورد بە چیرۆك، مۆژوویەکی پتەوتر و بەهۆزتری هەیە و وەك دیاردەیەکی تازە خۆی بەیانکردووە لە خەیاڵی خوێنەری کوردیدا، هەربۆیە لەناوخۆیدا خاوەن گووتار و پەیامی بەهۆزترە بە بەراورد بە چیرۆك. یەکێکی تر لە هۆکارەکان، هۆکاری پەروەردەییە، "پەروەردەی خوێنەر" ئەمەیش لە دو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە و کاری زۆری بۆ کراوە. یەکەمیان بایەخی ئەدیبانی کوردە بە ڕۆمان و ورد ئیشکردنیانە لەو ژانرەدا، کە بەبۆای من ئەمەش بۆ کارامەیی و توانای ڕۆماننوسانی کورد دەگەڕێتەوە. ئاستی دووەم بایەخی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە

که جیا لەهەموو ژانەر و بابەتەکانی تر، تیشکێکی تۆخیان لەسەر چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمان داناوە، وەك ئیشی ڕۆمانووسە ناوخۆییەکان و وەرگێڕانی ڕۆمانە جیهانییەکان، ئەم دوو هۆکارە وایکردووە جۆرێك لە پەروەردەی خوێندنەوە دروست بێت بۆ ڕۆمان و ڕۆمان لە خەیاڵدانی خوێنەری کوردیدا ببێتە شتێکی مەزنتر و باڵاتر لەئاست ژانەرەکانی تردا! ئەم دو ئاستەی باسمکرد پێچەوانەکەی بۆ دنیای چیرۆکیش ڕاستە. یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە مەبەستمە لەبارەوەی بدوێم پەیوەندی بە چیژ و فراوانی مەودای کارکردنەوە هەیە، کە دەکرێت ناوی بەرین بە "هۆکاری بابەتی" لە ڕۆماندا زیاتر لە چەندین کاراکتەر و چەندین ڕووداو و چەندین بابەت، بوونی هەیە و نووسەر دەستکراوەترە کە خوێنەر پەلکێش و مەحکوم بە خوێندەوە بکات، بەڵام لە چیرۆکدا تۆ دەتوانیت بابەتێك یان ماددەیەك وەگەڕبخەیت بۆ پرسەی چیرۆکاندن. ئەم بابەتەیش لەنێو چەند کارەکتەرێك و ڕووداوێك یان زیاتردا ئیش دەکات. دنیای ڕۆمان دنیایەکی فراوانترە و چەقبەستوو نییە لە بابەتێکی خودی یان بابەتێکی گشتیدا، بەکو ئیشکردنە لە کێی کێشە فەلسەفی و ژیاری و مێژوویی و چەمکە بنەڕەتیی و وجوودییەکانی مرۆڤایەتی. لەکاتێکدا ئەم مەودا فراوانە لە چیرۆکدا نییە و پتر کارکردنە لەنێو دەروون و بابەتە خودییەکانی مرۆڤدا.

یەکێکی لە هۆکارەکان کە وایکردووە ڕۆمان زۆرترین خوێنەری هەبێت بەراورد بە چیرۆك و ژانەرەکانی تر هۆکاری پێکهاتە و میمۆری مێشکی مرۆڤە، کەدەکرێت ناوی بەرین بە "هۆکاری سروشتی خوێنەر" ڕەنگە لە مێژووی هەر خوێنەرێکدا کە خوێنەری ڕۆمان و چیرۆکە، بە سەدان ڕۆمان و چیرۆکی خوێندبێتەوە، بەڵام دواجار ئەوەی لە ئەندێشە و هزریدا دەمێنێتەوە رووداو و بابەت و کارەکتەر و هتد.. ڕۆمانەکانە نەوەك چیرۆکەکان، ئەوەی کە دەتوانێت کاریگەری بەهێزتر و مەحکەمتر دابنێت لە هەست و نەستی خوێنەر ڕۆمانەکانە، نەوەك چیرۆکەکان. کە دیسانەوە هۆی ئەمەش ێیشەی لە مەودای کارکردن و سروشتی کارکردنی ئەو دوو بوارەدا هەیە.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نووسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی تێکستەکەی بۆ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێ و دێزینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچوونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تەکنیکێکی نوێ و بەهێزە بۆ گێڕانەوە؟

بەختیار حەمەسوور: سەبارەت بە مەسەلەی ناوەڕۆك لەگەڵ تەکنیك و

شەواز(فلم) لە چیرۆکدا، بە گشتی دەبێت باس لەوە بکەین کە هیچ بەیارێکی پێشوەختە بۆ چیرۆکنووس نییە کە فەرز بکات چیرۆکێکی ناوەڕۆکخواز، چیرۆکێکی تەکنیکخواز یان فلمیك بنووسێت، بەڵکوو ئەوە تەمای چیرۆکە ئەم ئەمرە دەسەپێنێت، تەمایە کە تەکنیك و فلمی تایبەت بە خۆی فەرز و داوا دەکات. هەر چیرۆکێکی سەرکەوتوو کە لە مێژووی دووروونزیکی ئەم ژانرەدا نووسراوە و دەنووسرێت، بە دڵنیاییەوە لەم ڕێسا و یاسایەدا هەڵدەسووڕێت. هەر جیاکردنەوە و دابڕکردنێك لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا کارێکی نادروست و میکانیکی لێ دەر دێت، کارێك کە ناتوانێت درێژە و بەردەوامی بەو ئیمکان و ئەگەرە بدات کە ناوی داهێنان و نەمرییە. چیرۆکنووسی سەرکەوتوو هیچ کات بیر لەوە ناکاتەوە بە پێوەر و قاڵبی ئامادە و سازکراو چیرۆك بنووسێت، دەتوانین بڵێین هەر چیرۆکێکی هونەریی کە دەنووسرێت لە دەرەوەی پێوەر و قاڵبە پێشوەخت سازکراوەکان دەنووسرێت، بە ژمارەی ئەو چیرۆکە سەرکەوتوانەی هەن ئەمە پێوەر و قاڵبمان هەیە، چیرۆکی هونەریی و جیاواز بەردەوام چاوی لەوەیە خیانەت بەو پێوەر و قاڵبانە بکات و پێوەر و قاڵبی تایبەت و دیاریکراو بە خۆی ساز بکات. لێرەوە دەتوانین وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەینەوە و بڵێین: چیرۆکی کوردی لە ململانێی شکست و داهێناندا بووە و هەیە، بەڵام لەم بەستێنەدا تای شکستی قورستر بووە، ئەویش بە ئاوەدانەوە و سوودوەرگرتنی بەردەوامی لە سوننەتێکی چیرۆکنووسی، کە نەتوان و دەستەوسان بووە لە هاوسەنگی نێوان تەکنیك و فلم لە لایەك و ناوەڕۆك لە لایەکی تر. چیرۆکی کوردی لە قۆناغێکدا زیادتر ڕووی لە شەوازێك لە چیرۆکی ناوەڕۆکخواز کردووە و بەمەیش بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتووەتە خزمەت ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانەوە، لە قۆناغێکی تریشدا ئاوێی داوەتەوە لە تەکنیك و فلمە جیهانییەکان، بەڵام نەیتوانیوە وەك پێویست و بە شێوەیەکی قەتعی تەکنیك و فلمەکان بکاتە بەر ناوەڕۆك و لە هەناو یەکدا بیانتوێنێتەوە. هەبەت لەم ڕەوتەدا و بەتایبەت لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، هەوڵ و بەردەوامی هەن، هەرچەند وەك پێویست بەرچاو و زەر نین، بەڵام حاشا لێ نەکراون، کە بۆ خولقاندنی چیرۆکێکی ئەمڕۆیی و مۆدێرن دەکشن و سوود لە دەرەتان و ئیمکانە جیهانییەکان بە شێوەیەکی دروست وەردەگرن.

پ/ زەر جار باس لەوە دەکرێت، نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی تێکستەکەی بۆ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دێزینەوەی شەوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تکنیکێکی نوێ و بەهێزە

بۆ گۆرانەوە؟

مەحمود نەجمەدین/ بۆ چیرۆك بیرۆكە زۆر گرنگە، بەدڵنیاییەوە، چون بیرۆكە ئەساسی كارەكەیە، كە چیرۆكنووسەكە وەك كەرەسەیەكی خاو مامەڵەی لەگەڵ دەكات، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن ئەو بیرۆكەیە تەحویل دەكەیت بۆ چیرۆك، لێرەوە گرنگی ئیشەكە و سەركەوتنی دیاری دەكرێت. بۆ نموونە چیرۆكنووسە دەتوانێ لە بابەتێك، یان بیرۆكەیەكی زۆر سادە و بچووك چیرۆكێكی جوانی لێ دەخولقێ، بەیە بیرۆكە گرنگە لەوەش گرنگ تر بۆ ئەوەی بیرۆكەكەت نەمرێ چۆنێتی گۆڕانەوە و شێوازی گۆڕانەوەكە گرنگە، كە چیرۆكنووس بتوانێ بەشێوازێك بگۆڕێتەوە سەرسام كەر بێ بۆ خوێنەر، خوێنەر چاوەڕوانی ئەو شێوازە نەبێ و وەك شتێكی بەری بكەوێت و تەقلیدی نەبێ، ئێستا لەدنیادا ئەوە زۆر گرنگە و كاری پێدەكرێ، بۆ نموونە چیرۆكنووس هەیە بەردەوام بیر لەوە دەكاتەوە شێواز و تەكنیكی تازە بدۆزێتەوە، هەبەت نموونە زۆرن لەسەر ئەو شێواز و تەكنیكانەی كە هەیە. لێ تۆ منت بە پابەند كردووە بە یەك تا دوو ئەی فڕێ وەڵامبدەمەوە. لە چیرۆكنووسەكانی ئێستاش چیرۆكنووسی زۆرباشمان هەیە، هەندێك لەو چیرۆكنووسانەمان گرنگی زۆر بە تەكنیك و شێوازی نوێی گۆڕانەوە دەدەن، وە نەبێ ئەمە لەبوارەدا كەم بین، چیرۆكی زۆر جوان و ئاست بەرزمان هەیە، كە

بەتەكنیكی نوێ دەنووسرێن، بەڵام دەشێ كەم بن، چون هەر بەگشتی نێوەندی ئەدەبی كوردی زۆر ئاوڕی لە چیرۆك نەداوەتەوە و تەنانەت بۆ دەزگا و ناوەندەكانی چاپەمەنیش چیرۆك زۆر گرنگ نییە، وەكو ئەوەی ئەوان ئۆرهان پامۆك بن و ئەوان بۆیار دەدەن كە چیرۆك هەبێ یان ڕۆمان؟!. بەداخەوە هێشتا چیرۆك و ڕۆمان و ئەدەب بەگشتی لەدەستێكی ئەمیندا نییە و هەندێك لەوانەی بۆیار لەسەر چیرۆك دەدەن هیچ لەچیرۆك نازانن و هێشتا شارەزای تەكنیكی چیرۆك نین، كەچی بەوەشەوە ناوەستن بۆیار لەسەر چیرۆكی كوردی دەدن، بەداخەوە لە نەوەی كۆندا یان باشتر بڵێم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی شەستەكان ئەمە چیرۆكنووسێكی وەكو حوسێن عارفمان هەیە كە دەیان وتار و مەقالەی لەسەر شێواز و تەكنیكی چیرۆك هەیە، واتە نە لەخۆیەوە چیرۆك دەنووسێ و نە لەخۆیەوە چیرۆكی خەڵك ڕەفز دەكات. قسە زۆر بۆ ژانرێكی وەكو چیرۆك كە زۆرترین غەدری لێكراوە، بەڵام با بمێنێ بۆ دەرفەتێكی تر، چون خۆشم نیازم هەیە زنجیرەیەك وتار لەو بارەیە وە بنووسم هەبەت ئەگەر سەرقاڵم بەچیرۆكنووسین و كاری ڕۆژنامە گەرییەوە بوار بدات.

پ/ به بەراورد بە چیرۆکی جیهانی ئەو شێوازو تەکنیکە نوێیانە کامانەن کە بۆ نوسینی چیرۆکی نوێی کوردی گونجاون؟ یان بە جۆرێکی دیکە کێشەکانی ئێستای چیرۆکی ئێمە لە چیدایە؟

فەرهاد چۆمانی: پێموایە لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا بە جۆرێك وەڵامی یەم پرسیارەشم داوەتەوە بەڵام با وردتر بڵێم؛ لەسەرەتاوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم فڵێم بکرێتە بۆتەیەك و ئەگەر چیرۆك نەچێتە نێو ئەو قاڵب و کێشەیەوە چیرۆك نەبێت. من ناتوانم شێواز و تەکنیکێك دەستنیشان بکەم و بڵێم ئەمەیان گونجاوە! ئەمە کاری نەکردەیە. هەندێك بنەمای سەرەکی بۆ چیرۆك هەن ئەگەر چیرۆکێك ئەم بنەمایانەی تێدابن، ئیدی پێویست ناکات چیرۆك چیرۆك مەحکووم بکەین بە تەکنیکێکەوە. بەڵام دیسان دەڵێمەوە خوێندنەوەی ئەدەبی گەلان هەوێنێکی بۆ هاوتایە بۆ ئەوەی بتوانێ ناخودئاگا چیرۆك لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە پێشبخات.
هەنگە هەخنەگرانی چیرۆکی هونەری کوردی وەهامکی باشتریان پێبۆ بۆ ئەوەی دەستنیشانی کێشەکانی چیرۆکی کوردی بکەن، بەڵام من دەتوانم بڵێم چیرۆك وەك شیعر هەوڵ دەدات پەیامێکی کورت و بچووك و سنووردار بگەیەنێت، بگرە گوزارشت لە دڵخی دەروونی ئەوساتەی چیرۆکنووس دەکات کە تێیدا نووسیویەتی. یەکێك لە کێشەکانیش کە بووەتە مۆرانەی چیرۆکی هونەری کوردی ئەوەیە؛ چیرۆکنووس پێیوایە گەیشتن بە نووسینی چیرۆکێك کە بە پێودانگی ئەدەبی جیهانی و تەکمە بێت ئەوەیە ئەو ئێلهامنت و فەزایە بۆ چیرۆك دروستبکرێت کە بۆنمووونە لە چیرۆکێکی هەمنگوایدا هەیە. تۆ چ باسی دەریا و نەورەس دەکەیت کە سنووری کوردستانی گەورەت ناگات بە دەریا و ووداوەکانیشت لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان ڕوو دەدات؟ چ باسی قیتار و بونیادی شارێکی پێشکەوتوو دەکەیت کە خۆی شارسازی لای ئێمە لە ژێر پرسیار و گومانداید. مەبەستمە بڵێم زۆرجار چیرۆکی خەیاڵکردی وا دەنووسرێ کە ناکرێ ئەمە تەمای چیرۆك بێت، دەکرێ بە شیعرێك، پەخشانێك باشتر گوزارشت لە ویستی ئەم دەربڕینە بکرێت.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، کە هۆندەی خوێنەری ڕۆمان هەیە هۆندە خوێنەری چیرۆك نییە، ئەم بۆ چونە تا چەند ڕاستە، ئەگەر ڕاستە هۆکاری ئەوە چییە؟ لاوازی بابەت و ناوەڕۆکە یان کێشەکە لە تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەدایە؟

ئارام شێخ وەسانی/ جارێك پێش هەمووشتێ، با هاوکێشەکە بە هاوسەنگی سەیر بکەین. ئەدەبی گێڕانەوە بەگشتی لە بڕەوی بەردەوام دایە. ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ڕۆمانەوی گێڕانەوەدا، ئەدیبان لە جیهاندا داهێنان و

نوێخوازی دەکەن، هەبەت ئەمەیش پێوەندی بە چەندین هۆکارەوە هەیە، وەك گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناو خەمەکانی و زیاتر نامۆبوونی لەبەردەم چاوون بە ناو تەکنەلۆژیادا، دژینەوەی وێنەکانی خەیاڵ و بەرکەوتن بە چۆڵی نهێنی، ئەوە جگە لە فراوانی ووبەری ئەو ژانرە و دەربڕینی هەموو شتەکان بۆ هەمووان بە هەوانبڕیی و چیڕۆکی یەکتری، ئەمیش وای کردووە، کە هەموو ئەوانەی خوێنەرن، زوو یان درەنگ بەر ژانری ئەدەبی گۆڕانەوە بکەون.
هەر یەك لە چیرۆك یاخود ڕۆمان شتێکی هێندە لێك جیاواز نین تاکوو بۆن بۆن ئەمە خوێنەری زۆرە و ئەمە خوێنەری کەمە، نا هەردووکیان ئیشکردنن لەناو پانتایی گۆڕانەوەدا، هەردووکیان پێویستیان بە زمانێك هەیە کە سەبەر بخاتە سەر پێکهاتەکانی گۆڕانەوە و لای خوێنەر شتێك دروست بکات، یان جۆبەجۆڕت و ئیستاتیکا وەك تیشکێك بخزێتە دەرونەوە . وەك زۆر لێکۆڵەر و شارەزا و چیڕۆکنووس، منیش پێم وایە نووسینی چیڕۆك زەحمەتترە لە ڕۆمان، ئەمەیش لەبەر چەندین هۆکار، کە دیارترینیان ئەوەیە، لە چیڕۆکدا نووسەر دەبێ ئەوەندە شارەزا و زاڵ بێت، کە بتوانێت، زۆرترین مانا و تەکنیك و یارییەکانی گۆڕانەوە لە کەمترین پانتایی ئەنجام بدات. ئیتر ئەوە ووونە، ئەگەر کەسێك ئەو توانایەی نەبێت و دەست بکات بە چیرۆکنووسین، ئەوا دیارە چیڕۆکەکەی دەبێتە گۆڕانەوەیەکی سادەی وەك حیکایەتی بەر ئاگردان. وەك ئەوەی سەرنجم داوە، پاش ئەوەی ڕۆمان وەك ژانرێکی نوێی ئەدەبی، پێگەی خۆی گرت و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە گەشە بەردەوامە، زاڵبوونی ئەم ژانرە، بە ووونی بینرا. ئەم دۆخە لە زۆرینەی دونیا هاوشێوەیە، یان لێك نزیکە، واتا بەگشتی دەنگدانەوە، ڕێکلامی ئەدەبی، دەزگەکانی چاپ و پەخش و دامەزراوە ئەدەبییەکان و تەنانەت خوێندنی ئەکادیمیش، زیاتر باوەشی بۆ ڕۆمان کردووەتەوە وەك لە چیڕۆك، بگومان ئەوەیش کاریگەری دەبێت لە ئاراستەکردنی خوێنەر بۆ ژانری ڕۆمان. وەك چۆن دەبینین، ئێستە لە کوردستان هەتا کەمەڵە چیرۆکێکی بیانی وەردەگێڕدرێت، بە دەیان ڕۆمان وەردەگێڕدرێت، ئەمە بە شێوەیەکی ووون و ئاشکرا، زاڵکردن و بانگەوازکردنە، بۆ ڕۆمان لەبەرانبەر ژانرەکانی دیکە…

دیدار لەگەڵ سامان کەریم وەرگێڕی کارەکانی (ئورهان پاموك)

سامان کەریم:
"پامەك پێی وتم بە شانازییەوە دەم بە سلەمانی و زەر ئارەزوو دەکەم بیبینم"...

لە دونیای موزیکەوە بە (وەرگێڕان)ی ئەدەبی، پیاوێك هەمن و ئارام وەك نەتەو ئاوازی ژێی گیتارەکەی، ئەو ساڵانەکە ئارەزووی ئەدەبی تورکی دەکات، ئەستا وەك وەرگێڕی کارەکانی (ئورهان پاموك) دەناسرێت، بەگومان ئەو پیاوە (سامان کەریم)ە، من بە زیاتر ئاشنابوون بە یەکترناسینی ئەو (پاموك) ئەم دیدارەم لەگەڵدا سازدا.

سازدانی شاخەوان سدیق

.....

پ1/ لە دونیادا وەرگێڕان وەك هەمووکارەکی دیکە پیشەیە، واتە ئەوکەسانەی کە کاری وەرگێڕاندەکەن کە سانی تایبەتمەندن لەو بوارەداو شارەزایی بنەماو یاساکانی وەرگێڕانن، چەن بوو ئەوە کە خەتان موزیك سیانن بیرتان لەکاری وەرگێڕانکردەوە؟ ئەم هەستە هەستکردن بوو بە پێویستی کارەکە بە کتێبخانەی کوردی یان تەنها حەزی تایبەتی خەتان بوو؟

سامان کەریم/ پێشکی دەموەت ئەوە بڵێم کە بواری وەرگێڕان وەك بواری موزیک تەنها خەون و حەزەکی تایبەتی خەمە. وەك شارەزایی لە بواری وەرگێڕانیشدا، زەر نمونە هەیە کە کەسەك هەم مەسیقی بێت هەم وەرگێڕ یاخود لەگەڵ ئەودا کە ئەکتەری سینەما، شانۆ نووسەرو وەرگێڕیش، هەتا بە نیسبەت پاموکیشەوە کاتێك زانی موزیسیانم زەری پەخشبوو. پەدچێت ئەمە لە ووڵاتی ئەمەدا کەمەك نامۆ بێت هەر وەك چەن هەموو شتێك بە نامۆ دەبینرێت، بەڵام بە تەوانینی من موسیقیەك دەبێت ئاگاداری ئەدەبیاتی دنیا بێت، نووسەرێك دەبێت ئاگاداری ئەپەرا، ستایلەکانی موزیک، سینەما، شانۆ، بواری وێنەکێشان، پەیکەرتاشی بێت. بە دڵنیایی ئەمە بە پێچەوانەشەوە بە

وەنەکەشەک یاخود سینەما کارەک هەتد... دەبەت بەو شێوەیە بێت، هیچ نەبەت تەوانینی من بەوشێوەیە. هەکاری ئەمە بە نیسبەت منەوە دوو خاڵە، یەکەمیان بوارەکەی خەتی پە دەوڵەمەند دەکەیت. دووەمیشیان کە زەر گرنگە، مرۆڤ تاچەندە لە توانایدا بێت دەبەت خەی دەوڵەمەند بکات بە ئەوەی زیاتر ژیان بەووونی ببینێت. ئەمە جگە لەوەی کە لە سەردەمی ژیانکردنمدا لە ئیستانبوڵ بە نمونە هەندەک کاری ئەغوز ئاتای، جەمال سورەییا، جان یوجەلم دەخوێندەوە وەریانگەابوون، لە کاتەکدا کە خەیان هەم نووسەر، هەم شاعیر هەم وەرگەکی باشیش، چەند سەرچاوەیەکیشیان هەیە لە بارەی بواری وەرگەانەوە، کە سەرنجیان ەاکەشابووم. یاخود نەرقالی نووسەر، شاعیری فەەنسی کە لە خەیدا وەنەکیشیش بووە.

پ2/ ئەستا لەکوردستان لەشاوی وەرگەان هەیە، بەجۆرەک هەرکەس کەمەک لە زمانەک دەزانێت دەست بەو پرۆسەیە دەکات بە سانسەر، تا چەند پێتان وایە بە وەرگەان پێویستە کەسی وەرگە شارەزایی باشی وردەکاری هەردوو زمانی نوسراو وەرگەدراوبێت؟ وەرگەانی حرفی چ جیاوازیەکی لەگە وەرگەانی گشتیدا هەیە؟

سامان کەریم / لە هەموو بوارەکدا کاری باش، جوان خەی پیشان دەدات. بە تەوانینی من ئەگەر کەسەک لەهەردوو زمانەکدا توانایەکی باشی نەبەت دەکەوێتە ناو گرەکوڕەیەک، گەڕاوەکەو کە نەک پاش زمانەکیتر بەکو هەر لە ساتی وەرگەانیەو هەست بە قورسایەک دەکات کە نایتوانێت. لەبەر ئەو مرۆڤ بە گشتی لەهەموو بوارەکدا دەبەت بزانێت چی دەکات، چۆن دەیکات، ئەنجامیشی چی دەبەت. بەدەر لەوەش من دەخەشم کە کارەکانم ناوەندی ئەندەشە چاپ، بەاویان دەکاتەو چونکە هەم بەەز هەزار مەجید خوێندەرەکی زەر باشە، هەم ستافەکی زەر باشیان هەیە کە جێی متمانەن. لەرەو سوپاسی ناوەندی ئەنەشە دەکەم. سەرەای ئەمانەش خوێندەری باش دەتوانێت بەیار لەسەر باشی، جوانی کاری ئەدەبی بدات.

پ3/ دەەن وەرگەان "دوبارە نوسینەوەی دەق لە لایان کەسی وەرگەەو" یان " وەرگە، نوسەری دووەمی دەق" ئەمە تا چەند ەاستە، بە وەرگەان تا چەند کەسی وەرگە ئازادە لە دوبارە بنیاتنانەو و داشتنەوەی زمانی ەمانەک، یان بە پێچوانەوە دەبەت کەسی وەرگە پابەندبێت بە ناوەرۆك و زمانی ەمانەکەو وەك خەی؟

سامان کەریم / دەبەت وەرگە هەم پابەندبێت بە ناوەرکی

ماندکەوە هەم ئازاد بێت لە چەندێتی نووسینەوەی دەقەکەدا، چونکە وەرگێڕ شتێکی نوێ نانووسێت، بەڵکو وەریدەگێڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا بیرفراوانی، زانیاری، تێڕوانینی وەرگێڕ گرنگن. وەک جەمال سووریا دەڵێت" وەرگێڕان پێویستی بە کەمەڵک یاسای تایبەت، ئامادەکاریی تایبەت هەیە. بەڵام وەرگێڕان لە بنچینەدا کاری "نووسینەوە". لە بارەی وەرگێڕانەوە زۆر تێڕوانین هەیە، بەڵام من وەک خەم گرنگی بە دوو لایەن دەدەم، لایەنەکیان هەستکردنمە بە هەست و تێڕوانینی نووسەر لە دەقەکەدا، لایەنەکەی تریشیان ئەوەیە کە هەوڵ دەدەم بە زمانی شیریم هەست و پێیامی نووسەر وەک خۆی بە چاڵ، سەلیقەی ئەندازیارێکی بەتواناوە ووشەکان، ڕستەکان، پەڕگرافەکان سەر لەنوێ بنووسمەوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەو واتا، هەستەی کە نووسەر لە پشتی نووسراوەکەیەوە مەبەستێتی بتوانرێت وەک دەقە ڕاستەقینەکەی هەستی پێبکرێت.

پ4/ ئەدەبی تورکی ئەدەبێکی گەورەو فراوان و جدیە، بەڵام لای ئێمە تەنها چەند کەسێکی کەم لە ئەدیبانی تورك ناسراون، تۆ بە لەناو ئەو ئەدیبانەدا دەستت بە (پاموك) بردؤ ئەوەی لە ئەدەبیاتی پاموکدا سەرنجی تۆی ڕاکێشاوە لە سەرەتاوە تا ئێستا چیە؟

سامان کەریم/ نزیکەی بیست ساڵ لە تورکیا، لەشاری ئیستانبوڵ، سەردەمکیش لە عەنقەرە ژیام. ئەدەبیاتی تورکی بەڕاستی زۆر قوڵە، تاکو ئێستاش لە گۆشەکردندایە. نێک پاموک بگرە زۆرێک لە شاکاری نووسەرکانی تورکیام خوێندۆتەوە، سەرنجیان ڕاکێشاووم، بەڵام بەڵای منەوە پاموک جیاوازترە لە نووسەرکانی تر، ئەمە دگەڵتەوە بە ئەوەی کە پاموک هەر لە سەردەمی منداڵییەوە خوێنەرێکی زۆر باشبووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە قوڵی سەرقاڵی تگەیشتنی نووسەرکانی پێش خۆی، سەردەمی خۆی بووە بە نمونە یەحیا کەمال، ئەحمەد حەمدی تانپنار، ئەغوز ئاتای، ئەحمەد ڕاسیم هتد… واتە شارەزایەیکی باشی هەیە هەم لە مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا هەم لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا بە تایبەت و ڕۆژهەڵات بە گشتی، ئەمەش وایکردووە کە پاموک بەشایی ناو ئەم دوو ئەدەبیاتە بدۆزێتەوە، بە شێوازێکی نوێ بنووسێت. بەچی دەستم بە پاموک برد؟ لەسەر داخوازی بەڕێوبەری ناوەندیی ئەندێشە بەڕێز هەژار مەجید، داوای لێکردم کە کارکانی پاموک وەربگێڕم، بە دڵنیایی وەک بەڵێی بە ماوەی بیست ساڵ یەکتر بناسین، ڕەک داوای کارێکی لێکردم کە زۆر لە زووەوە بیرم لێکردبووەوە. ژیانە!
پ5/ خوێنەرانی بەرهەمکانی پاموك باس لە چیرۆکی چۆو زمانی قورس و

فرزای ئاڵزو لە بەرهەمکانی پاموکدا دەکەن، تا چەند ئەمە ڕاستە؟ ئایا بە وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەم ئاڵزیانە کارەکە هێندەی تر بە تە قورستر ناکات؟

سامان کەریم / کارکانی پاموک لە چەند خاڵێکدا هاوبەشن، بەنمونە لە باسکردنی مێژووی هەرشتێک بێت لە کارکانیدا واتە بەردەوام لە ناو گێڕانەوەکانیدا تیشک دەخاتە سەر مێژووی هەندێک بابەت، بەڵام لە تورکیاش باس دەکرێت کە کەمێک ئاڵزە، بەڵام بە نیسبەت منەوە ئەوە ئاڵزیی نییە، بەڵکو دەبێت زۆر بە سەلیقەوە کارکانی بخوێنرێتەوە، چونکە لە کارکانی پاموکدا، لە گێڕانەوەکانیدا هارمۆنییەتێکی زۆر بەهێز هەیە. دەموەت لە سەر بواری موزیک نمونەیەک بدەم کە گونجاوبێت بە زیاتر تێگەیشتن لێم بابێت: ئەو موزیکانەی لە ڕۆژهەڵاتدا پەسەند دەکرێت و ئاسانن بە گوێگرتن، ئۆگەر لێیان ووردببیتەوە هارمۆنییەتێکی بەهێزیان تێدا نییە، واتە یەک میلۆدی یاخود لە دوو میلۆدی تێپەڕنابن. بەڵام کە گوێ لە کارێکی بیتهۆڤن، ڤاگنەر یاخود باخ دەگریت ئەمانە هارمۆنییەتێکی بەهێزیان تێدایە کە بەڕاستی پێویست دەکات هەم زانیارییەکی باشت هەبێت لە بارەی چۆنییەتی گوێگرتنەوە هەم سەلیقەیەکی زۆریشت هەبێت، ئینجا دەتوانی چێژێکی پێویست وەربگریت. بە دڵنیایی ئەمە دوای ئەوەی کە کارەکە وەرگێڕانێکی باشی بە کرابێت. دەتوانین ئەم نمونەیە بچوێنین لەو کارە ئەدەبییانەی کە پێیدەڵێن سادە، لەگەڵ ئەو کارانەدا کە پێی دەوترێت ئاڵز. دەتوانم وەک نمونەی کارکانی پاموکیش ئیشارەت بە جوودەت بەگ و کوڵکانی بدەم کە ڕۆمانێکی کلاسیکە تا ڕادەیەک سادەیە، بەڵام مانای بەدەنگ، بە تایبەتی کتێبی ڕەش بەبەراورد لەگەڵ جوودەت بەگ و کوڵکانیدا ئاڵزە، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مانای بەدەنگ کتێبکی پێست مەدەرنە، کتێبی ڕەشیش وەک پاموک خۆی دەڵێت هەر نەک پێست مەدەرن بەڵکو دادائیستییە. لەبەر ئەوە لە وەرگێڕانی کارکانی پاموکدا ئەوەندە هێست بەو قورسییە ناکەم کە باسی لەوەدەکرێت، چونکە ئەو گۆشەی تەواینەم دەزیوەتەوە کە پێویستە بە تێگەیشتنی کارکانی پاموک.

پ6/ سەرەتای کاری وەرگێڕانت بە پاموك دەستی پێکردوو لە ئێستادا دەست بە هەندێك نوسەر تر بردوە بە نمونە(کام) ئەم گێڕانکاریە بەردەوام دەبێت و بەنیازی بەرهەمی نوسەرانی تریش وەرگێڕی؟ یان تەنها لە پاموکدا دەوەستیت؟

سامان کەریم / لە وەرگێڕانی کارکانی پاموک بەردەوام دەبم. لەم بارەیەوە دەموەت باس لە دوو چیرکی پچوکی ژیانی تایبەتی، بواری

وەرگێڕانم بکەم: سەردەمێک لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئیستانبوڵ سەرقاڵی هەم لە ژیاندا مانەوە هەم خوێندن بووم لە بواری موزیکدا، سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی چاڕ ئاوا بە گشتی، بەتایبەتی تورکی بووم. زۆر کات لەگەڵ (دیلێک)ی هاوسەرمدا کە ئەو کات خوێندکاری بەشی کارەکانی پاموکە) لەو ساتانەدا کە باسمان لە خیانەی ئەو دەکرد چاڕێک بینەوە بە سڵەمانی بگەڕێمەوە بۆ کاری سەما، موزیکی فلامێنکۆ بدەین، فەرگەیەکیش دابمەزرێنین، زۆر جار بە دیلێکم دەووت "زۆر ئارەزوو دەکەم لە سڵەمانی ژیانێکی سادە دەست پێبکەین، زیاد لە کارکردنمان لە بواری موزیک و سەمادا، لە ژورێکی پچووکدا، لە ناو قەرەیەکی چاشبووەوەدا چا بخەینەوە، بەڵام لەلایەکیشەوە لەبەر هۆناکی گەڕەکی کزدا سەرقاڵی وەرگێڕانی ئەم شاکارانە بم کە بە تورکی دەیانخوێنمەوە، بەڵامەوە پەسەندن". دوای هاتنەوەم کتێبی "ئەزموونەکانی" کامەم گرتە دەست، وەرمگێڕا. ڕاستیەکەی هیچ بە نیازی چاپکردن وەرمنەگێڕا، بە نیازی چاپکردنیش دەستم نەکردووە بە وەرگێڕان. بەڵام بیرم کردبووەوە دوای تەواوبوونی هەموو کتێبەک، خەم نزیکەی سەد یاخود دوو سەد دانە کۆپی بکەم، بەرگەکانیان کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ بێت، لەچەند گۆشەیەکی گەڕەکانی شاری سڵەمانیدا بە نمونە بڵاو دەرکی سەرا، سەهۆڵەک، تووی مڵیک هتد… چەند دانەیەک دابنێم لەسەر شەستەکان، هیچ نەبێت گەنجەکان کەمێک تووشی مەراق بکەم بە ئەوەی کتێبەکە هەڵبگرن بیخوێننەوە، هەر لەبەر ئەو هەیەش بەرگەکانیانم ڕەنگاو ڕەنگ دەکرد. (چیرۆکی یەکەم) دووەم چیرۆکم: دوای هاتنەوەم بە سڵەمانی بە چەند مانگێک، ڕۆژێک لە ناوەندی ئەندێشە سیمینارێکی هەم تیۆری هەم پڕاتیکیمدا لە بواری ستایلی فلامێنکەدا، بەڵام تیشکم خستە سەر زۆرێک لە بواڕەکانی ژیان. دوای سیمینارەکە بەڕێز هەژار مەجید سەردانی کردم لە کافیتریای ئەندێشە، بە گوێچکەمدا چرپاندی ووتی "نازانم بۆچی تا کۆتا سات لە سیمینارەکەتتدا دانیشتم، گومم لێگرتیت" دواتر جێیهێشتم. (بە دڵنیایی تازە هاتبوومەوە، ئەو ڕۆژەش بەڕێز هەژار مەجیدم بینیبوو، ناسیبووم) پاش سێ ڕۆژ سەردانی ئەندێشەم کرد، بەڕێز هەژار مەجید یەکسەر بە جۆشوخرۆشەوە هات بە لام هەوالی پرسیم، ووتی سامان دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم "تۆ دەبێت وەرگێڕی بیت". بەدڵنیایی زۆرم پێخۆشبوو، لە وەڵامدا پێم ووت "کە دەڵێت من وەرناگەڕێم" چونکە ئەو کاتە من وەرگێڕانی کتێبی ئەزموونەکانم تەواوکردبوو.

جوانی، خۆشی ژیان لەوەدایە کە سەیرە.

داوای وەرگێڕانی کارەکانی پاموکی لێکردم، ئەمەم زۆر پێخۆشبوو،

چونکە چەندەها ساڵبوو کارکانی پاموکم دەخوێندەوە بۆ ئەوەی بتوانم لە هەموو لایەنکی تورکیا بگەم. دەبوایە ئەزموونکان چاپ ببوایە، لەسەر بەیاری من دوامان خست، ماڵی بەدبەختی پاموکم وەرگەڕا، چاپ بوو، بە دوایدا ژنە قژسوورەکە کە لە ماوەیکی کەمدا چاپی یەکەمی تەواوبوو، چاپی دووەمی بڵاوبووەوە، سەمەرەیک لە سەرمدا، من درەختەکم، ئێستاش کتێبی ئیستانبوڵم بە دەستەوەیە کە گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی. لە ماوەی وەرگەڕانی کارکانی پاموکدا چەند جارێک بەسەر ئەزموونکاندا چووم‌ەوە تاکو هەناماناە بارێک کە ئیتر بڵێین بەڵی ئەم کتێبە دەبێت چاپ بکرێت.

پ7/ دەوترێت "نوسەری ئاستقینە ئەوەیە کە خەی لە نوسینکانی بچێت" تە چەند جارێك پاموکت دیوە لەگەڵی دانیشتویت و گفتوگۆتان کردوە، وەك دەشزانی لەرە ئەو خوێنەرکی زۆری هەیە، چ سەرنجکتان لا دروست بوە لەو دیدارانتا لەسەر پاموك، ئایا پاموکی ناو ڕۆمانکان چ جیاوازیکی لەگەڵ پاموکی ئاسایدا هەیە؟

سامان کەریم / نامەوێت پاموک لە چەند ڕستەیکدا کەبکەوە، ئەتەکتکی بدەمە، چونکە ئەمە کارکی شیاو نابێت. وەک جیاوازی نا، بەڵام پاموکی ئاسایی پێکهاتووە لە هەموو کارکتەرکانی ناو کارکانی، واتە لەهەموو ڕوویکەوە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێت هەر لەبواری مۆزوو، هونەر، شانۆ، سینەما، موزیک، کەڵەپێتیی هتد… بەڵام لە هیچ کارکتەرکی ناو کارکانیشی ناچێت!

پ8/ پاموك یەکەکە لەو نوسەرانەی کە کەمتر خەی لە قەڕەی پرسە سیاسیەکان دەدات، تە لەو یەکتر بینانتا هیچ دەربارەی پرسی کورد قسەتان نەکرد، بەتایبەت کە زانی کتێبکانی بۆ کوالیتێ باشە وەرگەڕاون بە کوردی و خوێنەرانکی زۆری لە کوردستان هەیە، ئەو تا چەند ئاگاداری کێشەی کوردو تەنانەت ئەدەبیاتی کوردیشە، و سەرنجی چیە؟ هەستی چی بوو کە کتێبکانی خەی بە کوردی دیی؟

سامان کەریم/ پێشکی بە تەواونینکی ئەبجەکتیفانە زەر کورد دەستە. ئارەزووی لە بابەتی سیاسی نییە. چەند جارێکیش دوبارەی کردەوە ووتی "شانازی دەکەم کە ئەوەندە خوێنەرکی زۆری هەم کارکانی من هەم ئەدەبیات بە گشتی هەیە لە کورستان، شانازی دەکەم کە خوێنەری کورد بە ئەوەی گوێ بداتێ قەبارەی کتێبکانم دەیانخوێننەوە." وەک منداڵێک دەخشبوو کاتێک کتێبکانم بە برد، دامە دەستی. دوپاتیشی کردەوە کە شەوازی چاپی کتێبکانی لایەن ئەندێشەوە جوانترە لە چاپە ئینگلیزی، فەڕەنسییەکانی. دەموت

ئەوەش بەم کە جاری دووەم لەسەر داخوازی پاموک خۆی یەکتریمان بینی، بە دڵنیایی زۆر خۆشحاڵبووم. باسم لەتوانای چەند نووسەرێکی کوردیش کرد، مەراقی بوو کارەکانیان بخوێنیتەوە.

پ9/ بەیاربوو پاموك لەسەربانگەشتی ئەندەشەو بە داعوەتی ئەو بەتە کوردستان و سلێمانی ئەو هاتنەکەیو بەیارە لەرە تا چەند بەمنەتەوە و چ پەژیەکی هەبەت؟

سامان کەریم / بەڵێ جاری یەکەم کە لە ماڵەکەی خۆیدا یەکترمان بینی، دوای قسەکردنێکی زۆر لەبارەی ژیانی تایبەتی من، کە زۆر مەراقی بوو، لەبەر ئەوەی کەمێک بەم باسکرد کە لە ئەرانەوە، بەشاخەکاندا لە مانگی شوباتدا بە ڕێکردن بە ماوەی ١٤ ڕۆژ بە ناو بەفردا گەیشتووەتە ئیستانبوڵ، دواتر ژیانی کەمانەکان، فەربوونی زمانی تورکی، خوێندنەوە، دەستکردنم بە خوێندن لە بواری موزیکدا، دەرچوونم لەناو دەی یەکەمداو زیاتر بە مەدریدی ئیسپایا بە خوێندنی ماستەرکلاس، ئەوەی زۆر سەرنجیشی ڕاکێشا گەڕانەوەم بوو بە ئیستانبوڵ، دوای سەردانم بە چەند ووڵاتێکی ڕۆژئاوا. کاتێک ئەم داخوازییەم پێووت زۆر بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە "بەدڵنیایی بە شانازییەوە دەم بە سلێمانی." زۆر ئارەزوو دەکات کە سلێمانی ببینێت، وەک بەرواری هاتنی بەروارمان دیاری کرد، بەڵام باسمان لە ماوەی مانەوە نەکرد، وەک پەژارەش جگە لەوەی کە دڵتە ناوەندی ئەندەشە، کەڵێک ساز دەکات، واژووی کتێبکانی دەکات بە خوێنەرەکانی، سەردانێکی گشتی سلێمانی دەکات، پەژارەیەکی درۆژ خایەنیش هەیە لە نێوان هەردوکماندا کە باسی لێکرا، بەڵام لە ئێستادا ناتوانم باس پەرژەکەو ناوەرۆکەکەی بکەم.

پ10/ پەژارەی داهاتوتان چیە؟ کتێبی تری پاموکە یان بەرهەمی نوسەری تر؟

سامان کەریم/ لە ئێستدا لە قۆناغی کۆتایی وەرگێڕانی کتێبی ئیستانبوڵدام، لەلایەکی تریشە کار لە وەرگێڕانی باوەڕێکی باوکم دا دەکەم، جگە لە بەرهەمانی ماڵی بەدەنگ، ژنە قژسوورەکە کە چاپکراوون بەسەربونەوەتەوە، لە ماوەیەکی نزیکیشدا بەرهەمانی سەمەرێک لەسەرمدا، کتێبی من درێختەکم دوای ئەوانیش کتێبی ئیستانبوڵ، باوەڕێکی باوکم لەلایەن ناوەندی ئەندەشەوە چاپ دەکرێت، بەاودکرێتەوە، بە نیازم هەموو کارەکانی پاموک وەربگەڕم، تەوایان بکەم، بە نمونە ئەو کارانەی کە بە نیازم دوای کتێبی ئیستانبوڵ یەکسەر دەست بکەم بە وەرگێڕانیان: جودەت بەگ و

کۆکانی، کتێبی ڕەش، پارچەکان لە دیمەنەو ئەو کارانەی کە هێشتا وەرنەگێڕدراون. چاوەڕوانی کارە نوێکانیشی دەکەم بە ئەوەی ئەوانیش وەربگێڕم. پامۆک خۆیشی پێشنیاری چەندێتی سەرەی وەرگێڕانی کارەکانی بۆ کردم، بەخۆشحاڵییەوە پەسەندم کرد. لەگەڵ ئەمانشدا بۆ دڵنیایی دەست دەکەم بە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەری تریش، بەڵام لە ئێستادا خەشتان دەزانن کە چەندە سەرقاڵم لەگەڵ کارەکانی پامۆکدا.





حیکایەتی عەشقێکی ناکام …
شاخەوان سدیق

لە گۆڤانەوەکانی ڕۆمانی (زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە)
" زیاد لە ڕۆگایەك هەیە بۆ فریودانی مرۆڤ، هەمیشە خۆشەویستی ئاسانترینیانە"
(عەتا محەمەد) .....

یەکێك لەو بابەت و تەما سەرەکیانەی کە مرۆڤ بەدرێژای مێژوی نوسین قسەی دەربارە کردوە، لە چەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە، بابەتی خۆشەویستی و عەشق،ە ئەم بابەتە، ئەگەرچی مەسەلەیەکی ژیانیی و

هەمیشە زیندوە، بەڵام قسەکردنیش دەربارەی هەمیشە پێویستی بە شێوازو فۆرمی نوێیە، بۆ ئەوەی گوێشە نیگا جیاوازەکانی ببینی، و دوربیت لە خۆ دوبارەکردنەوە، چونکە عەشق زیاتر لە هەموو شتێك وەك بابەتێکی ڕوحی و زاتی پەیوەستە بە خودی مرۆڤ خۆیەوە، بۆیە وێناکردنی پەیوەندیەکانی وێناکردنی بنەمای خەونە تایبەت و گشتیەکانی مرۆڤ خۆیەتی، هەروەك ئەوەی (هایدگەر) پێی وایە" مرۆڤ ناتوانێت لە هەبوونی خۆی تێبگات، تەنها لە ڕێگەی تێگەیشتن لە خودی خۆیەوە نەبێت، لە ڕێگەی ئەو خودەی کە هەیە درك بەو وجودەی خۆی دەکات کە هەیە" ەنگە پەیوەست بونی عیشق بە حاڵەتە وجودیەکانی مرۆڤەوە، لە سەر چەندین ئاست بۆ دەربازبونی خودی مرۆڤە بێت لە چەندین حاڵەتی زاتی، کە ەنگە سادەترینیان دەربازبوون بێت لە تەنیایی، هەروەك ئەوەی (بەختیار عەلیش)دەڵێت" مرۆڤ بۆیە عاشق دەبێت، هەتا تەنها نەبێت" ئەوەش کە کۆمەکی مرۆڤ وەك دەرزە کەرێکی ئەم چەمکە دەکات بۆ بەزیندوی هێشتنەوەی، هەمیشە هونەری گۆڕانەوە بووە، (عەتا محەمەد) پێی وایە" ئەوەی مرۆڤی دروستکرد، گۆڕانەوەبوو" (ڕوداوەکان، چیرۆکەکان، پەیوەندی ئاڵوگۆڕی هەستەکان)، لە گۆڕانەوەیانەوە واتا و مانای نوێ وەردەگرن، هەر ئەمەشە وایکردوە هەمیشە مرۆڤ و خۆشەویستی وەك دوانەیەك بۆ بەردەوامی، زیندوێتیان بە ژیان بەخشیوە. ئەگەرچیش زۆرجار و لە سەر زۆر ئاست عیشق و خۆشەویستی یان بۆ هەمیشە یان بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤیان لە ناکامی و تاریکیدا هێشتۆتەوە. کە بەرهەمی ئەمەش، سەرەنجام جگە لە دڵشکان شتێکی تر نەبووە. (مەریوان وریا قانع) لە مەسەلەی باسکردن لە دڵشکاندا لە دیدارێکدا دەڵێت" دڵشکان بەشێکە لە بوون، پارچەیەك یان چەند پارچەیەکی گەورەی ژیانە. ەنگە دڵشکان سەرکیترین هەستێك بێت مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی تر جیابکاتەوە. دەشێت ئەوەی مرۆڤ لە زیندوەرەکانی تر جیادەکاتەوە بوونی زمان و عەقڵ و خەیاڵ نەبێت، یادەوەریی کورت و درێژ نەبێت، توانای نووسین و حیسابکردن و دروستکردنی ئامێرنەبێت، بەکو دڵشکان بێت. وەك چۆن باوەناکەم ئاژەڵەکان دڵیانبشکێت، ئاواش باوەناکەم بەدرێژایی هەموو مێژوو یەك مرۆڤ هەبێت چەندەها جار دڵی نەشکابێت. من ئەم کورتە باسەی سەرەوە دەقزمەوەو لەم نوسینەدا دەمەوێت لەسەر چەند ئاستێك، کەمێك بچۆنی خۆم دەربارەی ڕەمانی (زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە)ی نوسەری ئێرانی(ەسۆ یۆنان) دەربڕم، کە ئەم ڕەمانە باسکردنە لە گۆڕانەوەی حیکایەتەکانی عەشقێکی ناکام، عشقێك کە خۆشەویستیەکی پاك و سادەو جوان دەستپێدەکات و بە کۆتایەکی هەژێنەر تەواو دەبێت، کە یەکێك لە گوندەکانی وڵاتی ئێران بەناوی

گوندی مەرجان سەنتەری ڕووداني چیرۆکەکەیە.

نووسەر لە چەند دۆکیۆمێنتکدا:

نووسەر و شاعیر و وەرگێڕانیی، (ڕەسوڵ یاوەران) ساڵی(١٩٦٩) لە گوندێکی ڕۆخی دەریاچەی ورمێ لە دایکبووە،.. جگە لە ڕۆمانی (زەرد نیگەرانین ئەوە لەیلاتان نەدیوە) تا ئێستا (4) کۆمەڵە شیعری چاپکردوەو خاوەنی چەندین بەرهەمی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی فارسی و چەند کتێبێکی شانۆنامەشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، ئەمە جگە لە کتێبی (فرشتەکان)، کە بەشێوەی (مینیماڵ) نوسراوە. ئەم نووسەرە، ئێستا لە شاری تاران نیشتەجێیە.

چیرۆکی ڕۆمانەکە:

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی سادە باسکردن و گێڕانەوەی ژیانی خەزانێکی چوارکەسیە، لە گوندێکدا، بەناوی ئاوایی(مەرجان) کە لە (دایك و باوك و کچێك و دایەگەورە)یان، پێکهاتوە، باوکە کە ناوی (ڕەجەبەو دایکەکە ناوی جەمیلە و کچکەش ناوی لەیلایە) ئەم خەزانە وەك هەموو خەزانەکانی تری گوندەکە لە ژیانێکی سادەو ئاسایدا بەدڵخۆشیەوە ژیان بەسەر دەبەن، تا ئەو کاتەی کە (لەیلا) ڕۆژێك لە کاتی گەڕانەوەی لە ئاوهێنان لە کانی گوندەکەیان، بە ڕێکەوت چاوی بە پیاوێکی غەریبی شۆفێری تراکتۆرێك دەکەوێت، بەناوی (ئیبراهیم) پاش ئەوەی کابرا داوای ئاو لە(لەیلا) دەکات، هەندێك گفتوگۆ دەکەن و هەر لەو ساتە بەدواوە، هەردوکیان عاشقی یەکتردەبن، لە دواتردا پاش چەندینجار لە یەکتر بینینەوە، ئەو عەشقە گەورەترو قووڵتر دەبێت، وەك ئەوەی لە لاپەڕە (43)ی ڕۆمانەکەدا بەم جۆرە باسی دەکات" لەیلا دێی کەوتە پەلە پەل، هیوای دەخواست هەمیشە ئیبراهیم ببینێت، بەڕام ئیبراهیم دوربوو، زۆر دور، لە نێوان ئەو ئیبراهیمدا چەندین شاخ و دەریاو بیابانی بڕۆمار هەبوو، ئارەزووی دەکرد کە دونیا بچوك بوایە، تا ئەوان بیانتوانیبا هەموو ڕۆژێك یەکتر ببینن، بەڕام دونیا گەورەبوو، گەورەتر لەوەی کە ئەو بیری لێدەکردەوە" دوای بەردەوام بونی ووداوەکان، بەهۆی جوانی و سەرنجڕاکێشانی گەنجانی گوند، لەیلا ڕۆژانە دڵخوازو داواکاری تا دێت زۆرتردەبێت و چەندین گەنج عەشقی خۆیانی بۆ بەیان دەکەن، لەوانە (بولودی کوڕی سوغرا، یەشاری کوڕی محەمەدی ڕاوچی، بایرامی کوڕی ئەلبای دارتاش) بەڕام (لەیلا) داوای هەمویان ڕەتدەکاتەوەو بەهیچیان ڕازی نابێت، پاش بەردەوام بونی یەکتربینینەکانی (ئیبراهیم و لەیلا) هەفتانە بە نهێنی، و بینینیان لە لایان

(بولودی) کەوتایە وەو پاش بڕاوکردنەوەی هەواڵەکە لە ئاوایدا، ئیتر باوکی لەیلا زۆر نیگەرانەبێت و لەیلا ناچار دەبێت، لەگەڵ (ئیبراهیم)ی خۆشەویستیدا هەبێت، پاش ئەوەی دەچنە شارێکی سەر سنوری، لەوێ هاوسەر گیری دەکەن و ماڵێك پێکەوە بنیات دەنێن، لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا، ئیبراهیم لە بەرامبەر گواستنەوەی بارێکدا بە پارەیەکی زۆر ناچارە سەفەرێکی هەفتەیی بکات، هەرچەندە لە سەرەتادا لەیلا ڕازی نابێت، بەڵام لە دواجاردا(ئیبراهیم) ڕازی دەکات، بەڵام لەیلا بێئاگا لەوەی کە هاوسەرەکەی ئەوە دواجار دەبێت دەڕوات وئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە، ئەم هەواڵەش لە زاری (مورادە)ی هاوڕێی (ئیبراهیم)ەوە، دەگات بە لەیلا، کە دواتر ئەم (مورادە) چاوی تەماع لە (لەیلا) دەبڕێت و ناپاکی لە هاوڕێکەی دەکات، (لەیلا) لە درۆژەی ئەم چیرۆکەدا توشی زۆر ڕووداوی ناخۆش دەبێت، بەهۆی ئەوەش کە ناتوانێت بگەڕێتەوە گوندەکەیان ناچارە کاربکات، دواتر مورادە دەیباتە کافتریاو یانەیەکی شەوانەو دیکاتە گۆرانبێژ، دوای بڕاو بونەوەی وێنەکانی لە سەر دیواری یانەکان و بڵاوبونەوەی ناوناوبانگی، کۆمانی گوند بەهۆی زراندنی ناوی گوندەکەیانەوە بۆیاردەدەن بچنە شارێ سۆراغی، ئەوسا بەدیتنەوەی یان بیکوژن یان بیبەنەوە، پاش گەیشتنیان بەشارو مانەوەیان لە ئوتێلێك، شەو دەچنە یەکێك لە یانەکان و لەوێ (یەشاری کۆی محەمەدی ئاوچی) کە یەکێك لە ئاشقەکانی (لەیلا) پەلاماری کچە گۆرانی بێژی ناو یانەکە دەدات، کە پێی واە خۆشەویستەکەیەتی، بەڵام پاسەوانەکانی یانەکە زۆر بە خراپی لێی دەدەن و فڕێی دەدەنە دەرەوە، کاتێك دەگەڕێنەوە، بۆ ئوتێلەکە یەکێك لە ژنە خزمەتکارەکان کە دەوچاو ڕوخساری سوتاوە، چارەسەری (یەشار)دەکات، و پێی دەڵێت، من دەزانم بەدوای کێدا دەگەڕێن، ئەو ژنەی بەدوایدا دەگەڕێن، هاوڕێی من بوو، ئەو دوای بیستنی هەواڵی مردنی باوکی، گۆی لە کافتریاکە بەرداو خۆی سوتاندو ئێمەشی ماتۆرانکرد، بۆیە بڕیارەوەو چیتر بەدوادا مەگەڕێن، کۆمەکان، بەبیستنی ئەو هەواڵە بە دڵشکاوی و ناکامانە دەگەڕێنەوە بەرەو گوندەکەیان کە (ئاوای مەرجانە)، ئەو خزمەتکارە ڕوخسار سوتاوەش، کە بەهۆی سوتانی ڕوخساری و چونەناوتەمەنیەوە کۆمەکان نەیان ناسیەوە، جگە لە خودی (لەیلا) خۆی هیچ کەسێکی تر نەبوو. ئەو (لەیلا)یەی کە ڕۆژانێك جوانترین کیژۆڵەی گوندەکەیان بوو، بەڵام عەشق چارەڕەنوسی بەتەواوەتی گۆڕی.

ناونیشان و دەسپێك وەك دوانەی بەهۆزی ڕۆمانەکە:

یەکێك لە کلیل و سەرەتای چونە ژورەوەی هەر تێکستێك، بێگومان (ناونیشان)و دەستپێکی چیرۆکەکەیە، چونکە هەڵبژاردنی ئەم دوانە بەشێوەی سەرنجراکێش، وادەکات، نوسەر سیحری خۆی لە خوێنەربکات بۆ ئاکۆشانی و بەردەومیدان بە خوێندنەوەی تێکستەکەی، هەڵبژاردنی ناوی (زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە) بۆ ئەم ڕستەیە کەکە لەو ناونیشانە سەرنج ڕاکێشانەی کەوای کردوە لە بەرگەکەیەوە هزری خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت. دەربارەی دەستپێکیش، نوسەرو ڕەخنەگری ئێرانی (محەمەد ڕەزا سەرشار) پێی وایە" دەستپێك پانتایی و پێگەی زەمەن و شوێنی چیرۆك شیدەکاتەوە و بە شێوەیەکی باویش کەسایەتی سەرەکی دەهێنێتە ناو چیرۆکەکە و زانیارییەکی گشتی و سەرەتای لە چیرۆکەکە بەخوێنەر دەدات" لەم ڕستەیەشدا نوسەر عاقڵانە بە دەستپێکێکی سەرنج ڕاکێش دەستپێدەکات و خوێنەر ناچار بە شوێنکەوتن و خوێنەوەی دڕبەدڕو تەواوی ڕستەکانی چیرۆکەکەی دەکات بەم جۆرە" لەیلا لە تەنیشت پەنجەرەکەوە نوستبوو، بزەیەك کە بەسەر لێوەکانیەوە بوو، پیشانی دەدا خەریکە خەونێکی خۆش دەبینێت، بۆئەوەی بزانێت ڕۆژێك چیرۆکی ژیانی، خەو لە چاوی زڕێك دەتارێنێت"

زمان و شیعر لە نوسین و گۆڕانەوەدا.

بێگومان یەکێك لە خاڵە بەهێزو پتەوەکانی سەرکەوتنی هەر تێکستێك بەسراوە بە چۆنێتی زمانی نوسینەکەیەوە، هەروەك (کاروان کاکە سور)یش پێی وایە" زمان مەرجی یەکەمی داهێنانە بۆ هەر نوسەرێك) لەم ڕستەشدا و بۆ چۆنێتی بەباشی گۆڕانەوەی چیرۆکەکە، نوسەر پشتی بە شێوازێکی سادە لە دەربڕین و قۆڵ لە گەیاندندا بەستوە کە شیعریەت تەواوی زمانی دەربڕینەکانی داپۆشیوە، ئەمەش چەند پەیوەندی بە سوزداربونی ڕوداوەکانەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە خێراتر گەیاندنی بیرۆکەو تەمای تێکستەکەیە بە وەرگر. وەك ئەوەی لە لاپەڕە (6)ی ڕستەکەدا دەڵێت" لەیلا خەونی بینیبوو گوڵکی سووری گەورە لە ناوەڕاستی دەریاچەی گوندەکەدا ڕواوەو ئەو لە ژێریدا، لە قوڵایی دەریاچەکەدا، لەگەڵ پەرییەکاندا دەژی" یان لە شوێنکی تری ڕستەکەدا دەڵێت" شاپەری لە سەر تاشە بەردێك دانیشتوەو دەفی مانگی دەژەند. پەریەکان بە چوار دەوریدا لە سەرخۆ سەمایان دەکرد، دەفی مانگ بە جووڵەی دەستەکانی شاپەری، بەرزو نزم دەبۆوە و ڕووناکییەکەی، سەمای پەرییەکانی جوانتر دەکرد.

تەکنیك وەك کەرەستەیەکی بەهێزی گۆڕانەوە:

گۆڤارەوە و هەڵبژاردنی تەمای سەرەکی ئەم چیرۆکە بە بۆچوونی من یەکێکە لە تەکنیکە سەرنج ڕاکێشەکان کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ ئارەزووی بەردەوامبون لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە دەکات، بەڵام چەند چیرۆکەکە گرنگە، ئەوەندەش شێوازی گۆڤارەوەکەی گرنگە بە تەکنیکی بەهێز، نوسەر لەم ڕێمانەدا تا کۆتایی بەشێوەیەکی سادە لە ڕێگەی ڕاویەکی هەمووشت زانەوە، کە ئاگاداری تەواوی چیرۆکەکەیە سەرجەم ڕووداوەکان لەسەر زمانی کارەکتەرەکانەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام لە کۆتا بەشی ڕێمانەکەدا بە تەکنیکێکی بەرز خۆنەر توشی دڵەڕاوکێی و شەڕەزان دەکات، بەوەی کە هەر کارەکتەرو کەسایەتیەك باس لە خۆی و چۆنێتی ڕووداوانی چیرۆکەکە دەکات، کە هەندێك پێیان وایە، چیرۆکەکە لە ئەساسدا بونی نەبووەو تەنها ئەفسانەیە و ئەسڕەن (لەیلا) هەر بوونی نەبووە، (ڕەجەب) کە لە ڕێمانەکەدا باوکی لەیلایە، دەڵێت" ئەو هەر کچی نەبووە بەناوی لەیلا،" ئەو پێی وایە ئەو چیرۆکە دایکی، کە دەکاتە دایە گەورەی لەیلا لە ڕێمانەکەدا خۆی دروستی کردووەو هەڵی بەستوە، ئەویش بەمەبەستی دەرکردنی بێتاقەتی ژنەکەی واتە (جەمیلە) کە لە ڕێمانەکەدا، دایکی (لەیلا)یە. لەکاتێکدا یەکێك لە ئاشقەکانی لەیلا کە ناوی (بلود)ی کوری سوغرایە، دەڵێت" چیرۆکەکە ڕاستەو ئەو بە ڕاستی عاشقی لەیلا بووەو لەیلا ڕاستەقینەیە، کە دواجاریش هەر لە پێناو ئەودا خۆی فڕێداوەتە دەریاوە" بەم جۆرەش نوسەر گەمەی خۆی لەگەڵ خوێنەردا دەکات و لەکۆتا بەشی یاداشتەکانیدا، کۆتایەکی کراوە بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت و بە خوێنەر دەڵێت" ئەم چیرۆکە خەیاڵییەو هەر جۆرە وەکچوونێك لە نێوان کە سێتیەکانی چیرۆکەکەو کەسێتی ڕاستەقینەدا ڕێکەوتە، هەبەت ئەوەیش بەم هەندێك کات، هەست دەکەم ئەم چیرۆکە ڕووی داوە. ئەی بۆچوونی ئێوە چییە؟؟؟

دوا سەرنج لەسەر ڕێمانەکە:

ئەگەرچی چیرۆکی ئەم ڕێمانە بەبۆچوونی من چیرۆکێکی سۆزداری سادەیە و هاوشێوەی نوسین و گۆڤارەوەی لەم جۆرە لە زۆرێك لە ئەدەبیاتەکاندا بونی هەیە، بەتایبەت هەر لە ئەدەبیاتی (ئێرانی)خۆیدا کە بە چەندین شێوە لەلایان نوسەرانی دیکەوە چیرۆك گەلی وا دارێژراون و لە ئەدەبیات و حیکایەتی کوردیشدا هاوشێوەی هەیە و شتێکی زۆر نوێ نییە، وەك بابەت، بەڵام گۆڤارەوەو شێوازی داشتنی ڕووداوەکان بەو گرێچنیە وردە و بەو زمانە سادەو پاراوە، بەڕاستی لە زۆرێك لە تێکستەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە، هەر ئەمەشە وادەکات خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی بابات و ئارەزووی تەواونەکردنی تێکستەکە بکات. ئەم ڕێمانە بەقەبارەی نیو(A4) و لە دوتوێی (204) لاپەڕەدا، لەلایان

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوەو لە بەرهەمەکانی ساڵی (2013)یە و هاوڕێی وەرگێریش (جەبار سابیر) بەزمانێکی جوان و شیرینی پاراوی کوردیانە، وەرگێڕاوە، کە بە ڕاستی جێگای سوپاس و دەستخۆشیە. من لە خوێندنەوەی دووجاری ئەم ڕۆمانە چڕی زۆرم بینی بۆیە تەمەنا دەکەم ئەوەش بیخوێنەوەو لەو چڕە بۆبەشنەبن. چونکە وەك (میلان کوندێرا) دەڵێت" عەقڵی ڕۆمان عەقلی ئاڵوزییە، هەموو ڕۆمانێك بە خوێنەری خۆی دەڵێت: شتەکان لەوە ئاڵوزترن کە بیریان لێدەکەیتەوە"

_____

بۆ ئەم نوسینە سودم لەم کتێبانە وەرگرتوە.
هونەری ڕۆمان_ میلان کوندێرا_ لێکۆڵینەوە.
دەستپێك لە چیرۆکی کوردیدا_ ئارام سدیق_ لێکۆلینەوە.
ڕۆبەری کتێبسازە کوژراوەکان_ عەتا محەمەد_ ڕۆمان.

Shaxi83@yahoo.com

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەندی سەماکار کاروان عومەر … سازدانی/ شاخەوان سدیق

کاروان عومەر:
من و سەما دوو هاوڕێی ناکۆتاین، چونکە پێکەوە هاتوینەتە بوون
سازدانی/ شاخەوان سدیق

سەما یەکێکە لە هونەرە مۆدێرنە هاوچەرخەکان و لەسەر ئاستی دونیا لە ئێستادا گرنگی زۆری پێدەدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش (29/4)ی هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانی (سەما) دیاری کراوە. هەربەو بۆنەیەشەوە، پێم باش بوو ئەم دیدارە لەگەڵ هونەرمەندی سەماکار(کاروان عومەر)دا ساز بەدەم.

پ١/ زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە سەما، هونەرەو هەندێکیش پێیان

وایە کە جڕکە لە زانست، چونکە کارکی هەروا سانا نییەو سەلیقەی وردی پێویستە، ئەوە بیرو ڕاتان دەربارەی ئەمە چیە؟ سەما هونەرە یان باڵاترە لە هونەر؟

کاروان/ بە دڵنیایەوە سەما هونەرە، بەڵام هونەرکی ئاسان نیە و تەدا ژیان و هیلاك بوون، وە هەوڵدانی پێویستە، چونکە بونیادنانی جەستە و ئامادەکردنی کارکردەی جادونیە، وەك چۆن کارکردەی بە هەرەیەکی هەها و فراوان نیە، کە لە هاتنەبونتەوە لە تەدابونی هەبێت، بەکو خود ئامادەکردن بۆ سەما پڕسەیەکی درێژخایەنی ژیانکردنەو بەبێ ئەوەش دەبێتە حەزکی کورت خایەن، یان ناهۆشیار و نا زانستی لە سەمادا، هەر وەك چۆن پڕسەی فڕبوون سنورکی نیە بۆی لێرە دا ئیتر کۆتایی دێت، سەما فڕبوونیش ئیشکردنی ڕۆژانەی ڕاستگۆیانەی ناو هۆڵەکانی سەمایە، ئەو کاتەی خۆی نیشتوی سەر جەستە تێکەڵ بە خۆی ناو هۆڵەکان دەبن، ئیتر هیوایەك بۆ سەما فەینەك لە جەستەیەکی ئازاد دا دێتەبوون.

بەدڵنیایە وە سەما هونەرە و لە ڕیزبەندی پێشەوەی هەموو هونەرەکانی دەربڕیندایە، چونکە سەما باڵاترین هونەری دەربڕینە، ئەگەر جۆەی مرۆڤی کۆن بۆ خود ناساندن یان ئاشکراکردنی ژیان بێت، یان ئاماژە و داواکاریەکانی ئەو منداڵە بێت کە ئێستا هاتۆتە بوون کە لە پڕسەیەکی فڕبوندا جۆەکان و هاوسەنگی دە دڕێتەوە، وەك چۆن دەربڕین وەك پیویستیەکی سەرەتایی هەموو بونەوەرەکانە بەئاژەڵ کانیشەوە، ئەگەر کەمێك بەسەر نجدانەوە بڕوانین، دەبینین کەچۆن سەما بەشێکی گرنگی ژیانی ئاژەڵەکان پێکدەهێنێت، گەر بڕوانین لە پڕسەی وانەوتنەوە و پڕاژە سەماکان، هەمان شتە تەنانەت جۆە سەمای سروشتە و دیاردە سروشتیەکان ڕوبەرکی ئاشکراو فراوانیان لە سەمادا هەیە، وەك دەبینین کە ڕاهێنەرو سەما کۆریگرافیەکان چۆن لە بونیادنانی تەکنیکی ڕاهێنان و کۆریگرافیەکانیاندا سودکی فراوانیان لە دەربڕین وجۆەی ئاژەڵ وسروشت بینیوە، لێرەوە تێدەگەین کە سەما وەك دیاردەیەکی یەکانگیر بەژیانی مرۆڤ، نزیکترین و جوانترین وڕونترین دەربڕینە لە خودناساندن و خود پێناسەکردندا، لێرەشە وە دەگەین بەو دڵنیابونە، کە سەما باڵاترین هونەری دەربڕینە لە نێوان هونەرەکانی تردا، ئەم بۆچونەشم لە دوو سەرچاوە وە هەنگاو دەنێت.

یە کەمین، سەما لە دەر بڕیندا پە نا بۆ هیچ مادە یەك نابات وەك ناوەندێك بۆ گوزارشت کردن و دەربڕین و ئاماژەکانی جەستە، کە دەست پی دەکات بەرجەستە بوون دەکەوێت و بەرجەستە بوون ڕوەدات، بەر

ئێستا بوون بەر خودبوون، بەر ئەو جەستە یە دەکەوێت کە لە ژیانماندا بە ردەوام هاوەڵ و دڵسۆزمانە بەبێ هیچ پیویستیەکی تر دەربڕین دەکات، بێیە ڕاستەو خۆ بەر ناوەوە وخەون و هەستەوەرەکان و بیرکرنەوەکان و هۆزمان دەکەوێت. دووەمین کاتێك کەمندا یان مرۆڤی کۆن سەرەتایترین دەربڕین دەکات و لە پرسەیەکی فڕبوندا بەرەو پێش دەچێت، دواتر هەمان ئەوجوڵە و سەمایانە دەبنە گەنجینە و پاشخان و بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە مرۆڤناسیدا بەکار دەبرێن، کاتێك تەدەگەین کە بە هاونرخی سەما لەلای زانایانی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بە تایبەت زانا ئەنترۆپۆلۆژ و ئارکیۆلۆژەکان چەند گرنگە بۆ مرۆڤناسی و هەڵگرتنی شوێنەواری مرۆڤبوون لە سەر زەوی، هەمان کات لە ئەزمونی مرۆڤی هاوچەرخەوە لەو واتایە گەیشتوین کە ئەوە تەنها عەقڵ و زانستە داهێنان و بەردەوام بوونیان بە ژیان و مرۆڤایەتی بەخشیوە، بەلایەکی تردا گەر بگەڕێینەوە سەر پێناسەی زانست وەك تێگەیشتنێکی سەردەمیانە، زانست بریتیە لە کۆکردنەوەی تەواوی هەموو ئەو زانیاریانەی کەلە ئە نجامی ئەزمونکردن و هەوڵدانی مرۆڤەکان بۆ فڕبوون لە سەردەمکدا بەرهەم هاتوون و بە شێوەیەکی سیستماتیکی کۆکراونەتەوەو پارێزراون و بونەتە سەرچاوەی فڕبوون و بەردە وامبوونی ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، سەماش شانبەشانی هەموو ئە و زانستە مرۆڤایەتیانەی کەبونیان هەیە ومرۆڤایەتیان لە لە ناوچون پاراستوە… بەرەو پیشچوە و هەنگاوی ناوە گەر یەکەم هەنگاوی سەما بۆ فڕبوون لە سەدەی شانزە دا لە ئیتالیا لە ناو ماڵ و کۆشکی شاهانەدا دەستیپێکربێت، ئەوە ئێستا سەما ماڵ و شوێنگە وئەکادیمیای خۆی هەیە بۆ فڕبوون، بەردەوام توێژینەوە زانستیە گرنگەکانی بواری سەما، زانستی جەستە و پێکەهاتە ئەناتۆمی وئۆرگانی و تەکنیکیەکانی فروانتر و پیشکەوتوتر هەنگاوەکانی خێراتر، تێکڕای زیانی مرۆڤایەتی لە بواری دەروناسی وپزیشکی و کۆمەڵایەتی بەگشتی داگیر دەکەن.

لێرە شەوە دەتوانم بڵێم سەما لێرە بوونە زیانبوونە بەردەوامبوونە. کەواتە سەما هونەربونە زانست بوونە مرۆڤبونە، بەڵام تەنها ئەو کاتانەی لە پرسەیەکی زانستیدا گرنگی بە فڕبون و ڕاڤەکاری و توێژینەوە دەدات، زانستێك نیە بەبێ بناغە لێرە بێت وەك چۆن هونەرێك نیە بەبێ ڕاستگۆیی و هەست و هۆزو بیرکردنە وەلێرەبێت، ئەمەش تەنها لە دڵخۆکدا، گەر بە دوای داهێنان و بەردەوامیدا هەنگاوەکان سەر چاوەیان گرتبێت، نەك بۆ ئامانج ومەبەستی کورتخایەن و بەرژەوەندی و دوور لە مرۆڤبوون.

پ٢/ هەندێك جار دەوترێت ئەوەی مرۆڤ لە هونەرەكانی تری وەك (شانۆ، وێنەكێشان و مۆسیقادا) ناتوانێت بیانبینێت، لە سەمادا زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت گوزارشتیان لێبكرێت، ئەو نهێنیە شاراوانە چین كە مرۆڤی سەماكار لە ڕێگەی جوڵەكانی جەستەیەوە دەتوانێت بە فراوانی كەون تەعبیریان لێبكات، سەما كۆی ناتەواویەكانی ئەمە تەواو دەكات؟

كاروان/ من لەگەڵ ئەو بۆچونەدانیم كە لە سەمادا زۆر ئاسانترشتەكان دەوترێت وەك لە هونەرەكانی تردا، ناشزانم ئەو وەكیە وادەبێت؟ ئەوە بۆچونی كەسێكی تایبەت یاخود كۆمەڵگا یان هونەرمەندێكی كوردە؟ خۆزگە ونتر ئەو بابەتە لە پرسیارە كەتدا دەخرایە ڕوو بۆ ئەوەی پێت بڵێم ئەو شێوە بیركرنەوەیە لە كۆوە سەرچاوەی گرتوە، چونكە ناكرێت لە گفتوگۆیەكی هونەریدا پە نابەرینە بەر بۆچونێك كە بناغەی نەبێت ولە زەمینەسازیەكی پتەوە وەیان توژینەوەیەكی زانستیە وە سەرچاوەی نەگرتبێت، هیوادارم و دڵنیاشم تێدەگەیت كە ئەمە باس لە سەمایەك دەكەین، كە نەك بە تەنها بۆ نەریت پەرستانمان، بەڵكو بە كولتور پەرستانیشمان نامۆیە، سەما لەمۆشكی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانماندا وەك نەریت هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەكرێت نەك وەك هونەرو زانست، كە كاریگەریەكی باڵای بە سەر سەرتاپای جەستەی كەمەڵایەتی و بونیادی مرۆڤكانەوە هەیە، بۆ من لێرە دا گرنگە بناغەیەكی پتەوكە بە گفتوگۆ و بەڵگەی سەلمێنرا و دابتە بوون ..
بۆ كولتوری سەما دروستبكەم، نەك هەموو ئەو سەر لێشێواوی و قسە فڕدانەی كە تەواوی ئاستی ڕۆشنبیری ئێمەی بۆ بەرەك دەستكەوتی مادی وێران كردوە، لەگەڵ ڕۆزم بۆ ئەو كەمینەیەی نەبەشدارن نەهاندەری ئەوشێوە وێرانكردنەن، دڵنیام تێش وەك گەنجێك ئەم بۆچونەی منت پێ گرنگە و گرنگی بە كاری جەخت لێكراو تێكمە دەدەیت.

ئەمەی مرۆڤ لە ساتی خود جوڵاندن و سەمادا، بە واتای ڕۆكاری ئەمە لە سەما دا كە لە بەرجە ستەبوون، بەر جەستە كردن و بەرجەستە كەوتندا خۆی دەبینێتەوە … ڕاستەوخۆ بەر زمان و ڕۆزمانێكی تایبەت بەجوڵەو دەربڕین دەكەوین، ئەو زمانەش زمانی جە ستەیە، زمانی جەستە بریتیە لە شێوەیەك لە شێوەكانی بە ردەوامبوون لەگەڵ ئەوانی دی بە بۆ قسەكردن بە هاوەڵی و گوزارشتی و دەربڕینی دەموچاو دە بێتەزمانێكی زیندو. لێرەوە دەڕۆم كە هەریەك لە هونەرەكان زمانی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ دەربڕین وەك چۆن شێوازو مۆتیڤی هونەری و كۆنسێپتی كاركردنیان هەیە، لە بەر ئەوە ناكرێت بە وشێوە ڕەهایی

لەو بابەتە بدوێن، چونکە ئەگەر زمانی هونەری بەراستگۆیانەکاری پێ بکرێت وپەیامێکی ژۆنی هەبێت وبەهێزوە بە هۆشیاریەکی هونەری وزانستیەوە داڕێژرابێت، ئەوا دەتوانێت بکرێتە دەربڕی هەموو ئەو بابەتانەی دەمانەوێت بیگەیەنین بە وەرگر. سەما کارکردن کارێکی هونەری هەروا ئاسان نیە بتوانین هەرچیمان هەیە بیڵێین، ئەگەر بە وردبینیەوە پێکەهاتەیەکی داڕێژرا و تەواوکراو هاوکێشەیەکی یەکانگیر جوڵە و کێشەگرافیەکان دا نەڕێژرێت، ئەوا ناتوانرێت مەبەست و پەیام بگەیەنرێت و دە رەهاتە یەکبڕێت لە هونەری سەما. بۆ وەڵامی دوا بڕگەی پرسیارە کەش وتەیەکی ڤالتێر فەیلەسوف و نوسەری فەرەنسیم دێتە یاد کاتێك دەڵێت – "زمانەکان دراون بە مرۆڤ.. تاوەکو بتوانێت بیرکردنەوەکانی خۆی پێ بشارێتەوە" .بەرامبەر بەم وتەیەش چەند زانایەکی جیاوازی توێژەر لە بواری زمانی جە ستەدا دڵنیایی ئەوە دەدەن – کە جەستە درۆ ناکات. لێرەوە دەتوانم بڵێم ئەو هونەرمەندانەی ناتوانن ئەوەی ئەیانەوێت لە هونەرە کانیاندا بیڵێن، ئەوە یان ئەوانەن کە لە بەکارهێنانی زماندا ترسنۆك وهەڵپەرست و درۆزنن – یان ئەوانەن کە لە هونەردا هیچ بیرکردنەوەکیان نیە و بە هۆی زمانی هونەرە وە ئەوەندەی ترخۆیان لە مەڵالی مرۆڤبوون و ژاستیەکان دەشارنەوە، دیارە شاردنەوەی بیرکردنەوە و درۆزنبوون لە ئێستادا لە کوردستان بۆتە کولتورو مەڵالی هەنوکەیی مرۆڤبوون، سیاسەت، بازرگانی، دامەزراوە کۆمەلایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی و هونەریەکان و ناژاستگۆیی و دومەڵالی سەرتاپای جەستە و بەیوەبردنیان وەك مرانە تەنیوە، لێرەوە ئیتر تاکە هونەرێك تەنها زانستێك کە بتوانێت پە ردە هەڵماڵێت لە ژوی ئە و هەموو داڕزانە… سەمایە کە دەتوانێت مرۆڤەکان لە ژەگو ژیشەوە بەرە و قوڵاییە پەنهانە کان بۆات ونهێنیەکانی بوون ئاشکرا بکات، ناتەواویەکانی جەستە و هۆشیاری دیاریبکات، بەڵام سەمایەك کە بتوانێت لە ئێستا بووندا بێت سەمایەك کە گوزارشتی ژەوان بێت لە پانتاییە سپیە کاندا سەمایەك کە دەروازەیەك بێت بۆ تێکشکاندنی ئەو نەریتانەی کە مرۆڤبونی مرۆڤی ئێمە یان پارچە پارچە کردوە.

پ۳/ مرۆڤ چۆن سەما و هەست و تواناو بیرکردنەوەکانی پێکەوە کۆبکاتەوە؟ ئایا لە سەمادا مرۆڤەکان دەتوانن بڵێنە ناو بەریەککەوتنێکی ژاستەوخۆی مێژووی خودی خۆیانەوە؟ سەما هونەری وەرگرتنی چۆژە، یان هونەری گەیانەوەی مرۆڤە بۆ ناوخودی خۆی و دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بەخود لە ڕێگەی جوڵەکانی جەستەوە؟

کاروان/ هەست ووزە و بیرکردنەوەکان بوون وە ئامادەییان لە بچوکترین خانەی لەشدا هەیە، چۆن دەکرێت ئاشکرا بکرێن و بەرەو پێش ببرێن و زیندوبکرێنەوە؟ ئەمەش لە ڕێگای پلانێکی تەکمەی ڕاهێنان و ئیشکردنەوە بەرهەم دیت. جەستە مژوی هەر یەکێك لە مرۆڤبونی ئێمەیە، سەماش ڕێگایە کە بێ گەیشتن بە ئاستێکی باڵاتر لەبونی جەستەدا چیرۆکەکانی جەستەش گێرَانەوەی هەموو ئەو مژوەیە کە شوێنگەی لە سەر جەستە جێهێشتوە، هەرلە بە هاوەڵی کردنمان لە لە دایکبونمانەوە گەڵماندەدات بە ئێستامانەوە. هەموو هونەرەکان چاوگی چێژ بەخشین و چێژوەرگرتنن، ئەم دوو دۆخەش چێژبەخشین وچێژوەرگرتن دوالیزمەن و یە کانگیرن و پێکەوە کاردەکەن، چونکە ناکرێت تێی سەماکار لە جیاتی چێژوەرگرتن، لە نەزانیدا لە ئازاری جەستە دا بناڵێنێت، لە نا هۆشاریتدا هەرچی ببینیت کۆپی بکەیت وبیخەیتە سەر شانۆکان بە ناوی داهێنانەوە پێشکەشی بکەیت، کە لوتکەی توانای داهێنان واتە بە کارهێنانی وزەی عەقڵ و زانست نەك نەزانین و خورافە، بە هۆی ئەو وزەیە شەوە سەماکار دەگات بە خودی خۆی، دەگات بە خودناسین و ئیتر تەنها و تەنها لە بیرکردنەوەی شەپۆلی دەنگدانەوەی جە ستەی لە کاتی فڕیندا ڕادەمێنێت، لێرە دا گرنگی چێژمان بێ وێنەبێتە وە کاتێك بینەر چێژ دەبینیت ئەو کاتەیە کەسەماکاری هۆشیار سەرەتا خۆی چێژ لە کارەکەی دەبینێت و بەمتمانەیەکی بی سنورەوە دەگاتە فینێك کە تەنها خۆی لەلوتکەی ئەو چێژە تێدەگات، بەڵام بینەران لە سەرسامی ئەوفینەو گەیشتنی هەست و وزەو بیرکردنەوەی هۆشیاری سەماکاردا، چێژێکی ناکۆتا و پێ بە هاترین جوانیان بەردەکەوێت کە هەرگیز بەوشە ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت.

پ٤/ بەبۆای ئەوە چۆن سەما دەتوانێت پەیوەندیەکی بەهێزوکاریگەر لە ناوەوەی مرۆڤەکاندا دروستبکات، بەجۆرێك توانای گوزارشت و هێزو ئەرێتیکی جەستەتا ئەو ئاستەی ببێتە بزوێنەرو پاڵپیوەنەری گەڵانکاریەکان. ئایا سەماڵە کوێوەگەڵانکاریەکانی لە هێزرو جەستەی مرۆڤەوە دەست پێدەکات؟

کاروان/ سەما ئەو کاتە دەتوانێت پەیوەندیەکی بە هێزو کاریگەر لە ناوەوەی مرۆڤەکاندا دروستبکات، کە جەستە لە ئەنجامی ڕاژانەی ئیشکردنەوە نەك تەنها تەکنیکەکانی سەمای بە ڕاستودروستی لە پرۆسەیەکی تەکمەی فێربووندا بەر جەستەکردوە، بەڵکو سنوربەندی سروشتی ئەناتۆمی و ئەرگانی جەستەی بەزاندبێت، ئەم کارەش بە تۆزینەوە و قوڵبونەوە لە تەکنیکەکانی ئەو میتۆدە جۆراوجۆرەی و

جەستەییانەدا سەرهەڵدەدات و خۆی دە بینێتەوە کە سەماکار شارەزای دەبێت و ڕۆژانە بە بەردەوامی پراکتیکیان دەکات، ئەومیتۆدانەش زۆر زۆرن و ڕۆژانە زیاتر دەبن، کە واتە تۆی سەماکار دەبێتچی بکەیت تا بتوانیت لەگەڵ شەپۆلی خۆرای گۆڕانکاریە سەردەمیەکانی بواری جەستەدا هەنگاو بنێت؟ گۆڕانکاریەکانیش ئەوکاتە دروست دەبن کە سەماکار هەست دەکات گەیشتوە بە ئاست و بە ئەنجامێك کە شتێکی زۆر جیاواز و نە کردەی لە جەستەیدا بەرهەم هێناوە، ئیتر ئەوکات هەرزو بۆخۆی لە ئاسمانی توێژینەوە دافینەکانی ناکۆتا لە گەڵاندان بە دوای ئاشکرا کردنی خەون و فە نتاسیا دورە دەست و دورە ڕیگاکان. سەماکردن واتای کارێکە کیمیایی و ئۆرگانیەناوەکیەکانی جەستە، بەم شێوەیەش توانا و هێزە ئۆرێتیکیەکان دەگەینێتە ئاستی هەڵپژان، هەڵژان، بەرپابوون و دەرچون لە هەموو سنورە دروستکراوەکانی ئازادی ئیرێتیك وجەستە و چێژبینین.

پ0/ هەموو مرۆڤێك لە ژیاندا پرسیارگەلێکی هەیە کە پێویستیان بە وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیەتی بۆ ئەمەش بە شتێك گوزارشتی لێدەکات تۆ بۆ سەمات هەبژارد؟ سەما دەتوانێت تا کوێ وەڵامی پرسیارە وجودیەکانی تۆ بداتەوە؟

کاروان/ من وسەما دو هاوڕێی ناکۆتاین، چونکە پێکەوە هاتوینەتەبون، سەمام وەك منداڵێك لە خۆمدا گەورە کردوە، ئێستا لە تەمەنی گەنجیدایە و بە دڵنیایەوە هەنگاو بە هەنگاو بەرە و گەورە بووون دەچێت، وەك منداڵێك دەستی سەما وجە ستەمم گرتوە بۆ فڕبوون، پلە بە پلە بەرە و سەرەوە سەرم خست لە ئێستادا گەورە بوە و خۆی هەنگاوەکانی دەنێت. سەما لە ڕۆگای پێکانەوە هەبوونی منی بەهەگوێشە وە لە سەر زەمین داکوتاوە، سەما سەلماندنی هەبوونی منە لێرە و لە ڕۆگای پێکانمەوە شوێنە کانیترم پێدە ناسێنێت، سەماکردن ئەو ساتەوەختەیە کە هە ستی کردنی شتێکی جیاوازم پێدەبەخشێت، شتێك کەم کەس دەتوانن بیکەن، ئەویش سەمایە تەنانەت سەما لێرە بونیشم دەپارێزێت، لە ڕۆگای سەماوە دەستم بردوە بۆ هەموو شوێنێك لە جەستەمدا ئەو شوێنانەی لای مرۆڤەکان فەنتاسیا و ئەستەمەو بەردەوام ترسیان لە گوتارەکانی جەستە و سەما هەیە، شوێنە تاریکەکان ئەو شوێنانەی زۆر لە مرۆڤەکان لە ژیانیاندا نە پێی دە گەن نە لێی دەگەن.

پ٦/ ئێستا هونەری سەما یەکێکە لە هونەرە باڵاو ئەکادیمەکانی دونیا، بەڵام لە چاو هونەرەکانی دیکەدا لە هەرێمی کوردستان گرنگی بەم هونەرە نەدراوە، بەبۆای ئێوە هۆکاری ئەمە چیە؟

کاروان/ هەکارەکان زۆرن گرنگەکان ئەمانەن...لە ئێستادا زۆربەی پۆیستیەکانی ژیانی مرۆڤی کورد گرنگی پێنادرێت دەبێت هونەری و سەما لە کۆی ئەم هاوکێشە یەدابێت.. هونەرمەند خۆی دەستی هەیە لەم کارە دا، کاتێك لەنەزانین و نا هۆشیاریدا ناتوانێت مافێك لە ناوەوەی مرۆڤە کاندا بۆ خۆشویستنی سەما وپەروەردەکردنی بونیادبنێت دێت تەنها هەوڵ و گرنگیپێدانی بۆ خود سەنتەری تەنها دروستکردنی بارەگای حیزبی بێت بۆ کارەکەی، ئیتر دەبێت چاوەروانی چ هەناسەیەك بۆ پێشکەوتنی سەما... سەما ئەگەر کارکردنێکی تێکمە نەبێت بۆ مرۆڤەکان لە پێناو مرۆڤەکان... کاری هونەر گەر لەگەڵ بەرکەوتنی بە مرڤەکان ئیتر مرۆڤ نەبێتە سەنتەری پرۆژە وکارەکان ئەوە هیچ واتایەك بۆ مرۆڤبونی سەما کار و شانۆکارو هونەرمەند بوون نامێنێت و درێژەکی گەورەیە ئەو پرسەیە کاتێك هونەرمەندپیش هەموشت خۆی دەکاتە سەنتەری هەموو پرۆژەکان، ئیتر واتایەك بۆ پێشکەوتن وەگۆیشەدانان نامێنێت، لەم کاتانەشدا هێزی خورافە و غەیبانیەت زۆر ئاسان دەتوانن بەهای باڵاترین هونەر، کە سەمایە کەمبکەنە و هەتا سنوری فەتواو تەکفیرکردنی بگەیەنن. بە دڵنیایەوە لە ئێستادا سەما لە خراپترین ئاستی هۆشیاری حیزب و کۆمەڵگای نەریتدایە، لە بیرمان نەچێت تا ئەوکاتەی گوتاری سەر شانۆکان گوتارێکی خۆ پارێز و کۆیلە بوون و ترسنۆکانە بێت ئەوا ناتونرێت ئازادی ژیانی کارکردنی هونەری دەستە بەر بکرێت و دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ پرۆژەی سەما دروستبکرێت.

پ۷/ پڕۆژەتان بۆ بڕەودان بەم هونەرە لە هەرێمی کوردستان هەیە؟ پێتان وایە لە ئایندەدا سەما و جوڵەکانی جەستە دەبنەخواستی نەوەکانی ئایندە؟ ئەوە ئارەزوو بۆ سەما لە هەرێم چۆن دەبینن؟

کاروان/ سەرەتا ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە من لە ساڵی ٢٠٠٨ وە بە پرۆژەی جیاواز بۆ منداڵان، گە نجان و بە تەمەنەکان لە سەر ئاستی کۆنسێپت وتنەوەی وانەی سەما و نوسین و وەرگێڕانی پەتوکی سەما، هەوڵمداوە سەما وەك هونەرێکی زانستی بۆ بڕەودان دروستکردنی کولتوری سەما لە کوردستاندا، بناسێنم. ئەم پرۆژانەش بۆ شانۆکاران و کەسانی ئەماتیەر بوون تا ئاستی چون بۆ لای مرۆڤە پەراویزخراوەکانیش هەنگاوی ناوە. راستە من لە کوردستان ناژیم، بەڵام بە پێی ئەو کاتانەی کە لەژیانی هونەریم وپرۆژەکانم دەتوانم بیدەم بە کوردستان، توانیومە سەمای هاوچەرخ بناسێنم ولە لای گەنجان تا ئاستێکی باش خۆشەویستی بکەم، کاتێك گەنجێك پێی باشە بە سەما نەچێتە سەر شانۆ، بەکوچاوەروانی پرۆژەی تێکمەبێت گەر ئەو

پرۆژەیە سودی تەنها فڕبونبێت نەك بچیت بۆ بڕك دەستكەوت هەموكارێك بكات. ئەمە بۆ خۆی مژدەبەخشە و خۆشنودیە، چونكە ئەو گەنجە كە لەئێستادا لە هەموو ئەو بە بازرگان بونەی هونەردا، خۆی دەپارێزێت كە تەنها وەك كایەك هەسوكەوتی لەگەڵ بكرێت. بەكو بە دوای فڕبون و زانستی ئەكادەمی سەماوەیە. خواستكی زۆر بۆ سەما هەیە ئەوە نكۆی لێناكرێت، بەڵام كام سەما و چ شیوە فڕبونێك، ئەوەی بەردەوام دەبێت وەك لایەنی پێداگرگی سەما جەختی لە سەربكەمەوەو دوبارەی بكەمەوە، ئەمە نابێت تەنها بیرلە چەندایەتی لە پرۆژەی سەمادا بكەینەوە، بەكو چۆنیەتی گرنگە، ناكرێت وەك هەموو ئەو بوارانەی تەنها لە بەر ئەوەی نیمانە ئیتر هەر چۆن بێت گرنگ نیە، بە بۆ بناغەی پتەو سەما كردن نابێت ئیتر بەردەوام بێت… ئەگەر دەمانەوێت لە ڕگای سەماوە مرۆڤبونی كورد بدۆزینەوە و مرۆڤناسیمان پتەو بكەین، و ئەوجەستە پارچە پارچە بوە لە ترازانی فراوانتر بپارێزین و مرۆڤكی نوێ لێدروستبكەین و لەگەڵ گۆڕانكاریە گەورەكانی ژیانی مرۆڤایە تیدابین، خۆ ئەگەر تەنها لە سەر ئاستی لێكاڵی بێت، ئەوا سەما هیچ بونیاد نانێت جگە لە وەرانكردنكی فراوانتری جەستەی تاكی كورد..پرۆژە گەلكم هەیە، بەڵام پیویستی بە كات و پیویستی بە تێگەیشتن هەیە، لە لایەن ئە و كەسانەوە كە دەیانەوێت سەما ببێتە كولتورێكی زیندو، ئەو كەسانەی بە ڕاستی بۆ براودان بە سەمای ڕاستەقینە و دروست خەون دەبینن، چونكە سەما باشترین ڕگایە بۆ ژیانەوەی هەمووخانە مردوەكانی كرێكی تاكی كورد، سەما دەتوانێت كرێك ئاشكرا بكات و لەو ڕگایە وە بەرە و پێشیان ببات و هۆشیاریان بكاتەوە بۆ ژیانكی باشتر و باڵاتر لە ئیستادا.

دیمانێ لگەڵ چیرۆک نووس فاروق هەمەر … سازدانی: شاخەوان سدیق

فاروق هەمەر”
هەر چیرۆكێك ئەگەر لە دوای تەواوبوونی، خوێنەر نەتوانێ بۆ كەسكی دی بگێڕێتەوە، بەلای منەوە چیرۆككی خراپە و هەڵەیەكی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، دەنگێکی جیاوز بە سادەی چیرۆکەکانی ناوبەناو بۆ هەموان بە زمانێکی سادە، بەڵام قووڵ دەگۆڕتەوە، ئەو دەنگەش بۆگومان (فرۆق هۆمەر)ی چیرۆك نوسە، من بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دونیای چیرۆك و ئەدەی ئەو پێم خۆشبوو ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبدەم.

سازدانی: شاخەوان سدیق

پ1/ لە ئەدەبی جیهانیدا، (مارکیز) دەڵێت" قوتابخانەی چیرۆکەکانی من نەنکمە، واتە لە نەنکمەوە، فێری چیرۆك نوسین بووم، ئەتوانی پێم بڵێیت، هۆکاری چیرۆك نوسین لای تۆ چی بوو؟، تۆ کێ وای لێکردیت چیرۆك بنوسیت.

وە/ بەرکەوتنی یەکەمم بە چیرۆك، دەگەڵتەوە بۆ ئەوحیکایەتانەی کە باوکم لە منداڵیما بۆی دەگێڕامەوە. ئەو شەوانە دەیکردمە باوەش و بەدەم گێڕانەوەوە دەیکردمە خەو . لە باوەشی ئەودا وەك زیندانییەك وابووم و دەبوو دوای تەواوبوونی قسەکانی ئیدی من خەوم لێکەوتبێ . واتە گێڕانەوە ئارەزوویەك نەبوو بۆ کرانەوەی گوێچکە و فراوانکردنی خەیاڵ و خوڵقاندنی دونیایێکی ڕەنگاورەنگ، ئەوەندەی لە پشتییەوە مەبەستێکی دی خۆی حەشاردابوو کە هەرچی زووە بخەوم . لەو ڕۆژگارەی حەفتاکان دا زۆربەی خەڵزانی کوردی لە ژوورێکا دەنووستن.
بیر لەوە بکەرەوە من نەبەرەبووم لە خەڵزانی خەمان، واتە لەو دەمەدا دایك و باوکم سەرەتای گەنجێتی تەمەنیانبووە و لەوپەڕی جوانی خۆیان دا بوون و من لەوێدا و لەبەردەم شادی ئەوان چقڵك نەبێ هیچی دی نەبووم. بەوجۆرە فڕانە باوکم دەیکردمە خەو و لە کێ خۆی دەکردمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا فڕێکی خراپ نەبوو و دواجار خزمەتێکی گەورەی پێکردم.
من ێگرێك بووم لەبەردەم ئاسودەیی دایکم و باوکم و بۆ ئەوەی کەشێکی لەبار بۆ ئەوان سازبووایە، دەبوو من بکرێمە خەو .
ئیدی باوکم وەکو فڕێك پەنای بەبەر حیکایەت دەبرد بۆ ئەوەی من بنووم . جارێك لە نیوەی شەو و لە منداڵی خۆما بە خەبەر هاتم و ڕوانیم دایکم و باوکم لە ژوورەکەدا نەمابوون. زۆر ترسام و هەستم بە تەنیاییەکی زۆر کرد.
بەناو ماڵەکەدا گەڕام و چوومە حەوشەی پشتەوە و لە پەنجەرەکەوە ڕوناکییەك سەرنجی ڕاکێشام و کە ڕوانیم ئەوان لە ژوورەوە خەریکی دونیای عاشقانەی خۆیانن. ئەو دۆزینەوەیە، لە هەمان کاتا جۆرێکیش

بوو لە سەرکێشی و دەرگا واڵاکردنکیش بوو لەبەردەم یاخیبوونێك کە لەگەڵ گەورەبوونم گەورە و گەورەتر دەبوو. من لە یەکێك لە چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵە چیرۆکی یەکەمم " سەرگەردانییەکانی پیاوێك " چیرۆکێکم هەیە بەناوی " حیکایەتەکانی باوکم " زۆر بە قووڵی باسم لەوە کردووە. ئەو دەیان چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە و هەر لەو دەیان چیرۆکەوە سەدانی دیکەشی لێدادەتاشین. بۆ نموونە کە چیرۆکی شیرین و فەرهادی بۆ دەگێڕامەوە، لە گێڕانەوەیەکا فەرهاد خۆی لە کێوی بێستون هەڵدەداشتە خوارێ و لە گێڕانەوەیەکی ترا باوکم لەبیری چووبێوە چی بۆ گێڕابوومەوە و دەیگووت" فەرهاد کە دەگاتەوە ماڵێ شیرین خۆی کوشتبوو و جارێکی دیش دەیگووت لە کۆتاییا شیرین و فەرهاد دەگەن بە یەکدی و ژیانێکی پێ لە ئاسودەیی دەبەنەسەر.
ئیدی کە گەورەبووم وورده وورده پەییم بە زۆرزانی باوکم و بەو مەبەستانەش برد کە لە پشتی ئەو گێڕانەوانەوەبوون. لەگەڵ ئەوەشا ئەو حیکایەتانە سەرچاوەیێکی گەورەبوون بۆ من، هەر شەوێك بە جۆرێك من چاوم دەچووە خەو.
جارێك بەدەم گریان و جارێك بەدەم پێکەنین و خۆشی و زۆرجاریش تووڕەیی. لەگەڵ کارەکتەری ئەو حیکایەتانەدا دەژیام و بیرم لێدەکردنەوە و بۆیان دەگریام و وامدەزانی کەسانی هەقیقین. حیکایەتی عاشقانەی لەیل و مەجنون و شێتبوون لەپای عەشق، حیکایەتی رۆستەم و زۆراب و کوشتنی کۆ بە دەستی باوك، دووان بوون لەو سەربووردانەی دواتر لە مێشکی منا لەبیرنەدەچوونەوە و بەردەوام لام گەورەدەبوون. ئەوەی کە تا ئیستا باسم لێکرد بەرکەوتنێکی ئاستەوخۆی من بوو بە چیرۆك، بەڵام هۆکار تەنیا یەك نییە و دونیاییەك هەن. بەڵام ئەوەی گرنگە من هەر بەو جۆرەی باوکم چیرۆك ناگێڕامەوە. بەردەوام بیر لە کارەکتەرێك دەکەمەوە کە جووڵە و بیرکردنەوە و دونیابینی هەبێت . ڕوانینێك کە پڕی بێت لە جوانی و ڕەنگینی. حیکایەتێك بگێڕمەوە کە لای خۆنەر تازە بێ و شیاو بێت. مامەڵەم لەگەڵ خۆنەردا وەکو مامەڵەی باوکم مەبەستگەرا نەبێت بۆ تەفرەدان و هەلخەڵەتاندنیان. چیرۆکنوس دەبێت کەسێکی خاوەن بۆ و ئاستگرییی لەگەڵ ووشە و بیرکردنەوەی دا لە ڕادەیەوە هەڵقوڵاوبێت. ئەوانەی بۆ مەبەستێك لە دەرەوەی جوانی دەنووسن دواجار دەوخۆن و هیچ بەرهەم ناهێنن .

پ2/ لە زۆرێك لە چیرۆکەکانتا گەڕانەوەیەکی سەیر بۆ منداڵی دەبینم، وەك ئەوەی لە چیرۆکی (کوڕی باڵندە)دا دەیبینین، ئەم هەموو سەرسامیەت بە منداڵی چیە؟ تۆ دەتەوێت لە ڕێگەی چیرۆك نوسینەوە، منداڵیت بنوسیتەوە؟ یان منداڵی تەنها تۆمایە بۆ

داشتنی چیرۆکەکانت.

وە/ هەموو گرۆ کوێرەکانی ژیان وان لەناو منداڵی دا، منداڵی سەرەتای فامکردنەوە و بەرکەوتنە بە دونیا. هەموو شتێك لەوێ دا تازەن و بۆ یەکەمجار دەیانبینی. تۆ تەماشای گێرانەوەی ئەو ووداوانە بکە منداڵ دەیانگێڕێتەوە، هەست دەکەی سەرسامی و رەنگینیەکی سەیری تیایە و شاخ و گوێ لە ووداوەکان دەوەنێ بەتایبەتی منداڵێك کە لە دەمی هەژاندایە. بۆ نمونە لە ووداوی پەلاماردانی سەگێك بۆ منداڵێك، یان کەوتنەخوارەوەی منداڵێك لە پەیژەیەکەوە، گوێیان لێبگرە چۆن باسی لێوە دەکەن. منداڵ بۆ گوزارشتکردن لەو ووداوانە زمانی جیاواز و ڕوانینی جیاوازیان هەیە. کاتێك باسی ئەو سەگە دەکات دەمی بە ئەشکەوت دەشوبهێنی و ئەو سەگەش بە ئەژدیهایێك دەبینێ. کەوتنیش لەسەر پەیژەیەکەوە وەکو کەوتنەخوارەوە لە شاخێکەوە دەگێڕێتەوە. هونەری وێنەکێشانیش لای منداڵ، خزمەتێکی گەورەمان دەکات بۆ ناسینی ئەو دونیا فراوانەی لای منداڵ هەیە. من هەمیشە سەرسامم بووم بە منداڵ و منداڵی خۆم زۆر خۆش دەوێ.

من لە منداڵییەوە لەوەم دەوانی ئەو دونیا فراوانە چۆن دروستبووە، من لە کوێوە هاتووم. درەخت و ئاسمان و چۆلەکە لە کوێوە هاتوون. کە بۆ یەکەمجار تەلەفیزۆنم بینی و خەڵکانم لەناو شاشەدا هاتەبەرچاو تەواو دڵنیابووم کە ئەمە لە تیڤییەوە لە دایکبووین. جارێك تیڤییەکەمان شکا، خاڵم هات پشتەکەی کردەوە و ڕێکەوتیش وابوو شیروانی برام لەو ڕۆژەدا لە دایکبوو. ئیتر گومانم نەما کە ئینسان خوڕاوی تیڤییە. ڕۆژێك بە دزییەوە و کاتێك ماڵمان چۆڵبوو و هەر بەو شێوەیەی خاڵم پشتی تیڤییم بە چەقۆیێك کردەوە و لەناوەوەی دا بە دوای منداڵ دا دەگەڕام. زۆر خەمباربووم کە هیچم تیا نەدۆزییەوە. هەموو ئەو زانیاریانەی تا ئەو کاتە لەسەر دونیا پێیگەیشتبووم هەمووی هەڵوەشانەوە. من تا ئیستاش پێکەنینم بە هەموو ئەو شتانە دێ کە کۆمەڵگا بە منداڵیان دەڵێ و گومانم لە هەموو ئەو زانیاریانەی کۆمەڵگای خۆمانە لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵ دا هانای بۆ دەبەن .

دایکم دەیگووت تۆمان لە تەنەکەی خۆڵدا دۆزیوەتەوە، تا ڕۆژگارێکیش خۆم بە منداڵی ناو خۆڵەکان دەزانی. دەیان چیرۆکم لە ئەندێشەی خۆما دەخوڵقاند، کە من منداڵێکی بۆ دایك و باوکم و کەسم نییە و دەچوومە گۆشەیەکەوە بۆ خۆم دەگریام و بۆ بەدبەختی خۆم دەلاوامەوە. منداڵی سەرەتایێکی زۆر هەستەوەرە بۆ داهاتوو و ئەوەی لەوێ دا بەدەستیدەهێنی لە خەیاڵ و ئەندێشە و ڕوانین، دواتر سەختە بەدەستی

بهۆنی.
من تا مردن منداڵی خۆم دەگۆڕمەوە. ئاخر لەلایەکی دییەوە هەموو شەوەکانی ئینسانیش لەوە دا خەیان حەشارداوە. هەموو ئەو گرفتانەی ناو خەزان، زەبروزەنگی باوك و باوکێکی دەندە، نەرمونیانی دایك و دایکێکی بەستەزمان و میهرەبان. گرفتارییەکانی نێر و مێ و گونجان و نەگونجان لەگەڵ قوتابخانە و ئەو زیندانە گەورەیەی بەناوی پەروەردەوە فڕێت دەدەنە ناوی. من منداڵێکبووم لەگەڵ هەموو شتێکی چواردەوری خۆم ناسازگاربووم و گەرەکمە لە ڕۆگەی نووسینەوە جارێکی دی هەموو شتەکان بخەمەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خەیان. کاتێك تۆ منداڵییەکی ناسروشتی دەژیت و ناسازگار دەخوەقێیت، ئاسان نییە لە دوایی دا ئەو ناسازگارییە تێپەڕێنی و بۆ هەتاهەتایە لەگەڵت دەمێنێتەوە .

من زۆر بەسەختی دەتوانم ڕوداوەکانی ناو ژیانی منداڵی خۆم تێپەڕێنم و بەردەوام دەیانهێنم و دەیانبەم و لێیان دەکۆمەوە. من هەمیشە منداڵێکم و گەورەنەبووم و هەستدەکەم لەوە دا بەجێماوم. واش بیردەکەمەوە خەڵکانی نێو کۆمەڵگاکانی ئێمە بەپیریش منداڵ دەمێننەوە. وەکو منداڵ بە شتێکا دەنوسێن و لێینابنەوە. هەیە حەزی بەوەیە هەموو مافەکانی خەڵکانی چواردەوری خۆی بۆ خۆی بەرێ، هەر وەکو چۆن منداڵێك حەز دەکات هەموو یارییەکان بۆ خۆی بەرێ، یاوەخوود لە یارییەکی دووگۆییا، پێیخۆشە خۆی گەچی و هەڵشبەر بێ و هەمیشە تێپەکە لە قاچی خۆی دا بێت. منیش بە منداڵی خۆما نوساوم و لێینابمەوە. تۆ بڕوانە ئێمە لە دونیایێك گەورەبووین پێیبوو لە درێ و زۆرزانی. من تەمەنم دە ساڵ بوو کە سەدام حوسێن هاتە سەر کورسی دەسەڵات، ئیستاش لە بیرمە لە پشتی ماشێنکی دوا بەتاڵ دا هاتبووە شاری هەولێر و بە خەڵکی دەگووت، دێنیاتان دەکەمەوە کە ساڵی دادێ من بە زمانی خۆتان لەگەڵتان دەدوێم و خۆم فێری زمانی کوردی دەکەم. من هەر چاوەڕوانبووم و ئەو نەك هەر فێری کوردی نەبوو و بەکو درێ لەدوای درێ بۆ خەڵکی دەکرد. من چۆن بتوانم چی دی نەگەڵمەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە و بە فەرامۆشی بسپێرم، ئەی چۆن ئەو منداڵە کە خۆمم بڕوا پێبهێنم کە ئەوە درێیە و هانابردن بۆ درۆش کارێکی سادەیە، چۆن پێیبڵێم لە یادی بکە و گوێی مەدەرێ.

کاتێکیش دەستم بۆ چیرکنووسین برد، بۆجگە لە منداڵی خۆم هیچ شتێکی دیم لەبەردەستا نەبوو لێیان بدوێم، یاوەخوود پێموابوو منداڵی خۆم باشترین و ڕاستگۆیانەترین جۆگەیە کە هانای بۆ بەرم. ئەوەش ناشارمەوە، یەکەمجار پەلاماری دایك و باوك و خزانەکەی خۆمم

دا و لە هەموو ئەو گوناهانە ووتم کردنەوە. زۆربەی چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵە چیرۆکی سەرگەردانییەکانی پیاوێك شەی خەمە لەگەڵ خۆزان . هەر کەسێکیش سێ لەو شەڵ و پەلاماڕە نەکاتەوە دواتر دەتوانێ پەلاماری شار و خەڵکانی شارەکەی خۆی بدات و سەر بە هیچ شتێك دانەنەوێنێ و سێ لە دنیا تەواو تەواو چۆڵ ابێتەوە . چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵە چیرۆکی " نیگایەك پێ لە گرفتاری " سەرەتای هاتنە دەرەوەمە لە خۆزانی خەم بە ناو شار و زەمینەیەکی فراوانتر. من سەرقاڵم بە ووتکردنەوەی کەسێتی خەم لە هەموو ئەو درێ و دزی و لێدان و زللە و فێڵبازییانەی کە تیای گەورەبووم و بەردەوام بەدوای ئەوەوەم ئەو منداڵە لەو دونیایە بێنمە دەرێ و لە شوێنکی ئارامی دابنێم. لە زۆربەی چیرۆکەکانما منداڵێك هەیە و هیچ کارەکتەرێك لای من دروستنابێت ئەگەر منداڵی نەزانم. زۆرباشیش دەزانم ئەگەر نووسین نەبوایە، ئەوا من جەللادێکی گەورە دەردەچووم و دەبوومە پیاوکوژێکی گەورە .

پ3/ زۆرجار دەوترێت چیرۆك نوسین مەشقە بۆ نوسینی ڕۆمان. یان چیرۆك پشوی خوێنەرە لە نێوان ڕۆمان بۆ ڕۆمانێکی دیکە، تۆ تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچونەی، تۆچیرۆك بە ژنرێکی سەر بەخۆدەزانیت؟.

وە/ من وای نابینم چیرۆکنوسین مەشقێك بۆ بۆ نوسینی ڕۆمان. بەڵی منەوە چیرۆك هونەرێکی ناڕەم گەورەترە لە ڕۆمان، بەڵام گەلێك دژوار و پێ ئاستەمیترە لە ڕۆمان و کارکردنە لە ڕووبەرێکی تەواو بچکۆلانەتر و بەرتەسکتردا. هەر بە کاری میناتۆر دەچێت کە لەناو دەرزییەکی بچکۆلانەدا سەرقاڵی هەکۆکین بیت. ئەگەر ڕۆمان بەکاری گروپێك لەناو سەمفۆنیایەك دا بشوبهێنین، ئەوا چیرۆك کاری ئەو سۆلۆکارەیە کە لەپێکا و لە شوێنکی ئەو سەمفۆنیایەدا هەموو ڕوانینی گوێگر بۆ خۆی دەدزێت و تەواو ئاگایی هەموویان بۆ خۆی هەدەمژێت. یان بەکاری ئەو تەنافبازە دەکات کە لەبەرزاییەکان گەمە دەکات. هەموو کەسێك ناتوانێ چیرۆکێکی جوان بنوسێت. ئەگەر وابووایە دەبوو ئەدەبی کوردی پێبوایە لە چیرۆك. لەکاتێکا لەناو ئەدەبی کوردییا ژمارەی ئەو چیرۆکانەی ئاستێکی بەرز و باڵایان هەیە و دەتوانن شان بەن لە شانی چیرۆکە گەورەکانی جیهان زۆر کەمن. ڕاستە نوسەری ئێمە پێیوابووە دەبێ چیرۆك بنوسێ و دواجار بۆوات ڕۆمان بنوسێت، بەڵام لە هەردوکیان دا وەك یەك سەرکەوتوو نەبووە. بۆ ئەدەبی دەرەوەی دونیای ئێمەش هەر وای دەبینم. من کەم نوسەرم پێ شك دێت لە هەردوکیان دا هەمان ئاستی بڕیبێت. لە کاتێکا زۆر چیرۆکنوسی گەورە هەن لە دونیادا تەنیا چیرۆکی نوسیوە و خۆی

لە قەرەی □□مان نەداوە . من وەك خودی خۆم خۆشیم بە □□مان نایەت، □□مان درۆزادییەکی سەیری تیایە کە من حەزم بەو درۆزادییە نییە . ئەگەر تەماشا بکەین، خەڵکان لە دەمی ئاخافتنی خۆیان دا دەڵین چیرۆکی ژیان و مردن و نا□□ن □□مانی ژیان و مردن . خوداوەند لە حەوت □□ژا هەموو دونیای دروستکرد . □□ژی یەکەم زەمین و ئاسمانی دروست کرد .
تۆ دەتوانی لە □□ژڵکا چی بکەیت . مەبەستمە با تەماشای کات بکەین. من زۆربەی چیرۆکەکانم لە □□ژڵکا نوسیون . کاتێکی زۆرم بە نوسینیانەوە نەکوشتووە، بەڵام هیچ چیرۆکێکم نەبووە چەندین ساڵ لە مشکما هەمنەگرتبێ. من بە خۆم چۆڵکی زۆر گەورە لە چیرۆك وەردەگرم، هەم وەك خوێندنەوە و هەم وەکو نوسینیش. دەتوانم □□ژانە لە پشتی مێزەکەمەوە دابنیشم و چیرۆکێکی تازە بنوسم. ئەگەرچی وام نەکردووە و بە هەر کەمەڵە چیرۆکێکم نەوانکی زۆری لێخواستووم. دەتوانم □□مان بنوسم و لە ئاستێکی بەرزیشا بێ وەکو چۆن پێشتر تێکستی شانۆیم نوسیوە. کاتێکیش ئەگەر □□مان بنوسم زۆر دڵنیام ئەزموونی چیرۆکنووسینم وەك دونیابینم بێ کایە جیاوازەکانی ئەدەب بە هانامەوە دێ، بەڵام هاوکاری تەواوم ناکات، چونکە ئیدی من لەناو بڕتە و چوارچێوەیەکی دی دا دەجوڵمەوە کە تەواوێك لە بڕتە و چوارچێوەی چیرۆك دەواتە دەرەوە. من کاتی خۆی خۆم تەرخان کردبوو بێ شانۆنووسین کەچی لەپڕێك خزامانە نێو دونیای چیرۆکنووسینەوە، ئەگەرچی هەموو ئەو زانیارانەم دەربارەی شانۆ دەستگیرییەکی زۆری کردم، بەڵام ئەوەی لێرەدا هەستم پێکرد لێکنەچوونی تەواوی ئەو دوو کارکردنەبوو کە هیچیان لەوی دی نەدەچوون و بێ □□مانیش هەر وەهای دەبینم.
من زۆر بەسادەیی لەو ئەزموونە سادەیەی خۆمەوە دەدوێم و دەشێ کەسانێك هەبن جیاواز لە من بە جۆرێکی دی دەربارەی ئەو پەیوەندییە بدوێن. کەسانێکی زۆر کەم لە ئەدەبیاتی دونیادا کە لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕن، بڕیان کراوە لە هەردوو ژانری □□مان و چیرۆك دا هەمان هەنگینی تێمار بکەن. هەنگە هەمەنگوای یەکێك بێ لەو کەسانە.

پ4/ هەموو مرۆڤێك لە ژیانیدا شتگەلێکی هەیە بێ گ□□انەوە، دەوترێتیش "مرۆڤ گیانلەبەرێکی حیکایەت خوانە و ئەوەی ئاژەڵ و مرۆڤ لە یەك جیادەکاتەوە، گ□□انەوەیە" مەبەستمە بڵێم تۆ دەتەوێت چی بگ□□یتەوە، چیرۆکەکانی تۆ بێ گ□□انەوە چین؟

وە/ من کاتێك منداڵبووم لە کۆڵان یاریم بە قوڵ دەکرد. هەر لەو قوڵ و خاکە شارانەکم دروستدەکرد و تێکم دەدانەوە. خەڵکانم دەهێنا

و لەو دامدەنان. لەگەڵ خۆم دەدوام و ناوم لە هەموو جێگەکانی دەنا. هەر بۆ خۆم قسەم دەکرد و بەخۆم دەگووت، ئەوە ماڵ و کەسان و قوتابخانەن. ناوم لە خەڵکەکانی ناوی دەنا و بە ئارەزووی خۆم منداڵم دابەشدەکردن بەسەریان دا و حیکایەتم بۆ دەخوێندن. جارجارێکیش سەرکۆشیم دەکرد و کەسێکم دەمراند و کەشێکی ناو پرسەم دەخوێقاند. من سەرەتا بۆ سەرگەرمی خۆم حیکایەتم بۆ خۆم دروستدەکرد و هەنگە هەکارەکەشی هەر ئەوەبووبۆ من لە منداڵیم دا لەبەرئەوەی زۆر بەباشی قسەم بۆ نەدەکرا و منداڵێکی ماڵەپەتە بووم هەستم بەتەنیاییەکی زۆر قووڵ دەکرد و بۆ پڕکردنەوەی ئەو تەنیاییە قسەم لەگەڵ خۆم دەکرد و تەنیا هاوڕێی خۆم خودی خۆمبووم.
حیکایەتەکانیشم تا دەهاتن زۆر دەبوون و زیادیان دەکرد. کاتێکیش کە چوومە قوتابخانە و لەسەر شتێك سەرزەنشت دەکرام و لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکرا، هانام بەبەر بیانوویيەك دەبرد و ئەوەندەم حیکایەت لە ناخابوو ئیدی مامۆستاکان بۆیان پێدەکردم و لەوێشەوە هەستم کرد ئەو حیکایەتانە دەتوانن لەگەڵ هەر بەرەوڕووبوونەوەیێك لە شوێنی دیش بە فریامەوە بێن . زۆرجار بە بیرم دێتەوە نەنکم و پورەکانم خستێتە گریان بە هەبەستنی حیکایەتێك کە لەکاتی گەیانەوەما لە قوتابخانەوە بۆ ماڵەوە دروستمکردبوو . دەمگوت پورێ، هەر ئیستا لەسەر شەقامەکە گەیامەوە ماشێنێك ژنکی شڵا و کوشتی. بۆ تەماشابکە عەبا خوێناوییەکەی هێشتا هەر لەوێ کەووتووە .
ئەوان دەگریان و زیاتر پرسیاریان لێدەکردم کێ بوو نەتناسی، پێمان بڵێ چی لەبەرابوو و تێ بەچاوی خۆت بینیت. ئیدی منیش بە ئارەزووی خۆم ترش و خوێم دەکرد و لەسەر پرسیارەکانی ئەوانەوە حیکایەتەکەم دەستکاری دەکرد و هەڵکمدەخستنەوە .
دەتوانم بڵێم لە هەر قۆناخێکی ژیانما حیکایەتێکی تایبەت بەو هەژگارەی خۆم هەبووە. لە هەر شەقام و کۆڵانێکەوە تێپەڕیبم، تەماشای سەربان و پەنجەرە و ناو تاق و دەرگاکانیم کردووە و لە هەنگی دەرگا و لە تەنافی پێ لە جلی حەوشە و سەربان و لە خەڵکەکەی ووردبوومەتەوە و لە رەفتار و هەڵسوکەوتیانم هاڵنیوە و گوێم لە قسە و هاوار و ژاوەژاویان گرتووە. کاتێك میوەفرۆشکم لە کۆڵان دەدی هاوار دەکات، من بۆم دەکرا حیکایەتێکی بۆ دروستبکەم و ئیدی ئەو هەژەم بەوپەڕی تەنیایی و بێدەنگی خۆمەوە بە فراوانکردنی ئەو حیکایەتەوە دەبردە سەر. پەرداخێکی شکاو، گۆزەیەکی کەووتوو لە کۆڵانێك و جووتێك پێڵاوی کۆنی فڕێدراو لە کەلاوەیێك حیکایەتی خۆیان هەیە. حیکایەت بۆ من وەکو مەشقێکی لێهاتووە و من لە منداڵییەوە لەگەڵی هاتووم و بەردەوام پەراوەی دەکەم . جارێك لە

شۆنێك و لەگەڵ كیژێك گومان لە گۆرانییەكی حەمەی ماملێ دەگرت، لە خەمەوە حیكایەتێكم بۆ گۆرانییەكە دروستكرد و بۆ كیژەكەم گێڕایەوە .
دوای ساڵێك پەمگووت ئەوەی دەربارەی ئەو گورانییە بۆم گێڕایتەوە خۆم هەمبەستبوو و ڕاستنەبوو. تا ئیستاش لای بووە بە هەقیقەتێك و بۆمناكرێ ئەوەی لە لا بسەمەوە و لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا كتوپڕ دەگری و ئەو حیكایەتە هەڵبەستراوەی منی بیردەكەوێتەوە.
من بەرلەوەی حیكایەتەكان بۆ ناو نووسین بگوازمەوە، ناخی خۆم پێكردبوو لە حیكایەت. ناخم سەر شارە لە حیكایەت و ئەوەندە پێە كە بەشی هەموو تەمەنم بكات . لەوەشەوە فكری ئەوەبووم كە دەكرێ سەرەتا حیكاتەكان لەناو ناختا بنوسیتەوە و ئەوجا بۆ دوو توێی لاپەڕەیەكی بگوازیتەوە. من دەمەوێ چی بگێرمەوە ؟ پەموایە هەموو شتێك شایانی گێڕانەوە بێ. ئەمە لە دونیایەك گەورەبووین پڕی بوو لە ڕووداو. منداڵی و گەنجیم لەگەڵ جەنگدا بەسەربردووە. هەر لەو گەڕەكەی منی تیا گەورەبووم، سێ لە چواری هاوتەمەنەكانم كوژران. دەتوانم هەتا مردن بەدبەختی دایك و خوشكەكانی ئەوان بگێڕمەوە . دواجار شەڕی براكوژی و ئەو ماڵوێرانییەی نەوەدەكان. چیرۆكی هەڵاتن لە نیشتیمان و بەركەوتنم بە تەلی دڕكاوی سنورەكان. ژیانی ئەمە و مڵۆومان سەر شارە بە حیكایەت .

پ5/ وەك دەزانین تەكنیك بەشێكی گەورەی چیرۆكی مۆدێرنە، تۆش گرنگی بەم لایەنە زۆر دەدەیت، بەتایبەت لە چیرۆكی (كوێ باڵندە)دا (زەمەنی ڕابردوو ئێستاو داهاتووت) بەكارهێناوە، ئەو هەموو گرنگیدانە بە تەكنیك بۆ لای تۆ بابەت گرنگە یان تەكنیك.

وە/ نەك هەر بەتەنیا كوێ باڵندە، هەر یەكێك لەو چیرۆكانەی من نوسیومە، تەكنیكێكی تازەی تیایە و هەوڵم داوە تایبەتمەندێتییەكی جیاوازی پێببەخشم. هەر چیرۆكە دونیای خۆی و زەمینەیەكی تایبەت بە خۆی هەیە. چیرۆك وەكو بنیادەمێكی دی ناكات و بەسەرهاتێكی خۆی هەیە، چیرۆكیش بە هەمان شێوە نابێ لە چیرۆكێكی دی بچێت. من لەوێی تەكنیكەوە گەڕەكم بووە هەمیشە خۆم تازە بكەمەوە . پەموایە ئەگەر چیرۆك لەناو تەكنیكا دانەمەزرێ هەمیشە خۆی دووبارە دەكاتەوە. تۆ تەماشای منداڵێك بكە كاتێك یارییەكی دەدەیتە دەست، دەیەوێت هەرجارەی بە جۆرێكی دی لێبڕوانێت و تا ئەو شوێنەش كە هەوڵی شكاندنی دەدات بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیا بەدوای بەخشینی شێوە و شێوازێكی دی دا دەگەڕێت.

من پشتر باسی ئەوەم کرد کە منداڵبووم بە قوڕ یاریم دەکرد و هەر جارەی شتێکم لەو قوڕە هەڵدەداوە و بە جۆرێك دەستم خستبێتە ناوی کە شتێکی دی لێ پێکبهێنم. من نانەوایەك نەبووم هەموو گونگەکانم بە قەد یەك و یەك قورساییان هەبوبێ و دەستم بە یەك جووڵە و یەك شکاندنەوە ڕاهاتبێت. من سێ کەمەڵە چیرۆکم هەن؛ هەر یەکێك لەو چیرۆکانە هەم لەووی بابەت و هەم لەووی تەکنیکیش هەمەڕەنگن و هەم لەووی کتێبیش لە یەکدی ناچن، فەزای بیرکردنەوەی من لە کتێبی یەکەمم دا خۆزان و سەرگەردانییەکانی تاکن لەناو خۆزان دا، لە کتێبی دووهەم دا هەر هەمان کەسە و لە چوار چێوەیەکی گەورەتر و فراوانترا دەخولێتەوە کە نیگەرانییەکانی ناو کۆمەڵگان .
کتێبی سێهەمیش نیشاندانی شارێکە بە جۆرەها چیرۆك و کارەکتەری جیاوازەوە و قووتکردنەوەیەتی لەبەردەم جیهان دا وەکو شارێکی زیندوو. بابەت و تەکنیك هەردوو وەکو یەك شوێن بایەخن و ناکرێ بێ یەکێکیان ئەوی دیکیان فەرامۆش بکرێ. هەموو ئەو توخمانەی کە سەر بە تەکنیکن و لەودا دەتوێنەوە و هەموو ئەوانەشی کە لەناو بابەتدان، تێکڕا لە بۆتەیەکی هارمۆنیا کادەبنەوە بۆ دامەزراندنی چیرۆکێك. بەڵام گرنگی تەکنیك لەوەدا دەردەکەوێت کە ئێگا دەدات چیرۆکێك بە دوو تەکنیکی جیاواز و بە دوو تەرزی جلوبەرگەوە لەیەکدی نەچن. ئەگەر دەربارەی لێکچوون و جیاوازی بدوێین، بابەتەکان بەدرێژای مێژوو هەر هەمان ئەو بابەتانەبوون کە خەڵکان لێرەولەوێی دونیا پێوەی سەرقاڵبوون و ئەوەی کە لە کەسێك بۆ کەسێکی دی جیاوازی دەخوڵقێنێ چۆنێتی گۆڕانەوە و خستنەڕوویەتی. ئەو خستەڕووەش هونەر و کارامەیی دەخوڵقێنێ.

پ6/ هەندێك چیرۆك لە گەڵ نوسینیاندا لای خوێنەر دەمرن، و کێن دەبن، دەتوانی پێمان بڵێیت خاڵە بەهێزەکانی چیرۆکی زیندووی نەمر چین؟

ئەگەر چیرۆکێك چیرۆك بێت نابێت بمرێت. هەر وەکو چۆن ژیان بەردەوامە و سروشت بە هەنگینی خۆیەوە بۆ سەدان ساڵ درێژەی هەیە و بەردەوام خۆی تازە دەکاتەوە، دەبێت چیرۆکیش ئاوا توانای مانەوەی هەبێت. ئەو چیرۆکانەی لە دوای خوێندنەوەیەکەوە دەمرن ژیانیان تیا نییە و بۆیان نەکراوە پەی بەو پرسیار و خەمگینی و سەرقاڵیانەی ڕۆژگارەکەی خۆیان بەرن. چیرۆك هەر بە تەنیا گێڕانەوەی ووداوێك و ڕیزکردنی ووشە و ڕستە نییە لە پاڵ یەکترەوە. بۆ ئەوەی چیرۆکێکی باش بنووسیت دەبێت بتوانیت ژیان بنووسیتەوە و توانای خەڵقکردنت هەبێت. ئەو گرفتاریانەی مرۆڤ لەناو ژیان دا تووشیان دێ چین؛

مردن و ژیان، منداڵی و پیربوون، عەشق و گەان بەدوای نەمری دا، ستەمکاری و نادادوەری ناو کۆمەگاکان. تۆ چیرۆکی ئینسان دەنوسیتەوە. ئیدی چۆن دەبێ ئینسان نەناسیت و درك بە هەناسە و ترپەی لێدانی دڵی نەکەیت.

دەبێ دەست بخەیتە ناو هەناوییەوە و لەگەیا بدوێی. دەبێ بەو زەمینەیەش نامێ نەبی کە کارەکتەرەکەتی لێ دادەنیت. کارەکتەرێك دروستبکەیت لە گوشت و خوێن. ئەو کارەکتەرە بناسیت و وەکو کەسێکی زیندوو بتوانی ڕابردوو و ئیستا و داهاتووی بنوسیتەوە. قسەی لەگەڵ بکەیت و ئەو گرفتەی دووچاری هاتووە گرفتێکی هەقیقی بێ و سەرەتا و کۆتایی هەبێ و دەمی هەستپێکردن و دەمی چارەسەربوونی بزانیت. چۆن ڕۆژگار چرکە چرکە بەرەو پێشەوە دەڕوات و وەستانی نییە، دەبێت چیرۆکەکەت تێکەڵاوی ئەو دەمکاتە بێ و توانای تێکەڵاوبوون و سازانی لەگەیا هەبێت و لێیدانەبڕێت. دەبێت چیرۆك وەکو ساختومانێکی تۆندوتۆڵ هەبچنرێت و ڕۆگە نەدەیت یەك خشت لە شوێنی خۆی گرنگی و بایەخی خۆی نەبێت.

هەموو پێکهاتەکانی چیرۆك لە خەیاڵ و ئەندێشە و ڕوداو، هەر خۆیان بە تەنیا و بەبێ یاریدەی هاوپاڵەکانی دی ناتوانن چیرۆکێکی باش بگێڕنەوە و بخوڵقێنن. هەر چیرۆکێك ئەگەر لە دوای تەواوبوونی، خوێنەر نەتوانێ بە کەسێکی دی بگێڕێتەوە بەلای منەوە چیرۆکێکی خراپە و هەڵەیێکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. تۆ بڕوانە پشیلە ڕەشەکەی ئێدگار ئالان پۆ، تا ئیستا ئەو چیرۆکە دەژی و هەناسە دەدات و توانای بڕێنی ڕۆژگارە جیاوازەکانی هەیە. تەنیا و تەنیاش سەرکەوتنی ئەو چیرۆکەش لەو ڕوداوەدا خۆی نابینێتەوە کە پۆ، وەستایانە چنیوێتی، بەڵکو دەتوانی گوێت لە هەناسەدانی کارەکتەرەکەی بێ، پەی بە ترس و نیگەرانی و داچەکین و چاوەڕوانییەکەی بەریت و وەکو میلەکانی کاتژمێرێك بەبێ وەستان لە پنتێکەوە بەرەو پنتێکی دی دەڕوات.

لە چیرۆکی کوردی دا، گەلە گورکی حوسێن عارف، بە هەمان شێوە یەکێکە لە هەرە چیرۆکە زیندووەکانی ئێمە، تۆ لە دەمی خوێندنەوەدا هەستناکەیت هەر بەتەنیا چیرۆکێك دەخوێنیتەوە، بەڵکو تۆ لەناو ڕووداوێکا دەژیت کە بە هەقیقی ڕوو دەدات و خەیاڵ نییە و هەست دەکەیت چرکە چرکە بەرەو کۆتایی دەڕوات و هەر چرکەیێکی دەتوانی دەستی تێوە بدەیت و قورسایی خۆی هەیە. خاڵیکی زۆر بەهێزی چیرۆك، ئەوەیە لە دوای خوێندنەوەوە وا لە خوێنەرەکەت بکەیت ئەو کەسە نەبێت کە لەوەبەر هەبووە و بتوانی بچیتە ناو یادەوورییەوە و لەوێ

دا تا مردن بمێنیتەوە و ناچاری بکەیت کە دەستت لێهەڵنەگرێت. ئەوەش کارێکی سادە نییە و سیحرێکە کە لە ئەزموونی خوێندنەوە و دونیابینییەوە دەرسکێت.

پ7/ نوسەرێك دەڵێت" پێش باوکردنەوەی چیرۆکەکەت خۆت (10) جار بیخوێنەوە ئەگەر بۆزاربوت لێی بیدڵێنەو باوی مەکەرەوە، تۆ تا چەند دوای نوسین و باوکردنەوە چیرۆکەکانی خۆت دەخوێنیتەوە.؟

وە/ خەمی باوکردنەوە خەمێکی زۆر سادەیە و هەنگە تەنیا لەسەرەتای نووسین دا ئەو هەڵپەیە بوونی هەبێت و دواتر نامێنیت. ئەگەر زانیت ئەو هەڵپەیە لەگەڵتا دەمێنتەوە ئەوە گرفتارییەکی زۆر گەورەیە و دەبێت زوو لە خۆتا بیکوژیت. وەکو باوکردنەوە من باکم بە باوکردنەوە نەبووە و کاتێکیش چیرۆکێکی خۆم باودەکەمەوە ئیدی ترسم لێی نییە و ئەو ژیانەم پێبەخشیوە کە توانای مانەوەی هەبێت. من تا ئیستا لە هیچ چیرۆکێکی خۆم بۆزارنەبووم و نەك دەجار بەردەوام دەیانخوێنمەوە. من هەر چیرۆکێکی خۆم، چونکە هەڤاوی نێو ژیانی خۆمبوون لەناو منداڵیان هەیە و لەگەڵم دەژین .

منت لێت ناشارمەوە بەهۆی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی دەربارەی هونەری نووسینی شانۆ هەمە، توخمێکی سەیرم لەناو چیرۆکەکانم چاندووە کە دەشێ بە سیناریۆ ناوزەدی بکەم . تۆ ئەگەر دەرهێنەرێکی شانۆ بیت، پێویستت بەوە نییە سیناریۆ بۆ چیرۆکەکانی من بنوسیت و زۆر سادە دەتوانی بیانخەیتە سەر شانۆ و تەنانەت بشیانکەیت بە فیلم . تۆ سەیری ئەو منداڵە بکە کە لەژوورێکی پڕ لە ئاو ڕادەکات و لەناو هۆڵانەی حاجی لەقلەقێك دەگیرسێتەوە . ئەو عاشقەی ماڵی خۆشەویستەکەی گوێباران دەکات و ئامادەیە گورچیلەی خۆی پێ ببەخشێ. ئەو ژنەی لە حەوشەیەکدا خەریکە خۆی دەسوتێنێ. ئەوانە ووداو گەڵکن کە لای من بیرناچنەوە و من ڕۆژانە لەناو یادەوەری خۆم دا دەیانبەم و دەیانهێنم. من ئەگەر چیرۆکێك هەموو ئەو سیحرانە هەڵنەگرێت کە خۆم دەمەوێت ئەوا بە هیچ جۆرێك باوی ناکەمەوە و حەزیشم بەزیادکردنی ژمارەی چیرۆکەکانم نییە. من لەو نوسەرانەم کە زۆر کەم دەنوسم و دەمەوێت کاری پوخت بەرهەم بهێنم .

پ8/ ناونیشانی چیرۆك بەشکی گرنگی سەنجڕاکێشانی خوێنەرە، بەڵام ئەوەی لای تۆ تێبینی دەکرێت، هەڵبژردنی ناونیشانەکان لای تۆ تا ڕادەیەك ناوکی سادەی بگرێ و گۆڕن، هۆکاری گرنگی نەدان بە بەهێزی ناونیشانەکان لای تۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟

وه/ زۆر ساده دەشێ بێم مەرج نییە ناونیشان مەبەستی چیرۆکەکە هەنگ پێبداتەوە. هەندێکجار ناونیشان هەڵخەڵەتێنەرە. خەڵکان بە ناودا دەناسرێنەوە، بەڵام بە ناودا هەڵناسەنگێنرێن. مەرج نییە هەموو ناو دانایەك پیاوێکی دانا بێت و هەموو کچێکی جوانیش ناوی جوان بێ . لای من ئەوەی کاری لەسەر دەکەم کێی گشتی چیرۆکەکەیە وەکو یەکەیەکی گشتگیر. دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بەناونیشانەوە مژووڵ نەکەم و ئەو خوێنەرەی هەر بە تەنیا لەسەر ناونیشانەوە بڕیار دەدات و تەنیا ناونیشانەکە ڕایدەکێشێ یان ڕاینەکێشێ هەر لەسەرەتاوە وای لێبکەم بڕوات و لە کۆتایی بێتەوە. چیرۆك وەکو تەماشاکردنە لە گوڵێکی سوور لەناو پارچە خاکێکی ڕووتەن دا، ئیدی ئەو تازە خاکەی گوڵەکەی لێ ڕواوە هەر ناوێکی هەبێ و ئەو گوڵەش هەر ناوێکی لێدەنێی هیچ کات هێندەی ئەو تەماشاکردنە بایەخی نییە کە لە ئەندێشەی تێدا هەیدەکۆڵێ. کاتێکیش ناونیشان لای من سادە و بێگرێ و گوێ لە دایك دەبێ، داوەتکردنی خوێنەرە بۆ چیرۆکێکی سادە و بێگرێ و گۆڕ. بۆ نموونە، کاتێك چیرۆکی گوڵەکانی شەوم نووسی، ئارەزووم نەبوو سیحرێك لەناونیشان دا بەجێبهێڵم ئەوەندەی ئارەزووم بوو ئەو سیحرە لە کۆتایی دا و لە دوای خوێندنەوەوە بە هەواشی دروست ببێ .

هەرواش بوو و تەماشام کرد زۆر بەباشی مەبەستەکەم گەیشتووە و خەڵکانێك بەهەی ناونیشانەوە چیرۆکەکەیان نەناسی، بەڵکو بەهەی ئەو سیحرەوە کە لەناو چیرۆکەکەدا خەی حەشاردابوو. کاتێك ئەو چیرۆکە بڕاوبۆوە کەسانێکی زۆر سادە لە چەمچەماڵ و شاروشارۆچکەکانەوە بەو چیرۆکەکە سەرسامبوون. لەوە تێگەیشتم ناونیشان ئەوەندە سەرنجڕاکێش نییە و ئیدی خۆم لەو کاکردنە بوارد. من لەو چیرۆکنووسانەم کە نامەوێ چیرۆکەکانم خوێنەرێکی زۆری هەبن و خوێنەرێکی کاتی لێ کۆبێتەوە، لەوە دەگەڵم ئەگەر خوێنەر چیرۆکەکەی خوێندەوە بە هەواشی بڕیاری لەسەر بدات. زۆرجار تێ چیرۆکێکیش دەخوێنیتەوە هیچت لا دروستناکات و زۆر بە سادەیی دەشێ بڕوات. کەچی لە شوێنێك و لەپێکا ئەندێشەیێك دەتباتەوە بۆ ناو چیرۆکەکە و تەواوی چیرۆکەکە جارێکی دی لات زیندوو دەبنەوە. من بۆ خۆم ئەو کارە دەکەم و دەمەوێت شوێنکاری من لە چیرۆك دا لە کۆتایی خوێندنەوەدا شتێك لای خوێنەر بەجێ بهێڵێت. هەر لەسەرەتای خوێندنەوەشمەوە چیرۆکم وەها بینی و وەهاش ناسی. بۆ تێگەیشتن و خۆشویستنی هەموو چیرۆکەکانی چیخۆف و هەمەنگوای و پۆ، دەیان ساڵیان لێخواستم و لە دوای خوێندنەوە و بە هەواشی سیحری چیرۆکەکان لام شوێنی خۆیان کردەوە. چیرۆك دەبێ لەناوتا بژی و هەرگیز لە دەموساتی خوێندنەوەدا

بەتناکرێ بەیار لەسەر باش و خراپی چیرۆکەکان بدەیت. من دەزانم خوێنەری کورد هەر وەکو چۆن هەشتا چۆڕی لە دەقی شانۆ وەرنەگرتووە و شانۆناس نییە، چیرۆکناسیش نییە چیرۆك لەناویا ناڕی. هۆکارەکەشی زۆر بەسادەیی ئەوەیە کە ئێمە نازانین چۆن بخوێنینەوە و بە دەخوێنینەوە .

پ9/لە نوێترین کتێبتا (سلێمانیەکان) زۆر کار لەسەر شاری سلێمانی و کەسایەتیەکانی دەکەیت و بنەمای سەرەکی چیرۆکەکانتن، ئەم هەموو گرنگیدانە بە سلیمانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

وە/ سلێمانی بۆ من شاری منداڵی و پنتی هاتنەدەرەوەمە وەکو ئینسانێك بۆ نۆو دونیایەکی فراوان . کاتێك منداڵێك لە دایك دەبێت لەناو ژوورێکی بچکۆلەدا دەخوێقێ و بەستراوەتەوە بە تەنیا کەسێکەوە کە دایکە و دواتر لەڵێی هەر چوار پەلیەوە بەنۆو ژورەکەدا هەوڵی چوونە دەرەوە و ناسینی ووبەرە جیاوازەکانی دی دەدات. هەوڵی ناسینی ئەو خەڵکانەی تر کە لە ماڵەکەی دا هەن و لە گەڕەکەکەی و لە شارەکەی دا هەن. مرۆڤ هەر بەتەنیا لەڵێی چوارپەلیەوە ئەو گەشتە ئەنجام نادات، بەڵکو لەڵێی بینین و بیستن و دەست لێوەدانەوە دەکرێ زۆر واوەتر لە زەمینەی خۆی بڕواتە دەرەوە و پەلبکێشێ. سلێمانی بۆ من هەر بەتەنیا شارێك نییە، بەڵکو جیهانێکیشە کە من ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵی دۆزینەوەی دەدەم. سلێمانی ئەو کاتانەی لەوێبووم و لەناویا ژیاوم و ئەو کاتانەشی کە لێوەی دووربووم و هەوڵم داوە بۆی بگەڕێمەوە، تاکە شارێك بووە کە داگیری کردووم و بەردەوام بەخەیەوە سەرقاڵی کردووم. من وای دەبینم هەر مرۆڤێك لەژیانی دا بۆی دەکرێ تەنیا شارێك بەباشی بناسێ و دواتر هەموو شارەکانی دی دونیا وەکو ئەو شارە بینا دەکاتەوە کە لە یادەوەرییدا جێی خۆی کردۆتەوە. من کاتێکیش لە سلێمانی دوورنەکەوتبوومەوە هەر بە سلێمانییەوە بەسترابوومەوە و بەردەوام دەگەڕام بیناسم. لە درەخت و ئاسمان و شاخەکانی دەوروبەری ووردە دەبوومەوە، لەو خەڵکانەی لە ناویا دەژیان، لەو کەسانەی دەمردن و بەخاکمان دەسپاردن و لەو منداڵانەشی کە دەهاتن و هێندەی پێنەدەچوو لەپاڵمانەوە گەورە دەبوون . کاتێك سلێمانیم بەجێهێشت و شارانێکی تری دونیام ناسی، هەستم کرد تاکە شارێك کە من وەکو بەری دەستم لەگەڵ خۆم هەڵمگرتووە تەنیا سلێمانییە و من دەتوانم تا مردن لەسەری بدوێم. شارەکان هەر چارەکە سەدەیێك ڕەنگ و شێوەیێکی دی وەردەگرن و لە ڕابردووی خۆیان ناچن. من زۆرجار بە خەڵکانێکی جیاوازی شارەکانی دی دەگەیشتم هیچیان دەربارەی ڕابردووی خۆیان

نەدەزانی. تەنانەت ناوی شەقام و کۆلان و قوتابخانە و مزگەوتەکانیان لە یاد دەکرد. ترسێك دایگرتم لەوەی لەبیرچوونەوە حەقیقەتێکە نەك هەر تەنیا مرۆڤەکان، بەڵکو شارەکانیش دەگرێت. زۆرجار زۆر سادە و بێ ویستێکی تایبەت دەربارەی گرانییەکی کوردی لە گەنجێکم دەپرسی ئەو گرانیبڕژە کێیە، تەماشام دەکرد کەمێك ڕادەما و هەوڵی دەدا بیری لێبکاتەوە و بە دوایا بگەڕێ . کەچی لە هەمان کاتا زۆر شارەزایانە گرانیبڕژەکانی چوار دەوری خۆمانی دەناسی. لێرەدا هەوڵستەیەکم کرد و گەیشتمە ئەو بۆچوونەی کە دەبێت شتێك بکەم ئەو شارە بەجێڕێك لە جێرەکان لە مردن و لەبیرچوونەوە قوتاربکەم . من پێموابوو لە دوای ڕاپەڕین ئێمە دەتوانین ئەرشیفێکی گەورەی نیشتیمانی دابمەزرێنین و هەموو ئەو کەسانەی کارێکیان بۆ شارەکانیان کردووە لەوێدا تۆمار بکەین و یاد و بۆنیانی تیا بپارێزین . کەچی وا دەرنەچوو و بەهۆی دابەشبوونەوە خەریکە کەسانیکی دەستەنگین و ماندوونەناس پووچ و ڕیسوا دەکرێن. کەسایەتییەکان بەجێڕێك لەیاد دەکرێن، کە دوور نییە سبەی خەڵکانێك شوێنەواریشیان نەدۆزێتەوە. هیچ شارێك نییە لە دونیا ئەرشیف و مۆزەخانەیێکی تایبەت بە خۆی نەبێت . شارەکانی ئێمە لەبەردەم فەوتانێکی سەیردان و هەندێکجار هەست دەکەم ئەوە بە دەستئەنقەست ڕوو دەدات و ڕەشەبایێکە بۆ شارینەوە و سڕینەوەی شوناسمان هەیکردووە. هەبەت من دڵنیام ئەو کتێبە هەر وا بە تەنیا نامێنێتەوە و ئەو پەیامەی من هەمگرتووە، ئەمڕۆیان سبەی ڕوون و ڕوونتر دەبێتەوە و شوێنهەگری بۆ پەیدا دەبن. من هەر بەتەنیا مەبەستیشم بە ئەرشیفکردنی شارێك نییە، بەڵکو نیشاندانی هونەری خۆمە کە دەتوانم هەموو شتێك بهێنمە ناو هونەری چیرۆکەوە و ئەو چوارچێوە و تەوقەش بشکێنم کە لە دەوری خۆمان هەمانچنیوە دەربارەی نوسینی چیرۆك. گەلێك لە نوسەرانی گەورەی دونیا بابەتی ناو شار و نیشتیمانەکەی خۆیان بوونەتە هەوێنی نوسینەکانیان و دەشبێ هەرواش بێ. منیش بیرمکردەوە سڵمانی تاقە شوێنێکە کە من خۆشم دەوێ و هەر خۆشەویستی ئەویش وایلێکردووم هەموو دونیام خۆشبوێ. کاتێك لە هەر شارێکی دی تەماشای ئاسمان دەکەم، دەست لە درەختێکەوە دەدەم بۆم ناکرێ چێکی لێ بشکێنمەوە، چونکە من شارەکەی خۆمم زۆر زۆر خۆشویستووە و هەرگیز ڕێگەم بە خۆم نەداوە دڵی بەهەنجێنم. سڵمانییەکان گەلانەوەی ئەو وەفا و پێزانینەی منە بۆ ئەو شارەی کە بە هەناسەی خۆی گەورەی کردووم .

پ10/ بەختیار عەلی لە دیدارێکدا دەڵێت" باشترین خزمەتێك کە نوسەرێك پێشکەش بە خوێنەرەکانی بکات ئەوەیە کە لە کاتی نوسیندا

بیریان لێنەکاتەوە" ئایا نوسەر دەبێت بۆ خوێنەر بنوسێت، یان بەپێچەوانەوە نوسەر نابێت بۆ خوێنەر بنوسێت و ئەوە خوێنەرە دەبێت بۆ ئاستی نوسینی نوسەر بەرزبێتەوە. تۆ تا چەند لەکاتی نوسینی چیرۆکدا خوێنەرەکانتت لە بیرە؟

وە/ منیش لەگەڵ ئەو ڕوانینەی کاك بەختیاردام کە دەبێ نوسەر لە دەمی نووسین دا بیر لە خوێنەرەکانی نەکاتەوە . هەمیشە لە ئەندێشەی نووسەردا خوێنەرێکی گریمانکراو هەیە، لە دەمی نووسین دا بۆی دەگەڕێتەوە، کە ڕەنگە ئەو خوێنەرە گریمانکراوە، بەشێکیشی لە خودی نووسەر هەڵگرتبێ. هەمیشە کاری نووسەران ئەوە بووە کە خوێنەر بۆ ئاستی نووسین بەرزبکاتەوە. هەندێك بیرکردنەوە هەن لە ڕۆژگارێك دا خراونەتە ناو ئەو بابەتانەی کە ناکرێ قسەیان لەسەر بکرێ و بە جۆرێك لە جۆرەکان تابۆ کراون، ئیدی مانای ئەوە نییە کە ڕۆحی کەمەڵگا نابێت بەر بەو داخرانە بگرێت. مافە ئینسانییەکان بە گشتی و لەناویان دا مافەکانی ژنان و منداڵان ئەو بابەتانەن بەناوی بێدەنگی و ملدان بۆ بیرۆای زۆرینە هەمیشە کەمەڵگاکان خۆی لێ دزیونەتەوە. نوسەر دەبێت کەسێکی بوێر و یاخی بێت و بایەخێك بۆ ئەو ترسە دانەنێت کە لە دەرەوە دێتە بەرڕێی و هەمیشە بەدووی ئەو ئایینده گەشەوە بێت کە کەمەڵکا و زمان و ڕوانینی باو بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر. من وەکو خودی خۆم لە دەمی نووسین دا ئاگام لەو خوێنەرە باوە نییە و زۆرجاریش بەهۆی ئەو بابەتانەوە کە کردومنەتە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانم هەندێکجار بابەتێکی خوازراو نەبوون و بۆ خودی خۆم نوسیون و بۆ ئاسودەیی و مەزاجی خۆم نوسیوون. ئەو نوسەرەش کە بۆ خۆی نەنوسێ، بۆوا دەکەم بابەتی سواو و بۆ کەڵك بنوسێت و بوێری ئەوە نەکات کە لە بیرکردنەوەی ڕۆژگار بترازێ. من زۆرجار لەو ڕوانینەم دا بۆ هینریك ئەپسنی شانووسی نەرویژی دەگەڵمەوە و کەڵك لە لەکارەکانی ئەو وەردەگرم. هەردوو شانۆیی " دۆزمی خەڵك " و " ماڵی بووکەشووشە " لە دەم و ساتی خۆی دا زۆر بە خراپی لەلایەن ڕۆژگاری خۆیەوە بە ڕووی دا وەستاونەتەوە و دووچاری بەرەنگارییەکی قورس بوونەتەوە. من کاتێك چیرۆکی " جیهانی هەردوو دیووی تەویلەکەم نووسی " کە یەکەمین چیرۆکی من بوو، بەرەنگارییەکی زۆرم هاتەڕێ بەڵام لەو ڕوانینەم پەشیمان نەبوومەوە کە هەمیشە پێموابووە نووسین دەبێ ڕۆحێکی پێشرەوانەی هەبێت. لێرەدا نابێت ڕۆمانی " سەگوەی " خوالێخۆشبوو محەمەد موکریشمان لە یاد بچێت کە دوور نەبوو بە هۆی هەڵە شیکارکردنەوە لەناو شۆرش دا سزای کوشتنی بەسەرا بدرێت .

گفتوگۆ لەگەڵ جوتیار ئەحمەد … سازدانی/ شاخەوان سدیق.

جوتیار ئەحمەد”
بۆ من نوسین خۆقاندنی دنیایەکە بەشێوەیەکی جیاوازتر لەو واقیعەی کە هەیە.
یەکێک لە دەنگە تازەو جدیەکانی ناو دونیای چیرۆک نوسینی ئەمە، کە ماوەی چەند ساڵێکە بەبڕدەنگی و دوور لە فەوزای میدیای خەریکی بڕاوکردنەوەی بەرهەمەکانێتی گەنجێکی هەمن و لەسەر خۆیە، بەناوی (جوتیار ئەحمەد) بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم نوسەر گەنجە، پێمان باش بوو لەم دیدارەدا بیدوێنین.

سازدانی/ شاخەوان سدیق.

پ1/ زۆرێک لە نوسەرانی کورد، بە شیعر نوسین دێنە ناو دونیای ئەدەبیەوە و کەمتر خۆیان لە قەرەی نوسینی چیرۆک دەدەن، هەربۆیە لە بوارەکەشدا کەسی چیرۆک نووس کەمە، ئێوە ئەمە بۆچی دەگەڕێنەوە؟ ئایا چیرۆک نوسین کارێکی قورسەو پێویستی بە سەلیقەو مەعریفەیە، یان نوسینی چیرۆک تایبەت مەندی خۆی هەیە؟

وە/ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نووسنیش وەک هەموو کردەوەکانی تر بۆتە چاولێکەری و مۆدی لێڕاژ، واتە گۆڕینی ئەرکی شیعر لە نوسین بۆ خوێندەوارەوە بۆ عەوام، لێرەشەوە ئەوە دەست پێئەکات کە شاعیریش بەرەو عەوام بوون ئەڕوات، ئیدی هەستکردن بەوە دێتە ئاراوە کە شیعر نوسین کردەیەکی زۆر ئاسانە، کە بە پێچەوانەوە وانیە. سەبارەت بەوەی کە من بۆ بەشیعر دەستم پێنەکرد، لای من وەک پاموک دەڵێت” شیعر نوسین قسەکردنە لەگەڵ خودا واتە ئەبێت خودا بتدوێنێ، ئەگەر نا ئەوە تۆ ناتوانیت شیعر بنوسیت”، کەم شاعیر هەیە خودا بیان دوێنێ، هەربۆیە دنیای ئێمە پڕبووە لە شیعری هیچ. جگە لەوەش من هیچ کات نەمویستووە ببمە شاعیر، یا هیچ کات لەگەڵ ئەو لێشاوەدا نابێم کە تۆ باسی ئەکەیت. سەبارەت بەچیرۆک بەڵێ

ژیرخانێکی پتەوی خوێندنەوەی ئەو، فراوانکردنی خەیاڵ و دنیابینی جیاوازی ئەو، من تا نەمتوانی بە زمانێکی بیانی بخوێنمەوە، نەمتوانی چیرۆك بنووسم، لەبەر ئەوە ئەمەوێ پێت بڵێم کە نوسەری ئێمە کەسێکی تەمەڵە لە خوێندنەوەدا، وە بۆتە کەسێکی چالاك لە نوسیندا کە ئەمەش بەبێ ژێرخانی باشی خوێندنەوە ئەبۆتە چەنەبازی و بێمانایی.

پ2/ گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی کارەساتبار بە درێژای مێژوو چەندین کارەساتی بەسەردا هاتووە و لەم ڕووەشەوە ەنگە دەوڵەمەنترین میلەتبین لە ووی زۆری چیرۆك، کە بەهۆی ئەو کارەساتانەوە ویانداوە، کە هەمیشە کەرەستەی باشی گاڵتەوەن بێ دروستکردنی چیرۆکی ئەدەبی، ئێوە پێتان وایە ئێمە توانیومانە بەتایبەت چیرۆك نوسەکانمان سودی باش لەم هەموو کارەساتانە وەرگرن بێ دەوڵەمەندی چیرۆکی کوردی و بە ئەدەبکردنی ڕووداوەکان وەك ئەوەی دوای هەڵکەست جولەکەکان کردیان.؟

وە/ کە تۆ مەعریفەی خوێندنەوەو نوسینت نەبێ با هەموو مێژووەکەت کارەسات بێت، هیچ سودی نیە، تەنها زەر وتنی بێمانا چاپ وبڵاو دەکرێتەوە، خۆ (تاوان وسزا)ی دیستۆفسکی باسی کارەساتی کۆمەگە ناکات، یا باباسی داستانی (گەلگامێش)ی سۆمەریيەکان بکەین، کە چەندین سەدە پێش(ئۆدیسەو ئەلیادە)ی هۆمیرۆس یا چیرۆکەکانی تەورات نوسراوەتەوە، لەوێشەوە بێ (هاملێتی شەیکسپیر)، دانکیخۆتەی (سێرڤانتس) و پاشان، وەك وتم دیستۆفسکی و ئینجا (ئاناکارنینای تۆلستۆ)ی، ئەمانە کەبونەتە تۆکستی نەمر هیچیان باسی کارەساتی گەورە ناکەن، کە بەسەر کۆمەگە هاتووە، بەکو باسی دەرون و ناخی مرۆڤ ئەکات، واتە کێشە دەرونیەکانی مرۆڤ کە هەمیشە بە نەگاڵتی دەمێننەوە، ئەو کێشەو پرسیارانەی کە لەسەرەتای دروستبونی مرۆڤایەتیەوە مێشکی مرۆڤ دەخۆن. کۆمەگەکانی خۆیانیان ئەناتۆمی کردووە، کە دوای ئەوانیش کۆمەناس و دەروناسەکان بێ زانستەکەی خۆیان بەکاریان هێناوە، ئێستاشی لەگەدابێ. واتە چیرۆکنوس و ڕۆمانووس بەبێ شارەزای دەرونی ئینسانی کۆمەگەکانی خۆیان ناتوانن تۆکستی نەمر بخوڵقێنن، ئەمەش بە خوێندنەوەو وردبونەوە دەکرێت، لە تەنیایدا ئەتوانی بخوێنیتەوەو وردبیتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی نوسەرانی ئێمە ڕقیان لە هەردوکیانە، ئەمەش وەك پیشەی سیاسەت کوتلەوکوتلەکاری و بەشان و باڵی یەکتردا هەدانی هێناوەتە کایەوە.

پ3/ هەموو مرۆڤێك كە دەنوسێت كەمەڵك چیرۆكی تایبەتی لە ژیاندا بێ گوێانەوە هەیە، وەك ئەوەی كە ماركیز دەی وت" من دەژیم بۆ ئەوەی بگوێمەوە" ئەتوانم بزانم چیرۆكەكانی تۆ لە ژیانا بێ گوێانەوە چین؟ ئایا نوسین پانتایەكە بۆ ووتنی ئەوشتانەی كە لە واقیعدا بێت ناكرێت؟ یان ئەدەب بەگشتی و ژانری چیرۆك نوسین بەتایبەتی بۆ تۆ چین؟

وە/ هەموو مرۆڤێك چیرۆكی خۆی هەیە بۆ گوێانەوە، بەڵام ئایا كێ توانای هەیە بۆ گوێانەوەو نوسینەوە. یاخود بوێری وتنی نهێنی و قەدەغەكراوەكانی هەیە. چیرۆكەكانی من بۆ گوێانەوە ئەوانەن كە لە دەرونی مرۆڤەكان وكەمەگەدا هەستی پێدەكەم، بەدنیاییەوە تۆ كە لە تەنیاییدا ئەنووسی خاوەنی جیهانی خەیاڵی خۆتی واتەی ئەوەی لە واقیعدا ناكرێت نووسەر ئەتوانێ بەپێی خەیاڵ و ویژدانی خۆی بیخوێنێ. بۆ من نوسین خوێقاندنی دنیایەكە بەشێوەیەكی جیاوازتر لەو واقیعەی كە هەیە، هەفزكردنی كەمەگەیەكی داڕزاو بنیادنانی دنیایەكی جوانتر بۆ كارەكتەرەكانی دنیای خەیاڵی خۆم، كە هەڵنجراوی ئەو كەمەگەین، خۆم بە واقیع تیایدا ئەژیم، جیاواز نوسینەوەی دەستورو یاساكان بەو شێوازەی خۆم ئەمەوێ.

پ4/ لە نێوان كەمەڵە چیرۆكی بناوكراوەی (ڕۆچكەی مرۆڤەكان،) تا ڕۆمانی (ئایەتەكانی سورەیا) وەستانێك لە كاركردنتا بەدی دەكرێت، لە ڕووی زەمەنەوە، ئەم وەستانە پەیوەندی بە خوێندەوەمەندكردنی معریفەوە هەیە، یان نەخێر نەوەستاون، بەڵام كەمتر بناو دەكەنەوەو ناتانەوێت بەشێك بن لە، لێشاوی بناوكردنەوە، وەك ئەوەی كە ئێستا لە دنیای ڕۆژنامەو گۆڤاری ئێمەدا هەیە؟ ئەتوانم بزانم هۆكاری ئەم بڕەنگیەت چییە؟

وە/ بەڵێ من نامەوێ بەشێك بم لەو لێشاوە، وە حەزیشم لە زۆر نوسین نیە، بەڵكو زیاتر حەز بەخوێندنەوە دەكەم، زۆر كەس بەشدارە لەو لێشاو نوسینەوەیەدا، كە ئەمەش لە هەموو دنیادا باوە، بەڵام لە كۆتایدا دەقێك ئەمێنێتەوە كە توانای وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی هەبێت، خەیاڵی مرۆڤەكان فراوان بكات، نادیارەكان بنێتە بەرچاوی خوێنەر. جگەلەوەش من ئەوەندەی بیم بكرێ خۆم دور ئەگەرم لەو كوتلەو كوتلەكارەییەی كە لەسەرەوە باسم كرد، پەیوەندی هاوێیەتیم لەگەڵ هیچ نوسەرێك نیە، كە ڕۆزم بۆ هەمووشیان هەیە، ئەمەش پەیوەندی بە خۆبەزلزانیەوە نیە، بەڵكو من لەگەڵ لێشاودا ناڕۆم، وە لە دنیای نوسینی ئێمەدا بگەنبوون و گەندەڵیەكی سەیر لە ئارادایە، هەر بۆیە نامەوێ تێكەڵ بم، هیچ یەك لە هاوڕێ نزیكەكانم

نوسەرنین، وە بە دەگەمەنیش دەخوێننەوە.

پ5/ زۆرجار دەوترێت چیرۆك نوسین مەشقە بۆ نوسینی ڕۆمان. یان چیرۆك پشوی خوێنەرە لە نێوان ڕۆمان بۆ ڕۆمانێکی دیکە، تۆ تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچونەی، تۆچیرۆك بە ژنرێکی سەر بەخۆدەزانیت؟.

وە/ ئەم پرسیارە زیاتر بۆ خوێنەر گونجاوە، واتە ئەبێت لەخوێنەر بکرێت. ئەڵێ هەندێکجار چیرۆك نوسین مەشق بێت بۆ ڕۆماننووسین، بەڵام هەموو کات نا، ئەبینی ڕۆمانووسی زۆر سەرکەوتوو هەبوون و هەن کە چیرۆك نووسیش نین، وە ئەڵێ زۆرجار چیرۆك ڕۆمانێکی تەواو نەکراوبێت، لە هەمانکاتیشدا ئەتوانین بڵێن چیرۆك ژانرێکی سەربەخۆشە.

پ6/ دوایین بڕاوکراوەتان ڕۆمانێکە بەناونیشانی (ئایەتەکانی سورەیا). دەتوانین کەمێك لەسەر شێواز و تەکنیك و تەمای سەرەکی ئەم ڕۆمانە بڵێن بدوێت؟ بە بۆچونی خۆتان لە نێوان کەمەڵە چیرۆکی چاپکراوی یەکەمتان و ئەوە ڕۆمانەی ئێستادا چ گۆڕانکارییەك بەسەر شێوازی نوسین و تەکنیکی نوسین لای ئێوە هاتوە؟ ئێوە لەگەڵ ستایلی دیاری کراو تایبەتان، یان پێتان وایە لە نوسینکەوە بۆ نوسینێکی تر دەبێت گۆڕانکاری هەبێت؟

وە/ ئایەتەکانی سورەیا باسکردینی داڕزانی هەموو کونجەکانی کەمەگەیە بەهەی سیاسەتەوە، ڕاکێشانی سیاسەتە بۆ ناو دنیای فەنتازی و شیتەکردنی، باسکردنی خنکاندنی کەمەگەیە لە ناو دەریای نەوتدا، ونبونی هەموو بۆنەخۆشکانەو زاڵبونی بۆگەن وپیسیە. من ناتوانم بڵێم چ گۆڕانکارییەك لە نێوان کەمەڵە چیرۆکی یەکەمم و ئەم ڕۆمانەدا ڕویداوە، ئەوە خوێنەر و ڕەخنەگر ئەتوانن قسەی لەسەر بکەن. وەك باسم کرد من لە دنیای ئەدەب و هونەردا یاسای جێگیر نابینم بەپێی خوێندنەوەی خۆم و فراوانبوونی دنیای بینی خۆم ئەنوسم، نوسەر ئەکرێ زمانی تایبەتی گۆڕانەوەی خۆی هەبێت، بەڵام ئەگەر بیەوێ لەسەر یەك ستایلی تایبەت بنوسێ، ئەوە دورە لە دنیای ئەدەبەوە.

پ7/ زۆرێك لە ڕۆمان نوسەکان دەڵێن ئەمە دەتوانین ئەوەی بە ڕۆمان دەی نوسین بیکەین بە چیرۆك یان ئەو چیرۆکەی دەی نوسین دەتوانین بیکەین بە ڕۆمان ئایا ئێوە پێتان وایە کە کاری چیرۆك نوسین ئەوەندە سانایە؟ یان ئەم کارە دەکرێت بکرێت؟ بۆ چونتان چیە؟

وه/ من هیچ یاسایەك لە ئەدەبدا نابینم، واتە ناکرێ ئەدەب وەك بیرکاری و فیزیا یاسای هەبێت، بەڵکو خەیاڵ دەور ئەبینێ لەگەڵ توانای نوسەر، ئەوەی تێ باسی ئەکەیت ئەکەوێتە سەر توانا و فراوانی خەیاڵی نوسەر.

پ8/ هەندێك چیرۆك لە گەڵ نوسینیاندا لای خوێنەر دەمرن، و کێن دەبن، دەتوانی پێمان بڵێیت خاڵە بەهێزەکانی چیرۆکی زیندووی نەمر چین؟

وه/ ئەم پرسیارە هەمان وەڵامی پرسیاری دووەمی هەیە، واتە نووسەر ئەبێت توانای ئەناتۆمی کەمەگەی خۆی هەبێت، لەگەڵ زەمەن و وداوەکانی سەردەمی خۆیدا بێ، کاڵقینێ دەڵێت" وەك ناسیەکەی باوکم زۆر سودی هەبووە بۆ دنیای نوسینی من، چونکە شارەزای ڕەگەکانی ئەو تێمایانەبووم کە لەسەری ئەنوسم، فۆری ئەوەبووم وەك ڕەگ بە وارو وێخی شتەکانا بچەمە خوارەوە.

_____

جوتیار ئەحمەد:
لەدایك بووی (1980) لە شاری سلێمانی.
بۆوانامەی لە بەشی شوێنەوارناسیدا هەیە.
لە ڕابردوودا دوو کەمەڵە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، بەناوەکانی (سوارەکانی وشە، ڕۆچکەی مڕوولەکان)
دواین بڵاوکراوەی ڕۆمانێکە بەناوی (ئایەتەکانی سورەیا).

نامە بۆ کچەکەم ڕۆمانی ئازارە قوڵەکانی تاراوگەنشین … شاخەوان سدیق

"خوداوەند بۆیە ئازار دەخوڵقێنێت، تا شاعیران بۆ نوسینی سروودەکانیان ئاتاجیان بە بابەت نەبێت" (هۆمیرۆس)

ەنگە کەم گەل و نەتەوە هەبن لەسەر ووی زەوی، چ لەسەر ئاستی

گشتی و چ لەسەر ئاستی تاك هێندەی ئێمە وەك كورد، لە ئازارە سەخت و تاڵەكانی مەنفاو ئاوارەی و دورکەوتنەوە لە نیشتمان تێبگەن، بۆیە كاتێك بەرهەمێكی ئەدەبی تایبەت بەم بابەتە دەخوێنینەوە خۆراترو فراوانتر لە هەر خوێنەرێكی دی لە وڵاتانی تری دونیا لێی تێدەگەین و دەست و پەنجە لەگەڵ دێبە دڵی چیرۆكەكەو ڕوداوەكانی ناویدا نەرم دەكەین. چونكە بەدرێژای مێژوو نەوە دوای نەوە ئاوارەی و دورکەوتنەوەو هەڵهاتن لە نیشتمان بەشێك بووە لە ژیانمان، جا بۆ هەر بیانویەك بوبێت وەك تاراوگە نشینێك خەمان وێناکردووە،هەڵكاری ئەم كرداڕەش ئەگەر زۆرجار لەلایان نەیارەكانمانەوە بووبێت، ئەوا هەندێك جار لەلایان خەمانەوە كراوە، وەك خێزان و حزب و حكومەتی خەمانی خەمان، هەربۆیە هەندێك جار ئەم حاڵەتی تاراوگە نشینیە لامان بۆتە حەزوو ڕۆشتن و هەڵهاتن لە نیشتمان لامان بۆتە خەونێكی گەورە و چیتر (ماغوت) وتەنی" ئەوەی بە نیشتمانی بەستوینەتەوە تەنها پڕاوەكانمان بووە" بەڵام ئەوەی جێگای داخە كە هەموو ئەم ڕووداو چیرۆكانەی جێهێشتن و دورکەوتنەوە لە نیشتمان كەتا ئێستاش بەردەوامە، نەمانتوانیوە بیانكەینە كەرەستەی ئەدەبی و لە فراوانبونی دۆزی نەتەوەی خەماندا سودیان لێببینین، وەك ئەوەی نوسەرانی ئەفغانی (لەتیف و خالید حوسەینی و عتیق ەحیمی)ە لە ڕۆمانی (ەوخسارە بەندكراوەكە و كۆلارەبازو خاك و خەڵەمێش)دا بۆ ناساندنی دۆندەیەتی تاڵیبانەكان لە ئەفغانستان كردویانە، یان ئەوەی (مستەفا خەلیفە) لە ڕۆمانی (قەپلیك)دا دەربارەی ترسناكی زیندانەكان و شێوازی سزادانی بەندكراوان لە سوریا كردویەتی. ئەگەرچی ناكرێت لە ئەدەبیاتی خێشماندا (دەربەندی پەپولەو گۆڕستانی چراكان)ی (شەرکێ بیكەس) وچەند هەوڵێكی دیكە لە بەرچاو نەگرین.
ئێستا ئەوەی وا دەكات ڕۆمانی (نامە بۆ كچەكەم) ببەستینەوە بە كێی ڕوداوەكانی مێژووی خەمانەوە سود وەرگرتنە لە دیاردە و ئازاری تاراوگە نشینی وەك تیماو كەرەستەیەك بۆ بەدەب كردنی مێژوو، هەروەك ئەوەی (شێپنهاوەر) دەڵێت" چیرۆكی هەموو ژیانێك، چیرۆكی ئازارێكە"
چیرۆكی ڕۆمانەكە
ڕۆمانی (نامە بۆ كچكەم) یەكێكە لە بەرهەمە چاپكراوەكانی ناوەندی ئەندێشە، كە لە نوسینی نوسەری یۆنانی (تیۆدۆر كالیفاتیدێس) و نوسەرو وەرگێڕ(دلاوەر قەرەداغی)بە زمانێكی پاراو و جوان وەریگێڕاوە بۆ كوردی. كە پێشتریش هەمان وەرگێڕ ڕۆمانی (ژنێك بۆ خۆشویستنی) ئەم نوسەرەی بۆ كوردی وەرگێڕاوە.

ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە ئازارە قوڵ و تاڵەکانی تاراوگە، کە هەمیشە مرۆڤ پەیوەست دەکەنەوە بە ئابردوویانەوەو هەمیشەش گەرانەوە بۆ نیشتمانی دایك بۆیان دەبێت خەونی گەورە. کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە ناوی(پابلیۆس ئۆڤیدیۆس)ە کە بە (ناسۆ)ی شاعیر ناسراوە و لە شاری ڕۆما ژیان بەسەر دەبات، دوای ئەوەی ئەم شاعیرە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکەوەو شیعری ئاشقانە بۆ ئەو کچە دەنوسێت، قەیسەر بۆیاری دەرکردنی لە ڕۆما دەدات و بەناچاری ڕووەکاتە وڵاتی یۆنان.
پاش گرسانەوەی، (ناسۆ) لە وڵاتی یۆنانەوە دەست دەکات بە ناردنی نامە بۆ کچەکەی، کە لە ڕاستیدا کچی خۆی نیەو کچی کەسێکی تر، بەڵام ناسۆ لەکچی خۆی زیاتر خۆشی دەوێت، ڕۆژانەو بەردەوام لە ڕۆگەی ئەو کەشتیانەی کە لە ڕۆماوە ڕوودەکەنە کەناراوەکانی یۆنان دەکەوێتە سڕاخکردنی ئازیزانی لە نیشتمان، بەڵام بێسود دەبێت و بەدرێژای ژیانی تەنها دوو نامەی لە نیشتمانەوە پێدەگات.
ئەم شاعیرە لە نامەیەکدا دەنوسێت" کچەکەم ئێستا کە بای خۆرئاوا هەڵی کردووە، دەبێت خۆم فڕبکەم کە ئەم ژیانە بێڕوحمەم خۆش بوو، نابۆ هەرگیز گلەوگازەندە لە سەرما بکەم، گلەو گازەندە لەمالی سارد، لەبای تەزێنەر، لە تەختەخەوی ناخۆش، لە شەرابی بەستوو، لە ڕۆشتنی ژنان و لە بێدەنگی پیاوان هەموو بەیانییەك دەبۆ دەستکم بنێمە سەر دەم و هەست بە لێدانی بکەم، چما دڵك لەماوەی ژیاندا چەند جار لێدەدا؟ ئەوە لە یادەوەریمدا هەبگرم و بزانم کە هێندەی ژمارەی ئەو لێدانانە پاساو بۆ بەختەوەری هەن".

نوسەر لەم ڕۆمانەدا تەنها نایەوێت خوێنەر لە بەردەم پرسیاری مەنفادا ڕابگرێت، بەکو قوڵتر لە تەنهای مرۆڤ لە نیشتمان دەوات و پرسی مەنفای ڕۆحی و تاراوگەنشینی ناخی مرۆڤ دەکاتە پرسێکی جدیترو پڕی وایە کۆشەی ئینسان لە مەنفاکانی ناو ڕۆحی خۆیەوە سەرەتا دەستپێدەکەن و دواتر بۆ بەشەکانی تری ژیان دەگوازرێنەوە، وەك ئەوەی لە نامەیەکی تردا دەنوسێت" مەنفا تەنها ئەوەنییە کە بنیادەم لە وڵاتەکەی خۆی وەدەر دەنرێ، بەکو ئەوەشە کە بنیادەم لە خودی خۆشی وەدەر دەنرێ بێیە دەبوو هیچ کەسێك دەسەڵاتی ئەوەی بەسەر کەسی تردا نەشکایە"
ئەوەی نوسەر لەم ڕۆمانەدا بەقوڵی کاری لەسەر دەکات بەستنەوەی خۆشەویستی ڕەگەزییە بە خۆشەویستی خاکەوە، هەڵهاتن لە نیشتمان لە پێناو عەشقدا، ئەو چارەنوسەیە کە ئەم شاعیرە ڕوبەڕوی بۆتەوە بێیە (ناسۆ) چەند بیری خۆشەویستەکەی دەکات هێندەش هی نیشتمانەکەی، من لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا یەکاست خەیاڵم بۆ قسە

بەناوبانگەکەی (حەمزا تۆق) نوسەری کتێبی (داغستانی من) چوو، کە دەڵێت" لە دونیادا دووشت شایەنی ئەوەن ململانێی گەورەیان لەسەر دروست ببێت، ئەوانیش(نیشتمانێکی خۆشەویست و ئافرەتێکی قەشەنگ) ن قەشەنگی و شۆخ و شەنگیی ئافرەت بوونی نییە، ئەگەر لەگەڵ خۆشەویستی و بەهای نیشتیماندا هاوسەنگ نەبێت" نوسەری ئەم ڕۆمانە خۆی یەکێکە لە تاراوگە نشینەکان و لە وڵاتی یۆنانی زێدی خۆی ئاوارە بووە، بۆیە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەیدا هەست دەکرێت کە باش ناچێتە ناو ناخی مرۆڤی ئاوارەوە، زۆر جار مرۆڤ بۆئەوەی لەشتێك تێبگات پێی خۆشە خۆی ئەزمونی ئەو شتەبکات، وەك ئەوەی (فرۆخ) دەڵێت" بۆ ئەوەی هەست بە هەقێتی بەرد بکەم پێم خۆشە سەرم بشکێت" بۆیە نوسەریش لەم ڕۆمانەدا خۆی ئەزمونی هەڵهاتن لە نیشتماندەکات و وا لە خوێنەر دەکات هەمان هەستی تێدا دروستبێت، ئەو بەخوێندنەوەی چیرۆکی تاراوگەنشینی خۆی ئازارەکانی مەنفا دەگوازێتەوە. وەك ئەوەی لە نامەیەکی تردا دەنوسێت" کچەکەم لێرە لەم بەشە چۆڵو هۆگەی دونیادا کە منی لێم، زەمەن ناڕوا، ڕۆژدوای ڕۆژ، لە جێگەی خۆیدا هەواح دەکا، لێرە ناتوانم هیچم لە بیر بچێتەوە، لێرە هیچ بڕیندێك ساڕێژ نابێ، تاقە کارێك کە دەتوانم بیکەم ئەوەیە، شتەکان وەیادی خۆم بهێنمەوە، ئەو زەمەنە چیی دی بوونی نییە کە تێدەپەڕێ، بەڵکو تەنها ئەو زەمەنە هەیە کە تێپەڕیوە".

بەم شێوەیە چیرۆکی غەمگینی ئەم شاعیرە عاشقە لە تاراوگە بەردەوام دەبێت، تا لە کۆتایداو پاشمانەوەی (ناسۆ)لە مانفا و وڵاتی غەریبدا بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ سەرەنجام بەخەمی دوری لە نیشتمان و مەعشوقەکەی سەردەنێتەوەو بۆیەکجاری کۆچی دوای دەکات.

تەکنیك و زمان وەك دوانەی بەهێزی ڕۆمانەکە:

یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕۆمانە کە هەر لە سەرەتاوە وا دەکات خوێنەر لەگەڵ خۆیدا بهێتەوە و نەتوانێت واز لە خوێندنەوەی بهێنێت، بوونی ئەو زمانە پاراو شیعریەیەتی کە زۆر شاعیرانە گەمە بە وشەو ڕستەکان دەکات، ئەمە جگە لەلکاندن و کوت دەربڕینی ڕستەکان بە شێوەی گرۆچنی ورد، ئەمەش لە ڕۆگەی بوونی ئەو تەکنیکە بەرزەی کە نوسەر بۆ ڕۆکخستنی شێوازی نوسینی نامەکان بەکاری هێناوە، نوسەر ئەگەرچی هەوڵیداوە لە ڕۆگەی نوسینی نامەکانەوە چیرۆکی ژیان و نەهامەتیەکانی خۆی وەك نمونەیەك لە مرۆڤ، بۆ ڕای گشتی بخاتەڕوو، بەڵام فرە دەنگیەکی وای خوڵقاندوە کە تێمای چیرۆکەکەی فرەلایەن و فرە ڕووداو بێت. هەر ئەمەشە وای کردوە ئەم

ماڵمانە ببێتە ماڵمانێکی سەرکەوتوو، وەك ئەوەی (بەختیار عەلی)ش دەڵێت" ماڵمان هونەری ئامادەکردنەوە و هێنانە قسە و ناساندنی مرۆڤە بەدەنگەکانە، بۆ ئەوەی مرۆڤیش بناسیت، بیهێنیتە قسە و بیناسێنیت، پێویستیتت بە دونیابینیەکی گەورە و خۆشەویستیەکی گەورە هەیە، کە ئەو دوانەت ونکرد ناتوانیت ماڵمانی فرەدەنگ بنوسیت"

ماڵمانی نامەی: (نامە بۆ کچەکەم) وەك نمونە:

ماڵمانی نامەیی یەکێکە لە شێوازە هەرە کۆنەکانی نوسینی ماڵمان، کە هەندێك بڕچوون پێی وایە، سەرەتای نوسینی ماڵمانی ئەوروپی بەم تەکنیکە نوسراوە، ئێستا بۆ ئەوەی لە ماڵمانی نامەیی تێبگەین پەنا بۆ پێناسە باوەکەی (دەیڤید لاچ) دەبەین کە دەڵێت" ماڵمانی نامەی جۆرێك لە گۆڕانەوەیی یەکەم کەسییە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیاریکراوە، کەلە شێوەی ناسراوتری ژیاننامەیدا بەدی ناکرێت، لە کاتێکدا چیرۆکی ژیاننامەیەك بەر لە دەستپێکردنی بۆ گۆڕەوە ناسراوە" ئەم جۆرە لە نوسین لە ناو ئەدەبی دونیادا ناسراوەو چەندین ماڵمان بەم شێوازە نوسراون لەوانە (هەژارانی دەستێڤسکی و ماڵمانە نامەیەکانی پامیلاو کلارسیای سامئیل ریچارسن) لە ئەدەبی کوردیشدا چەند نمونەیەك بەدی دەکرێت لەوانە ماڵمانی(نامەکانی فەرنادی ئەژین عەبدوالخالق و نازیلای یاسین بانی خانی) کە بڕگومان ماڵمانی تریش هەن. بڕگومان ئەم شێوازە لە نوسین بە ڕگایەکی گرنگی گۆڕانەوە دادەنرێت کە نوسەر لە ڕگەی گۆڕانەوەی خودیەوە تەواوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، بۆیە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم جۆرە ماڵمانانەدا تەنها لە زاری کەسی نامە نوسەوە ئاگاداری تەواوی ڕوداوەکان دەبێت کە زۆرجار ئەو کەسە بە ڕاوی هەموو شتزان ناو دەبرێت.

دواسەرنج لەسەر ماڵمانەکە:

ماڵمانی (نامە بۆ کچەکەم) یەکێکە لەو ماڵمانە گرنگ و پڕجێژانەی کە لەماوەی ڕابردوودا خوێندمەوە، کە نوسەر بەسەلیقەیەکی وردو لە ڕگەی هونەری گۆڕانەوەوە و لە دوتوێی چەند سەد لاپەڕەیەکدا دەمانخاتە بەردەم چەند پرسێکی جدی وەك (عەشق و خۆشەویستی خاك و شیعرو مەنفاوە) نوسەری ئەم ماڵمانە قسەیەکی بۆ گۆڕانەوە هەیە، "قسەیەك وەك دەڵێن لە دڵەوە بۆ دڵانە" هەر ئەمەش لە مرۆڤەکانی تر جیای دەکاتەوە، (عەتا محەمەد) پێی وایە" مۆژووی مرۆڤ لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە توانی بەسەرهاتێك بگێڕێتەوە، هەر ئەمەش وای کرد

لە جیهانی ئاژەڵان دایبڕێت" ئەم ڕستەیە وەك زۆرێك لە نوسراوەكانی دیكە بكۆشە نیەو لە زۆر شوێندا درێژ دادەی لە شێوازی گێڕانەوەكەیدا كراوە، كە بەلابردنی چەند بەشێك هیچ لە ناوەڕۆكی ڕستەكە ناگۆڕێت. بەڵام بەگشتی ئەم ڕستەیە شیاوی خوێندنەوەیە، بەتایبەت بۆ كەسانێك كە خۆیان مرۆڤی تاراوگە نشینن، یان ئەزمونی مەنفایان كردووە. (ناسۆ) لەنامەیەكی دیكەدا بەحەسرەتەوە دەنوسێت" بەبڕەدەنگی بەڕێن بەخۆم دەدەم، بەهۆزبم و هەرچی لە توانامدا هەبێت بیكەم، تا ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی كە نیشتمانی منە، جا ئەگەر نەشتوانم تیایدا بژیم ئەوا لانی كەم، بتوانم لێی بمرم". لەدواجاردا جێگەی خۆیەتی سوپاسی وەرگێڕی بەتوانا(دلاوەر قەرەداغی) بكەین بۆ وەرگێڕانی دووبەرهەمی ناوازەی ئەم نوسەرە بە زمانێكی جوان وپاراو و ناساندنی بە دونیای ئەدەبی و كتێبخانەی كوردی.

بۆ ئەم نوسینە سودم لەم كتێبانە وەرگرتووە.
بەرەو ڕەمانی كوردی_ ئارام سدیق_ نوسین
كیمیاگەری ووشە_ یاسین عومەر_ وەرگێڕان
وەك باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناكەكان_بەختیار عەلی_دیداری ئەدەبی

گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر دلاوەر قەرەداغی ... سازدانی/ شاخەوان سدیق.

دلاوەر قەرەداغی:
شیعر بەمن هەم پەناگەو هەم هەڵی بەرگریینە بۆ خۆپاراستن لە بچووك بونەوەی خۆم.

دلاوەر قەرەداغی: یەكێكە لە نوسەرو شاعیرو وەرگێڕە بەتواناكانی ئێستای ناو دونیای ئەدەبی ئێمە، كە سااڵنێكە بەرهەمكانی جێگای مشتومڕی گەرمی كۆوكبونەوكانن، ناوی ئاو هەمیشە ناوی ئاشنایە بە هەموومان، بەجۆرێك كەم لە كتێبخانەكانی ئێمە لە ماڵەوە هەیەكە كتێبكی شیعری یان وەرگێڕدراوی ئەم نوسەرو وەرگێڕەی تێدا نەبێت،

بە زیاتر ئاشنابوون بە تەوانینی (قەرداغی) بە ئەدەب بگشتی بەتایبەت شیعر، ئەم دیدارەم لەگەدا سازدا.

پ١/ زۆرێك لە نوسەرانی دونیاو بەتایبەت نوسەرانی کورد کە دەست بە نوسین دەکەن، لە شیعرەوە دەست بە نوسین دەکەن. دواتر هەندێك لەوانە ڕەگای جیاوازی خۆیان بە ژانرەکانی تری ئەدەب دەدۆزنەوە. مەبەستمە بپرسم هۆکاری ئەمە چیە؟ ئایا شیعر نوسین کردنێکی هێندە ئاسانە، یان وەك ئەوەی (بەختیار عەلی) دەڵێت" مرۆڤ بە ئەوەی شیعرێکی جوان بنوسێت دەبێت ڕۆحی پیر بووبێت"

وەڵ/ بەشێکی زۆری ئەو پەیوەندی بوونە هەیە کە پاشخان و زەمینەی کولتووری و ئەدەبییمان شیعر بووە و هەر لە سەرەتاوە زوبان و گوێ و حەزی نووسینمان بە شیعر پڕاوە. ژانری شیعر هەر لە زووەوە هەژموونی بە سەر خۆیان و یادەوەریمانەوە هەبووە و پانتایی گەورەی لە هزر و دەربڕین و خەیاڵ و دەربڕینماندا داگیرکردووە. ئەو شیعرانەی لە ماڵ و قوتابخانەکاندا پێمان لەبەردەکران و ئەو سروودە نیشتمانییانەی پێمان دەگوترانەوە، وایان دەکرد کە شیعر نزیکترین و سەرکیترین ژانر بێت لەمانەوە، بەکو ئەرکێکی نیشتمانیی و پەروەردەییش ببینێ و هاوکاتییش بەکێکی زۆری حەزی نووسین و چێژی ئەدەبییمان لەو سەرەتایانەدا تێر بکا و زەمینەمان بۆ خۆ تاقیکردنەوەی نووسین بۆ بڕخسێنێ. وەڵای ئەوەش لە قوتابخانە و بوارە پەروەردەییەکەدا شیعر زیاتر لە چەقی سەرنجدا بووە و زۆرتر پێشبڕکێ و چالاکی لە چاو شانۆ و شۆکاری و مۆسیقادا بە شیعر دەڕخسێنرا و گرینگیی پێدەدرا. ئەمە بەراورد بە نووسەرێکی خەرئاوا بەو شێوەیە نەبووە. بە نموونە بەشێکی زۆری ڕۆمانەووسێ بەناوبانگەکانی دونیا لە کاری ڕۆژنامەنووسی و ئەزموونی ڕۆژنامەوانییەوە پێیان ناوەتە ناو ئەزموونی نووسین بە تایبەتی ڕۆمانەوە. شیعر لای ئەمە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەم فریادڕەس بووە و هەمیش تاقە دەروازە و دەروو بووە. بە شیعر شت فێربووین و بە شیعر لاواوینەتەوە و بە شیعر گۆرانیمان گوتووە و بە شیعر گوزارشتمان لە تووڕەیی و تەنیایی و بردنەوە و شکستەکانمان کردووە.

پ٢/ بگشتی ئەگەر سەیری شیعری کوردی، بەتایبەت شیعری دوای ڕاپەڕین بکەین، دەبینین ڕەشبینیێکی زۆر باڵی بەسەر فەزای زۆرێك لەو تەکستانەدا گرتووە، بە تایبەت لە شیعری گەنجەکاندا، ئەویش بەجۆرێکە، کە مرۆڤ لە خۆنەویاندا جگە لە ئازارو برین و بێزاری

تامی هیچ شتێکی تر ناکات، پێتان وایە هەکاری ئەم چییە؟ شیعر بە پیشاندانی ناشیرینیەکانی ژیانە؟ یان دڵزینەوەی جوانییە شاراوەی نەبینراوەکان و دڵزینەوەی ئەو دونیا نوێیەیە کە مرۆڤکانی تر کەمتر پێی پێدەبەن؟

وەڵ/ لە ڕاستیدا دەکرێ ئازار و ڕەشبینی و غەم و نسکۆ و ... هتد لە یەک کاتدا بکرێتە جوانترین شیعر و خڕاپترین تێکستیشیان لە بڕهەم بهێنرێ... شیعری جوان بە ڕای من لەیەک کاتدا لە ناو هەموو ئەوانەدا و لە دڕەوشیاندان... هەموو شتێک لە ژیان و دەوروبڕماندا نێک هەر ماتریاڵی خاو و کڕێستەی ناوازەن بۆ شیعر، بەڵکو خوڕقێنەری زوبانی دەقیشن... هەستەکانی مرۆڤ هەر لە ناچیزترینیانەوە تا شکۆدارترینیان، هەر لە غەمگینترینیانەوە تا شادترینیان دەبنە شیعر.. ئەوەی ئەوە باسی دەکەن دەشێ شێوازێک بۆ و شیعر و هەبەست و قسە و تەکستی جڕاوجڕ و ئاست جیاوازی لە خۆی گرتبێ، دەکرێ لە بڕی باسی ئەو شێوازە بۆ کە بکرێ، ئەم هەوڵ بدەین دەنگە کەم و ناوازەکانی بناسینەوە و ئاگڕ شتێک هەبە ناوی ڕەخنەی کوردی بێت، قسەیان لە سەر بکا و گرینگییان پێ بدا... شێوازە و ئاپڕە و قڕباخیەکان دەڕونەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە چەند دەنکە مرواریەکی جوان و بە درەوشە و تینیان...

پ٣/ ئاماژەتان بە ڕەخنەگر داوە، دەموەت بپرسم بە زڕێک لەوانەی بابەتی ڕەخنەیی لەسەر تەکستەکان دەنوسن پێش قسەکردن لەسەر ناوەڕۆک و ئاستی ئەدەبی دەقەکە قسە لەسەر کەسایەتی شاعیرەکە دەکەن، ئەوە پێیوندی بە ناڕاستگۆی شاعیرانی ئەمەوە هەیە لەگەڵ خۆیان و جیاوازی لە نێوان نوسین و هەڵسوکەتی ژیانی خۆیاندا هەیە؟ یان لاوازی ئاستی ڕەخنەی ئەمەیە کە هێشتا ناتوانێت لە کەسایەتی شاعیر دوربکەوێتەوە و واز لە ژیانی تایبەتی نوسەر بهێنێت و بابەتیانەو زانستیانە قسە لە سەر خودی دەقەکە خۆی بکات.

وەڵ/ بە داخەوە چەند هەوڵکی دگمەن و تاک و تەرای لەدەرچێ، ڕەخنەی کوردی پڕبەپێی بزاوتە ئەدەبیی و هونەرییەکە نەهاتووە و قسەی جیددی لە بارەوە نییە و نەبووە . ئیشی ڕەخنەی کوردی تا ئێم ساتەوەختە بە زڕیی لە نێوان پڕڵن کردنی کارکی ئەدەبیی لە نێوان باش و خڕاپ، لاواز و بەهێز، جوان و ناشیرین، ڕەشبین و ڕووناکبین، ئومێدبەخش و نائومێدکەر و تا دەگاتە ڕووخێنەر و بنیاتنەردا قەتیس ماوە و ئەویشی لەو کەنتەکستەدا دەیەڕێتەکەی لە سەرنجی لابەلا و سەرقاڵبوونی پڕتەوازە و ڕای شەخسی و

زووتەپڕ، ئەو ئاگرە نەپەرژێتە سەر قسەکردن لە سەر کەسێتی نووسەر خۆی و شەوازی ژیان و ستایشکردن یان بوغزاندنی، یاخود نەیەتە سەر ئەوەی دواجار هەڵکی ڕاست و چەپ بە سەر هەموو شیعردا بهێنی و بە ڕستەیەك بڵێ: کورد هەمووی شاعیرە و شیعر لە دنیادا باوی نەماوە و خوێندەری نییە... لە ڕاستیدا ڕەخنە لە دەرەوەی هەموو ئەو خانەبەندکردنەی کارەکی ئەدەبیی بە سەر باش و خراپ و جوان و ناشیرین و لاواز و بەهێزدا، ئیشەکی بنەڕەتی لە ئەستۆدایە کە ئەویش هەڵگەزانی دەلالات و مانا و ئاسۆی نوێیە لە دەقدا، هەنانە قسەی دەق و کەشفکردنی وزە تاریك و شاراوەکانەتی... ڕەخنە بەرهەمداکردنی ئەو نەگوتراوانەیە کە دەق نەیگوتوون یاخود نەیویستووە بیانڵێ، بەو مانایە ڕەخنە ئاستێکی مەرموووق و شکەداری دەقە لە بەرزترین و واتاترین ئاستی چەژی ئەدەبیی و ڕاهێنانی خوێنەر لە سەر چەژبردن لە ئەدەب و ئەزموون و ڕەهەند و ئاسۆ هەنووکەیی و ئایندەیەکانی... لە ڕاستیدا هەندێك لەو ڕانانەی کە لە ئەدەبیاتی ئەمەدا لە بارەی کتێبەوە دەنووسرێن، جیددی تر و پڕ زانیاری تر و خاوەنی بۆچوونی ئەدەبیی و ڕەخنەیی زیاترن لەو نووسینانەی بە ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەنووسرێن..

پ4/ شیعر یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین ئەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بەدرێژای مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە، (کازانزاکیس) یش دەڵێت(شیعر ئەو خوێندنەوەیە کە ناهەڵێت جیهان بگەن بکات) بەبۆچوونی ئێوە ئەم گرنگیەی شیعر لە چییەوە هاتوە؟ تۆ بەدەتوانێت شیعر بنوسیت و بۆ تۆ شیعر چییە؟

وەڵ/ گرینگیی شیعر بۆ بۆچوونی من لە خۆیدا و لە هەبوونیدایە. لەو بۆشداریینە فرە مۆدا و تێکچژانە چەندایەی لەنێو ژانرەکانی تری ئەدەب و تەنانەت سینەما و مۆزیکیشدا...گرینگیی شیعر بۆ لای منەوە لەوەدایە کە لە کرێکی ژیاندایە، لە پێکردنەوە و بەرجەستەکردنی پەداویستییە ناوەکیی و ڕەحیەکانی مرۆڤدایە. لەو شکێیەدا کە لەناگەڵ بچووك و بچووکتر ببینەوە و بکەوینە دوای دروشم و مژدەی سادە و ڕەژانەیی و درێینە. گرینگیی شیعر لەوەدایە جێختمان لە سەر دیوە سەرکەش و یاخی و تەنیا و سەرفرازەکەی خەمان پێ دەکاتەوە، گرینگیی شیعر لەوەدایە بازمان بە سەر دیوە نزم و تووڕەهات و هیچەکەی خەماندا پێ دەدا و ڕووبەڕووی بەرامبەر دیوە باڵا و ڕاستقینە و جوانەکەمان ڕامان دەگرێ.. گرینگیی شیعر لەوەدایە کە ئێتەرناتیڤمان بە جیهان دەداتێ، ئێتەرناتیڤمان بە زوبان و خەیاڵ و ئایندە و خەبوونمان دەداتێ... واتە شیعر جیهانێکی

تر و زوبانێکی تر و ئایندەیەکی تر و بوونێکی ترمان دەداتێ، بوونێك کە خەمان هەیدەبژێرین و توند و پتەو و بەرپرسیارانە و بە بە سازش لەبەر هەشەبای کەست و کارساتەکانیدا ئادەستین …

پ/ کاتێك کە ئەزمونی شیعری تە دەخوێنینەوە، تیایدا هەمیشە هەست بەگەڕانەوەیەکی دیار یان شاراوە بە منداڵی دەکەین و لەوەوە بەر دونیای شتە بچوك و سادەکان بە زمانێکی قوڵ لادەکەوین، بەتایبەت لە شیعری (باوکە پێنجەرەکە بکەوە، قسەیەك لە دەما ماوە دیەم) ئەم گرنگیدانە بە ئابردوو بۆ؟ گەڕانەوە بە منداڵی تەنها کەرستەیە بە بنیاتنانی شیعر یان یادەوەریەکی لە دەستچووی تێیە و شیعر قەرەبووی لە دەست چونیت بە دەکاتەوە؟

وە/ دەتوانم بڵێم شیعر لای من خودی منداڵییە بە هەموو دیتاکانییەوە لە ئەستادا و پراکتیزەکردنەوەیەتی بە هەمان ئەو خەیاڵاتانەی کە منداڵ دونیای واقیعی پێ دەستکاری دەکا و بە هەمان ئەو کەرستانەی کە منداڵ دونیای خەی پێ دەدەنێ. شیعری جوان بە بۆای من بۆ وزە گۆڕەیەی خەیاڵ و بۆ کەرستە سیحرییانەیەوە کە خاوەنییەتی، هیچ پێویستی بۆە نییە لە سەر یادەوەریی بژی و ئاخ و داخ بە ژیاندنەوەی هەکەشە و قەرەبووی شتەك بە شتەکی تر بکاتەوە. دەنگبە نەستالگیا کەم و زەر دەە لە خەیاڵدا بگەڕێ و بە جەڕەك لە جەڕکان کاریگەری لە سەر بونیادی تەکستەکە هەبێ، بەڵام ئەو کاریگەرییە دەبێ ئەوەندە دوور و کاڵ و یەکانگیر لەگەڵ ئەستادا بێ کە لە سەر یادەوەری و گەڕانەوەی نەستالگیانە بە ئابردوو نەژی و هەناسە نەدا، ئەگەرنا لەو کاتەدا شیعر نزیك دەبێتەوە لە مۆنۆلۆگ یان خەدواندنەکی یەکتا و یەك ێیتم و بە خەیاڵ. واتە من ئەوەندەی وەك ستەرکتور دەگەڵمەوە لای منداڵیی و هەوڵی خوقاندنەوەی ئەتمسفەر و بەکارهێنانەوەی کەرستەکانی و فەرماندنەوەی زوبان و وێنەکانی دەدەم، ئەوەندە بە دوای ئەوەوە نیم کە یادەوەرییەکانی بگەڕمەوە یان ئابردوو بکەمە چەق و سەنتەری دەنانی بونیادی شیعرەکە.

پ/ نوسەرێك دەڵێت" پتر لە هەر شتێکی تر بۆیە شیعر دەنوسم هەتا بتوانم باسی خەم بکەم" ئەپرسم تە تاچەند لە نوسینەکانتا خەت ئامادەی؟ تە خەت دەنوسیتەوە، یان ئەوانی تر، لەکاتی نوسیندا خەتو دنیا تایبەتەکەی خەتت لە بیر؟ یان تە بە خوێنەر دەنوسیت و لە پێشنوسین و دوای نوسینیشا خوێنەرەت لە بیرو بە ئەوان دەنوسیت.؟ شیعر پێوەندیەکی زاتییە یان گشتی؟

وە/ من لە میانەی خەمەوە وەك خود و سەنتەر، لە دەوروبەر و دونیا دەدەم، دەبمە بەشکی یەکانگیر لەگەڵ دونیای خەم و شەریکەکی کارا و هاوبەش و ئەکتیف لەگەڵ مرۆڤ و گەردوون. دەتوانم بڵێم بە زەریی لە شیعر و پرسەی شیعرنووسیندایە، دەبمە خودەك کە دەتوانم هەست بکەم شتەك دەکەم، هەست بکەم کە بەشدارم، کە قسەیەکم هەیە بە گوتن، لە نزیکەوە هەستەکانم لە بینین و بیستن و چێشتن و بۆکەوتن ەەی ەاستەقینە و سروشتی خەیان دەگەڵن. لە شیعردا دەبمە کەسکی تر، کەسەك ئامادە بە دەست بەکاربوون بە کەرەستە سادە و ئەفسووناوییەکانی ەەنان و خوەقاندنەوە. شیعر بە من هەم پەناگە و هیەی بۆرگرییە بە خەپاراستن لە بچووکبوونەوەی خەم و هەم هەی هەرش و ەەیشتن بە شەەکیشە کە ئازایەتی خەمی تەدا بنوێنم و هەست بە شکە و کاریگەریی خەم بکەم، ئیتر هیچ گرینگییش نییە کە تیایدا دەیبەمەوە یان دەدەەم. شیعر تا سەر ئەسك پرسەیەکی داهێنەرانەی خودییە، بەەام لە ەووبەرکی بەرفراوان و واەای بووندا.

پ/ زەرەك لەوانەی ئەزمونی شیعری تەیان خوێندەتەوە پێیان وایە ئەزمونی شیعر نوسینی تە ئەزمونکی (هەمنە) بەجەرەك کاتەك توەش دەبیت یان نیگەران دەبیت و توشی جەرەك لە هەچوون دەبیت لە شیعردا هەشتا بەزاری و تورەبوونکانت دەربەینکی هەمنایە، بەنمونەش لە شیعری (هەموو ەەگکان دەچنەوە سەرا) ئەم هەمنیە لە چیەوە هاتووە، ئەوە پێیوندی بە کەسایەتی خەتەوە هەیە یان شیعر خەی ئەوە دەخوازێت، ناکرێت چون لە باسی پێپولەدا مرۆڤ ناسکە ئاواش لەکاتی دەربەینی ناشیرینیەکاندا مرۆڤ زبربێت ئەگەر لە شیعریشدابێت؟

وە/ پێم وا نییە تەکستی جوان لە تووەیدا و بە تووەیی بنووسرێ، لانیکەم من وای دەبینم کە زوربەی ئەو تەکستانەی بە تووەیی و لە ساتەوەختی تووەیدا دەنوسرێن دەبنە دروشم یان تەکستی ساتەوەختی کە زوو تەدەپەن و دەگوزەرن و بیردەچنەوە... هیچ شتەك وەك نووسین پێویستی بە هەمنی و هاوسەنگیی و لەسەرخەیی و لەسەروەستان نییە... تەکستی جوان لەوە شەفافتر و ەوونترە کە بە تووەیی و هەژان و ئینفیعالی ساتەوەختی شلوە بکرێ. هەموو شتەك لە تەکستدا دەبینرێ، تەنانەت ئەو تەمومژ و ئاەەزییەش کە شاعیر دەیەوێ بە توانایی خەی لە ژێریدا بشارێتەوە. کاتی خەی کاك رەبین هەردی لە نووسینکدا زەر جوان و ەوون باسی ئەو چەمکەی ئەم پرسیارەی ئەوە دەکا و بە نموونە باسی زوبانی ئەو یەك دوو شیعرەم دەکا کە بە ئەنفال و هەەبجە نووسراون و چەند دەەك لە شیعری (شەهیدەکان ماڵیان لە

شووشیە)، دەنتەوە کە شەهیدەکان لە شیعرەکەدا "بە دوای کەرسەکدا دەگەڕێن بە ئەوەی خەیان لە خولی فریووی ئەکردیەن ژنیندا ناونووس بکەن..." سەبارەت بەو شیعرەی ئەویش ناوتان هێنا (ڕێگەکان دەچنەوە بەر سەرا) کاتێك نووسرا شار پەنگی خواردبووە بە ڕق و هوتافکێشان و تووڕەیی، چەند جارێك داوام لێکرا وەك زوربەی زۆری ئەو شیعرانەی تر کە بە ١٧ ی شوبات لەو کاتەدا دەنووسران، سەر بکەومە سەر سەکەکە و بیخوێنمەوە، بەڵام من قایيل نەبووم و پێم وا بوو ئەو شیعرە لە بەردەم خەڵکەکەی زەر و بە دەنگی بەرز و گەناخونرێتەوە، چونکە شیعرەکە لە قەڕەباخیيدا و بە تووڕەیی نەنووسراوە..

**پ/ پێم خۆشە دەربارەی پەیوەندی شاعیر بە کەمەڵگاوە سەرنجت بزانم، (پابلۆنیرەدا) لە وتارەکدا دەڵێت" ئەمەی شاعیران مافی خەمانە شادومانبین، بەو مەرجەی شان بەشانی گەلەکەمان و لەکاتی بەرخەدان و ڕۆگای خەبەختیدا لەگەیان بمێنینەوە. یان لە جگایەکی تردا دەڵێت" شاعیر هەرگیز سە لەوە ناکاتەوە بەشەشگەڵ ناوی ببەن، چونکە شیعر خەی شەشە" مەبەستمە بپرسم تاچەند پەتان وایە کە دەبەت شیعرو شاعیر لەگەڵ خەڵك و لە بەرەی خەڵکدا بەت دژی ستەم و ستەمکار، ئەگەر هەر نەیشتوانە دژی بەت ئەوا لانیکەم لایەنگری ستەم و ستەمکار نەبە و یەکەڵك نەبە لەوان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبە بە هەندە پرسی هەستیار لەگەڵ تاك و نوخبە و کەمیندا بەت دژی ا و بیروبۆچوونی باوی زەرینە و ئاپەڕە و حەشامات. لە ئاستیدا سیاسەت لای ئەمە بە بەرژەوەندی خەی بە گوەڕەی مەزاجی خەی ئەو پرسەی زەر جار و بە شێوەی جەراوجەر شێواندووە و ئەندام و لایەنگیرانی خەی بە جەرەك پەروەردە کردوون کە مەرجە شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیران خاوەن هەڵوەستی هەنووکەیی سیاسیی بن. بەڵام لە ئاستیدا نووسەر بەر لە هەر شتەك دەبە خاوەن ڕوئیا و دید و هەڵبژاردن و دونیابینی خەی بە و دوای قەڕەباخیی نەکەوەت، ئەم قسەیەش بەو مانایە نیيە کە لەگەڵ خەڵك و بەرەی خەڵکدا نەبەت، بەڵام لەگەڵ بوون بە دیوە سیاسی و مەرامە ئایدیەلۆژیيەکەی دا نا، بەڵکو دژی خودی ئەو دیوە سیاسیی و مەرامە ئایدیەلۆژیيەش کە حیزب و ڕەکخراوگەلی سیاسی ئامانجمەندانە خەڵك دەکەنە پردی وەدیهێنانی مەرامەکانی خەیان یان بە لەدانی نوخبە و دەستبژێر و ئیلیتەکی سیاسی یان ڕووناکبیر و مەدەرن

ئامادەیان دەکەن.

پ/ قسەیەکی بوزیەکان هەیە دەڵێت" هەوەبدە زەر سەفەربکەی، تەنانەت ئەگەر بە گەڕەکی ئەودیو ماڵەکەی خەشت بێت، ئەوەش لە خوێندەوەی کتێبێك گرنگترە" من دەزانم تەش یەکەکیت لەوانەی سەفەرت زەرکردوە لە زەر شوێنی دونیا ماویتەوە، دەموەت بپرسم، گەڕان و سەفەر تاچەند بە نوسەر، بەتایبەت بە ڕوئیای شیعری شاعیرگرنگن، بینینی دونیا چی بێتە بەخشیوە و چ کەمەکەکی بە پرسەی نوسین لای تە هەبووە.

وە/ لە ڕاستیدا گرینگیی سەفەر و بینینی شوێنی تر و هەڵمژینی هەوای تر هەر لەوەدا کورت نابێتەوە کە بنیادەم وەك شوێن و جۆگەی تر دەبینێ و بە خەڵك و زوبان و کولتووری تر و نوێ ئاشنا دەبێ، بەڵکو ئەوەیە کە مرۆڤ (خە) یەکی تر لە پێتگەلی تری دونیادا دەبینێ کە لەو کەسەی بەر لەر سەفەر و بینینی خەی لە فەزا و ڕووبەری پەشوودا ناچێت... مرۆڤ لە سەفەر و بینینی شوێنانی تردا لە خەی تەدەپەڕێنێ و ڕوانینی دەپژێ، خەیاڵی دەوروژێ و سەرسامیی دایدەگرێ و دەی بە ڕیتمی نوێ لە دەدا و ئارەزووی بە ژیان تا دوا پلە بە باوەش کردن بە دونیا و هەڵمژینی هەوای تازە و یەکانگیربوون لەگەڵ شتگەلی نوێدا دەبزوێ... سەفەر و گەڕان و بینینی دونیا مافی سەرتایی هەر کەسێکە و هەموو کەسێك خولیاو ئارەزووی بە پلە و ئاستی جیاواز بەی هەیە و دیارە بە شێوازی جیاوازیش لە سەری ڕەنگ دەداتەوە و کاردانەوەی بەی هەیە، هەر بەیە کەمیش نین ئەو کەسانەی کە ساڵانێکی زەرە لە دەرەوە دەژین و سەفەریان بە شوێنی جیاواز کردووە، بەڵام نێك هەر قولانجێك لە خەیان تێنەپەڕاندووە، بەڵکو جاران مرۆڤتر بوون و ڕوانینیان کراوەتر باشتر و جوانتر بەر دونیا و بوون دەکەوتن. بیرمان نەچێت سەفەرکی تریش هەیە جوگرافیی نییە و مرۆڤ یەك هەنگاوی بە هەڵنانێ، بەڵام لە کتێب و شیعر و مۆسیقا و فیلمکانەوە ئاشنا دەبێ بە دونیا و لە نزیکەوە بەر شار و ڕەگەز و زەریا و زوبان و کولتووری نوێ دەکەوە. سەبارەت بە منیش کە سەر بەو نەوەیەم لە جەنگکاندا لە دایکبووین و گەورەبووین و یەکەمین سەفەرمان، ڕەوی ناچاری و زەرەکیی و گیانی خە ڕزگارکردن بووە، بەیە هەمیشە هەست دەکەم ترس و نیگەرانیی و جەرە دردەنگیی و ڕاڕاییەك بە سەفەر و گەڕان و شوێن بینینکانمانەوە هەیە. بەڵام بە گشتی هەرە شتی گرینگی سەفەر بە نووسەران بە بەوای من ئەوەیە، کە ئۆگەر لەوەبەر بە یەقینەوە خەی بە نووسەر و شاعیر و داهێنەر زانیبێ، ئیدی هەر

لە سەرەتا و یەکەمین هەنگاویی سەفەرەکەیدا ئادۆنیسەکە و شک دەبە بووی کە ئەوانە هیچیان نەبووە، بەڵام هاوکات گووی ئەوشی تەدەگەڵە کە ئەگەر بیەوە دەتوانە دەست پێکردنەوەیەکی تازە دەست پە بکاتەوە، خە ئەگەر نەیشتوانە بە زوبانێکی نوە بنووسە، بەڵام بەهەرحاە دەتوانە بە خەیاە و ئوانینی نوەوە بیر بکاتەوە و خەی بە کەسێکی تری جیاواز لە پەشوو بزانەت.

پ/ هەمیشە دەوترەت بەیاری نوسین بە نوسەر کارێکی گران و پە لە دودەی و ئاایید، (مارکیز)یش دەڵەت" قورسترین و سامناکترین بەیار، دانیشتنە لە بەردەم کاغەزی سپیدا" توش لە نوسینەکدا دەڵەت" هەموو ڕووبەڕووبونەوەیەك لەگەڵ کاغەزی سپی دەڵاوکەیەکی لەگەڵدایە" مەبەستەت بپرسم ئەم ترسەو دەڵاوکەیە لە کاغەزی سپی لەچیەویە بە نوسەر؟ تە باش ئەو هەموو ئەزمونە لە نوسین، هەشتا هەر لەکاتی نوسینا قەڵەقی؟ نوسین بەتایبەت شیعر چی پێبەخشیت و لە چی بەبەشی کردی؟

وە/ لە تەوراتەدا بەسەرهاتێکی سەرنجاکێش لە بارەی ئەلیسا پێغەمبەرەوە هەیە کە سەروکاری لەگەڵ مردوو زیندوو کردنەوەدا هەیە و بەوپەڕی باوەڕ و قەناعەتەوە شان دەداتە بەر ئەرکێکی مەحاڵی لەوجەر. 'کازانتزاکیس' یش لە یادەوەرییەکانیدا 'ئاپەرت بە گریکە'، بەسەرهاتی هاوڕێیەکی شاعیری بە ناوی ئانگیلیەس دەگەڕێتەوە کە ئەوارەیەکی درەنگی ڕۆژکیان لە پیاسەکردن دەگەڕێنەوە، لەبەر دەرگای ماڵەوەدا ئادەوەستن و لەزەریا دەنێن. پەستەچی گوند دەت و نامەیەك لە جانتاکەی دەردێنە و دەیداتە دەست هاوڕێکەی. پاشان سەر دەباتە بناگوێی و بە ترس و شڵەژانەوە دەڵێ: "بەستەیەکی گەورەشت بە هاتووە"... ئانگیلیەس بەدەم خوێندنەوەی نامەکەوە ئوخساری سوور هەڵدەگەڕێ و هەناسەبڕکێی پەدەکەوە. پاشان نامەکە دەداتە کازانتزاکیس و دەڵێ:"بیخوێنەوە!" کازانتزاکیس نامەکە وەردەگرە کە هی ژنەکەی (ئانگیلیەس) ـە و بەی نووسیوە: "بوزا بچکۆڵە ئازیزەکەم! بەرگدرووەکەی هاوسەمان مرد، وا بەت دەنەرم بەکو ڕۆحی بکەیتەوە بە بەردا!"
ئانگیلەس بەترسەوە تەماشای کازانتزاکیس دەکا و دەڵێ:" بەی بتوانم؟ ... بەی زەحمەت بە؟" کازانتزاکیس بە شانهەڵتەکاندنەوە دەڵێ:" نازانم، بەڵام بەهەرحاە، بەڵێ زەر زەحمەتە!" پەستەچییەکە پەڵەی دەبە، دەڵێ:" ئەی چی لەو بەستە گوورەیە بکەم؟" ئانگیلیەس وەڵامی دەداتەوە:" بەم بەننە..!" وا دەڵێ و بە دەم چاوەوانیشەوە خەی دەخواتەوە و لەو دەکرۆژە. زەری پەناچە دوو پیاوی لادێیی

دەردەکەون. تابوتەکیان بەسەر شانەوە دەبە کە تەرمی کابرای بەرگدرووی تێدایە. ئانگیلاس زەر جوامێرانە دەڵێ:" ئادەی بەم بەرنە سەرەوە" جارێکیتر ئاوڕ دەداتەوە، تەماشای کازانتزاکیس دەکا و بە نیگەرانیی و دردەنگییەوە دەپرسێ:"چ دەبێ؟ بۆی بتوانم؟ تۆ بۆی ئەوەم لێدەست بە؟" کازانتزاکیس وەڵامی دەداتەوە:" تۆ هەوڵی خێت بدە، منیش دەچم پیاسەیەك دەکەم!" کازانتزاکیس ڕێگەی کەنار زەریا دەگرێتەبەر. بەنی سەوە و زەریا هەڵدەمژێ و بەخێی دەڵێ:" ئێستا ساخ دەبێتەوە ئاخ ئەو هاوڕێیەم فشەکەر و تەڵەکەبازە یان ڕەحمکی چاوقایمە و سەروکاری لەگەڵ مەحاڵدا هەیە؟ بۆی چ بکات؟ بۆی هەڵبدا مردووەکە زیندوو بکاتەوە؟ یاخود لە حەزمەت ئابووچوون وەك ڕۆیەکی فڕیباز دەخزێتە نێو جێگەکەی و خەی دەکا بە نوستوو، ئەمشەو ئەوەم بە دەردەکەوە…" کاتێ کازانتزاکیس دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ژووری هاوڕێکەی کە لە نهەمی سەرەوەیە، لەووناکیدا پرشنگ دەدا. بە درێژایی شەو دەنگی نرکە و ناڵەو نەعرەتێ و جیێی قەرەوێی لێوە دێ. پاشان دەنگی تێپەی پێ بەدرێژایی و پانایی ژوورەکە. هەمدیس نووزە و هاوارهاوار و نەعرەتێ و جیێجیێی قەرەوێ. کازانتزاکیس بەردەوام گوێی لە هاوڕێکەی دەبە کە هەناسەی قووە هەڵدەمژێ و دەنرکێنێ و هاوار دەکا و پەنجەرە دەکاتەوە، وەك بۆی خڕیکبێ بخنکێ و پۆیستی بەهەمژتنی هەوا بێ. تاریك و لێڵی بەربەیان، کازانتزاکیس لەشکەتیی خەیدا خەو دەیباتەوە. بە بەیانی کە وەئاگا دێتەوە و دەچێتە خوارەوە، دەبینێ ئانگیلیس لەسەر مێزەکە دانیشتووە. شیرەکەی دەست لێنەدراو لەبەردەمیدایە. کازانتزاکیس بە بینینی هادەچێکە، چونکە ڕەنگی مردووی لێنیشتووە، دەم و لێوی خڕۆمشیی دەچێتەوە و دەوری چاوانی شین هەڵگەڕاوە. کازانتزاکیس هیچ ناڵێ، واقوڕماو لێلایەوە دادەنیشێ و چاوەڕێ دەبە. بۆیە ئەوەی لە ڕوخساری هاوڕێکەیدا دەیبینێ شکەی کەسێکە کە هەوڵی وەدیهێنانی مەحاڵی داوە، ئەوەش ڕێك واتە شیعر نووسین.

ئەو بەسەرهاتەم بۆیە لەبەرە نووسیوەتا لەکچوونی هەوڵی شیعر نووسین بە هەوڵ و پەکەشیکانی ئلیسا پێغەمبەر و ئانگیلیس بە زیندووکردنەوە و ڕەحمبەرداکردنی مردوویەك بچوێنم… هەمان ترس و زەندقچوون، هەمان سپیەتیی ڕەها، هەمان دردەنگیی و هەژان، هەمان مردوویی سەرکاخەز و نێو تابووت و هەمان خولیا بە زیندووکردنەوە و خوڕقان و وەدیهێنانی مەحاڵ. ئەوە وەڵای ئەو شکە و بەرزفڕیی و هەیبەتی کە بنیادەم لە کاتی وەدیهێنانی ئەرکێکی ئەوتەندە خیاڵپڵاوانە و بێهوودە و ناکردەنی و تاقەتپڕوکێندا دایدەگرێ،

شکێك گەورەتر لە شکۆ دڕیندەی پادشا و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایان .. هەربۆیە لە خۆا نییە کە کەس وەك ئەو پادشا و دەسەڵاتدارانە ڕقکی قووڵ و شاراوەی لە شاعیران نییە، دیارە کە دەژم شاعیر، مەبەستم لە شاعیرە بە مانای تەواوی وشەکە نەك شیعرچی و هەڵبەستوان

گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر بەیان سەلمان ... سازدانی / شاخەوان سدیق

بەیان سەلمان:
لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، گۆرانەوە بەشکی تەواوکەری گرنگی ژیانە

ژنە ڕۆژنامەنووس (بەیان سەلمان) یەکێکە لە ناوەدیارو دەنگە جدیەکانی ناو دونیای ئەدەبی کوردی و وەرگری خەڵاتی ئەم ساڵی ئەندێشەیە بۆ ڕۆمان لە ئێستادا خاوەنی هەریەکە لە ڕۆمانەکانی (شەوانی ئادەم و بەرزایی شوراکان و نەوەکانی مادائی) و لە ئێستاشدا سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانێکی نوێیە کە تایبەتە بە شاری کەرکوك، بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە تەوانینی ئەو بۆ ئەدەب، ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

پ1/ (کۆن وەسن) لە کۆندا وتویەتی " کاریگەری ڕۆمان لەسەر کلتوری مرۆڤایەتی لە تێکڕای تێزەکانی (داروین و فرۆیدو مارکس) زیاتر بووە. ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو، بەتایبەت هاتنی ئینتەرنێت، زۆرێك پێیان وایە، بایەخ و گرنگیی ڕۆمان لە ئێستادا وەك جاران نەماوە، ئەوە پێتان وایە تا چەند ئەم بۆچوونە ڕاستە؟

بەیان سەلمان/ با لە وتەیەکی پاڵ ڤالێری دەست پێ بکەم کە لە ساڵی 1937 وتویەتی "کاتی کۆتای دنیا وا دەست پێ دەکات.". کە ڤالێری ئەوەی گوتوە، ماوەی دوای شەڕی جیهانی یەکەم و دوو ساڵ پێش دەسپێکی شەڕی جیهانی دووهەمە. ئاساییە کە مرۆڤ هەشبین بێت. دیارە

قالەری بەو ڕستەیە، باس لە "بەیەك ڕەنگکردنی" دنیا دەکات. وەك یەك بەرگ، هەموو کەسێك یەك بڕچوونیان دەبێت و دەیانەوێت وەك یەکیان لێ بێت و وەك ئەویان هەبێت. لە کوردستانیش، ئەو ڕەشبینییە بە بارو دۆخی ناوچەکەوە پابەندە. بێ گومان ئەوە کاریگەریی لە سەر بڕچوونی ئەو کەسانەشە کە تاقەتی خوێندنەوەیان نییە. ئەدەب هەر دەمێنێت. ڕەمانیش وەك بەشێك لەو، بە تایبەتی بەرگریی دەکات، جارێکە لە "ئەنتی بایۆتیکی" سروشتیی، کە دژ بە ئایدیاڵیزیا بەرگرییت پێ دەکرێت. ساتێکیش دێتە پێش، کەسەکە خۆی لە تەوژمی تەکنەلۆجی بێ تاقەت و وەس دەبێت، ئەوجا دەست بە خۆ ڕێکخستنەوە دەکات. لە جێیەکدا، تەکنەلۆجیاش دەبێتە ئایدیاڵجی و دەسەندرێتە سەر تاکەکان. دەبێ تاك دژی ئەو سەپاندەنە بەرگریی بکات.

کێشەش لە خودی تەکنەلۆجیادا نییە، بەڵکو لەگەڵ شێوەی بەکارهێنانێتی، لە چاولێکردن لە بەکارهێنانی، وەك لە ناوەڕۆکی ڕستەکەی قالەری تێ دەگەین. کە بزانین: بۆ، کەی، لە کوێ، بەکاری دەهێنین، هیچ گرفتێك دروست ناکات و ناتوانێت وەك ئامرازێك تێ بەکار بهێنێت، بەڵکو تێ، دەسەڵاتت بەسەر ئەو ئامرازەدا دەشکێت و سوودی لێ وەر دەگریت. تەکنەلۆجیا لەگەڵ داهێنانیدا، لەسەرەتاوە، تاکو گەشەی کۆمپیوتەر لە ئەمەڕیکادا، ئەگەرچی زۆر ئالۆزیی جیهانی ئەمڕۆ و تاکێتیی و دوورکەوتنەوە وبگرە چوونە کەنار بە ویستی تاك خۆی، بەرجەستە دەکات، هاوکات بەشێکیشە لە گەشەی ژیان. بمانەوێت و نەمانەوێت ئاسانکاریی داهێناوە، کەسایەتی تاکەکان و تەنانەت چەرخی فیکریشی گۆڕیوە. وەرای ئەوەش، ئەمە چیتر ناتوانین پشتگوێی بخەین، بەڵام دەکرێت، زۆر بە چاکیی خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین، بە باشیی کاری پێ ئەنجام بدەین، بێ ئەوەی لە داهێنان و هەوڵی تاکێتمان کەم بکاتەوە. بە تایبەتی نابێت لە دنیای ناوەوەی خۆمان دامان ببڕێت. کێشە لەو دابڕانەیە لەگەڵ خود، ئەگەر زۆر سەر بکەینە سەر بەکارهێنانیان. بێجگە لەوەی، بڕچوون و نووسین دەبنە دەستکرد و بەهایان نامێنێت، وەك نووسینی خەڵای لاپەڕەیەکی فەیسبووکی لێ دێت. کە کەس بە ڕاستیی و بە قوڵیی نایان خوێنێتەوە و بە "لایکێکی" ڕەزڵێنان کۆتاییان پێ دێت!
با سەیری ئەو لایەنەی تەکنەلۆجیاش بکەین، کە لە جێی خۆمانەوە، هەزاران ڕەمان لە ناو بەرزترین ڕەفەی کتێبخانە گەورەکانەوە دەهێنینە سەر شاشەیەك و دەیان خوێنینەوە. ئەوە لە ساییەی گەشەی کۆمپیوتەرو هاتنی ئینتەرنێت هاتە دی. گرنگە کەسانی "ساغ" ئەندام کەمڵك بیر لە "کەم" ئەندامکیش بکەنەوە. ئەوەی نابینا و تەنانەت نەخوێندەواریشە، ئەمە دەتوانێت بە ئاسانیی گوێ لە

هەزاران کتێب بگریت. لەبری ئەوەی دەیان ڕۆمان و کتێب لەگەڵ خۆتدا بۆ سەفەر بەریت، کلیلێکی (یو ئیس بی) و تابلێتێك سەدان کتێبت بۆ دەگوازێتەوە. بە ڕاستیی لەگەڵ ئەو جۆرە ڕەشبینیانە نیم کە بەزۆر پێمانی دەفڕۆشن. بە کورتیی، کەوتۆتە سەر ئەوەی، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. دواجار، خوێندنەوە بەشێکە لە هەوڵی تاك خۆی، خۆشەویستییە، پەیوەندی مرۆڤ بە خوێندنەوە و کتێب، پەیوەندییەکی ئیشقی ئەزەلیی سەیرە.

پ2/ مرۆڤ بەدرێژای مێژوو لە ڕێگەی (ئەفسانەو حیکایەت و چیرۆك)ەوە دەماودەم شتی گێڕاوەتەوە، وەك ئەوەی (عەتا محەمەد)یش دەڵێت "ئەوەی مرۆڤی دروستکرد گێڕانەوە بوو"، مەبەستمە بپرسم، تۆ لە نوسیندا دەتەوێت چی بگێڕیتەوە، یان مرۆڤ بۆ هەمیشە خەمیەتی بگێڕێتەوە؟

بەیان سەلمان/ لە کۆنەوە بۆ ئەمڕۆ، گێڕانەوە بەشێکی تەواوکەری ژیانە. ئەو بەشەیە کە پێویستە تێیدا بە وردەکاریی ڕۆژانەدا بچینەوە. ژیان بریتییە لە هەماو نەهێنی، تێکەڵەیەکە لە سەیروسەمەرە، پڕە لە بوونەوەر، لە شوێن، لە ڕووداو، لە توندوتیژیی و لە جوانییش. لە هەموو چرکە ساتێکدا پێویستە باسیان بکرێت. ئیتر ئەو کەسەی چیرۆك دەگێڕیتەوە، وەك ئەوەیە کە کامەڕاك کەد لە دەوروبەری بێت و ئەو بە گێڕانەوە یەك بە یەکی جفرەکانی بکاتەوە.لەلام، ئەوە مەڕەقە کە زادی فەیلەسووف و ڕۆماننووس دابین دەکات، نەك بە پێچەوانەوە. لە میتۆلۆژیادا، ڕچەڵەکی گەردوون سەرەتا بە دروستکردنی ئاسمان و زەوی و بوونەوەرەکانی تر بوو، لە کۆتاییدا مرۆڤ. بۆ ئەوەی مرۆڤ هەموو ئەوانە لە ڕێگای پرسیارکردن بگێڕێتەوە؛ هەر خودی میتۆلۆژیا کە مرۆڤ دایهێناوە، ئەو پرسیارکردنە دەسەلمێنێت. ئەوە مرۆڤە لەبری سروشت و سەرجەمی بوونەورەکان و گیان لەبەرەکان قسە دەکات، پرسیار لە وجودی خۆی دەکات و دەیگێڕێتەوە. گێڕانەوە، گەڕانە بە دوای شتی نادیار تا بیکەینە دیار. هەندێك جار، شتی زۆر سادە و ئاساییە، بەڵام نەبیندراون. دەتوانم بڵێم، ئەو بەهەشتەیە کە هەموومان بە دوایدا دەگەڕین، ئەوەی لای نزیك دەبێتەوە، ناشێم پێی دەگات، تا ڕادەیەك دەستی دەچێتە ناو نادیار و زمانەکەی وەر دەگێڕێت و دووبارە بە زمانێکی تایبەت کە خۆی دای دەهێنێت، شتەکانی پێ دەگێڕێتەوە. لەبیرشمان نەچێت، کە خودی زمان، ئامرازێکی هاوپەیوەندییە، کە بە نۆوەندی ئاماژە ئەنجام دەدرێت، ئەوە کە سەر لە شتە نادیارەکان هەڵ دەداتەوە.

پ3/ بەدرێژای مێژووی نوسین جگە لە وەزیفەی گێڕانەوە، چیرۆك و ئەفسانە، بەپێی قەناغە جیاوازەکان ئەرکی جۆراو جۆریشیان هەبووە. وەك ئەوەی (باختین) دەڵێت" ئەوەی کە دوێنێ ئەرکی ئەفسانووس بوو، ئەمڕۆ ئەرکی کارەکتەری سەرەکیی ئەفسانە" مەبەستمە بپرسم، ئەرکی سەرەکی ئەفسانە پاش گێڕانەوە چییە؟ تا چەند نووسەر لە ڕۆگەی کارەکتەرەکانیەوە، دیوی شاراوەی واقیع دەگوازێتەوە؟

بەیان سەلمان/ با لەوەوە دەست پێ بکەم کە باختین دەڵێت "ئەفسانە جەندەرێکە کە لە پرسەی بە بوونە" بەم واتایە، هەمیشە لە گێڕاندایە. ئەمەش ئەو ئازادییە بێ سنوورەی ئەفسانە دەسەلمێنێت کە بەردەوام لە هەڵسەنگاندنە. لە داهاتوودا فەلسەفە لە ئەفسانە زیاتر، هەڵسەنگاندن بەخۆیەوە دەبینیت. ئەوە یاسای ئاڵۆزیی دنیاییە، کە جەغەت دەکاتە سەر فیکر و هەڵسەنگاندنی. من وشەی "کارئەکتەر" caractère بەکار نابەم، ئەوە بێ خەسڵەتەکانی کەسایەتییەکی ناو شانۆیە، وشەی "کەسایەتی" personnage ئاستەرە، هەر بۆیە لە تیۆری ئەدەبیی فەرەنسیدا لەگەڵ "کەسێك" personne جیایان کردۆتەوە. لێرەوە، ئەو کەسایەتییەی دەخرێتە ناو کارێکی ئەدەبیی، هەڵگری بڕچوون و ڕوانینێکە لە بارەی مرۆڤ و دنیا. بێ گومان هەرچی دەیزانێت، یاخود پێی هەڵ دەسێت و بە نیازە بیکات، لە ڕۆگای گێڕانەوە ئەمە پێی ئاشنا دەبین و دیزانین. ئیدی ئەمە لەسەر نووسەر کەوتووە، چۆن چیرۆك و ڕووداوەکان دەخاتە بەر چاو خوێنەر. کە باس لە ئاستیش دەکەین "واقع"، ئەوە ئاستی ژیان دەگوازینەوە، بەڵام بە نۆوەندی داهێنانێکی خەیاڵیی. لەوانەیە ئەو "دیوە شاراوەیەش" کە لەلای تۆ پرسیارە، وەها شاراوە نەبێت، بەڵام کەسایەتییەکی دەستنیشانکراو ئامانجی ئەوەی لە دوایە ببێتە زمان حاڵی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی، یاخود ببێتە هەڵگری هەستی کەسێك، بڕچوونی، تێگەیشتنی بێ شتەکان، مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشە و ڕووداو و ئەو کۆمەڵەی دەوروبەرەکەیشی.

پ4/ ئەوەی ئەفسانەکانی تۆ بخوێنێتەوە زوو لەوە تێدەگات کە هەڵگی گەورەی کارکردنی تۆ لەناو مێژوو دایەو دەتەوێت هەمیشە مێژوو وەك تێمایەکی سەرەکی لەناو کارەکانتا وجودی هەبێت، قسەك هەیە دەڵێت "مێژوونووس مێژووی کۆمەڵ دەنوسێتەوە نەك مێژووی مرۆڤ، بەس ئەفسانە مێژووی مرۆڤ دەنوسێتەوە. تۆ دەتەوێت کامیان بنوسیتەوە مێژوو بێ بێتۆ گرنگە؟

بەیان سەلمان/ مێژوونووس ئیشی نووسینەوەی مێژووی مرۆڤیشە! مێژووی شارستانییەتێك بێ نموونە، مێژووی مرۆڤکانیشە. هیچ کۆمەڵك،

شارستانییەتێك بێ مێژووی مرۆڤەکانی بەهای نییە. کە باس لە شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و گرێك دەکەین، ئەو مێژووە، بێ مرۆڤەکانی کە لەو سەردەمەی ژیاون و ئەوانن کە خودی شارستانییەتەکەیان دروست کردووە، بوونی نییە! لە ماناکانمدا، دیوێکی مێژووم نووسیوەتەوە، نەك هەموو مێژوو. تەنامانم لە مێژوویەك، وانگەم لە ئاستی ووداوی ئەو مێژوودا هێناوەتەوە. مێژووی ئاستی سەردەمێکم دەقاودق زیندو نەکردۆتەوە. وەك ماننووسێك، ئەمە ئیشی من نییە. جاری وەهاشە، دەبیستم، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی ژنە ماننووسم، پێم دەڵین، هەموو دەقەکانی لەسەر ژنن. ماناکانم باسی هەموو مرۆڤێك دەکات. پیاو وەك ژن جێی خۆیان هەیە. پاشان ئەوە پێویستیی ووداوەکانە کە کەسایەتییەکی سەرەکی ژن بێت یان پیاو، یان منداڵ. خۆ شاعیر دیکنز کە " ئەلیفەر تویستی" نووسیوە، منداڵ نەبووە، پیاوە! ژاك لەندن "دان چەرمێ"ی نووسیوە، کە باس لە ئاژەڵکی نیوچە سەگ و نیوچە گورگ دەکات!

پانتایی ماناکان بریتی نییە لەوەی تەنها پیاو، یان ژنی تێدا بەکار ببرێت. نووسەر باس لە پێکهاتەی کەمەڵك، یاخود شارستانییەتێك دەکات، کە گرنگە هەموو هەگەزی مرۆڤ و بوونەوەرێکیشی تێدا بێت. لە "بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووك" بچووکەکم لەبارەی مێژوویەکی کۆیلایتییەوە هێناوەتەوە و کەسایەتی سەرکیش پیاوە، خودی گەورانەوەکەش بە زمانی پیاوە. لە "شەوانی ئادەم" کەسایەتی سەرەکی ئادەم و مەردۆخ و ژینۆ و سەکینە و بۆقەرە، کەسایەتییەکی نێرەموویکیشی تێدایە. لە نەوەکانی مادایی کەمەڵە خەڵکن، ژن و پیاو و منداڵ. بەدەر لەوەی، ئەمانە هەگەر نین لە لێکدانەوەی هەندێك کەشەی کەمەڵایەتی و وجودیی و فیکریی، کە پێویستیان بە چوونەوە سەر مێژوویەکی تایبەتی خەڵکانێك، شونێك، هەیە و لەو وانگەیەوە لێکی بدەینەوە، وەك ئەوەی "لە بەرزایی شوراکان"دا هاتووە. ئەو جۆرە کارکردنە پێوستییە، دەستکرد نییە.

پ5/ لە ساتی گەورانەوەی چیرۆکی هەردوو ماناکانی (خەزنە مەملوك و بەرزایی شوراکان)دا زۆر بە وردیی کار لەسەر کەشە بەردەوامەکانی ئینسانی ئەمە دەکەیت. پێت وایە مرۆڤی ئەمە بەردەوام گیرۆدەی کەمەڵك گرێی دەروونی تایبەتە، کە خۆشی شەرم لە باسکردنیان دەکات؟ لێرەشەوەیە کە تاکی ئەمە خاوەنی زیاتر لە دەموچاوێك و کەسێتیەکەو بەردەوام بە چەندین ماسك وخساری داشارتەوە. دەمەوێت بپرسم، تۆ دەتەوێت چۆن لەم بابەتە بدوانی؟ تا چەند ماناکان دەست و

پەنجە لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی مرۆڤدا نەرم دەکات؟

بەیان سەلمان/ مرۆڤ لە هەموو جۆرێك دروستكەری ژیانە. هووی ئەودیوی خودی ژیانە. كە دەڵێین ژیان پڕ لە نەهنی و هێما و كێدە، واتە مرۆڤ هوویی ئەودیوەتی. لەبەر ئەوەی ئەقڵ و بیركردنەوە و زمانی دەربڕینی پێیە. واتە، بوونەوەرێكی ئاڵۆزە، خاكیترین تاك، بێ ئاڵۆزیی نییە. لەلای خۆمان و لە هەموو شوێنكی دنیاش، مرۆڤ سەدان كێشەی دەروونیی هەیە. جیاوازیی لە نێوان ئێرە و ئەوێ، لە جۆری شاردنەوەیەتی. چونكە كەسی نەخۆش هەوڵ دەدات كێشە دەروونییەكانی بشارێتەوە، ئەوە ئەگەر هۆشی پێیان هەبێت. ئەو دەمامكانەی ئاماژەشی پێ دەكەیت، لەو هاستییەوە هاتوون، كە مادەم مرۆڤ زمانی دەربڕینی هەیە، كەواتە پێویستی بە ماسكە و بەكاریان دەبات، دەنا ناتوانیت ژیانی رۆژانەی بەسەر بەرێت. بگرە بێ ماسك لە دێزەخدا دەژی. بێگومان دەمامكەكان بە هووی ئیجابی و سەلبی جودان. خەزنە دەمامكی شەرم و نەخوێندەواریی بەكار دەبات، تاكو لە دەسەاتی زێرداران خۆی رزگار بكات. خاوەنەكەی دەمامكی چوونە مزگەوت بەكار دەبات، تاكو بازرگانەتكەی هەر لە گەشەدا بێت. لە "بەرزایی شوراكان" ئەو كەسانەی لاقەی زەكیە دەكەن، گشتیان، رۆژانە ماسكیان هەڵگرتووە و دواییش ئاسایی بێ سەر ئیشی خۆیان دەچن. لە "شەوانی ئادەم" پیاوەكانی ناو كێشك گشتیان ماسكەكانیان لاداوە، بۆیە چیتر ناتوانن لە ناو كۆمەڵ بژین و لە چاڵەوانییدا جێی خۆیان دەكەنەوە. ئەوە كۆمەڵە كە ماسكی هەمە جۆر دەسەپێنێتە سەر خەڵك. ئەمان ئیشیش لەناو ئەو دوو فاقەی ئاڵۆزیی كەسایەتییانە دەكات، كە كۆمەڵێك پێك دەهێنن، یاخود تاكێكی لێ بەرهەم هاتووە.

پ6/ زۆر جار باس لەوە دەكرێت، كێتای ڕەمانەكانت كێتای كراوەن و هەمیشە كەمتر خێت لە چارەسەری كێشەی كارەكتەرەكانت دەدەیت، بەجۆرێك كێتاییەكان بێ خوێنەرەكانت جدییت، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە؟ ئەمە بە مەبەست دەكەیت یان نا، ئەوە تەنها بۆچونی خوێنەرەو كاری ڕەكەوتە؟

بەیان سەلمان/ من دیسان دەمە سەر ژیان. دەڵێم بەرابەر بە مردن كە دۆخێكی داخراوە، ژیان تەواو كراوەیە. ئیتر بەو شێوەیە ئیش لە ڕەمانەكانم دەكەم. تا ئەو جێیەی كە "كێتاییەكانی"، هەر وەك لە ژیانی ڕاستیدا، كراوە بێت و لە شوێنكدا، كە ئێمە نازانین بەرەو كوێیە، ناشزانین لە كەیە، واتە كاتیشی نازانین، ئەوە مرۆڤەكان بۆیاری خۆیان دەدەن، هەر وەك ڕاستیی لە ژیاندا. ئێمە ناچین بۆیار بۆ كەسێك بدەین چی بكات. ڕەمان چیرۆكی كێن نییە، تاكو زەمانی

شازاده و کچه پاشا بگ□□□ته‌وه، که ک□تاییه‌که‌ی به "هه‌پی ئ□ند" ته‌واو ده‌ب□ت و "هه‌موو به یه‌ك شاد ده‌بنه‌وه"! □□مان خودی پ□ناسه‌ی ژیانه، □□مانووسیش به زمانێکی تایبه‌ت □ووداوه‌کانی ده‌گ□□یته‌وه. ئه‌وه له‌گه□ ب□چوونی خو□نه‌ری هه‌مه‌ج□ریش ده‌گونج□ت. له‌وانه‌یه خواستی خو□نه‌ری زۆر ساده نه‌پ□کێ، که هه‌میشه به‌دوای چاره‌سه‌ر ده‌گ□□ت. ده بپرسین: ک□ چاره‌سه‌ری □استیی له‌لایه؟ چاره‌سه‌ر خ□ی بریتیه له چی؟ ئه‌وه‌ی که‌س□ك به چاره‌سه‌ر دای ده‌نات، یه‌ک□کی دیکه به سه‌رچاوه‌ی ک□شه سه‌یری ده‌کات. واته ئ□مه ل□ره، له به‌رامبه‌ر د□خ□کی □□ژه‌یین "نسبی".

پ7/ باس له‌وه ده‌کر□ت له ئ□ستاداو دوای ب□او بونه‌وه‌ی □□مانی (شه‌وانی ئاده‌م) کار له‌سه‌ر □□مانێکی نو□ ده‌که‌یت. ده‌کر□ت هه‌ندێك زانیاری گرنگ ده‌رباره‌ی □□مانه‌که‌و بیر□که‌که‌ی به خو□نه‌ران بده‌یت؟

به‌یان سه‌لمان

هه□قو□انی نه‌وت له سه‌ده‌ی □ابردوو، له گونده‌کانی سه‌ر به که‌رکووك، ده‌رکردنی خاوه‌ن عه‌رده‌کان، شیرازه‌ی بنه‌ما□ه‌ی باجه و م□ژووی کوردیش له ناوچه‌که، به‌ره به‌ره هه□ ده‌وه‌ش□ته‌وه. له‌و □□مانه‌دا، تا قو□ایی بنچینه‌ی شار و پ□کهاته‌کانی ده‌چین. چ□ن سه‌یری به‌رده‌وامبوون له شو□ندا ده‌کر□ت؟ خودی شار مو□کی ک□یه؟ مر□ڤی ه□شمه‌ند ئه‌وه‌یه که پله‌یه‌کی به‌رزی خو□نده‌واریی هه‌یه، یاخود که‌س□کی ئه‌ق□انییه؟ له‌هه‌ناوی ئه‌و م□ژووه پ□ ئازاره، له □□گای چاره‌نووسی (باجه گه‌وره)، ب□ ئه‌وه‌ی زۆر ج□ گ□□گ□ بکات، چه‌رخی □ووداوه‌کان ده‌سو□□ت. ئه‌و گه‌وره-کچه نه‌خو□نده‌واره، باش ده‌زان□ت، له هه‌ر ق□ناغ□کی ژیانی، که به ه□سه‌نگاندنی م□ژوویی و سیاسیی و فیکری که‌سایه‌تییه‌کان گر□ دراوه، ج□ه‌وی که‌سایه‌تی خ□ی و ئه‌وانه‌ی به ده‌وریشییه‌وه‌ن، بگر□ته ده‌ست. ک□مه□□ك که‌سایه‌تی زۆر له ده‌وری (باجه)ن. ئیشکه‌ره‌کانی ما□ه‌که، (سپارده)، (ده‌و□ه‌ت) که له هه‌رزه‌کاریيه‌وه له‌و ما□ه‌یه و ج□ی متمانه‌یه‌تی، خزم و که‌سه‌کانی، هاتوچ□که‌رانی دیوه‌خانه‌که‌ی. ئه‌گه‌ر دیوه‌خانه‌که‌ی به پ□ی سه‌رده‌م هه‌ر له شو□ن خ□یه‌تی، ئه‌وه د□خی که‌سه‌کان و □ووداوه‌کان نییه، که هه‌میشه له گ□□اندان. کاتی خ□ی، چوار کچ ده‌چنه لای باجه؛ له‌م سه‌رده‌مه‌ی ئ□ستاش، چوار کچی جیاواز که پ□ په‌نهانیین و ج□ی گومانن ده‌چنه لای. له هه‌ردوو سه‌رده‌مدا، ئه‌و کچانه چییان له‌بن سه‌ره؟ □□ژ□کیان، داستان، خوشکه‌زای باجه، ب□ و□ات ده‌گه□□ته‌وه. ئه‌و هاتنه‌وه‌یه □ووداوی زیاد له نیو سه‌ده زیندوو ده‌کاته‌وه. داستان به‌دوای خ□شه‌ویسته‌که‌ی (سپارده) و□ه. نه‌بوونی هیچ هه‌وا□□کی، نه□نیی چی

شاردەتەوە؟ قین و خەشەویستی، چ ئاکامەکیان لێ دەکەوێتەوە؟ لە ڕێگای باجە، چارەنووسی هەموو کەرکووك، لە ناو ئەو ڕەمانە نوێیە. چارەنووسێك، کە هەتا بڕێی لایەنی بەهێزیی دەرەخات، هاوکات ناسکییشیی، واتە هەمیشە جێی گرەوە.

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند دانا ڕەئوف … سازدانی/ شاخەوان سدیق

دانا ڕەئووف:
دەقی خەماڵی هەمیشە ڕێکی گەورەی گەڕاوە لە دروستکردن و بونیادنانی شانۆدا.

سازدانی/ شاخەوان سدیق

شانۆ یەکێکە لە هەرە زیندوترین هونەرەکانی دونیاو، ڕۆژانە لە شارەگەورەکانی دونیادا چەندین نمایشی جدی بە چەندین شێوازو ڕەبازی جیاجیاوە پێشکەش دەکرێت، لە هەرێمی کوردستانیش تاڕادەیەکی باش گرنگی بەم بوارە دراوە، هەربۆیە بە پێویستمان زانی لەگەڵ هونەرمەند(دانا ڕەئوف) دەربارەی گرنگی شانۆ ئەم دیدارە سازبدین.

شاخەوان سدیق/ ساڵانی ڕابردوو کەمەڵك نمایشکران، کە زیاتر نمایشی شانۆیی کلاسیکی بوون و دەقەکانیان زیاتر دەقی وەرگێڕاو بوون، ئەم کارانە لە سەرەتادا بینەرێکی زۆریان هەبوو، بەڵام وردەوردە ئەم بینەرە نەما تا ئەوکاتەی کێشەی شانۆی با دەقی خەماڵیان دروست کرد، دەقێك کە پێشتر نە بووە و خۆیان دروستیان کرد، بەستیانەوە بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە وە دەقەکانیان باسکردن بوو لە ئەمڕۆو ئێستای ژیانی ڕۆژانەی خەمان. ئەم کارانە بینەرێکی زۆریان هەبووە و بۆ چەند ڕۆژێکی زۆر نمایشکران، هەست ناکەی تۆرانی بینەری ئەمە پێوەندی هەبووە بەوەی کە ئەو دەقە وەرگێڕاوانە پێوەندیان نە بووە بە ئێستای کۆمەڵگای ئەمەوە؟ هەست ناکەن بینەری ئەمە شانۆیەکی دەوڵەت بیبەستێتەوە بە واقیعی ژیانی خۆیانەوە؟

دانا ەئووف / پێش هەموو شتێك دەقی وەرگێڕاو و شانۆی کلاسیکی، سەرچاوەیەکی گرینگ و پێویستی هەموو شانۆ و بزووتنەوەیەکی شانۆییە، بەبێ شانۆی کلاسیکی یان هەر دەقێکی تری وەرگێڕاو شانۆ کەڵێنکی گەورەی تێدایە، ئەو کەڵێنەیش هەرگیز بە دەقی خۆماڵی پڕناکرێتەوە. لە هەموو دونیادا شانۆ تەنها شانۆی خۆماڵی نییە و شانۆ پرسەیەکی پێکەوە بەستراوە و شتێکە هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە؛ ئەمەیش هۆکارێکی زۆر ساکاری هەیە، لەبەر ئەوەی شانۆ هەمیشە پەیوەستە بە مرۆڤ و خەون و هیوا و ئازارەکانی مرۆڤ و پێوەندییەکانی مرۆڤ بە یەکترییەوە. ئەگەر نەمایشکردنی دەقی وەرگێڕاو و کلاسیکی بینەری لە شانۆ تەکاندبێتەوە، ئەوە بەبێ هیچ گومانێك هەڵەی ئەو دەقە وەرگێڕاوە یان کلاسیکییە نەبووە و نییە، بەڵکو هەڵەی ئەو کەسانەیە، کە نەمایشی دەکەن. شانۆنامە تازە و مۆدێرنەکان، لە پاڵ دەقەکانی شانۆی کڵاسی گرێکی، شەکسپیر، مۆلییر، ستریندبێرگ، چێخەف، برێشت، پینتەر... و هەزارەهای تریش، کە بەردەوام لەسەر شانۆکانی دونیا نەمایش دەکرێن، نەك هەر بینەریان لە شانۆکان نە تەکاندێتەوە، بەڵکوو وزەیەکی گەورەبوون بۆ شانۆ، شانۆکارەکان و بینەریان بۆشوومار لە دەوری خۆیان کۆکردێتەوە. دەبێ ئێمە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، چۆن و بۆچی ئەو هەموو دەقە کلاسیکییە تا ئێستا بە بەردەوامی پێشکەش دەکرێن. گرفتەکە ئەوە نییە، کە ئێمە دەقی وەرگێڕاو یان شانۆی کلاسیکی پێشکەش دەکەین، گرینگ ئەوەیە چی هەڵدەبژێریت و چۆنی پێشکەش دەکەیت.

هەر ئێستا، کە من وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ دەدەمەوە، هەر کێی شانۆی با-یش نەمایشکی گەڵك سەرکەوتوویان لە شانۆی جیهانی و دەقێکی وەرگێڕاوەوە پێشکەش کردووە، کە ئەویش (مارا/ساد-ە. مارا/ساد) لە ماوەی ئەم سی چل ساڵەی ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا، لە چەند هەل و مەرجی جیاوازی وڵات و شارەکەماندا نەمایش کراوە، بێ نموونە، کە ئێمە لە هەشتاکاندا و لە کاتی جەنگی عێراق/ئێران و لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری مارا/سادمان نەمایش کرد، هەمان ئەم نەمایشەی ئێستا نەبوو، هەروەها کە کەمەکك براوەری تر و لە کەلاوەکانی ئەوسای ئوتێل حسیب ساڵح، دوای شەڕی عێراق/ئێران مارا/سادیان نەمایش کرد، هەمان نەمایشەکەی ئێمە نەبوو. کەواتە گرفتەکە دەقی وەرگێڕاو یان شانۆی کلاسیکی نەبووە و نییە، بەڵکوو هەڵبژاردن و چۆنییەتی نەمایشکردن و چارەسەرە هزری، هونەری و ئێستاتیکییەکانە. کە لە دونیایشدا بە بەردەوامی دەقی کلاسیکی نەمایش دەکرێت، لە فۆرم و شێواز و ستایلە کلاسیکییەکەیدا نەمایش ناکرێت، گەر وا بوایە شانۆ دەمێ بوو مردبوو. کاری شانۆکار

و شانۆ ئەوەیە پرسیارەکانی ئەمڕۆ و هەناسەیەکی نوێ لەو دەقانەدا بدۆزێتەوە: گرینگ نییە چی نەمایش دەکەیت، کلاسیك، مۆدێرن یان دەقێك خۆتان لە کاتی پڕۆفە و بەکاری ڕاگوزاری و هاوبەش دەینووسن، گرینگ ئەوەیە بە هەوای ئەمڕۆ و ئەم ساتە هەناسە بدات و بژی. کاری شانۆ و شانۆکار ڕازاندنەوە و دروستکردنی مۆزەخانە نییە لەسەر شانۆکان، هاوکات وەڵامدانەوەی پرسیاریش نییە، بەڵکوو وروژاندنی پرسیارەکانە، دەرخستنی ڕاستییەکانە و بۆزارکردنی بینەرانە.

من لەو بڕوایەدانیم کێی شانۆی با یان هەر شانۆیەکی تر چ لە کوردستان یان لە هەر سووچێکی تری ئەم دونیایەدا بتوانێت پشت بکاتە ئەو کولتوورە دێرین و گەورەیەی شانۆی جیهانی و تەنها خۆی دەقی خۆی بەرهەمبهێنێت. لەو کاتەدا زۆر کەموکووڕی تێدا دەبێت؛ نە شانۆ گەشە دەکات، نە تواناکانی ئەکتەر و نە دیدی ریژیسۆر. نووسینی دەقی خۆت و بە کاری هەرەوەزی و پرۆسەیەکی ڕاگوزاری، لە قۆناخ و هەوشێکی دیاریکراودا ئەزموونێکی باش و دەوڵەمەندە و زۆربەی شانۆکارەکانی دونیایش، بێ نموونە (ئاریان موشکین و پیتەر بروووك)، کاری وایان کردووە، بەناو پشتکردنە شانۆی جیهانی و دەقی وەرگێڕاو و کلاسیکی و تەنها و تەنها خۆت بە کاری هەرەوزی دەقی تایبەت بە خۆت بەرهەمبهێنیت، ئەوا بێگومان تێنەگەیشتنێك هەیە. دەکرێت شانۆنامەنووسێك بە بەردەوامی لەگەڵ گروپێك کار بکات و ئەو گروپە تەنها دەقەکانی ئەو شانۆنامەنووسە بەکاربهێنن و نووسەرەکەیش لە پرۆسەیەکی گەشەکردوودا، لە دیدی ریژیسۆرەوە دەقەکانی نووسێت. ئەم جۆرە کارانەیش نموونەیان لە شانۆی جیهانیدا زۆرە و ئەزموونێکی گەلێك دەوڵەمەندە. مولییر بێ ئەو شانۆیەی دەنووسی، کە خۆی کارەکانی تیا پێشکەش دەکرد، چێخەف بە تەواوی خۆی تەرخانکردبوو بێ شانۆی هونەری مۆسکۆ، داریۆ فۆ نموونەیەکی تری دانسقەیە، کە خۆی نووسەر، ئەکتەر و ریژیسۆر بوو… هتد. ئێستایش زۆر شانۆنامونووس هەن، کە پێوەندییان بە شانۆیەکەوە یان ریژیسۆرێکەوە هەیە و پێکەوە کار دەکەن، ئەو دەینووسێت، ریژیسۆرەکەیش لەگەڵ ئەکتەرەکانی تاقی دەکەنەوە و لە گەشەیەکی دراماتۆرگی گرینگدا چ دەقەکە بەرەوپێشەوە دەچێت و چ دیدی ریژیسۆر و هەروەها ئەکتەرەکانیش.

شاخەوان سدیق/ نەبونی دەقی کوردیە وای کردووە شانۆکارەکان دەقی وەرگێڕاوی ئەوروپی بەکاربهێنن بۆ بەرهەم هێنانی کارێکی شانۆیی یان چی؟ هەست ناکەی بینەری دەقی شانۆیی کوردی زیاتربێت؟

دانا ڕەئووف / ئەدەبی کوردی بنەماکانی لەسەر شیعر ڕۆناوە، شیعری

کلاسیکی کوردی لە مەولەوی-یەوە بۆ شێرکۆ بێکەس سامانێکی گەورە و دەوڵەمەندە و ڕێگایکی گەورەیشی لە پارێزگاریکردن و گەشەی زمانی کوردیدا گۆڕاوە. بە پێچەوانەوە ژانرەکانی تری ئەدەب، ڕۆمان و تەنانەت کورتە چیرۆك و دەقی شانۆیی ئەو مێژووە درێژەیان نییە و تا ڕادەیەك بە ئەدەبی کوردی نامۆن. خۆ ئەگەر کورتە چیرۆك لە حەفتاکانەوە هەندێك هەنگاوی جدی نابێت، ئەوە ڕۆمان لە کۆتایی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانەوە زیاتر دەرکەوتوە و بەرەوی بە ئەدەبی کوردی داوە. نووسینی دەقی شانۆیی تا ئێستا نەبووە بە کولتوور و نەیتوانیوە وەك ژانرێکی سەربەخۆ دەربکەوێت و خۆی بسەپێنێت، هەرچەندە چەندین هەوڵی زۆر جدی هەن و بەر لە ڕۆمانیش چەندان قەڵەمی بەپێز و بە توانا دەقی شانۆییان نووسیوە، بۆ نموونە (عەبدوڵەحیم ڕەحیمی هەکاری، پیرەمێرد، ئەلف با هەوری و تا دەگاتە ئەنوەر قادر ڕەشید، فەتاح خەتاب، ئەحمەد سالار، دڵشاد مستەفا)... هتد کە جێگا پەنجەیان دیارە و هەنگاوی گرینگ و پێویستیان ناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نووسینی دەقی شانۆیی نەبووە بە کولتوور و نەیتوانیوە جێگای خۆی بگرێت. هیچ کەسێکیش تا ئێستا سەت لە سەت خۆی بۆ ئەم ژانرە تەرخان نەکردووە. بە ڕای منیش یەکێك لە هۆکارەکان گەشەنەکردن و بەهێزی شانۆی کوردییە، کە نەیتوانیوە چ لە ڕووی ریژی و چ لە ڕووی دراماتۆرگییەوە بڕەو بە توانای ئەو شانۆنووسانەی خۆمان بدات، ئەوەی ئەوان نووسیویانە لەسەر شانۆکان بەرجەستەی بکات. کاری شانۆنووسەکانی ئێمە بەو پڕسە هاوبەشو هاوکارییە گرینگەی نێوان ڕیژیسێر/شانۆنامەنووس، شانۆنامەنووس/ئەکتەردا نەڕێشتوە و سوودیان لە ئەزموونی یەکتری وەرنەگرتووە و بەرکەوتنێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی دوولایەنە بۆ پڕسەکە نەبووە. بێگومان لەم بارودۆخەیشدا شانۆکارەکان بە دەقی وەرگێڕدراو هەوڵی پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەیان داوە.

لەلایەکی تریشەوە دەقی خۆماڵی هەمیشە ڕێگەکی گەورەی گۆڕاوە لە دروستکردن و بونیادنانی شانۆدا، ئەوەی ڕاستی بێت دەقی سەرکەوتوو، هاریکاری نێوان شانۆ، ڕیژیسێر و شانۆنامەنووسەکان دروست دەکات، نەك بە پێچەوانەوە. چۆخەف ڕێگەکی بۆهاوتا و گرینگی لە دروستکردنی شانۆی هونەری مۆسکۆدا بینیوە، ستانیسلاڤسکی هەرگیز بەبێ چۆخەف نەیدەتوانی ئەو شانۆیە دروست بکات، کە ڕێگەکی گرینگی لە مێژووی شانۆی جیهانیدا بینیوە؛ شانۆی هونەری مۆسکۆ چۆخەف دەکات بە شانۆنامەنووسێکی پلە یەك، بەهەمان شێوە چۆخەف-یش شانۆی هونەر دەکات بە شانۆیەکی هونەری، کە ناوبانگەکەی سنووورەکانی هەموو دونیا دەبەزێنێت.

بۆگومان لەم بارەیشدا بینەر زیاتر لە شانۆکان کۆدەبنەوە، بە شێوەیەکی ئاسانتر خۆیان لەسەر شانۆکان و لەنێو ئەکتەرەکاندا دەدۆزنەوە، ئەوەی دەیبینن ڕاستەوخۆتر پەیوەستە پێیانەوە، ڕیژیسۆریش بە شیوە و فۆرم و ڕەگایەکی تر هەوڵی چارەسەرکردنی دیمەنەکان دەدات و ئەو تەکنیکەی بەکاری دەهێنێت زیاتر لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانەوە سەرچاوە وەردەگرێت. دەمەوێت سەرلەنوێ ئەوەیش دووپات بکەمەوە، کە ئەوەی پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی شتێکی زیندوو و نزیك لە واقیعی مرۆڤی هاوچەرخ و مۆدێرنی خەڵکانەوە بێت، دەبێت بە هەوای ئەمڕۆ بژی و هەناسە بدات. دەبێت شانۆی کلاسیکی، مۆدێرنی وەرگرێراو و دەقی خەڵکی لە جووڵەیەکی دیالێکتیکی دا یەکتر تەواو بکەن و سوود لە ئەزموونی یەکتر وەربگرن.

شاخەوان سدیق/ ئەمڕۆ ساردو سڕیەکی زۆر لە ناو دنیای هونەری ئێمەدا لە ڕوی نەبوونی ڕەخنەوە هەیە، بەتایبەت ڕەخنەی هونەری و شانۆیی. بەجۆرێ ئەو هەموو کار و نمایشە تۆدەپەڕێت کەس تەنها دوو دێڕی لە سەرناڕێت، تێ ئەمە بێ کەمتەرخەمیی هونەرمەندان دەگەیتەوە، کە گرینگی بە بواری نوسین نادەن یان ئەمەیش وەك هەموو کێشەکانی تر پەتای نەبوونی نوسەری ڕەخنەی هونەرییە؟

دانا ڕەئووف / دەبێت ئێمە ئەوە باش بزانین، ڕەخنەی شانۆیی یان ئەدەبی لەخۆوە دروست نابێت، هەر بۆ نموونە، گەر تۆ ڕۆمانی کوردیت نەبێت و هیچ ڕۆمانێك نەکەوێتە بازاڕەوە، ڕەخنەی ئەدەبیشت نابێت و کەس قسە لەسەر ڕۆمان ناکات. شانۆیش هەمان هاوکێشەیە، ئەگەر نەمایشی باش پێشکەش نەکرێت و شانۆ نەبێت و هیچ ڕۆڵپرتوارێکی شانۆیی لە ئارادا نەبێت، بۆگومان ڕەخنەی شانۆیشمان نابێت. بزووتنەوەی شانۆی کوردی سستە و ڕۆڵپرتوارمان نییە. بەڵام ئەوەی بەڕێزیشت لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکردووە، ڕاست نییە. لەم یەك دوو ساڵەدا، چ لە هەولێر و چ لە سلیمانی کەمەڕەك کاری باش پێشکەش کراون و لەسەریشیان نووسراوە و تەنانەت لە شوێنە گشتیەکاندا دانیشتن و گفتوگۆیشیان لەسەر کراوە. هەندێك قەڵەمی باشیشمان هەیە، کە لە شانۆ دەگەن و ئەوەی دەینووسن، لە خودی پرسە شانۆییەکەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. من بۆ نموونە چەند ناوێك دەڵێم، کە بەڕاستی هەوڵی جدییان لەم بوارەدا هەیە؛ (حەمەسوار عەزیز، حیدەر عەبدرەحمان و هەندێك تەقەلای ڕەخنەیی نیهاد جامی-یش).

لەم ڕۆژانەدا، کە لە سلیمانی مارا/ساد نەمایش کرا، چەندین گوتاریی ڕەخنەی جدیشی بە دوای خۆیدا هێنا، هەروەها ماوەیەك

لەمەوبەر، کە (شوان عەتوف) کارێکی مۆنودارامای، هاوکات شانۆنامەی (سێ خوشك)ی چێخەف هەر لە سڵێمانی نەمایش کران، بەهەمان شێوە کۆمەڵك گوتاری ڕەخنەییان بە دوای خۆیاندا هێنا. کاری جدی هەمیشە، کاردانەوەی جدیشی لێ دەکەوێتەوە.

ڕەخنەگری شانۆیی بەهایەکی گرینگی هەیە و ڕۆڵی ئەو تەنها ئەوە نییە، وەك ڕاوێژکارێکی بەسەلیقە، ڕێنمایی بینەر بکات، تا کارێکی باش ببینن و کارێکی خراپ نەبینن. هەروەها کاری ڕەخنەگریش ئەوە نییە، دوای بینینی نەمایشێك خاڵە باش و خراپەکان دەستنیشان بکات؛ ڕەخنەی شانۆیی زۆر لەوە گرینگتر و پرسەیەکی ئاڵۆزتریشە. هەموو فۆرمەکانی هونەر، شانۆ، مۆسیقا، وێنەکێشان... هتد، بەبێ ڕەخنە و ڕۆڵی ڕەخنە، بەڕای من لەژێر هەڕەشەدایە. هونەری مۆسیقا و وێنەکێشان بە تەواوی لەم بوارەدا فەرامۆش کراون و هیچ شتێك لەسەر پێشانگا و کۆنسێرتە مۆسیقییەکان ناوترێت و نانووسێت، بە ڕاستی ئەمە کارەساتە.

شانۆ هونەرێکی گرانە، هونەرێکە بە ئاسانی ناگەیتە دوا ئەنجامەکان، ڕەخنەگری شانۆیش دەبێت ئەم ڕاستییە بزانێت، ئەو توانا و جورئەتەی هەبێت، پەردە لەسەر نەك تەنها هەڵەکان، بەڵکوو لەسەر توانای هونەرمەندەکانیش هەڵماڵێت. باشترین ڕەخنەگرەکانی شانۆیش ئەوانەن، کە ئاژانە لە هۆڵی پرۆفەکاندا دادەنیشن و چاودێری پرۆسەی داهێنان و هەنگاو بە هەنگاوی کاری ئەکتەر و ڕیژیسێر دەکات. ڕەخنەگر چاوی سێیەم و خوێنەری سێیەمی نەمایشەکەیە، دوای ئەکتەر و ڕیژیسێر، ئەو نەمایشکە دەگەیەنێتە ئاستی گەشە و تەواوی پرۆسە پراکتیکی و کردەییەکە شیدەکاتەوە و توانای کردنەوەی کۆدەکانی هەیە. من لەو بۆچوونەدام، هەندێك یان چەند ڕەخنەگرێکی دیاری کراو تا ئاستێکی باش ئەو توانایەیان هەیە. بۆگومان بینەر یاخود ڕیژیسێر و ئەکتەرەکان چەند هاوێان لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەگر دەینووسێت، ئەوە شتێکی تڕە و گرینگیش نییە.

شاخەوان سدیق/ ڕەخنەگری شانۆیی تا چەند پێویستی بە تیۆری شانۆ هەیە بۆ ئەوەی ڕەخنەگرێکی باش بێت؟ ئایا بنەمایەکی تیۆری بۆ ڕەخنەگر پێویستە؟

دانا ڕەئووف / ڕەخنەگرێکی باشی شانۆیی دەبێت لە شانۆ بزانێت و لە هونەری شانۆ بگات، شانۆ ئەدەب نییە و ئەو کەسەی ڕەخنەی شانۆیی دەنووسێت بە شێوەیەك لە شێوەکان پێوەندی بە شانۆوە هەبێت. کاتی خۆی ئەو کەسانەی ڕەخنەی شانۆییان دەنووسی کەسانی پسپۆر نەبوون،

بەکوو زیاتر ئەو کەسانەبوون، کە سەرقاڵی ئەدەب و هەخنەی ئەدەبی بوون، وەك کارێکی ئەدەبی باسی ناوەڕۆك و بنەما هزرییەکان و دەقە شانۆییەکەیان دەکرد، نەك لایەنە کردەییەکە و ئێستاتیکای شانۆ. لە هەشتاکانەوە ئەم ڕەچەکەیە گۆڕاوە و ئەوانەی هەخنە دەنووسن بەشێکن لە شانۆ و کارە شانۆییەکان. من خۆم، بەرلەوەی بنووسم چ وەك ئەکتەر و چ وەك ڕیژیسێر کارمکردووە، ئەزموونی شانۆ و لایەنە کردەیی و پراکتیکییەکەم گواستۆتەوە بۆ نێو گوتارە هەخنەیی و شانۆییەکان.
تێڕی شانۆیی و شیکردنەوەی دەق و تێگەیشتن لە پێکهێنەرەکانی تری نەمایشی شانۆیی، ڕەخنەگر لە نەمایش و سروشتی کارەکە زیاتر نزیك دەکاتەوە و دیدە ئێستاتیکییەکەی لە هاڤەی ڕیژیسێر و خوێندنەوەی نەمایشەکەدا دەردەکەوێت. ئەمە نامانەوێت ڕەخنەگر ڕیژیسێ و ئەکتەر بێت، بەڵام پێویستە لە کاری ڕیژیسێر و ئەکتەر بگات، زانیاری لە مێژووی شانۆدا هەبێت و لە بنەما دراماتۆرگییەکانی دەق/نەمایش بگات.

هەخنەیش چەندین ڕەباز و تەوژمی تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێت هەخنەگر بزانێت لە چ بنەمایەکی فەلسەفی، دەروونی، جوانکاری یان هەر ڕەبازێکی تردە، نەمایشەکان دەخوێندێتەوە. ئەمەیش پێویستی بە ڕەشنبیرییەکی قووڵ و گشتگر و هەمەلایەن هەیە. لەبەر ئەوە هەخنەگرێکی باش بەبێ بنەمایەکی تێڕی نابێت بە ڕەخنەگرێکی باش و هەرگیز ناتوانێت کەد و سمبۆلەکانی نەمایش بدۆزێتەوە و نووسینەکانیشی بریتی دەبێت لە داڕشتن و وشە ڕیزکردن.



گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر ئارام کاکەی فەلاح … سازدانی / شاخەوان سدیق

ئارام کاکەی فەلاح:
نووسەر بوونەوەرێکی ئاڵۆز و پەرش و بڵاوە، کتێب نەبێ هیچ شتێکی تر کەی ناکاتەوە

لە دونیای ئەدەبی ئێمەداو بەتایبەت لە بواری نوسینی چیرۆکدا (ئارام کاکەی فەلاح) یەکێکە لە ناوەدیارو دەنگە جدیەکانی ئەو بوارە، بۆ ئەم ساڵیش و لە چوارەمین ڤێستیڤاڵی ئەندێشەدا، خەڵاتی چیرۆکی پێبەخشرا، بۆ ئاگاداربوونی زیاتر لە دونیای ئەدەبی ئەو نوسینەکانی ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

پرسیاری یەکەم: لە وتارێکدا (شێرزاد حەسەن) دەڵێت:مومکین نییە

مرۆڤ پاش خوێندنەوەی هەر کتێبێك بەشێك لە دونیا بینییەکانی نەگ[illegible]ت. بەڕ[illegible]زیشتان لە نووسینێك دەربارەی ناسینی کتێبەوە دەڵ[illegible]ن: ئەوەی ڕۆژە دەستی بردو کتێبێکی بە چێژەوە خوێندەوە، ئیدی قەت وەك خۆی لێ نایەتەوە. مەبەستمە بپرسم:کتێب بێ لە ژیانی مرۆڤدا گرنگە؟، ئەم سیحرە، ئەم جادووە چییە کتێب لە مرۆڤی دەکات و دەیگۆڕێ بێ کەسێکی دیکە؟

ئارام کاکەی فەلاح: لە چیرۆکی (ژنی ژێر باران)دا وتەیەکی ژنە نووسەری فەرەنسی تیایە بە ناوی (مادام دی سڤێنگە)، کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە و بە نووسینی نامەکانی، بە تایبەتی نامەکانی بۆ کچەکەی، زۆر بەناوبانگە و دەڵێ: هەتا کتێب هەبێ خۆمان هەڵناواسین.لە ڕاستیدا لای من کتێب ئەو ماڵە هەمزییەیە کە مرۆڤ هەمیشە هەیەتی و دەتوانێ بچێتەوە ناوی و دەرگاکەی پێوە بدات وهەست بە ئارامیی بکات. ئەو ئاوێنە سیحرییانەیە لە جیاتی سیمای دەرەوەت دەتوانی لە خۆت بڕوانیت و ترس و هاوار و نائومێدییەکانتی تێدا بدزیتەوە. یان دڵستەڤسکی وتەنی ئەو نهێنییانەی تێدا بدزیتەوە کە مرۆڤ تەنانەت جورئەتی ئەوەی نییە لەگەڵ خۆیدا باسیان بکات. کتێب ئەو زەوییەیە کە دەتوانی خەونەکانتی تێدا بچێنی. ئەو سەفەرانەیە کە ناتوانی خۆت بیانکەیت، ئەو سەفەرانە بە نێو سەدەکاندا، بە نێو وڵات و شارەکاندا. ئەو کەسانەی بۆ ئەوەی بیاناسیت، دەبنە بەشێکی گرنگی ژیانت. کتێب چەندێ گرنگە بۆ ناسینی دونیا، هێندەش گرنگە بۆ ناسینی خۆت. کتێب دەستکاری هەندێ شوێن دەکات کە وا دەکات لە خۆت زیاتر نزیکت بکاتەوەو زیاتر بەو مرۆڤەی ناو خۆتت ئاشنا بکات. بۆیە ئەوانەی پەیوەندییەکی قووڵیان بە کتێبەوە نییە، بە خۆیان زۆر غەریبن. ئەوانەی کتێب ناخوێننەوە، چونکە سەیری خۆیان زۆر ناکەن، زۆر قسە دەکەن و بە گشتی کەسانی زۆرە بڕۆن.

پرسیاری دوو: زۆر جار دەوترێت کاتێك مرۆڤ دەستی بە هێنانەدی خەونەکانی ناگات، پەنا بۆ نووسین دەبات. بەختیار عەلیش لە دیدارێکدا دەڵێت(مرۆڤ کاتێك لە هەموو شتەکان فاشیل دەبێت ڕوو دەکاتە نووسین و دەبێت بە نووسەر). بەڕاستی نووسەر بوون دواکارتی فشاری مرۆڤە بۆ بەردەوام بوون لە ژیان؟ یان نووسین بۆ دەستڕاگەیشتنی مرۆڤە بۆ ئاشنابوون بە دیوێکی تری ژیان و کەشف بوونی دونیایەکی نوێیە؟مەبەستمە بپرسم تۆ بۆ دەنووسیت؟ نووسین وەڵامدەرەوەی چ پرسیارێکی تێیە لە ژیان؟

ئارام کاکەی فەلاح: نووسین وەك عەشق وایە، تەنها ئەو کاتە هەستی پێ دەکەی کە لەناو زیندانەکەیدایت. لەمەوە دەمەوێ بڵێم کە نووسین بۆیارێکی پێش وەخت نییە. نووسەری راستەقینە ناتوانێ بڵێ ئیتر من لە بەیانییەوە دەبم بە نووسەر، یان گەورە بم دەبم بە نووسەر. مرۆڤ کاتێ پێ دەزانێ نووسەرە، کە ئیتر لە هەموو شتێکی تر دەستی شتووە. رۆژێ هەست دەکەی تەواو بە تەنیا ماویتەوە، یان لەناو دەیەها کەسدایت و تەنیایت. هەست دەکەی هیچ شتێکی تر سوودی نەماوەو کەس گوێ ناگرێت لاپەڕە سپییەکەی بەردەمت نەبێت. کتێب نووسین ئەو پەرچەکردارەیە بەرامبەر ناعەدالەتییەکانی دونیا، بەرامبەر برین و خواروخێچییەکانی. ئەو هاوارانەیە کە کەس ئامادە نییە بیبیستێت. من دەنووسم، چونکە هەست دەکەم بەشێکی زۆر زۆری من بە نووسین نەبێت قسە ناکات. نووسەر بوونەوەرێکی ئاژاوەز و پەرش و بڵاوە، کتێب نەبێ هیچ شتێکی تر کەی ناکاتەوە.

پرسیاری سێ: گوستاف فلوبێرلە شوێنکدا دەڵێ:(مادام بۆڤاری خۆمم). منیش زۆر جار لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی تۆدا، وێنەی خۆت دەبینم و ئامادەییتان وەك کاراکتەر لەناو چیرۆکەکاندا دیارە، بە تایبەت لەناو چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفۆن)دا. دەمەوێ بزانم تا چەند بۆچوونەکەم ڕاستە؟ تێ دەتەوێت چیرۆکی خۆت بنووسیتەوە یان هی ئەوانی تر؟

ئارام کاکەی فەلاح: وەك لە زۆر شوێنی تریش باسم کردووە، مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە نووسینەکانی بهێنێتە دەرەوە. کە سەیری ژیانی گارسیا مارکیزو ئەو شوێنەی لێی دەژیا، دەکەین،ئەوسا تۆدەگەین کە ژیانی ئەم نووسەرە بە چۆی لەناو ڕۆمان و چیرۆکەکانیدایە. من تا بیرەوەرییەکانی ئانا دۆستۆفسکایام نەخوێندبووەوە، بۆوام نەدەکرد دۆستۆفسکی هێندە لەناو کتێبەکانیدا بێت. تێ هەر سەیری دوو ڕۆمانی بکە،(بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان هی ساڵی ١٨٦٤ و قومارچی هی ساڵی ١٨٦٦) ،ئینجا بێت دەردەکەوێ سێبەری ئەم پیاوە لەهەموو شوێنکی ئەم دوو ڕۆمانەیە. من لە پراگ ئەو کەلاوەو ماڵ و ژوورە ووخاوانەم بینی کە کافکا تەمەنکی زۆری ژیانی تۆدا بەسەر بردبوو، ئەو شوێنانەی کە لێی دەژیا و دەنووسی، ئینجا لە نووسینەکانی باشتر تێگەیشتم و زانیم کە زۆربەی چیرۆك و ڕۆمانەکانی باسی ژیانی پێ برین و پەپووتی خۆیەتی. بێگومان ئەمانە هەموویان بێ ویستی نووسەر خۆی دێنە کایەوە. منیش وەك هەر نووسەرێکی تر بێ ویستی خۆم بەشێکی زۆرم لەناو چیرۆك و ڕۆمانەکانمدایە. بەڵام ئەم باس کردنە، باسکردنکی بایۆگرافی و

ژیانی تایبەتی نییە، هێندە هەیە دەبێ لەشوێنکی تردا بڵێ بگەڕێین، ئەم شوێنەش یادەوریيە.دوایش ئەم خودە هێندە لە نێوان دیدەکان و ئەوانی تردا دەتووێتەوە کەهەر باس کردنکی خود، چەندەها کەسی تر خێ تێدا دەبینێتەوە.

پرسیاری چوار: لە دیدارکدا خەزانی (مەحموود دەوڵەت ئابادی) باس لەسەر وەختی نوسینی ڕمانی(کلیدەر) دەکات و دەڵێ: شەوێك نیوەشەو خەبەرم بووەوە، مەحموود بە کوێ دەگریا، پێم وت خەرە چی بووە بۆ دەگریت؟ وتی یەکێ لە پاڵەوانەکانم مرد کە نەدەبوو بمرێت. تۆش لە پێشەکی یەکێ لە کتێبەکانتا دەڵێیت: زۆر بە وردی وچەی لەگەڵ پاڵەوانەکانم دەژیم ولاتان سەیر نەبێ گەر بڵێم لەگەڵ نووسینی هەر چیرۆکێکدا نەخۆش دەکەوم. مەبەستمە بزانم تا چەند رووداو وکاراکتەر لە دەرەوەی ئیرادەی نووسەر لە دەقدا خۆیان فەرز دەکەن؟

ئارام کاکەی فەلاح: دەزانی گارسیا مارکیز هەمان چیرۆك دەگێڕێتەوە کە مارسیدیسی ژنی شەوێك هەڵدەستێ و دەبینێ مارکیز دەگری و لێی دەپرسێ چی رووداوە؟ ئەویش دەڵێ : پاڵەوانێکی خەمم لە ناو ڕمانەکەدا کوشت. ناچار بووم، مەرسیدیسی ژنیشی تا بەیانی لای دادەنیشێ و دڵی دەداتەوە. ئەم قسەیە لە کتێبێکدایە کە دیدارێکی دوورودرێژە لەگەڵ نوسەردا و هەموو کتێبەکە بۆ دیدارەکە تەرخان کراوە. بەهەر حاڵ ئەوە لای من وایە کە لەدوای نووسینی هەر چیرۆکێك و ڕمانێك من تەندروستیم تێك دەچێ و نەخۆش دەکەوم، هاوڕێنزیکەکانم ئەوە دەزانن و من هەندێ جار بە گاڵتەوە پێیان دەڵێم کە من دوای نووسینی هەر چیرۆکیك، چوار تا پینج کیلۆ کەم دەکەم ونووسینی چیرۆك لای من بۆ ڕێجیم باشە، بۆیە پیشنیار دەکەم ئەوانەی دەیانەوێ وەزنی خۆیان دابەزێنن، بۆن و چیرۆك بنووسن و بە چەی و بە قووڵی لەگەڵ کاراکتەری ناو چیرۆکەکانیاندا بژین، کاتێك نووسەر وا بە قووڵی، بەو جۆرەی من مەبەستمە لەگەڵ چیرۆکەکەیدا دەژی، ئەوا نووسینی زەحمەتتر دەبێت، چونکە ئەرك و پێداویستی لەسەرت زیاتر دەبێ و گەر ئەوسا شتێکی واش هاتە پێشەوە کە وای لێ کردی بۆیارێك بدەی بۆ نەمانی یەکێك لە کاراکتەرەکان، ئەوسا وەك دەبینی کاراکتەری ناو چیرۆك و ڕمانەکان وەك کاراکتەرەکانی دەرەوەی تێکستی لێ دێ و نەمانی ئەوانیش ژانێکی گەورەت پێدەگەنێت.

پرسیاری پێنج: لە ئێستادا ڕۆژانە و لە بۆاوکراوەکاندا بەر چەندین تێکست بە ناوی چیرۆکەوە دەکەوین، بەڕام کاتێ بەدوای چیرۆکی جددیدا دەگەڕێن، چیرۆکی جددیمان زۆر کەمە. بە بۆچونی بەڕزتان

ئەم زەر و بەرییە هی چییە؟

ئارام کاکەی فەلاح: سارتەر لە ساڵی ١٩٤٧ دا کتێبێکی هەیە بە ناوی (ئەدەب چییە)، لەوێدا بەراوردێك دەکات لەنێوان نووسەر و دانەردا دەڵێ: مەرج نییە هەموو دانەرێك، نووسەر بێت. منیش لەسەر هەمان بۆچوونی سارتەر دەمەوێ بڵێم، دەبێ ئێمەش بەراوردێك بکەین لەنێوان نووسینی چیرۆك و چیرۆك نووسدا و بە بۆای من مەرج نییە هەموو ئەوانەی چیرۆك دەنووسن و تەنانەت کتێبی چاپکراویشیان هەیە وەك کۆمەڵە چیرۆك بە چیرۆکنووس لەقەڵەمیان بدەین. با بڵێمەوە سەر زەر و بەرییەکەو لەچەند خاڵکدا کۆیان بکەمەوە. یەکێ لەو خاڵانە ئەوەیە کە بەڕاستی نووسینی چیرۆکی جوان زەحمەتە. هەر خۆی هونەری گێڕانەوە کارێکی سەختە و بەهرەو لێزانین و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ و کارێکی هەتا بڵێی پڕووکێنەرە. دووم هێ ئاستی خراپی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەن کە زەربەی ئەوانەی سەرپەرشتی دەکەن ئاگایەکی زەر قووڵیان لە ئەدەب نییە و شایستەی ئەو شوێنە گرنگە نین کە ئای خۆیان لەسەر ئەو ژانرە گرنگەی ئەدەب دەربڕن و زەربەیان زمانێکی زیندووی بیانی نازانن و ئاگایان لە ئاستی ئەدەبی جیهانی کەمە خوێنەرێکی تەمەڵن، بۆیە هەر تێکستێکیان بە ناوی چیرۆکەوە بێ بێت، بە کارێکی ناوازەو داهێنەرانە لەقەڵەمی دەدەن و بۆاوی دەکەنەوە، بۆیە ئەوان لای من هێکارێکی زیندووی ئەو زەرو بەرییەن و لێپرسراوی یەکەمی ئەو ناشرینییەن. هێکاری سێیەم، دەتوانم ئەو گروپ چێتییەی ناو ئەدەبی کوردی دەستنیشان بکەم، کە هاورێیەتی و پیاهەڵدانی درێ زیاتر بوونەتە هێنانە پیشەوەی هەندێ تێکستی خراپ، کە ماوەیەك سەرقاڵ و بەزارت دەکات و ئیتر بێ خۆی ون دەبێت. بەڵام ئەوەیان لای من زەر گرنگ نییە، چونکە هیچ تێکستێکی خراپ بە مەدح و پیاهەڵدان ناژی، بەڵام لەوە نیگەرانم کەئەم جۆرە ئەدەبە تەواو ئەدەبی کوردی داپۆشیوەو بەخۆی و وەهمەکانییەوە خوێنەری ئێمەی سەرقاڵ کردووە و ئاستی چێژی ئینسانی ئێمەی لە تێکستی جوان دابەزاندووە و لەسەدا نەوەدی خوێنەری ئێمە نازانێ تێکستی جوان چییە؟ یەکێکی تر لە هێکارەکانی ئەم دە پازدە ساڵەی دوایش، دەرکەوتنی تێکی کۆمەڵایەتی وەك فەیس بووك و دەست خۆشییەکانێتی، نووسەرو خوینەری وا ساویلکە هەیە کە هێز و جوانی نووسین بە لایك و دەست خۆشییە درکانی ناو فەیس بووك دەپێوێت و بەو جۆرە خۆی لێ دەبێتە نووسەری چیرۆك و لە هەمان کاتدا ڕۆمان نووس و ڕۆژنامە نوس و وەرگێڕو دەیەها شتی تر. هێکاری تریش زۆرن، بەڵام ئەوەندە جارێ بەسە.

پرسیاری شەش: زەر جار لە چیرۆکەکانتا کۆتایی کراوە هەیە، خوێنەر

چاوەڕی بەشی تری چیرۆکەکانت دەکات.وەك بۆ نموونە چیرۆکی (ژنی ژێر باران). بە ڕاستی نەدەکرا کۆی بەشەکانی ئەم چیرۆکە و هەندێ لەوانی تریش پێکەوە وەك ڕۆمان بنووسرانایە؟ ئەمە ویستی خۆتە خۆنەر تامەزرۆ بکەیت و وای لێ بکەیت چاوەڕێ بکات تا بەشێکی تری چیرۆکەکە؟ یان بۆ ویستی خۆت ئەمە رووەدات؟

ئارام کاکەی فەلاح: بێگومان زۆربەی زۆری ئەو چیرۆکانەی من نووسیوومن، دەمتوانی بیانکەم بە ڕۆمان و ئێستاش دەتوانم بە شێوەی ڕۆمان بیاننووسمەوە، تۆ باسی(ژنی ژێر باران) دەکەیت، منیش نەك تەنها ئەو چیرۆکە کە سێ بەشیم لێ نوسیووە و بەشی سێیەمیم تێکەڵاوی چیرۆکی نووسینەوەی دێك کردۆتەوە، بەڵام هەموو چیرۆکەکانی تریشی وەك (گوڵەکانی دۆزەخ، نووسینەوی دێك،من و کامڕاکەم،باوکی ناو تەلەفۆن،ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت،دزینی خەونەکان و من بە بووکێکی گەورەوە) بە ڕۆمان بنووسیایە، بەڵام ڕاستت بوێ، من هەر ڕۆمانێك بتوانم بە چیرۆك بنووسم، ئەوا وا دەکەم و بە چیرۆك دەیاننووسم با چەند بەشکیش دەرچن. ئەوە بۆ من گرنگ نییە خاوەنی چەند ڕۆمان دەبم، بەڵکو ئەوە بۆ من گرنگە خاوەنی چەند چیرۆکی جوانم. چیرۆکێکی جوان، بە دە ڕۆمان ناگۆڕمەوە، بەڵام ئەم ڕۆمانەی دوایم(سیزیف، ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە)بە چیرۆك بڕم نەنووسرا بایە بۆ ویستی خۆم درێژ بووەوە بۆ ڕۆمان. هەر چەند پێشم خۆش بوو بوو بە ڕۆمان، بۆ ئەوەش خۆم بێبار نادەم، بەڵکو نووسینەکە خۆی بێبار دەدا، قەت ئەو بەشانەی چیرۆکەکانم، کە لە یەکەوە دەبنە دووان سیان، بۆ تامی ..تامی و تامەزرۆیی خۆنەر نایاننووسم، بەڵکو پێویستییەکەی ڕۆحی خۆمە وا دەکات درێژ ببنەوە تا ناکۆتا.جۆر و کاراکتەری ئەو چیرۆکانەی من دەیانووسم وا فەرز دەکاست تا ناکۆتا درێژ ببنەوە.، من تەنانەت ڕۆمانی (سیزیف ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە)، لەناو خۆیدا چەندەها ڕۆمانی تری هەڵگرتووە، چەندەها بەشە ڕۆمانی نەنوسراوی تیایە، هەر کاتێ بیەوێ بانگم دەکات تا بینووسمەوە. هیچ شتێ سنوور بۆ ئەو خەیاڵ و نوسینانەی من دانانێت مەرگ نەبێ، بایە تا من بژیم و توانای نووسینم هەبێ ئەوانیش دریژ و درێژتر دەبنەوە و بەشی تر لەدایك دەبێت.

پرسیاری حەوت: لە ئێستادا ئەوە یەکێکن لە دەنگە جددییەکانی ناو چیرۆکی کوردی و خاوەن خۆنەری تایبەتی خۆتانن.دەکرێت لێرەوە بە خوینەرەکانتان بڵێن، پڕۆژەی ئایندەتان چییە و خۆنەرەکانتان بەم زوانە چیرۆکی تازەتان دەخوێننەوە؟

ئارام کاکەی فەلاح: بەڵێ ماوەیەکی تر چیرۆکێکی تازەم بە ناوی (کارگەی تووڕەیی) لە گۆڤارێکی تازەدا بڵاوەبیتەوە و لەوێدا خوێنەران بەر تەکنیکێکی تازەم دەکەون لە ناو چیرۆکدا کە دەتوانم ناوی بنێم (تەکنیکی شانۆیی لەناو چیرۆکدا).پڕۆژەی نووسینی ترم زۆرە و ڕۆمانێکی تازەم بە دەستەوەیەو گەر بێم کرا وەك چیرۆك بینووسم ئەوا دەیکەم، گەر نەمتوانی ئەوا دەیکەم بە ڕۆمان.

پرسیار: لەوەڵامی پرسیاری شەشدا دەڵێیت(هەندێك چیرۆك هەبووە دەمتوانی بیکەم بە ڕۆمان و هەندێك لە ڕۆمانەکانیش دەمتوانی بە شێوەی چیرۆك بنووسم)دەپرسم گۆڕینی چیرۆك بە ڕۆمان و گۆڕینی ڕۆمان بە چیرۆك ئەوەندە کارێکی ئاسانە؟دەتوانی بە وردی باس لە جیاوازییەکانی چیرۆك و ڕۆمانمان بۆ بکەیت؟

ئارام کاکەی فەلاح: بۆگومان هێندە ئاسان نییە، بەڵام وەك لە پێشدا وتم، کاراکتەری ئەو جۆرە چیرۆکانەی من دەیاننووسم، بە پێی ئەوەی تەکنیکێکی کراوەیان هەیە، ئەگەری درۆژبوونەوەیان هەیە تا ناکۆتا، ئەگەری ئەوەی هەمیشە بڵێوە ناو ژیانی ئێستا، ئەگەری خۆتازەکردنەوە، ئەگەری ژیان خۆی لەهەمووی گرنگترە، کەمەڵك کاراکتەر هەمیشە ئەگەری ئەوەیان هەیە بڵێوە بەردەمت وهەناسەت لێ قەرز بکەن و بڕۆن بمانووسە ئێمە نەمردووین.من گەر بتوانم ژنی ژێر باران بە سێ بەش بنووسم، بۆ ناتوانم بیکەم بە ڕۆمان؟بە تایبەتی ژنی ژێر بارانێك کە چیرۆکەکەی قەت تەواو نەبێت. من گەر غەریب ریکێرد بە سێ بەش بنووسم، بۆ ناکرێ بەشێوەی ڕۆمان بینووسم بە جۆرێك ئەم کاراکتەرەم هەمیشە دێتەوەو دەچێتە ناو چیرۆکەکانی تریشمەوە؟ لەکاتێکدا من خۆم ڕۆمانیش دەنووسم، دەزانی بۆ یەکێ نووسەری هەردوو جۆرەکە بێت، ئەوە دەزانێ کە چیرۆك و ڕۆمان هێندە دوو دونیای لێك جیاواز نین. ئەوە لای ئێمەی کورد چونکە ڕۆمان تەمەنێکی هێندە کورتی هەیە، لامان زەحمەت تۆرە و وا دەزانین چیرۆك نووسین ئاسانترە، بەڵام ڕاستت بوێ پێچەوانەیە. گەرکەمێك لە پێوانە گشییەکانی چیرۆك و ڕۆمان قسە بکەم، دەتوانم بڵێم کە چیرۆکێکی درۆژ(نۆڤێل کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئیتاڵییەو لە نۆڤێلاوە هاتووە کە بەمانای هەواڵ دێت، یان بە لاتینکەی پروسە کە مەبەست لێی جۆرێك گێڕانەوەیە کە هەناسەیەکی درۆژی تێدایە) دەتوانی بۆ چل و نۆ لاپەڕەیەك درۆژ بێتەوە، دوای ئەوە دەکرێ لە پەنجاوە ناوی بنرێت ڕۆمانی کورت.

هەرچەند من خۆم زۆر بڕوام بەم جۆرە پێوانانە نییە.ئیشی ڕۆمان ئیشکە لە ئاسۆیەکی فراوانتردا، لە یاریگایەکی فراوانتردا، لەگەڵ

کەمەك کاراکتەری زۆرتردا، لەگەڵ جیاکردنەوەی بە چەند بەشێك و هەر بەشێکیش دەکرێ باسکی سەربەخۆ بێت، دوایی بە تەکنیکێك ئەم بەشانە پێکەوە ببەسرێتەوە، بەڵام لە چیرۆکدا دەکرێ یەك بەسەرهاتت هەبێ و یەك کاراکتەر، یەك هەناسە، یەك رووداو، یەك چوونە ناوەوە، یەك کۆتایی، یەك گرێچن، یەك سەرەتا، بەڵام ئەمە کاری نووسین ئاسانتر ناکات، چونکە لە چیرۆکێکی جواندا دەبێ حیساب بۆ هەموو ڕستەیەك و بۆ هەموو وشەیەك بکەیت، دەبێ هیچ شتێکی زیادەی تێدا نەبێت، لە کاتێکدا لە ڕۆمانێکی ئاساییدا دەتوانی چەندها لاپەڕە بە وەسف پڕبکەیتەوە، دەتوانی چەندەها شت بڵێیت کە دەکرێ نەیانڵێیت، وەك سیاسییەك چۆن دەتوانی سەعاتێك قسە بکات و هیچیش نەڵێت، ڕۆمان نووسێکیش دەتوانی چەندەها لاپەڕە بنووسێت و هیچیش نەڵێت، نەك تەنها نووسەران، بەڵکو خوێنەرانی ڕۆمانیش ئەوە دەزانن کە ڕۆمان پڕتی لە شتی زیادە، کە دەکرێ فڕێیان بدەیت و هیچ کارێکیش نەکات، لە کاتێکدا چیرۆکی جوان بە شێوەیەك بیناکراوە دەسکاری یەك ڕستە بکەیت دەمەڵ، بگومان ئەم پێوانەیە بۆ زۆربەی ئەو چیرۆك ڕۆمانە خراپانەی ئێستا لای ئێمە دەنوسرێن و باوەبنەوە ناگونجێ، پێش هەموو شتێ دەبێ ئەو سەرنجە باوە فڕێ بدەین کە نووسینی چیرۆك ئاسانترە لە ڕۆمان، بەتایبەتی ئەو جۆرە چیرۆکەی ئێستا ئێمە دەینووسین، مەبەستم چیرۆکی مۆدێرنە، هەموو ئامادەکارەییەك و هەموو ئەگەرێکی بوون بە ڕۆمانی تێدایە، من باسی ئەو دوو چیرۆکەی خۆم کرد، بێجگە لەوان، تۆ سەیری چیرۆکی (من و کامەراکەم) چیرۆکی (دزینی خەونەکان)، ئەمانە بۆ نموونە وەك لە پێشەکی کەمەڵە چیرۆکەکەشدا باسم کردووە، کە بە تەکنیکی مینی ڕۆمان نووسیومن، کەسانێکی زۆر کەم نەبێ، زۆرکەس ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە و تێی ناگەن، تێشی بگەن، هێندە سەرقاڵن بەخۆیانەوە دوو وشە لەبارەیەوە نالێن، زۆر کەسیش دەیبات و بەهەڵە بەکاری دێنێت،من ئەم ماوەیە چەند چیرۆکێکم خوێندەوە بەو جۆرە تەکنیکەی من دەینووسم نووسرابوون، هێندە چیرۆکەکەیانی قەرەباڵەغ کردبوون، یەکسەر تێدەگەی کە ئەم برادەرانە لەم جۆرە تەکنیکە تێنەگەیشتوون و بەکاری دێنن.دەستخۆشیان لێ دەکرێ و هەندێ جار خەڵاتیشی پێ وەردەگرن.

بۆ ئەوەی ئەوانەی بۆیاردەدەن لەبارەی ئەو چیرۆکانەوە، لە جیاتی ئەوە پێیان بڵێین کوڕی باش! چیرۆك وا نانووسرێ، ئەم تەکنیکە بە هەڵە تێگەیشتووی. بۆ نموونە ئەو جۆرە تەکنیکە یارمەتیت دەدا چیرۆکێك بە تەکنیکی ڕۆمان بنووسیت، بەڵام ئەم جۆرە تەکنیکە دێت و رووداوەکانت بۆ کۆدەکاتەوە و دەیهێنێتە ژێر کۆنترۆڵی

نووسینەوە، بۆیە چیرۆکەکە بەم جۆرە تۆکەڵ و پێکەڵ و قەرەباڵەغ نابێ، وەك چۆن رووناکییەك لە دەرەوە دێتە ناو کامێرایەکەوە و عەدەسەی کامێراکە رووناکییەکەت لە یەك خاڵدا بێ کۆدەکاتەوە تا پەڕش و بڵاو نەبێتەوە، تا عەدەسەکەشت باشتر بێ، ئەو وێنەیەی دەیگرێت رووونتر دەبێت، ئەو تەکنیکەش وایە رووداوەکانت بۆ کۆدەکاتەوە تا کۆنترۆڵیان بکەیت و بۆ گێڕانەوە ئاسانتر بێت، لەچەند رووداوێکەوە بۆنەوە سەر یەك دوو رووداو، لە ڕماندا بە پێچەوانەوەیە، لە عەدەسەکەوە جارێکی تر دێتە دەرەوە و پەرش و بڵاو دەبێتەوە، لە یەك رووداوەوە دەبێتە چەندەها رووداو. لە یەك کاراکتەرەوە چەندەها کاراکتەری تر لەدایك دەبێ.بۆیە ئەگەری ئەو ئەو چیرۆکانەم و کردن و نووسینیان بە ڕمان کارێکی هێندە زەحمەت نییە، وەك لەچاوپێکەوتنێکی تریشدا باسم کرد، کە من بە نهێنی لابورێکم هەیە کە تەکنیکی چیرۆکی تێدا لەدایك دەبێ، جارێ وا هەیە لەدایك بوونی تەکنیکێك چەند مانگ وساڵ تێڕامان و بیرکردنەوەی وردو قووڵی دەوێت، هەندێ کەسیش دەیانەوێ بە دوو چیرۆك ئەو تەکنیکانە بەرن و بەکاری بێنن بۆ ئەوەی بەقووڵی لێی تێبگەن. وەك ماشێنێك بیدەیتە دەست قووتابییەکی نەزان لێی بخوریت، ئەوانەشی بریار لەسەر باشی ئەو تێکستە خراپانە دەدەن، وەك ئەو مامۆستایانە وان لەتەنیشت ئەو قوتابیانەوە دانیشتوون ولەبەر ورگ و گیرفانی خۆیان هەر خەریکی دەستخۆشی کردنیانن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە هەموو ئەو رووداوانەی لە ڕێگا تووشیان بوون.

مای نیم ئز لەیلا ڕمانی حیکایەتە ئازەکانی سەرگەردانی مرۆڤ … ن/ شاخەوان سدیق

پێویستە مرۆڤ کەسێك هەبێت لە ژیانیدا خۆشی بوێت، ئەگەرنا هەرکارێك بکات، شتێکی هەر کەمە. (لە ڕمانەکەوە)

لە کتێبی دووەمی یادەوەرییەکانیدا (ئەلبێرت کامۆ) باس لە ڕۆمانی گرنگی نوسەر دەکات و دەڵێت" ئەو یەکەمین شتەی نووسەر پێویستە فێری ببێت، هونەری گۆڕینی ئەو شتیە کە هەستی پێدەکات بۆ ئەوشتەی کە دەیەوێت ئەوانی تر هەستی پێبکەن" ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم وتەیەی (کامۆ)بدەین لەوە تێدەگەین کە لە دیدی ئەوەوە (نوسەر) کەسێکە کە جیاوازتر لەوانیتر لە دونیاو ئەوەی لەناویدا هەیە دەڤانی و دواتر بە شێوازیتر دەیانگێڕێتەوە بە کەرەستە گەلێك کە خەڵکانی تری نزیك لە ئەو بیبینن. واتە ئەو مرۆڤانەی پێیان دەوترێت (نوسەر) مرۆڤگەلێکن جیاواز لە توێژەکانی تر دەبینن و تێدەفکرن و پرسیار دەکەن،وەك (سوهراب) واتەنی " چاومان دەشێن و بەجۆرێکی کە دونیامان پیشاندەدەنەوە" بەڵام بەبۆای من بۆ تەواوکردنی وێنە گەورەکەی ئەم پڕۆسەیە بەتەنها نوسەر گرنگنیەو ئەوەی وێناکی بەدیوە گرنگەی ئەم بابەتە دەبەخسێت، بوونی (خوێنەر) بەواتای وەرگرە، چونکە بەبۆای من هیچ تێکستێك چەند بەهێزیش بێت لە واتاو دەربڕیندا بەبۆ تێگەیشتنی خوێنەری وشیار هێشتا ناکامڵە، وەك ئەوەی (ڕایمۆند فێدەرمان)دەڵێت" هەندێك خوێنەر تێکست پێدەکەن لە مانا" کەواتە بۆ ئەوەی بەباشی لە گۆشەیەکی دیکەوە لە ڕۆگەی تێکستەوە لە دونیا بۆانین و تێبگەین دەبێت هاوکێشەی (نوسەر+ دیالۆگ + خوێنەر = ڕەخنەگر) هاوسەنگ بکەین، چونکە بەبێبوونی ئامادەی هەریەکێك لەمانە مومکین نییە، تێکست هیچ بایەخێکی هەبێت، چونکە خوێنەری باش، دەبێتە ڕەخنەگری باش و دوبارە مانا بە تێکست دەبەخشێتەوە، لێرەوە ئەگەر بکرێت وەك خوێنەرێك لە ژێر ڕۆشنای ئەو پێشەکییەی سەرەوەدا دەمەوێت کەمێك دەربارەی ڕۆمانی (مای نیم ئز لەیلا)ی کچە نوسەری ئێرانی (بی تا مەلەکوتی) بدوێم، کە ئەم ڕۆمانە بەرهەمی چاپکراوی ئەم ساڵی (بیستەهەمین ڤێستیڤاڵی گەلاوێژە) و لەلایان هاوڕێی وەرگێڕ (مەریوان هەڵەبجە)ی یەوە بە زمانێکی پاراو جوان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. ئەم نوسینەش لەو سۆنگەیەوەیە کە ڕۆژانە کتێبگەلێکی زۆر لە دونیای ئەدەبی ئێمەدا چاپ و باڵاودەکرێنەوەو لە ڕەفەکانی کتێبخانەی کوردیدا بەبڕەنگی دەمێننەوە و خوێنەران کە بەبۆای من بەشە گرنگەکەی ڕۆحی تێکستن لە ئاستیاندا بڕەنگن، بۆئەوەی ئەم بەرهەمەش دوربێت لە دیواری ئەو بڕەنگیە ترسناکە،پێم خۆشبوو بۆچونی خۆم دەربارەی بنوسم. چونکە هاوڕام لەگەڵ قسەکەی ڕۆمان نووس (ئەمبرتۆ ئیکۆ)دا کەدەڵێت" خوێنەر تەنیا ئەو کەسە نییە کە کتێبێك دەگرێت بە دەستەوەو چاوەڕوانی نوسەرەکە دەکات شتێکی پێبڵێت، بەکو هێزکە لە پرۆسەی بەخشینی ماناو تێپەڕاندنی ئاسۆکانی نوسەردا بەشدارە، خوێنەر ئەو مانایانە دەدزێتەوە کەلە

سنوری خەیاڵی نوسەر تێدەپەڕن، واتە کەسێک نییە ئیشی تەنیا وەرگرتن بێت، بەڵکو کەسێکە خۆی بە سەرچاوەی تەفسیر و تێواڕین دەبینێت"

چیرۆکی ڕۆمانەکە:
ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە چیرۆکی ژیانی مرۆڤ گەلێک کە بەنەوەی بینەری ساتەکانی شکست و بێهیوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ناودەبرێن، ئەو شۆڕشەی کەپاش ئازارو مەینەتیەکان، ئێرانیەکان دژی سیستمی شانشینی و هێنانەکایەی حکومەتێکی نوێ بەهیوای باشتربوونی ژیان ئەنجامیاندا ،بەڵام وەزرێک لە شۆڕشەکانی تری دونیا و بە پێچەوانەوە شۆڕش و ئامانجەکانی بۆ زۆرێک لە ئێرانیەکان لەو وڵاتەدا دەبێتە دۆزەخ، ئەویش دوای پێکدادانی گروپە چەپو ڕاست ڕەوەکان و لە سێدارەدانی هەزاران لاوی ئازادیخواز بەناو تۆمەتی جێراوجێرەوە، کە ئەمەش وای کرد کۆچی بەڵشاوی ئیرانیەکان بۆ تاراوگە دەستپێبکات و جارێکی تر نیشتمان بۆ زۆرێک لەوان ببێتەوەبە زیندانێکی گەورە، وەک ئەوەی (بەختیار عەلیش) لە وتارێک دەربارەی شۆڕش پێی وایە" مێژووی مرۆڤایەتی هیچ نییە، جگە لە قەسابخانەیەکی گەورە بەناوی شۆڕشەوە" لەم ڕۆمانەشدا خانمی (مەلەکوتی) باس لە چیرۆکی ژیانی پێ لە نەهامەتی هەندێک لەو هاوڵاتیە ئێرانیە تاراوگە نشینانەی وڵاتی (ئەمریکا) دەکات کە خەم و دوریەکانی غوربەت، هەناوی کەرت و پەرتکردون و یادەوەری تەنگی پێهەڵچنیون، بەجۆرێک کە لە چەند شوێنکی ڕۆمانەکەدا هەندێک لە کارەکتەرەکان لە خۆ ونکردن نزیک دەبنەوە، تا دەگاتە ئەوەی سەرەنجام یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی ڕۆمانەکە خود کوژی دەکات و لەسەر پردێکەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوەو کۆتای بە ژیانی خۆی دێنَت. بەگشتی ڕۆمانەکە یاریکردنێکە لە نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواداو هەوڵێکە بۆ پیشاندانەکانی نائومێدیەکانی ئینسان کە ئەگەر بیەوێت لە هەرکوێیەکی ئەم دونیایەدا بژی.

تەکنیک و زمان. وەک دوانەی بەهێزی گرانەوە.
لە ڕاستیدا و بۆ من وەک خوێنەرێک، چیرۆکی ئەم ڕۆمانە حیکایەتێکی سادەو ساکار و ئاسایی بوو، وەک زۆرێک لە چیرۆکی ئەو ڕۆمانانەی کە کەڕۆژانە دەیانبینین و دەیان خوێنینەوە، بەڵام ئەوەی جێگای بایەخ و لەسەر وەستانە لەم ڕۆمانەدا بونی تەکنیکی بەهێزی گرانەوەو زمانە ئاست بەرزەکەیەتی کە بوەتە هێی جوان و بەهێز داڕشتنی ڕستەکان و بەستنەوەیان بەیەکەوە، ئەمەش بەهاوکاری و بوونی

شیعریەت لە ساتی گ□□انەوەی □ووداوەکاندا، کە بەدیل□گی (پینگ پ□نگ)ی کورت و خ□را □ستەکانی دا□□ژاون، ئەویش بەج□ر□ك لەکاتی خو□نەوەدا هەردە□□ی کورتە چیر□ك دەخو□نیتەوە، نەك □□مان. کە بە ب□وای من ئەمانەش ب□ ئەوە دەگە□□تەوە، کە ئەم خانمە نوسەرە خ□ی هەم (شان□کارو شیعر)نوسەو کاریگەری خو□ندنەوەی چیر□کی جیهانیشی لەسەرە کە بە ئاسانی لەکارەکەیدا هەستی پ□دەکەر□ت، بەتایبەت چیر□کەکانی نوسەران (هەنگوای ئەمریکی و چیخ□فی □وسی) ئەم □□مانە لە □ووی تەکنیکەوە دابەشکراوە بەسەر (حەڤدە) بەشی جیاوازو سەربەخ□دا، بەج□ر□ك هەربەشەی دەتوانر□ت وەك چیر□کەکی سەربەخ□ی □وداو ئام□ز مامەڵەی لەگە□دا بکر□ت، واتە لەم □□مانەدا لە هەربەش□کەوە بتەو□ت دەست بەخو□ندنەوە بکەیت دەتوانیت و تیمای سەرەکی □□مانەکە تە□ك ناچ□ت، ئەم □□مانە س□ گ□□ەوەی سەرەکی هەیەو دەنگی هەریەک□ك لەو حیکایەت خوانەش سەربەخ□و جیاوازن، بەج□ر□ك هەریەک□ك لەوانە بەج□ر□کی جیاو تایبەت چیر□ك و □وداوەکانی خ□ی و بەش□وەی گر□چنی تایبەت بەخ□ی چیر□کەکەی دەگر□تەوە. ئەمەش نیشاندەری تواناو لێهاتوی و شارەزای نوسەرە لە چ□نەتی نوسینی □□مان و ش□وازەکانی لەم□□دا.

سەرنج لەسەر □□مانەکە:

ب□گومان هەموو بەرهەم□کی ئەدەبی چەند بەبایەخ و گرنگیش ب□ت، هەشتا بە ئەندازەی ئەوەش لایەنی دیکە دەم□نەتەوە ب□ قسەکردن دەربارەی هەند□ك خا□ لاواز تیایدا، بەب□وای من ئەمەش یەک□کە لە جوانیەکانی ئەدەب کە گ□شە نیگای زەر و جیاوازی ب□ بینین هەیە، من لە خو□نەوەی ئەم □□مانەدا بەر ئەم خا□انەی خوارەوە کەوتم کە ناکر□ت بوتر□ت کەموکورتین لە کارەکەدا تەنها تەبینین و بەب□وای من دەبوو نوسەر باشتر کاری لەسەر بکردنایە.

یەکەم: زەر□ك لە □ووداوەکانی ناو □□مانەکە ئا□□زن، بەج□ر□ك ئەگەر خو□نەری شارەزا نەب□ت □ەنگە ئاسان نەب□ت هەند□ك □وداو کارەکتەر بەئاسانی ب□ت جیابکر□تەوە، کە رەنگە ئالۆزی گ□□انەوەکە نوسەر لە خزمەت تەکنیکەکەی بەکاری هێنابێت، بەڵام سەرەنجام هەرچ□نك بیت خو□نەر توشی مەڵەڵ دەکات.

دووەم/ تەواوی □□مانەکە بە نەفەسی شان□یی نوسراوەو کەمتر نوسەر توانیو□تی خ□ی لە و□نەی درامایی بپارێزێت، کە دەکرا باشتر و لە □□گەی دیال□کی کارەکتەرەکانەوە خ□ی لەم حا□ەتە بپاراستایە و زیاتر لە سینەما نزیك بکەوتایەتەوە.

س□یەم/ ئەگەرچی □□مانەکە لە و□اتی فەرەنساو دوور لە سانس□ر چاپکراوە، بەڵام لە زەر□ك لە دیمەنە (ئیر□تیکیە)کاندا، نوسەر خ□ی

سانسۆری کردوەو حەقی تەواوی بە گۆڤانەوەی ساتەکانی ڕووداوەکە نەداوەو شەرمەکی زۆر بە نوسینەکەوە لەو ساتانەدا دیارە، کە خوێنەر بەئاسانی هەستدەکات نوسەر خۆی سانسۆرو ڕەگرە لە بەردەم (ڕاوی) حیکایەتەکاندا. بۆ باشتر تەعبیرکردنی ئەو ساتانە.
چوارەم/ ئەگەرچی ڕۆمانەکە باسکردنە لە نائومێدی و نەهامەتیەکانی مرۆڤ بە هەردوو هەکەزەکەیەوە، بەڵام ساتە تراژیدیەکانیش لەم ئیشەدا زۆر نەرم و نیان گۆڤاونەتەوە بە زمانێکی تەواو کچانە، کە بەڕوای من نوسەر لە کاتی قسەکردنی کارەکتەرە پیاوەکاندا نەی توانیوە لە کچ بونی خۆی دەربازببێتن، بۆیە لەکاتی خوێنەوەی ڕۆمانەکەدا یەکجاست بەر نوسین بە زمانی (فەمینستیان)ە دەکەوێت.

ئەم ڕۆمانە بۆ بیخوێنینەوە:
(هاشمی ئەحمەد زادە) لە کتێبی (جیهانی ڕۆمان)دا پێی وایە" ڕۆمان لەجیاتی نوێنەرایەتیکردنی هەموو جیهان، تەنیا ڕووناکی دەبەخشێتە سەر هەندێك خاڵ بە دەستەاگەیشتن بە جیهان" لە ئێستادا و بەگشتی مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم زەویەدا بێت و هەرچۆن بژی بەهیوایەکی گەورە بیرکردنەوەی تەنیوە، بۆیە زۆر جار بەم سەردەمە دەوترێت چاخی مرۆڤە نا ئومێدە گەورەکان، لەم ڕۆمانەشدا نوسەر هەوڵیداوە باس لە ئێستای دژخی مرۆڤ لە دوو جەمسەر دونیادا بکات و بیبەستێتەوە بە دوو کلتوری جیاوازەوە، ئەویش بە پیشاندانی ئەو نا ئومێدیە قوڵەی کە لە ڕۆح و جستەی مرۆڤدا سەرەڕای بوونی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتن مۆدێرنە دروستی کردوون، نوسەر دەیەوێت لە ڕگەی ئەم ڕۆمانەوە باس لە نەهامەتیەکانی شڕش و خەمەکانی مرۆڤ لە ئاوارەبون و تەنهای غوربەت بکات، باس لە عیشق و تەنهای و جیابونەوە و هەستانەوەی دواتری دوای شکست، باس لە ونبونی مرۆڤ لە شارەگەورەکاندا دەکات، کە چۆن جۆرێکە مرۆڤ بێتە ڕۆبۆتێکی گەورەو لە قەبارەترین جێگادا هەست بە تەنهای گەورە دەکات، بەجۆرێك ئەگەر وشیاری نەبێت ئەستەمە بەئاسانی خۆی بدزیتەوە، نوسەر بۆ دەربڕین و داشتنی هەموو ئەمانەش زمانێکی تەواو پڕلە هارمۆنیای مۆسیقی بەکارهێناوە کە خوێنەر پەرەگراف پەرەگراف بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، بۆیە بەبڕوای من خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بۆ خوێنەرانی ئێستای ئێمە گرنگە، چونکە ڕۆمانەکە جگە لە تەکنیکە بەرزەکەی خاوەنی چیرۆکێکیشە کە تاڕادەیەك لە ژیانی ئێستای زۆربەمانەوە نزیکە، وەك نوسەریش خۆی دەربارەی ئەم ڕۆمانە دەڵێت" بۆ نوسینی ئەم کتێبە خۆم دەسوتام و وشەکانی ڕۆمانەکە یەك یەك دادەگیرسان" من بەهیوام لەم نوسینەمدا ناهەقیم لە گۆڤانەوەی تیکستەکە نەکردبێت و خۆتان بەخوێندنەوەی چۆزی ڕاستەقینە لە ڕۆمانەکە

وەرگرن و ئەم نوسینەی منیش تەنها وەك ناساندنكی كورت چاولێبكەن. سوپاس بۆ وەرگێڕی ئەزیز(مەریوان هەڵەبجەی) لەپای ئەو وەرگێڕانە جوانە بەو زمانە پاراوەو ناساندنمان بەم بەرهەمە ناوازەیە. بەهیوام لە داهاتوودا بەرهەمی زیاتری (بۆ تا مەلەكوتی) بخوێنینەوە.

_____

بۆ ئەم نوسینە سودم لەم كتێبانە وەرگرتووە.

1- خوێنەری كوشندە_بەختیار عەلی_ 2005
2- جیهانی ڕۆمان_ هاشم ئەحمەد زادە_2015
3- بیرەوەریەكانی ئەلبیرت كامۆ_وەرگێڕانی_پێشەوو حسین.

گفتوگۆ لەگەڵ سەباح بایەزیدی سەبارەت بە وەرگێڕان ….سازدانی / شاخەوان سدیق.

سەباح بایەزیدی
قەڵەمی وەرگێڕ وەك هی نووسەر قەڵەمێكی ئازاد و ڕەها نییە، بەڵكو كەمەندێك سنوور و چوارچێوەی دیاریكراوی هەیە.
(سەباح بایەزیدی) یەكێكە لە وەرگێڕە ناسراو دیارەكانی ئەم سااڵنەی دوایی ناو دونیای وەرگێڕانی كوردی و خاوەنی چەندین كتێبی وەرگێڕدراوە لە زمانی فارسیەوە بۆ كوردی، تایبەت بە پرسەی وەرگێڕان و تایبەتمەندیەكانی ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

پ1/ (بارگاس یۆسا) دەڵێت "وەرگێڕەكان شكست خواردووەكانی ناو دونیای ئەدەبن" واتە ئەوانەی نەیان توانیوە ببنە ئەدیبی باش ڕوویان كردبێتە وەرگێڕان و بونەتە وەرگێڕی باش، ئەم بۆچوونە بە بۆای تۆ تا چەند ڕاستە؟ تۆ بۆ دەستتكرد بە وەرگێڕان؟

وه/ بە ڕای من وەرگێڕان تا ڕادەیەك كەسپە لە بەر دەم ئەوەی ببیتە ئەدیبێكی باش، چونكە ئیتر ناتوانی وەكوو پێویست كات بۆ نووسینی خۆت تەرخان بكەی. لە نووسیندا تووشی وەسوەسەت دەكا، چونكە ئیدی بە هەر دەقێك ڕازی نابی. یان دەنا ڕێگر دەبێ لە بەردەم ئەوەی ستایلێكی نووسینی تایبەت بە خۆت بدۆزیتەوە. ئەگەر وەرگێڕان بوو بە خولیا، بەردەوام هەست دەكەی كاری وەرگێڕانت زۆرە و دەكرێ بیرێكەكانی خۆت وە لاوە بنێی و دواتر كاریان لە سەر بكەی. هەتا لە وەرگێڕاندا پێكارتر بی، لە نووسیندا تەوەزەلتر دەبی. ئەو كاتەی كە بۆ وەرگێڕانی تەرخان دەكرێ، ئەگەر بۆت و بۆ دەقێكی خۆت تەرخان بكرێ، بێگومان چەندەش لە سەرەتادا لاواز بێ، بە پێی ئەزموون دەگونجێ و شتێكی پوختی لێ دەردەچێ. محەممەدی قازی و ئیبراهیمی یونسی لەو دوو وەرگێڕە پێكارە بە هەچەكە كوردانەن كە خزمەتی ئەدەبیی فارسییان كردووە و سەلماندوویانە كە دەكرا ئەدیبی باش بن. محەممەدی قازی بە ماناكانی "زارا" و "بیرەوەرییەكانی وەرگێڕێك" و ئیبراهیم یونسیش بە چەند ماناك وەك "دادا شیرین" و "نزا بۆ ئارەزن". لە لایەكی ترەوە، وەك چۆن كاری وەرگێڕان هەنگە زەبر لە نووسین و داهێنان بدا، ئەوەندەش ئەدیب بوون بۆی هەیە زیانی بۆ وەرگێڕان هەبێ. لەوانەیە ئەدیبێكی باش وەرگێڕێكی باش نەبێ. ستایل و سەلیقەی خۆی بە سەر دەقە وەرگێڕدراوەكەدا بسەپێنێ. بوودلێر شاعیر و نووسەرێكی بەناوبانگی فەرەنسییە، هاوكات لە ئینگلیزیشەوە كاری وەرگێڕانی كردووە، لەوانە "قەلەهەش"ەكەی ئێدگار ئالێن پێی كردێتە فەرەنسی، بەڵام بە ڕای زۆربەی هەخنەگران وەرگێڕانێكی بوودلێریانەیە، ئەوەندەی لە دەقەكەدا بوودلیر دەبینرێ، ئێدگار ئالێن پێ نابینرێ. لە كوردیشدا نموونەی وامان هەیە، وەرگێڕانی شیعرەكانی خەییام لە لایەن مامۆستا هەژارەوە، وەرگێڕانێكی هەژارانەیە. ئەوەندەی هەژار دەبینرێ خەییام نابینرێ.
سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەكەشت دەبێ بڵێم ئەو حەزە گەورەیەی بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان و ئەدەبی جیهانی هەمبوو خولیای وەرگێڕانی لە منداڵیەوە هەنا. یەكەم بەرهەمی چاپكراوم وەرگێڕانی كورتە چیرۆكێكی تەنز بوو لە زمانی فارسییەوە كە كاتی خۆی لە گۆڤاری "سروە"دا بڵاو بۆوە. دواتر بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەم بە كاری وەرگێڕان دا و لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوو، لە هیچ هەلومەرجێكدا وازم لێ نەهێناوە و لێی پاشگەز نەبوومەتەوە.

پ2/ هەمیشە دەوترێت وەرگێڕان نووسینەوەی دەقێكی نوێیە لە لایەن كەسی وەرگێڕەوە، ئێوە چۆن لەمە دەڕوانن؟ پێتان وایە وەرگێڕان دەتوانێت ڕۆحی زیندووی تێكستەكان بگوازێتەوە؟

وە/ وەرگ□ان نووسینەوەی دەق□کی نو□ نییە، بە□ام هیچی لە نووسین کەمتر نییە، بۆیەش وەرگ□ دەبێ لە هەمانکاتدا نووسەر بێ. بە□ام قە□ەمی وەرگ□ وەك هی نووسەر قە□ەم□کی ئازاد و □ەها نییە، کە□مە□ك سنوور و چوارچێوەی دیاریکراوی هەیە. لێرەدا، وەرگ□ دەتوان□ بەرگ□کی نو□ بە باڵای دەقدا ببڕ□. بێ نموونە ئەگەر □□مان□کی وەرگ□□دراوت خوێندەوە و هەستت کرد کەسایەتییەکانی ناو □□مانەکە جلی کوردیان لەبەر دایە یان فەزای گوند و شوێن□کی نیشتیمانی خ□ت لە م□شکتدا وێنا بوو یان دەنا هەست بکەی کەسەکان بە کوردی قسە دەکەن، ئەوە بزانە □□حی زیندووی تێکستەکە گوازراوەتەوە.

پ3/ ئێستا لە کوردستان پ□□سەی وەرگ□□ان لە زمانی دووەم و سێیەمە دەکرێت، پێتان وایە ئەم جۆرە وەرگ□□انە، وەرگ□□انی زیندوو بێت، ئایا تا چەند دەقەکە جوانیی خ□ی دەپارێزێت لەم جۆرە وەرگ□□انانەدا.

وە/ پەیوەندیی بەوەوە هەیە ئەو زمانە دووەم و سێیەمە کام زمانن. ئەگەر ئەم زمانە دووهەمە زمان□کی ئەوروپی بێت، بە □ای من گ□□انکارییەکی زۆر گەورە □وو نادا، زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانی پشت بە وەرگ□□ان□کی ئینگلیزی ببەستی کە لە هەنگاری یان یۆنانییەوە کراوە، یان وەرگ□□ان□کی فەرەنسی کە لە پورتوگالی و ئیسپانییەوە کراوە، چونکە گ□□انکاریی بە سەر وشەکاندا نایە، ستروکتوری دەق ناگ□□درێ. هەبەت دیسان ئەگەر لە زمانی یەکەمەوە بێ باشترە، بە□ام هەند□ك زمان هەن، لەوانەیە لە هەموو نەتەوەی کورددا یەك دوو ئەدیب ئاشنای نەبێ، بۆیە بە ناچاری لە زمانی دووەمەوە دەبێ وەربگ□□درێن. ئەو پاشاگەردانییەی لەمەڕ وەرگ□□ان لە لای خ□مان و جیرانەکانمان هەیە، لێرە نییە یان کێشەکان لەو □ووەوە بە □ادەیەك چارەسەر کراون کە ئیتر نابینی باسی لێوە بکرێ. بە□ام بێ زمانی فارسی وا نییە کە سەرچاوەیەکی گرنگە بێ وەرگ□□ەکوردەکان. ناتوانی متمانە بە هەر وەرگ□□□کی فارس بکەیت. فەوزایەکی گەورە لە وەرگ□□انی فارسیدا هەیە. ئیتر وای لێ هاتووە هیچ سنوور□کی ئەخلاقی ناناسێ. من □□مان□کی وەرگ□□دراوی فارسیم خوێندەوە وەرگ□□ەکەی وشەی "بەراز"ی لە نێو کتێبەکەدا کردبوو بە ئاژەڵ، ئاژەڵەکان. لە زۆر جێدا، پێش ئەوەی وەزارەتی □□شنبیریی ئێران کارەکانیان سانس□□ بکا، بێ خ□یان سانس□□ی دەکەن بێ ئەوەی بەرهەمە وەرگ□□دراوەکانیان بێاو ببێتەوە. ئەمە تەنیا نموونەیەکی بچووکە لە سانس□□□ك کە وەرگ□□ بە سەریدا سەپاوە یان دڵخوازانە

کردوویەتی و زۆریش بۆمانایە. ئیتر بەنۆتەوە ئەوەی دەقەکان دەفارسێندرێن، ئیدیۆم و دەستەواژەکان دەگۆڕدرێن. هەست دەکەم لە نێوان زمانی فارسی و عەرەبیدا پتر دەتوانی پشت بە زمانی عەرەبی ببەستی و هەنگە ئەگەر هەر ناچار بی وەرگێڕانێکی دەستی دوو و سێ بکەی، لە عەرەبییەوە بێت کەموکوڕی کەمتر بێ.

پ4/ ئەو بنەما سەرەکییانە چین کە دەبێت لە کەسی وەرگێڕدا هەبن، ئایا زانینی زمانێك بەتەنها دەتوانێ وا لە مرۆڤ بکات توانای وەرگێڕانی تێکستەکانی هەبێت، وەرگێڕان پیشەیە یان زانستە یان هونەرە؟

وە/ وەرگێڕان لە کوردستان هێشتا نەبۆتە پیشە یان زانست و زیاتر هونەر یان خولیا و حەزێکی تاکەکەسییە. پیشە نییە چونکە دەتوانم بڵێم هەموو وەرگێڕێکی کورد لە پەراوێزی ژیانی ڕۆژانەدا کاری وەرگێڕان دەکا، بێ بژیوی ژیان ناچارە پەنا بێ کاری تر ببات و وەختی پشوو و حەسانەوەی بێ وەرگێڕان دابنێ، وەرگێڕانی کوردی لە پەراوێز و بە ماندوویی دەکرێ و لەوانەیە ئەوەش بە نزرەی خێ کاریگەریی لە سەر کوالیتی وەرگێڕان هەبێ. نەبۆتە زانستیش چونکە کێ و ناوەندی تایبەت بە وەرگێڕان دروست نەبوون و وەرگێڕی کورد بە هەوڵی خۆی، خۆی پێدەگەیەنێ و دەرچووی زانکۆ یان ناوەندێکی تایبەت بە وەرگێڕان نییە. دواتر بەرهەمی وەرگێڕدراویش، نە بە باش نە بە خراپ قسەی لەسەر ناکرێ و هەڵناسەنگێنرێ.
سەبارەت بە وەرگێڕانێکی باش و سەرکەوتوویش، بە بۆچوونی من زانین و شارەزابوون بەسەر زمانی دەسپێك و زمانی مەبەستدا مەرجە، بەڵام بە تەنیا بەس نییە. وەرگێڕ دەبێ لەو بوارەدا ئاگادار بێ کە کاری لە سەر دەکا. دیارە ئەمەکە ئەنتەرنێت لەچاو ڕابردوو دەرفەتێکی زیاتری بێ وەرگێڕەکان ڕەخساندووە و لە هەندێك ڕووەوە ئاسانکاری بێ کردوون. بێ نموونە وەرگێڕێك زۆر بە سانایی دەتوانێ سەبارەت بە فەرهەنگ و نەریتی ناوچەیەك یان سەبارەت بە ناو، شوێن، کەسەکان و زۆر شتی تر زانیاری بەدەست بێنێ. هەبەت ئەمە لە پێشخستنی توانا و دەسەڵاتی وەرگێڕدا بەو شێوەیە دەور نابینێ و تەنیا دەتوانێ کێشە تەکنیکییەکانی چارەسەر بکا.

پ5/ وەرگێڕان دەتوانێت چ ڕۆڵێك لە بەرەوپێشەوەبردنی کتێبخانەی کوردیدا بگێڕێت؟ بێ هەوڵ نەدراوە وەرگێڕانی پێچەوانە بکەن، واتە بەرهەمە کوردییەکان وەربگێڕنە سەر زمانە بیانییەکان، پێتان وا نییە لە ئێستادا ئەوە پێداویستییەکی گەورەیە؟
وە/ وەرگێڕان ڕەفە بەتاڵەکانی کتێبخانەی کوردی دادەگرێ و ڕەفەی

نوێی پێوە زیاد دەکا، نەتەوەیەك چەندەش خاوەنی کتێب و نووسەر بێ، دیسان پێویستی بە وەرگێڕانە. خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە ئەو نەتەوانەی خاوەنی زۆرترین کتێب و دەوڵەمەندترین زمانن، زیاتر لەوانی دیکە گرنگی بە وەرگێڕان دەدەن و لەو بوارەوە چالاکترن. کتێبی وەرگێڕدراویان لە هی نووسراو پتڕە. وەرگێڕان، دەتوانێ بە هانای کتێبخانەی کوردییەوە بێ، دەوڵەمەندی بکا و ڕەنگ و بۆی پێ ببەخشێ. دەتوانێ لە داهێنان و نوێگەریدا ببێکی بەرچاو بگێڕێ.
لە وەرگێڕانی پێچەوانەدا، بە پێچەوانەی وەرگێڕان بە زمانی کوردی هەوڵ و خولیای وەرگێڕ بە تەنیا بەس نییە، هەندێك فاکتەری دیکە دێنە گۆڕێ: هەڵبژاردنی دەق، دۆزینەوەی وەشانخانە، تیراژ و ژمارەی خوێنەران. زۆر شت کە ڕەنگە لە وەرگێڕانی دەقێکدا بە کوردی بیری لێ نەکرێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ من خۆم تاقیم نەکردۆتەوە تا بزانم کەند و کۆسپەکانی بەردەمی چین.

پ6/ ئەو دۆخەی ئێستا وەرگێڕانی پیادا تێپەڕ دەبێت لە هەرێمی کوردستان چۆن دەبینن، پێتان وایە زۆر و بۆریی لە وەرگێڕاندا هەیە، کێ بەرپرسیارە لەو دۆخە و چی بکرێت بۆ باشتربوونی؟
وە/ وەرگێڕان هەتا زۆر بێ باشترە، ئەوەی لە کوردستان دەکرێ، زۆر نییە، هێشتا بە سەدان شاکاری کلاسیك هەن بێ سەر زمانی کوردی وەرنەگێڕدراون، ڕەنگە بێ خۆمان پێمان وابێ زۆرە چونکە درەنگ دەستمان پێ کردووە. بەڵام بۆربوون لە وەرگێڕاندا بەدی دەکرێ، پاشاگەردانییەك هەیە و بە پلەی یەکەم دەزگاکانی چاپ و پەخش لێی بەرپرسیارن. ئەو دەزگایانە دەبێ هەموو وەرگێڕانێك بۆاو نەکەنەوە و لێژنەیەك بێ هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانە پێك بێنن کە بە نیازن بۆاویان بکەنەوە و لە بۆیاردانداهەستیارتر بن. بە تایبەت گرنگی بە زمانی کوردی بدەن کە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی وەرگێڕانی کوردی.

بەشێك لە ژیاننامە:
سەباح بایەزیدی ساڵی ١٩٨٢ لە شاری مەهاباد لەدایك بووم. لەوێ تا دیپلۆمم خوێندەوە و ساڵی ١٩٩٩ لەبەر هۆکارگەلی سیاسیی ناڕەحەتی کوردستانم بەجێ هێشتووە و ڕووم کردۆتە باشووری کوردستان. چەند ساڵێك لە شاری سلێمانی ژیاوم و لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە لە سویسرا دەژیم. لە زانکۆی نێشاتێل ساڵیك زمان و ئەدەبی فەرەنسیم خوێندووە و ئێستاش لە شاری نێشاتێل نیشتەجێم. تا ئێستا زیاتر لە دە کتێبم بە سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و بە هۆی شارەزاییم لە زمانی فەرەنسی و تورکیدا پتر گرنگیم بە ئەدەبیاتی فەرەنسا و تورکیا داوە.

گەنج ونوسین – شیعرنوسین وەك نمونەیەك … ن: شاخەوان صدیق

"مرۆڤ بۆ ئەوەی بیەوێت شیعرێكی جوان بنوسێت دەبێت ڕۆحی پیربووبێت" (بەختیارعلی)

هەمیشە لەدنیای ڕۆشنبیریی ئێمەدا شتێك كەزۆرترین قسەو باسی دەربارە دەكرێت نووسینە (بەتایبەت لای ئەو نەوەیەی كە هێشتا لە سەرەتاكانی هەنگاوناندایە بەرەو دنیای ڕۆشنبیریی) بۆیەدەبینی زۆرترین هەخنەكان لەم ناوەندەدا ڕووبەڕوی ئەمان دەبێتەوە تادەگاتە ئەوئاستەی كەهەندێك جار بپرسین كە ئایا ئێمەنوسینی گەنجانەمان هەیە ؟ كێن ئەونوسەرە گەنجانەی دەنوسن و؟ چی دەنوسن ؟ هەچەندە هەر جۆرێك وهەرچەنێك بێت، ئەمانە لە سەرەتای ئەزمون كردنی خوێنەوەو نوسیندان، بەڵام دەبێت هەكارو مەدلولەكانی پشت سیاقی واتای نوسینەكان بخوێرێتەوەو شرۆفە بكرێت. من لەم نوسینە كورتەدا هەوڵ ئەدەم بەپێی ئەزمونی خۆم كەمێك دەربارەی شیعر نوسین لای ئەو نەوەیەی كەپێی دەوترێت گەنج ونوسینی گەنجانە بوەستم وباسی بكەم ، چونكە پێم وابێت زۆرترین ڕۆژە لە گەنجانی ئێمە كە دەنوسن بەشیعر دەست پێدەكەن وبەخۆشی شیعریەت سەرەتای چونە ناو دەروازەكانی بیركردنەوەو نوسینە.

چونكە شعر تاكە ئامرازێكە لە ژیاندا كە دەتوانێت ڕاستیەكانی ناخی ئینسان دەربڕێت وهەموو ئەو نهێنیە شاراوانەی ناوەوە كەشف بكات كە لەكاتی ئاسایدا هەستی پێناكرێت، لەوی ئەركیشەوە هەمیشە وەزیفەكەی لە ژانەرەكانی تری ئەدەب قورستروو گەورەترە، چونكە ئەركی شاعیر ئەوەنیە كەووداوەكان بگێڕێتەوە یان واقیع كۆپی بكات، بەكو ئەركی ئەو گۆڕانەوەی ئەو شتانەیە كەدەشێت ووبدەن ، ئەوە شیعرە كە مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت گەمەی خەیاڵاتەكانی ناوەوەی خۆی تیابكات وهەموو ئەو شتانەی كەلە واقیع جێبەجێ نابێت لەودا دروست كردن وداڕشتنەوەی هەمیشە كارێكی ئاسانە، بۆیەدەبینی گەنج كاتێك شعردەنوسێت چەندە دەیەوێت تەعبیرلەو هەموو شتەكەبێت كراوانەی ناوناخی بكات ئەوەندەش دەیەوێت خۆی بەتاڵ بكاتەوە كە بەبۆای من ئەمەش باشترین هاوڕێ ودەربڕی ئەون هەرچەندە هەندێك

جار ئەم جۆرە شعرنوسینە لەمەسەلەی ئەدەب دووردەکەوێتە وەو دەبێتە دەروازەی بەتاڵ بوونەوە لەکێشە زاتیەکان وەك ئەوەی ئەمڕۆ لای زۆر لە گەنجی ئێمە بوونی هەیە، بەو پێیەی کە ئەگەر سەیری ئەوبڕاوکراوە شعریانە بکەیت کە لێرەو لەوێ گەنجان چاپی دەکەن هەست بەو ڕاستیە دەکەیت کە گەنج چی دەنوسێ و بۆدەنوسێت ؟
هەئەمەشە بەبۆای من وای کردوە بەم سەردەمە بوترێت سەردەمی لێشاوی شعری ، ئەمە لە کاتێکا شیعر بۆ خۆی وەك ژانرێکی سەرەکی ئەدەب کۆمەڵك یاساو بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە کەناکرێت بەتەواوەتی بوترێت ئیحساس وهەستە.
ئەرکی سەرەکی ئەو بەتاڵ بوونەوەی ئینسانە بەهێندەی ئەوەی کە شیعر دەبێت لە مەعریفەیەکی قوڵ ولە باگراوندێکی ئەدەبیەوە هاتبێت چونکە (ئەرستۆ) واتەنی (هارمۆنیاو کێش ۆەگەزی جەوهەری شعرن، کە ئەمەش پەیوەندی لەنێوان شعرو مۆسیقاو هونەرەکاندا دروست دەکات) چونکە شعر بەتەنها لاسای کردنەوەنە نیە، بەڵکو هارمۆنیاو ئیستاتیکاش لەهەیە سروشتیەکانیەتی، هەرئەمەشە ئەو گرنگیە دەدات بەشیعرو لە مۆژووی جیادەکاتەوە ، چونکە شیعر شتی گشتی دەڵێت، بەڵام مۆژوو شتی تاك وپاچەر یەکی تایبەت ودیاری کراو مۆژوو ئەوە دەڵێت کە ۆووی داوە، بەڵام شیعر شتێك دەڵێت کەدەشێت ۆووبدات.

چونکە لەِاستیدا شیعر هەوڵدانە بۆ کەشف کردنی لایەنەکانی تری دنیا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی هەمیشە جێگای پرسیارو لەسەروەسانەی لەشیعریەتی ئەم نەوەیەدا لەقاڵب دان وتەسك کردنەوەیەتی بۆکێشەیەك وبچوککردنەوەیەتی بۆمەسەلەی ئیحساس وشتی هەستیو زاتی وپاڵانەوە کەدەشێت هۆکاری سەرەکی نەبوونی باگراوندی مەعریفی وشارەزانەبوونبێت لە دەنیای ئەدەب دا چونکە مرۆڤ پێش ئەوەی بنوسێت پێویستی بەوەیە بخوێنێتەوەو لە چەنێتی نوسین وخەسڵەتەکانی نوسین بەتایبەت شعرتێبگات چونکە (بەختیار)واتەنی (هیچ شاعیرێکی ڕاستەقینە لەسەرەتادا لەشیعرنوسینەوە دەست پێناکات، هەمیشە شعرخوێنەوە پێش شیعرنوسین دەکەوێت) چونکە شعرشتێك نیە مرۆڤ فێری بێت، بەڵکو دۆخێکی زهنیە تێیدا دەژین وکەجێمان هێشت جگەلەتارمایی جوانیەکی وەسف نەکراو هیچی ترمان لەیاد نامێنێت.
ڕاستە مرۆڤ دەتوانێت لەشیعردا ئەودنیایە دروست بکات کەخۆی ئاواتە خوازیەتی بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا لەقاڵبدان وبەرتەسك کردنەوەی یەکێکن لەوپەتایەی کەئەمڕۆ شیعریەت بەتایبەت لایگەنجی ئێمە توشی بووە بۆیەلەکاتی خوێنەوەی بەرهەمی نوسراوی شیعر لای گەنج تەنها و تەنها جگە لە چەند هەستێکی عاتفیانەی دوورلە پرسەی عەقڵانی کەپتکراو زیاتر هیچی ترنابینیت، کە ۆەنگە وەزیفەی نوێ لای ئەمانە

تەنها نەبوونی هەگەزی بەرامبەر بێت .
کە بەبوون وهاوڕێیەتی کردنی ئەوەگەزەش هەموشتێك دەوەستێت وکۆتای دێت، لەکاتێکا لەسەر وەختی نوسینی ئەم بەناو شیعرانەدا گەورەترین پاساولای ئەوان بەتاکردنەوەی ئیحساسی تاکەکەسیە ودەیانەوێت لەڕگەی شعرەوەخەونەکانیان ببینین لەکاتێکا شیعر بەتەنیا ئەمەنیە وپڕسەیەکی تەواو عەقڵانیە بەختیار واتەنی (بڵێئەوەی بتوانین بەشیعر خەوببینین دەبێت بتوانین بەشعر بیربکەینەوە، بەڵام شعرنوسین بریتی نیەلە نوسینی بیر بەشیعر، بەڵکو پرسەی بیرکردنەوەیە بەشعر، شاعیر کەسێکە کەبەشیعر بیردەکاتەوە نەوەك بیربکاتەوە دواترشعر بنوسێت) بەڵام من هەندێك جاری دیکە وای دەبینم کە ئەم نەوەیە بەخشمەوە شیعر وەك پڕسەیەکی تەواو عاتیفی وسۆزداری سەیردەکەین کە تەنهاو تەنها لەخزمەتی پڕسەکی حەزین دابێت هەرئەوەی کەلای ئێمە پێی دەوترێت بەهەڵە عەشق کەبە بڵوای من هەموشتێکە تەنها ئەشق نەبێت وەك دەبینیت لەکردارداپڕسەی عەقڵانی و گە مەزمانیەکان ون دەبن و تەنها وتەنها عاتیفە سەرانسەری پانتای نوسینەکان داگیردەکەن، بەڵام من دیسانەوە هاوڕادەبمەوە لەگەڵ بەختیاردا کەدەڵێت (شیعر عاتیفەی مرۆڤ نیە کە قسەدەکات، بەڵکو ئەوە عاتیفەیە کەزمانی تێکدەچێت وتەعبیر بچوك بەشی ناکات و مانا ئامادەکات لە بەردەمیدا تەسك بێتەوە، شیعرزمان نیە ،بەڵکو شیعر گەڵانی زمانە لەناو خویدا بڕزمانێکی تر . بەم تێوانینەشەوە لەشیعر بەبڵوای من دەتوانین شیعرێك بەرهەم بهێنین کە بچێتە خانەی ژانەری ڕاستەقینەی ئەدەبەوە .

سەرچاوەکان:

دەربارەی ئەزمونی شیعر، ن: بەختیار عەلی
شیعریەت لای ئەدۆنیس.

ململانێی عەقڵو شێتی ناو ڕۆمانی (لە بەرزایی شوراکانەوە)ی بەیان سەلمان

شاخەوان سدیق

)هەرکاتێك مرۆڤ پێی وایە شێت نییە. ئەوا بەدیوێکی تردا شێتێکی بێ ئاگایە(
باسکال

لەماوەی ڕابردوودا کەمەڵك ڕۆمانی کوردی و بیانیم خوێندەوە، کە هەریەکێك لەوانە بۆخۆیان خاوەنی جۆرێك تایبەتمەندێتی لە چیرۆکو تەکنیکو شێوازی گێڕانەوەدا بوون. ئەگەرچیش هەریەکەیان هێ نوسەرێکی جیا لە وڵاتێکو لە کلتورێکی جیاوازەوە نوسرابوون، بەڵام هەریەکەیان خاوەنی تاموچێژی تایبەتی خۆیان بوون، لەناو ئەوانەشدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و بەبۆای من شیاوی لەسەر وەستان بوو. ڕۆمانی (لە بەرزایی شوراکانەوە)ی نوسەر (بەیان سەلمان)بوو، ئەم ڕۆمانە بە قەبارەی نیو ئەی فۆڵو لەدوتوێی (332) لاپەڕەداو لەلایان بەرپرسیارێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانیەوە چاپو بڵاوکراوەتەوە، بۆخۆشی چیرۆکی ڕۆمانەکە باسکردنە لە ژیانی کەمەڵك خەڵك لەناو (قەڵا)یەکداو نوسەر ناوی ناوە (بەرزایی شوراکان) کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە کچێکی شێتە بەناوی (زەکییە) کە لەمندالێیدا دایك و باوکی دوای ئەوەی دەزانن شێتەو تەواو نییە فڕێی دەدەن کە دواتر ژنێك بەناوی (میم خونچە) دەی دۆزێتەوەو دەیکاتە کچی خۆی، پاشان ئەم کچە بەتێپەڕبوونی ڕۆژ گەورەدەبێت، باڵق دەبێتو سنگ دەکات، ئەمەش وادەکات ببێتە جێی سەرنجو دواتر نۆچیری پیاوە هەوازبازەکانو بەشێوەی جۆراو جۆرو ناشیرین دەستدرێژی سێکسی دەکەنەسەر، سکی پێدەکەنو کەمەڵك منداڵی پێدەخەنەوە، بەبۆئەوەی کەس خۆی بەخاوەنی بزانێت، دواتر پیاوێك بەناوی مامۆستا وەردی هەوڵی پارێزگاری کردن لەم کچە شێتە دەدات، بەڵام بەسود دەبێتو لەیەکێك لە ڕۆژەکانداو لەلایان بکوژێکی نەناسەراوەوە (زەکییە) دەکوژرێت، ئەم ڕوداوە کار لە مامۆستا وەردی دەکاتو پاش ماوەیەك دەست دەکات بە فرێشتنی دەرمانی شێتی و وەك تێبینیەك لە خەڵك تەواوی دانیشتوانی ناو قەڵا بە ڕۆگای جۆراوجۆر شێت دەکات. هەموو ئەم بەسەرهاتەنەش لە ڕۆمانەکەدا بێ چەند بەشێك لە ڕۆگای بیرەوەری کەسایەتیەکانەوە

دابەش کراوە.

بابەتو چیرۆك لە پانتای ڕۆمانەکەدا :

هۆی گشتی ڕۆمانی (بەرزای شوراکان) لەسەر دوبنەمای سەرەکی کاردەکات، کە ئەوانیش بریتین لە چیرۆك وەك بابەت بۆ گۆڕانەوە و هونەری تەکنیك بۆ ڕۆکخستنی کارەکە. کە بەکارکردن لەسەر هەردوکیان هۆی سەرەکی ڕۆمانەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ڕۆمانەکە گۆڕانەوەی بەسەرهاتێکە کە مێژووەکەی بۆ سااڵنی (شەستو حەفتاکان)ی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، هەر لەسەرەتاشەوە نوسەر بە گۆڕانەوەی چیرۆکەکەی دەمانباتە ناو ڕۆمانەکەی ئەویش لەڕێگەی گێڕەرەوەیەکی هەمووشت زانەوە کە ئاگاداری تەواوی ڕووداو بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکەیە. ئەگەرچی لە هەندێك شوێندا ڕێگە بە هەندێك لە کەسایەتیەکان دراوە خۆیان ببنە ڕاویو ڕووداوەکان بگێڕنەوە، بەڵام دواتر چیرۆك خوان خۆی جێەوی تەواوی ڕۆمانەکە دەگرێتە دەستو وەك شاهیدێك تەواوی بەسەرهاتەکان لە زمانی ئەوەوە دەبیستین. دەستپێکیش خاڵی جەوهەریو سەرنج ڕاکێشی ناو ڕۆمانەکەیە کەوا لە خوێنەردەکات پەلکێشی ناو ڕوداو لەدوای ڕوداوی چیرۆکەکە دەببێت، بەبۆای منیش دەسپێك کلیلو سەرەتای چونەژورەوەی چیرۆکەکەیە، کە دواتر بە ئیستاتیکاو تەکنیکی کارەکەمان ئاشنا دەکات، خۆ ئەگەر (بابەتو تەکنیك)یش دوولایەنی سەرەکی بەهێزی داشتنی ڕۆمان بن، ئەوا دەستپێك بەبۆای من ئەو خاڵەیە کە دەبێت نوسەر بەوردی ئیشی لەسەر بکات، بەیان سەلمان لەم ڕۆمانەدا ئاقاانە ئیش لەسەر دەستپێك دەکاتو لە دۆکانی سەرەتاوە گەمەی خۆی لەگەڵ خوێنەرەکانیدا دەکات، ئەویش بەوەی سەرەتای چیرۆکەکەی بە دوو ڕوداوی تراژیدی دەستپێدەکات، کە یەکەمیان (دەرکەوتنی حەوێز قەسابە بەخۆی و کوردکی گەورەو تیژی سەربڕینی ئاژەڵ کە هەرلەویا گۆلکێك سەردەبڕو خوێنی کیاندارێك دەڕژێت، دووەم پێدانی هەواڵی کوشتنی کچکی شێت بەناوی (زەکیە) کە دواترو لە درێژەی ڕۆمانەکەدا نوسەر بەگەمەی زمانو لەڕێگەی گرێچنینکی وردو بە تکنیگی سەرنج ڕاکێش لە گۆڕانەوەدا وا لە خوێنەر دەکات کە گومان بکات ئەم دوو ڕوداوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو پێدەچێت بکوژی (کۆلکەکە هەمان بکوژی کچەکە (زەکیە)بێت لەکاتێکدا خۆی ئەوە یەکێکە لە ئەگەرەکانو ڕەنگە هەرگیز وانەبێت. چونکە لەتەواوی چیرۆکەکەدا کەسی بکوژی زەکیە دیارنیەو ونە. ئەمەش هەوڵی ئاقاانەی نوسەرە بۆ ئەوەی ئەگەری کوشتنەکە بەکراوەی بهێڵێتەوەو هەمووان وەك بەشێك لە تۆمەتباری ڕوداوەکە بزانێت. ئەوەتا لە لاپەڕە(86)دا بەم جۆرە باس لە کوشتنەکە دەکات

ئەو ژنەی زەکیەیان بەکوژراوی دەزییەوە، نە چەقۆی زلی لەدرابوو، کونی لەدانەکان هێندە گەورەبوون بەماوەیەکی کەم خوێنی لە بەربڕییبوو، زەکییە سارد، بێ خوێن، هەنگی سووری کراسە سورمەکەی و خوێنەکەی تێکەڵاو بوبون، بۆیەکەم جار چاوی داخست بوو، بەئاگارکردنەوەی مامۆستا وەردی بەپەلە شەروانێکی لەپێکردوو لەماڵەوە دەرچوو، وەك هەموو خەڵکی دی چووە سەر شوێنی ڕوداوەکە، لەلاشەکە چوەپێشەوە تەماشای کرد، لەخۆیەو لەوانەی بەدەوریدا وەستابوون دەیپرسی: کێ کوشتویەتی؟؟ کاممان ئەمەی کردووە

بەیان سەلمان وەك ڕۆمان نوسەك:

(فارگاس یۆسا) لە کتێبی (نامە بێ ڕۆمانوسێکی لاو)داو لە بەشی (نامەی دووەمدا) سەبارەت بە نوسەری ڕۆمان دەڵێ" ڕۆمانووس ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆی دەپشکنێ وبەشوێن پایەو پێگەکاندا دەگەڕێت تا چیرۆك دابهێنێت، ئەمەش هەر بەتەنیا بێ خاتری ئەوەنییە ئەو کەسەو ڕووداوو دیمەنانە دووبارەبکاتەوە لەو کەرەستە سەرەتاییانەی کە یادەوەرییەکانی بۆی دابین دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەش لەنێو دانیشتوانی یادەوەرییەکانیدا ئەو سووتەمەنییە دەدزێتەوە کە پێویستێتی تا ئەو پرسە درێژو قورسە کە داشتنی ڕۆمانە بەسەر کەوتن کۆتایی پێبێت" (بەیان سەلمان)یش یەکێکە لەو نوسەرە وردوو دیارانەی بواری نوسینی ئێمە، کە هەمیشە بابەتەکانی جێگای سەرنجی منە، ئەویش بەهۆی هەبژاردنو وردبونەوە لەو بابەتو چیرۆکانەی کە بۆ ڕۆمانەکانی هەڵیان دەبژێرێت، ئەگەرچی ئەو هەمیشە وەك نوسەرێك زۆربەی بابەتی ڕۆمانەکانی لەسەر کێشەی ژن دادەڕێژێتو زۆرێك لە ناشیرینیەکانی ناو ڕۆمانەکانی بە پیاو دەبەخشێتو کەم جار هاوسەنگی نێوان ڕەگەزەکان ڕادەگرێت، بەڵام هێشتا من وەك پیاوێك چۆڕێکی زۆری لێدەبەم، چونکە پێم وایە ئەوەندی ئامانجی ئەو پیشاندانی لایەنەشاراوەکانی کێمەگای پیاوسالاری ئێمەیە ئەوەندی مەبەستی لە دروستکردنی دیواری جیاکاری نێوان ڕەگەزەکان نییە، چونکە هەر لە ڕۆمانەکەدا ئێمە بەر کەسایەتی مامۆستا (وەردی) دەکەوین کە پیاوەو کەسایەتی دووەمی ناو ڕۆمانەکەیە، کە دواتر دەبێتە فرۆشیاری شێتی، ئەم پیاوە ڕۆحێکی فریشتەئاسای پاکی هەیەو هەمیشە پارێزەری (زەکیە)یە، کە ڕۆڵەکەی بەتەواوی مانا ئینسان دەستیە، ئەمەش وادەکات تێبگەین کەنوسەر پێمان دەڵێت(پەنجەکانی دەست) وەك یەك نینو دەکرێت هەمیشە کەسانی چاك و خراپ هەبن. بەیان سەلمان لە شوێنکی جەستەی کێمەگای ئێمەوە ئیشدەکات کە ڕاستەخۆ کار لە هزرو بیرکردنەوەمان دەکات، لەو شتەوە کە زۆر نزیکە لێمانەوەو فەرامۆشمانکردوە، لەو مرۆڤو هاو ڕەگەزانەمانەوە کە

ئەمە لە بری هاوکاریکردنیان بە (شت) ناویان دەبەین و بە سەرگەرمی و ابواردنەکانی خەمان بەکاریان دەهێنین، ئەو جارێکی کە دەمانخاتەوە ژێر پرسیاری ئەوەی کە داخۆ ڕۆژێك هەریەکەمان بیرمان لە ئازارو ژیانی شتێك کردۆتەوە، ئەی ئەگەر ئەو شتە (میینە)ش بوو،چی؟؟ بەراست لەکەمەگایەکدا مرۆڤ نەتوانێت ڕۆز لە مێینە بگرێت ئەی چۆن دەتوانێت ڕۆز لە شتێك بگرێت کە ئەو مێینەیە لە ووی ئەقلیەوە ناتەواو شت بێت؟؟!!

بۆیە ئەگەر بەوردی سەیری چیرۆك و هەڵبژاردنی بنەماکای چەمکی(شتی یان عەقڵ) وەك تیمای سەرەکی ڕۆمانی (لە بەرزایی شوراکان) بکەین ئەوا تێدەگەین کە ئەم خانمە خەمی گەورەو پرسیاری سەرەکی نوسەرانەی ئەوەیە کە بپرسێت"لەو دنیا جوانەی هەموان بانگەشە بۆ باشتر بونی دەکەین، ئەم هەموو ناشیرینیە چییە مرۆڤ ڕۆژ بەڕۆژ بەرهەمی دەهێنێت" هەر وەك چۆن (سادقی هیدایەت) دەی وت " بۆ بەدیهێنانی جیهان، بەهەشت باشترین بیانووە"

هەڵبژاردنی چەمکی شتی وەك تیمای سەرەکی کارەکە:
تیمای سەرەکی ڕۆمانی (لە بەرزایی شوراکانەوە) برتییە لە بەریەك کەوتنی هەردوو دەستەواژەی (عاقڵی + شتی) نوسەر بەم دوانەوە هێڵی گشتی ڕۆمانەکە دادەڕێژێت، ئەویش لە ڕۆگای کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەوە کە کچێکی شتە بەناوی (زەکیە) لە کۆمەڵگایەکی عاقڵدا، کە لە جوگرافیایەکی دیاری کراودا دەژین بەناوی (ماڵەکانی ناو قەڵا) یان ماڵەکانی ناو (بەرزایی شوراکان). ئەمانە مرۆڤ گەلێکن لە هەموو چینو توێژەکانو بەناوی جیاجیاوە کە سەرگەرمی ئیشو کاری جیاجیان، بەڵام هەر یەکەیان لەدوو کەسایەتی بەماسك داپۆشراودا، کە لەکەسایەتی یەکەمدا وێناو تەمسیلی چاکە دەکەنو لەوەی دووەمیشدا و لەژێر پەردەوە بەنهێنی تاوان بەرامبەر بە خێیانو ئینسانو هاوڕەگەزەکانیان دەکەن، ئەویش بەناوی عادەتو پاراستنی کلتور، کە بەبۆای من ئەمانە نەك پارێزەری کلتوری چەق بەستووی خەڵەکی نین، بەڵکو ئەوان قوربانی دەستی کلتورو عادەتنو هەردەبێت واش تەماشایان بکرێت، هەر بۆیە نوسەریش لە ڕۆگەی پرسیاری (شت کێیە؟ عاقڵ کێیە؟ خوێنەر ڕادەگرێتو کۆمەڵگاش دەخاتە بەردەم وەڵامی ئەم پرسەوە و دەپرسێ خودی شتی واتای چییە؟ دەکرێت چۆن ئەمە سەیری مرۆڤی شت بکەین، ئایا قەد بیرمان لەوە کردۆتەوە ئەوانە بێ شتن؟؟ بەڵاست شت بوون چ جۆرە نەخشییەکەو دەبێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو نەخشانەدا بکەین؟؟ ڕەنگە بێ ئەمەش وا باشبێت ئەمە گەشتکی خۆرا بە مێژووی شتی لە دنیادا بکەینو بزانین لە

کەنەوە چەن سەیری ئەم جۆرە لە مرۆڤ کراوە، بۆخۆشی ئەگەر پێناسەیەکی شتێ بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین: شتەکان ئەو مرۆڤانەن کە توانای تێگەیشتنی عەقڵیان کەمە لە مرۆڤی ئاسایی و بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان ناتوانن وەك پێویست خۆیان کۆبکەنەوە، بەڵام هەرچەندەك بێت ئەمانە مرۆڤن و هەردەبێت واش سەیریان بکرێت. هەنگە کتێبە بەناوبانگەکەی فەیلەسوفی فەرەنسی (میشێل فۆکۆ) (شتێو ناعەقڵ) باشترین یارمەتیدەربێت بۆ تێگەیشتن لەم مژووە. فۆکۆ: مژووی بەریەك کەوتنی کۆمەڵگا لەگەڵ شتەکاندا دابەش دەکات بۆ سێ بەشو سەردەم، کە ئەوانیش سەردەمی (کلاسیك و ڕۆشنگەری و ڕۆنسانسە) پێشی وایە جگە لە (ڕۆنساس) هیچ سەردەمێك نەی توانیوە لەنرخو بەهای شتەکان تێبگات، چونکە لەسەردەمی کلاسیکدا شتەکان کۆدەکرانەوەو بە کەشتی دەبرانو دەخرانە دەریاوەو پێیان وابوو ئەوانە کەسانی بکەکن، سەردەمی ڕۆشنگەریش سەردەمی بەرەوپێش چوونی داهێنانبووەو بۆ ئەمەش جگە لە عەقڵو عاقڵێتی هیچ شتێکی تر بایەخی نەبووە، تەنها بەهاتنی ڕێنیسانس شێت وەك مرۆڤ سەیرکراوەو حاڵەتەکەشیان وەك نەخۆشی ئەژمار کراوەو نەخۆشخانەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە. جگە لەمانەش (فۆکۆ) هێنە لەکۆمەڵگای کلاسیکی فەرەنسی دەگرێتو پێی وایە ئەوانیش نەیان توانیوە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم جۆرە مرۆڤانەدا بکەن. فۆکۆ بۆ خۆشی ماوەیەکی زۆر دوچاری نەخۆشیەك دەبێت کە لە شتبون نزیك دەبێتەوە، بۆیە دواتر پێی وایە" شتی وەك عەقڵ ڕاستی هەگرەو گشت عەقڵ ێك شتی تیا بەرجەستەیە" خۆئەگەر سەیری مژوی ژهەات بەتایبەت کۆمەڵگا سونەتیەکان بکەین ئەوا توشی نائومێدیەکی گەورە دەبین لە بینینی چۆنێتی مامەکردن لەگەڵ شتەکاندا، ئەگەرچی ئەم کۆمەڵگایانە زۆربەیان باروەدارنو بەپێی خودی ئاین(شتەکان ئەو کەسانەن کە هیچ ئەرکێکی ئاینی نایان گرێتەوەو لەهەموو شتێك بەخشراون) بەڵام هەمیشە لای ئەمانە شێت یان لەماڵەکاندا بەسراوەتەوەو زیندانی کراوە، یاخود بێتە هۆکاری سەرگەرمیو ڕابردنی کەسانی تر لە بازارەکاندا. بۆیە بەهەموو دیوەکاندا شتەکان کەسانی قوربانی بوون لە مژووی بەشەریەتدا. هەربۆیە بەیان سەلمانیش لە لاپەڕە (200) ئەم ڕۆمانەداو لەزمانی مامۆستا وەردیەوە دەڵێت " بۆ ئەوەی لە شێت تێبگەین دەبێت شتبین" خۆ ئەگەر چاوێك لە مژووی دەست درێژی مرۆڤ بۆ سەر مرۆڤ بکەین ئەوا دەبێت بۆ مژووی دورو درێژی ژیاری مرۆڤایەتی بگەڕێینەوە، چونکە بە سروشت مرۆڤ گیاندارێکی تووندوتیژەو ئارەزوی داگیرکاریو دەستدرێژی دەکات، بەڵام ئەگەر لەبەردەم جۆرەکانی دەستدرێژی سێکسی دا بوەستین ئەوا بەر چەندین جۆر لە شێوازی دەستدرێژی دەکەوین لەوانەش دەستدرێژی بەزۆری

ناچاری مرۆڤ لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیدا واتە (نێر لەگەڵ نێر)دا یان گەورە لەگەڵ منداڵانی خوار تەمەنی یاسایدا، یان مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵدا یان مرۆڤ لەگەڵ کەسانی نوقسانو کەم عەقڵدا. کە هەریەکێك لەمانە بەهەرجۆرێك لە جۆرەکان حاڵەتی ناشازو نایاساینو ئەنجامدەرانیان دەکرێت وەك مرۆڤی ناتەندروست لەڕوی دینیو یاسایی و ئەخلاقیەوە سەیر بکرێن. ئەگەر نوسین. بەتایبەت ڕۆمان جگە لە کەرەستەیەکی ئیستاتیکیانەی ئەدەبی جۆرێکیشبێت لە پەیامو ئایدیا بۆ گەیاندنی بیرۆکەی گەرانەوە بۆ مرۆڤ بوون، ئەوا لەم ڕۆمانەدا (بەیان سەلمان) خوێنەر لە بەردەم دوو بابەتی گرنگ بۆ پیشاندانی دیوە شاراوەکانی تاوان لە کۆمەڵگادا ڕادەگرێت ئەوانیش (شێتیو مینە)بوون، کە هەردوو بابەتەکە نیشانەی بڕەسەناتیو بەرائەتن بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری وەك کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەم ڕۆمانە بیرخستنەوەی بابەتگەلێکە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە مۆژویەکیان ئەوانیش (پیاوسالاری، کوشتنی ژنان، سێکسی ناتەندروست یان نادروست ، خیانەت) کە هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ بەردەوامی دان بە دەستدرێژی ڕەگەزایەتیو لەبەریەك هەڵوەشانی بنەماکانی خێزانەویستی لەنێوان تاكو خزانەکاندا. ئەمە جگە لەوەی قسەکردنە لەسەر ئەو کێشە گەورە جنسیەی کە لەکۆنەوە تائێستا کۆمەڵگای ئێمەی گرتۆتەوە، بەجۆرێك جنس کردن بەتەندروستی بۆ چێژ وەرگرتن لە چوارچێوەی خێزانەویستیدا نییە، بەڵکو ئەنجامدانی حاڵەتێکی ئاژەڵانیە کە ئاماژ لێی یان بەتاڵبوونەوە یان سەلماندنی پیاوەتی نێرینەکانە. ئەوەتا لەلاپەڕە (76)ی ڕۆمانەکەدا دەنوسێت" کەسمان نەبوو زەکییە وەها تەماشا نەکات، کە هەرچی هێزی باڵایە لەناو لنگیدایە"

ئەم ڕۆمانە بۆ گرنگە:

)ئێزرا پاوەند) لە وتارێکدا دەربارەی نوسەر باش دەڵێت" نووسەرە باشەکان ئەو کەسانەن زمانێکی چالاك بەکار دەهێنن، واتە زمانێکی ووردو ڕوونو ئاشکرای بۆ گرۆو گۆ " لێرەوە دەمەوێت بڵێم هەمیشە نوسین بەلای منەوە ئەو پەیامە گرنگەیە کە بەزمانێکی سادەبتوانیت پرسیاری گەورە بخیتەڕوو، هەروەك چۆن لەم ڕۆمانەدا (بەیان سەلمان) وای کردووە، هەندێك جار نوسین لە دنیای ئێمەدا بۆتە بابەتێکی وشکو بێزراو ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێك لە زاراوەی بیانی کە ڕەنگە تێگەیشتنیان بۆ نوسەرەکەشی بڕێك قورس بێت، بەڵام من لە کۆی ئیشەکانی ئەم نوسەرەدا بەر جۆرێك لە سادە نوسین و قۆڵدەربڕین دەکەوم کە بەبۆای من بۆ نوسەری باش ئەمە زۆر گرنگە، بۆ

منیش ئەم ڕۆمانەی وەستان بوو لەبەردەم پرسکی قۆی ئینسانیدا کە جارکی کە بەتۆوانینکی کەوە لە مرۆقانك بنوام کە بەداخەوە بەشت ئەژماردەکرن، خوندنەوەی ئەم ڕۆمانە یەکك بوو لەو شتە چژبەخشانەی کە ەنگە کەم جار مرۆق بتوانت شانسی بەدەستهنانی هەبت. سەرچاوەی ئەمەش جگە لە جوانی چیرکەکەو سادەی لە دەربیندا بەشکی گەورەی پەیوەندی بە خودی بەرائەتی کەسایەتییەکەوە هەبوو کە (زەکییە) چونکە ئەم کەسە ئەگەرچی شت بوو، بەام لە ژیانو مردنیشدا خاوەنی مژوویەکی جوانە کە دەکرت وەك نمونەی مرۆقی زوم لکراو تەماشای بکەین. هەر وەك لە لاپەڕە (226)ی ڕۆمانەکەدا هاتووە." پاش مردنی زەکییە مژووی بخی نوسیەوە. کەس لە قەادا مژووی لە دوی خی وەها جێ نەهشت. ئەو کە بەشتیی بەهای لەلایان نەبوو، ئەوەتا لە مردنیدا بەهای بخی دروست کرد، بووە ئەو عاقەی کە بەتەنها میژوو بێ خی دەنووستەوە، کەس لە جەستەی مردوویەك شتییو ئاقیی نابینێ، تەنها ئەوە دەبینێ کە لاشەیەکە، ئەگەر زەکییە لە قەا نەکوژایەو لە هەرچ کوییەکی دی فیان بدایەو بدزرایەتەوە، کەس نەی دەزانی ئەمە جستەی شتە یان عاقل، بیە جستەی زەکییە لەمردنیشدا هەر براوەبوو.
بەهیوام ئەم نوسینە تەنها وەك سەرنجکی کورت سەیربکرتو لە ئایندەدا چەندین نوسینی تر بەدوای خیدا بهنت، چونکە دنیام گەلك لایەنی شاراوەی تر لە ڕۆمانەکەدا هەیە کەدەکرت شرۆقەو ئاشکرا بکرت.

-_____

بێ ئەم نوسینە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.
ئزرا پاوەند …لەشیعردا بلیمەتو لەسیاسەتدا دڕاو. هاشم سالح .
وە. هەورامان وریا قانع.
نامە بێ ڕۆماننوسکی لاو (فارگاس یسا) وە. شیرینزك
دیداری (بەیان سالمان) لە پاشکی ەخنەی چاودر سازدانی ئارام سدیق.

Shaxi83@yahoo.com
www.facebook.com/shaxi.shafiq

شاخەوان سدیق

گفتوگۆ لەگەڵ ئەنوەری هەشمی عەوڵا ... ئا/ شاخەوان سدیق

ئەنوەری هەشمی عەوڵا
"بەداخەوە تەماشای ئەمە هێندەی لەسەر پێگە و کەسایەتی نووسەرە، ئەوەندە دڵمان نەسپاردووە بە بواری جواناسیانەی ئەدەبی"

ئا/ شاخەوان سدیق

(ئەنوەر هەشید عەبدوڵا) یەکێکە لە شاعیرو نوسەرو ناوە دیارەکانی ناو دنیای ئەدەبی کوردی و لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند کتێبکی شیعری خۆی چەماندکیشی بەناوی (پەرتگا) بڵاوکردەتەوە، بۆ قسەکردن دەربارەی تەوانینیان بۆ ئەدەب و کارەکانی ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

شاخەوان سدیق/ شیعر یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین ئەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بەدرێژای مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە، (کازانزاکی)ش دەڵێت(شیعر ئەو خۆیە کە ناهەڵێت جیهان بێ گەن بکات) بەبۆای ئێوە ئەم گرنگیەی شیعر لە چییەوە هاتوە؟ بۆ تۆ دەتەوێت شیعر بنوسیت و بۆ تۆ شیعر چییە؟
ئەنوەری هەشمی عەوڵا / لەوەتەی یادوەریی هەیە، شیعر.. عیشق.. خودا؛ ئەو سێ ڕێگایەن ناچنەوە سەر هیچ! بەشێکن لە سێکچکەی پیرۆز. چەند بیانهێنیت و بیانبەیت بە زانینەکانی ئەقڵ و ئەقلانییەتدا، کەچی ڕەگیان دەچێتەوە سەر نەزانین. مەحاڵن و چارەی مەحاڵیشمان بۆ دەکەن. گەرچی هیچیان لە دەست نایەت، هیچ بۆشاییەك پڕناکەنەوە، کەچی ناتوانین فڕێشیان بدەین. بۆ فڕێداراون.. بۆنەوایان.. بۆناسنامەکان، بۆمنەت مەلهەمێکی روحین. ڕۆشنایین بۆ دەهالیزە ئەنگوستەچاوەکانی نێو دەروون و تەنیاییەکانمان. گشت ئەو شتانەمان بۆ دەدوێننەوە، کە بۆ دواندن نەدەبوون. گشت ئەو شتانەمان بۆ دەبینینەوە، کە نابینرێن. گشت ئەو شتانەمان پێدەبیستێ، کە نابیسترێ.. یانی لە یەککاتدا دەتوانێ هیچ و هەموو شتێکیش بێ! لە لوغزەکان دەدوێ و خۆیشی بە لوغز دەمێنێتەوە. توخنی نهێنییەکان دەکەوێ و خۆیشی بە نهێنی دەمێنیتەوە. ناڕۆشنە و ڕۆشنت

دەکاتەوە. چون موعەممایە لە ناو موعەممادا. شیعر هەروابووە و هەرواش دەمێنێتەوە!

شاخەوان سدیق / ئەگەر لەم تێوانینەی بەرزتانەوە بۆ شیعر سەیری کەسایەتی شاعیر بکەین دەتوانین چۆن لە شاعیر، یان کەسی شیعر نووس تێبگەین(ماغوت) لە دیدارێکدا دەڵێت"شاعیرە ڕاستەقینەکان شاعیری ژیانن، ئەو شاعیرانەن مەرگی باڵندەیەك و لێ بوونی جێگەیەك، هێندەی مەرگی مرۆڤێك نیگەرانیان دەکات" ئەم تێوانینە تا چەند لە ڕاستیەوە نزیکە لە کاتێکدا زۆرێك لە شاعیران تەنها لەکاتی نوسینی شیعردا شاعیرن.

ئەنوەری ڕەشی عەوڵا / لەم نەخشە و هێڵە بەیانییەدا؛ بە ستوونی و شاقوڵی دابەش کراوە، بۆ نووسەری ڕاستەقینە و نووسەری ساختە و موزەیەف. دەکرێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین، گەر تێکست نەبێ، خوێنەر و نووسەر چ نرخ و مانایەکیان دەبێ..؟ گەرچی هەتا ئێستاشی لەسەر بێت، لای ئێمە تێکست نەناسراوە، چون بە مانای وشە، پوخت لەدایك نەبووە. تێڕامانی ئێمە هێندەی لەسەر پێگە و کەسایەتی نووسەرە، ئەوەندە دڵمان نەسپاردووە، بە بواری جواناسیانەی ئەدەبی. گەرچی دنیای نووسینیش بە جیاوازی لێکدانەوەکانەوە، نیشانیداوین، تێکست و نووسەر و خوێنەر سێیەنەی پیرۆزن. بۆ یەکتریی نابن و خۆ ناگرن و نوقسانن!
داخوا وابەستەیی سلقادەر دالی بە فرانکۆوە، عەزرا پاوەند بە فاشییەکانەوە، هایدیگەر و نازییەکان، سەر بە کولتووریی ئێمە بونایە، لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدا دامانبنابان و جێمان بکردنایەتەوە..؟ مەگەر هاوبێوا بە بەهانەی هەڵوەستەوە، بە گومانییەوە سەنگەسارمان بکردنایە و دامانبشرینایە و لە بەهای هونەریی و فیکرییان کەم بکردنایەتەوە و بە خزلزانییەکەوە بمانگوتبا: چیتر تابلۆ و گوتارەکانیان بە پولێکی قەپ ناکەین! ڕونکەرانە چاوەوانی خودایەتیمان لە نووسەر و ئەهلی هونەر هەیە، لە کاتێکدا ئەویش بە گێشت و ئێسقانەوە مرۆڤە و، مرۆڤیش مەحکومە بە وێستگە و قۆناغە جوداکانی گەشەکردنی جەستەیی و مانەوی، مەحکومە بە هەرمانەکانی. مرۆڤ پێچیدەترینی نێو بوونەوەرەکان بێ، چۆن بتوانین کورتی بکەینەوە بۆ یەك ڕەهەند، یەك بەها و یەك هەقیقەت..!؟ یاخود.. نا، مرۆڤ و بەهاکانی، پێین بکەین بەسەر باش.. و باشتر.. و باشتریینداا..؟ ئەمە و گەلێك ڕگەی ترتاقیکراونەتەوە، هەموو شتێکیان پێنەوتین و رستێك گرێی ترمان ڕووبەڕوو بوەوە. مەسەلەن نووسەر هەیە، کە تێکستی دەخوێنینەوە بە

سیحر و جادوی خۆشەویستی سەرسامت دەکات و لە ناوەندی ڕۆشنبیرییشدا لە باشترینەکانە. کەچی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کۆی یاراندا، بڕۆح دیارە و خاڵییە لە خۆشەویستی..؟ ئیتر بڵێین ئەم کەسایەتییە درۆزن و مونافیقە و نووسینەکانیشی ناخوێنینەوە، کە ئەم حوکمە ئاسان و حازر بە دەستەیان لە کۆ و کۆمەڵی ئۆمەی داخراودا لە باوترینەکانێتی بۆ هەڵسەنگاندنی یەکتریی. گەر ئەمانە نا، ئەی چی..؟ ئەم ڕاستییە سادەیە، پێمان دەڵێتەوە دەبێ لە شوێنی تردا بوانینە ئەو پەیوەندییەی نێوان نووسەر و تێکست. چون هەیە لە هونەری نووسین و خەیاڵکردنەوەدا کەسێکی بە دەربەستە و حیسابی ورد و درشتی خۆ دەربڕینەکانی بە هەموو ئەو پوودانگانە دەپێوێ کە لە پرۆسەی نووسیندا تووشی دێت. کەچی لە هونەری هاوکێیەتی و دۆستایەتییدا، بەخەیاڵ و بێدەربەست و خەمسارد و بگرە خۆپەرستیشە. ئەم گرفتەش ناچارمان دەکات، درشتە خودی مرۆڤ وەک کۆیەک وەربگرین، کە دەرەنجامی کارلێکی وردە خودەکانێتی: خودی کۆمەڵایەتی، خودی ڕوحی، خودی ئیستاتیکی، خودی سیاسی، خودی فەلسەفی.. تاد دەشێ ئەم وردە خودانەی من ناوم بردن، پێپلیکانەی ژێر پێی یەکتریی بن، ئەو درشتە خودەی چاومان لێیەوەیەتی پێی بگەین. هەیە خودە ئیستاتیکییەکەی لە بەرزترین پلەدایە، کەچی خودە کۆمەڵایەتییەکەی لە پێپلیکانەی خوارتردایە. هەیە خودە کۆمەڵایەتییەکەی لە بڵندترینداییە، کەچی خودە ئەدەبییەکەی نەویترینێتی! ڕوانین و چاوەڕوانی ئۆمە لەم خودانە، زادەی تێگەیشتن و نرخاندنەکانمانە. گەر بە هەرەمیانە و پەیژەییانە چاو لێبکەین، بە دەرئەنجامێکی جیاواز دەگەین.

ئەگەر.. نا، ئەویتر هاوسەنگییەکەی، دەگەڵتەوە بۆ ئەوەی لە هەموو شتێکدا بازنەیی و هۆشوویەو گشت وردەخودەکانی ناوخۆی، هەموویان هارمۆنییکیەتیان لە نێواندایە. ئەزموونەکان پێماندەڵێن: گەر ئەمە نایابترییەنیان بێ، بۆ چاوەڕوانییەک کە نووسەر لامان دروست دەکات یاخود بۆی دروست دەکەین، ئەم جنسە لە کەمینەکان بوون و دەبن. بیرمان نەچێت جوانیش هەمیشە کەم بووە لە هیچ دەورانێکی مێژووی بەشەرییەتدا، زۆر نەبووە. جا گەڕان و عەودا بوون و بە مەراقگرتنی ئەوەش: داخوا نووسەر ئەوەی دەیڵێ، هەر ئەوەیە دەیکات..؟ دەکرێ پێدرێژی و زماندرێژی و پێ خستنە ناو ژیانی تایبەتی نوسەرەوە هەبێت، کە ڕەگی بە فزولیەتی ئۆمەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بە مەرجەکانی نووسین خۆیەوە نییە! لە ناوەندی ئۆمەدا نەخۆشییەکە بە جۆرێک دایزاندوین و ترسناکە، جار هەیە حەز لە ستایڵی نووسینی کەسێک ناکەیت، یاخود ئڕەیی پیدەبەیت. بەمەوە ناوەستێ و دڵی ئاو ناخواتەوە. نەک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆشی

پێنایەت، دەیبوغزێنێ، بەرهەمەکانی بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە بە کەم دەگرێت، بە کوردییەکەی بەدویژدانییانە خراپەکارییەوە لێیدەخوێنێ. ئالێرەدایە، ئەوەی هەقیقەتەکان پێێن دەکات، چۆژی ئەدەبی و سەروسەودای جوانییەکانیان نیین، بەکو پشداوەری رق و بوغزو گرێ دەروونییەکانن. بۆیە لەو زەمینەدا، ئاسایی دەبێ ناو و ناتێرەی سەیر سەیر دابتاشرێ و پێوەبلکێنرێت. گشت ئەم وردە پرسیار و وردە وەڵامانە نەمانبەنە بەر درشتە وەڵامێك کە بۆوا بە هەموومان بهێنیت. کەوابێ مەرج نییە، نووسەرەکان کە وەسوەسە و خەونی ئیلاهییانەیان هەیە، دەبێ خۆشیان خوداوەندێك بن..؟ مەرج نییە، چون ئەدەب خۆی پێە لەو پارادۆکسیانەی دەبنە بیناسازی تێکستەکە. بێ دەبێ ئەم پارادۆکسەش نووسەرەکە نەگرێتەوە..؟ لە کاتێکدا نوسەر لەگەڵ هەبونایەتیدا لە ناکۆکیدایە، بێ دەبێ لەگەڵ خۆیشیدا ناکۆك نەبێ..؟! ئایا مرۆڤ بەو هەموو لێکدژییانەی خۆیەوە، چۆن رێدەکات و چۆن بیر دەکاتەوە و لە رێی خود نووسینەوەی خۆیەوە، چ رەهەندێکی ترمان لە خودە ئیستاتیکییەکەی پێدەبەخشێت..؟ بێ من لە سەروو هەموو چاوەڕوانییەکانەوەیە. نووسین و بەخششە ئەندێشەییەکانی بێ من و خۆی بێ خۆی. ئیتر ئافەریدەکردنی دوژمنێکی وەهمی، دوورخستنەوەمانە لە دنیای نووسین بە گشتی و ئەدەبی بە تایبەتی!

شاخەوان سدیق/ زۆر جار دەوترێت پرسەی نوسین بەسەرهاتی تەواو نەبووی هەریەکێك لە ئێمەیە، یان کاتێك مرۆڤ دەستی بە هێنانەدی خەونەکانی ناگات پەنا بێ نوسین دەبات وەك ئەوەی بەختیار عەلیش لە دیدارێکدا دەڵێت" مرۆڤ کاتێك لە هەموو شتەکاندا فاشیل دەبێت ودەکاتە نوسین و دەبێت بە نوسەر" بەڵاستی نوسەر بوون دواکارتی فشاری مرۆڤە بێ بەردەوام بوون لە ژیان، یان نوسین بێ دەستاگەیشتنی مرۆڤە بە ئاشنابوون بە دیوێکی کەی ژیان و کەشف کردنی دونیا یەکی نوێیە؟

ئەنوەری ڕەشی عەوڵا / لەمناڵێتییدا هەموو شتێك بە گەورە دەبینیت، کە گەورە دەبیت.. هەموو شتەکان بچکۆلە دەبنەوە! ئەوەی دیسانەوە توانای بە گەورە نیشاندانەوەی شتەکانی هەیە، هۆشتا.. منا‌ە! نووسین گەڵانەوەی خەسڵەتەکانی ئەو منا‌ڵێتییەیە، کە لە کۆڵانەکانی خەیاڵکردنەوەدا بە خەبەردێتەوە. لەبەر ئەم راستییە سادەیەش بێ، نوسەرەکان چەندێ ئایندەخوازیش بن، ناتوانن بێ رابردووە (کە منا‌ڵیتیی لەوێیە) ئەو هەنگاوە بنێنەوە. چون نووسین گەڵانەوەی ئەو رابردووەیە بەڵێ وچاوی منا‌ڵێتییەوە. بەوەدەڵێ ڕەگەزێکی بنەڕەتیتر

بۆ کردەی نووسین " دیسان خەڵقکردنەوە" بێت. خەڵقکردنەوە، هەر لە وشەیەك و منا ڵ ێتی خۆتەوە، هەتا مرۆڤەکانی تریش. سروشت، گەردون دەگرێتەوە. گرتنەبەری ئەم پرسەسەش زۆر یاخۆ بەردار، هەر بە زمانەو لە ڕێی زمانیشەوە وەهامەکەی وەردەگرینەوە و ساغ دەبێتەوە، کە ئەمە بۆ دەنووسین..؟ هەر لەبەر ئەمەش بێت، دەتوانین ڕۆ بە خەمان بدەین، کە نووسین " میمیسیس/ تەقلید و لاساییکردنەوە" نییە، بەڵکو خۆی خودی ژیانە. بەڵام ژیانکردنێکی تاك و تەنهایانەیە، لە ڕێی فەنتازیاوە، ژیانکردنێکە توشبەرەکەی ئەندیشەکردنە. هەتا نزیکبونەوە لەوەی، ئەوە تەنها تۆ نیت لە ژیاندای، بەڵکو ئەوە ژیانیشە، لەوێدا " لە نوسیندا" هەناسە دەدا و دەژێتەوە. نوسین لێی دەوەشێتەوە، ببێتە جێکەوتە و لە بری ژیان خۆی نیشان بداو بنوێنێتەوە. گەر وا نەبا، هەندێ نوسەر ئیرەییان بە نوسینەکانیان نەدەبرد. کە ژیانی تێکستەکانیان لە ژیانی خۆیان نەمرتر و درێژتر. لەبەر ئەوەی نووسین بە سروشت بزڕز و بزووە بۆ گ ڵ ان، بەو پێیە، ناتوانین مەرجێکی نەگ ڵ بۆ کردەی نوسین دابمەزرێنین و هەموومان وەکو یەك رازی بکات. چونکە نوسین لەوە سرکترە لە قەفەزی مەقولە و ستای ڵ کدا زیندانیی بکەین. ئەوە کوشتنی پێکهەپژان و کارلێکی جیاوازییەکانیشە. ئەوەی لە ژیانیشدا نەگ ڵ ە، ناتوانی ژیان بە یەك ڕەنگ و یەك مۆدێل ببینی.. ناتوانی بە یەك دەنگ بیبیستی.. یەك بۆن و یەك تامی هەبێت. مادام ماکی ژیان فرە دەرگا و فرە ڕێگایە. کەوابێ هەرکەس دەتوانێ لەو ڕێگایە بدوێ کە فەنتازیا یان واقیعییانە ڕێشتووە پیایدا. هەیە نوسین بەو شادەرگا و دەروازەیە دەبینێ کە لێوەی دەچێتە ناو قەڵای هەبوونایەتیەوە. هەموو ئەمانە راستن، چون بەڵاستی لە ڕێی نوسینەوە خۆیان گ ڵ اوەتەوە. واتا کردەیەك خۆتی تیا دەگ ڵ یتەوە، بەڵام بەم هەموو کردە و کۆشانەشەوە، هەرگیز ناگەیت بە دوا مەنزڵ. گەرچی نوسین ناخودئاگایانە چاو لە دووی ئەو مەنزڵەیە کە کەس پێی تێ نەناوە، هەرگیز پێی ناگات. بەڵێ وێستگەی جیا جیا هەیە، کە پێی تێناوە. ئەویش ئەو تێکستانەن دەیخوێنینەوە. دەشێ بتوانین ناوی بنێین وردە مەنزڵەکان. نووسین گەیدەیی بوونە بە نێو توێی دڵی ئەو وردە مەنزڵانەدا! ئا لەوێدا نوسەر مارشاڵی فەشەلەکانی خۆی و دنیایە! دڵنکیخۆتە مارشاڵی فاشیلەکان بوو. لە ئەدەبدا" ئەم جیهانە باڵایە و بەرکەماڵە دەرونییە" قبوڵکراوە مارشاڵی فەشەلەکانی خۆت بیت، لێ لە ژیانی واقیعییدا کە تەوقدراوە بە سەدان تەلبەندی سەلماندن و بەگە و مەرجی لۆجیکیی نەگ ڵ و ئەقڵانی، جێی توانج و تەشەر و تانووت لێدانە. گرنگ نییە فاشیلە یان سەرکەوتوو، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەمە پرسیار لە بارەی بەهای

شتێکەوە دەکەین کە نووسینە! وەك بڵێی: ئەو پەرستگایەی لە سوجدەبردن و نوێژی وشەکانەوە، لەسەربەرماڵی پەرەیەکدا، بگەیت و وەسڵ بە پرتەوی خودای ماناو ئەودیوو ماناکان! گەرچی دوا گەیشتنیش نییە..

شاخەوان سدیق/ زەرجار دەوترێت کاری ئەدەب دەرخستنی ناشیرینیەکانی ژیانە، بە هێندەی باسکردنبێت لە جوانییەکانی، بەڵاستی ئەوە پێتان وایە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی بێ کاری هەخنەگرتنن لە ژیان، یان ئەدەب خوێقاندنی دونیایەکی نوێیە لەو دیو ژیانی واقیعیەوە، بەگشتی پەیوەندی ئەدەب بە ژیانەوە چۆن دەبینن؟

ئەنوەری هەشی عەوڵا / ئەوەی بە هیچ کلۆجێك. ناهێڵێ، ژیان لە میکانیکیی بوونەوەدا پەژموردە ببێ، بەرەو مرداروەبوون بچێ، پەیبردن و دینامکییەتەکانی ئەدەب و هونەرە. لە بەرئەوەی هەرچیەك بێ ملپێکەچکردنی مەرامەکانی خۆی، بیەوێ روحی بێندی ژیان وەدەربنێ و سەرفی بکات، ئەدەب لە نێو دڵی بانگەوازەکانی خۆیدا کە " گەیانەوەیەکی هەتاییە" ئەو شتە سەرفکراو، فەرامۆشکراو، کەنەفتبوو، هێزلێبڕاوەی ژیان، لە خۆیدا، لە دڵخۆکی تێردا، هەڵدەبژێرێ و بە بەرزترین شێوە بەرهەم دەهێنیتەوە. بەو لەونەش بەرجەستەی دەکاتەوە، کە لێوانلێو زیندوێتیی لێبچڕاوەنێتەوە. بە رادەیەك گەر ژیان بدەیتەوە دەست خۆی، لەوەی لەو واقیعە فەوتێنەرانەدا هەبووە و بەسەریدا هێنراوە، لەو بە فەنتازییادا کرنەیدا خۆی ناناسێتەوە. وەك بڵێی لە پەیمانێکی نوێدا بێت، خودایەکی تر، بە بونیادی سیستەمە بەهاییەکانی، بە پەیام و مەکتوبە ئیستاتیکییەکانی خۆی ئافەریدەی کردبێتەوە. هەبەت ئەم سیحر و جادووە سەرمەدیی و بەسنووڕەش، بێ هیچ زیادەڕەویی و گومانیەك، جودا لەهەر بوارێکی تر، لە خاسەڕەویی ئەدەب و هونەرێکی باڵا دەوەشێتەوە!

شاخەوان سدیق/ کاتێك بەر نوسین یان دەقێکی تێ دەکەوین لەگەیدا بەر زمانێکی جیاواز لە دەربڕین دەکەوین، دەمەوێت بپرسم زمانی جیاواز یان جیاواز نوسین، تاچەند بێ نوسەر گرنگە؟ ئایا زمانی جیاواز مەرجە بێ پرسەی داهێنان؟

ئەنوەری هەشی عەوڵا / هەر وەك چۆن تاوێك لە هەموو خاکێك و کەش و هەوایەکدا ناتروکێ و شین نابێ. ئەو زەمینەی نوسەریش لەسەری وەستاوە، بووەتە پێگەی و لێیەوە دەوانێت، وەك وێگەردێك بێ خۆی و بوون و دنیا تایبەتەکەی دەگەڕێت، تاوی زمانیشی پشتبەستوو دەبێ

به ریشەداکوتانی ئەزمون و تراماناکانی، هەر بەو ماتەرانەشە لە دەستی دات خای فرمالە و شاوەباز بکات. تا باوانە.. لە چل و شەش کرماسامی دایکمان باوکمان پاکهاتوین، کەچی ئامە ئەوان نین، تەنها خامانین. نەك پەنجە مری دا و راحمان، شەپالی بینین و هەناسەدانیشمان لەوان ناچات. منیش هەروا چاو لە زمان دەکەم. زار سادە، شاوازی بەیانکردنی تا کەسایەتیی تایە، لەو باوار و ئەتماسفارەدا کە خاتی پادەردەبایت. باچی ئەو زمانەی کتابە پیرازەکانی پا نوسراونەتەوە، لە زمانی گشتی ناچات..؟ چون میتافیزیاك و سوپەرناچوالیەت و روحانیەت سەرپەنایەتی. لە ئینجیلدا هاتووە: شەرابی تازە نابا بکراتە مەشکەی کانەوە هەتا نەدا! ئەفکار و بیرکردنەوەی تازەش، ناکرا بکراتە مەشکەی زمانە کانەکەوە. هەروەك ئەوەی لای زاربەی ئامە ئیدامەی هەیە و لەسەری دەلەوان و سەروکاریان لەگەیدا هەیە و بەوپەای دنیاییەوە بەرگریی لادەکەن. لا نوسەرکی تر کە نادنیابات، بەرامبەر، ئەو زمانە مگەلییەی هەموو لەسەری راهاتوون و کاوژی دەکەنەوە، چون پیانوایە ئەمە (صراگ مستقیم) ەو نوسین دەبا هەر وەهابات. بایە هەموو لە دەوری سەری بەردەرەشەکەی زمان بگەین و شەیتانی لەعینیش بە خکە بەردی بەدنیازی، مەرام و بوغز و گرا دەرونیی و نابووتی و نادانیەکانمان سەنگەسار بکەین. من بە دوعای ئاوا ناام ئامین! خا جولەکە و کریستیانیتی و ئیسلامیش، لە شیکدا جیاواز دیارن، لا جەوهەری هەرسکیان لە ئەسای یەك خاك و خاەوە هاتوون و هەقواون. بایە زمانی ناوکایشیان هەر دەتوانا سەروسەودایان لەوە زیاتر نەبات: لە خاەوە هاتوین و دەچینەوە با خا. ناخودئاگا، هەر بەو پاودانگگەلە زارینەمان مامەە لەگەا زماندا دەکەینەوە. بەا.. هەموو ئیلاهەکانی زمان، دەبا، لەبەردەم یەك شازمانی خودای مەزندا هەاوەشانەوە، خەسەتی ئایینی تەوحیدییش لەمە زیاتر نەبووە و نییە. بامنیش، وتەبازەکانی ئەدەبی کوردیی بە یەك شاشەقامی زماندا ردەکەن، بە جیاوازی ئەوەی دەیانەوا چ باان، هاوا و هەماەنگ و هاورەگەز و هاوئاهەنگن لەیەك پەیمانکی کامەایەتیدا، کە دەبا زمان وەك کرسك پیایدا باوات و دەنگدانەوەی ئەو راستییە حاشاهەنەگرە بات. یەعنی دامەزراندن و بە ستانداردکردنی یەك فەرهەنگی نەتەوەیی گشتی، کە دەبا هەموو پاەوی لابکەین، و تەعمید و غوسای خامانی تیا دەربکەین، هەتا لە لایەن دژبەرەکانەوە تووشی بائیمانی، راح پاخای، فەوزای زمان نەیەین. هەبەت ئەوەی لەم کاا و رکەوتنە دەستەجەمعییەش لابدات، وەك لادانتی لە ئایینی تەوحیدیی، کە بە هەگەاوە و کافر و زەندیق ناوزەد دەبیت، و بەم رکەوتنە گشتی و مگەلیانەش بات، هەرکەس دەتوانا فتوات لەسەر

بدات و خۆنت حەڵا بێت. جا ئەم تایبەتییەتە، ئەم خۆاپسکانانەی باس و خواسەکان لە ئەسیریی، ئەم گیان رەهابونەی زمان، کە لە قۆناغێکی ئەزمونەکانمەوە سەر هاستانە گەرەکێتی خۆی بخۆقنیتەوە، لاوازییە یاخود هێزە.. خۆدزینەوەیە یاخود ونبوون.. پوکانەوەیە یاخود داهێنان نازانم..!؟ گەر هەقی ئەوەم پێ بدرێت، منیش خوداوەندێکی بچکۆلانەم لە خەمدا کەشف کردووە، کە لە خودای گشتی ناچێت، ئەمە. ئەوە لە منداڵ بە پیت و وشە و ئایدیاکانی خەیەوە دەئاخفێ و منیش دەیژنەوم. بەڵێ بۆ من، ئەمە تەنها ماڵ جیایی "ماهییەت و جەوهەری" ستایڵی منە، لەم مۆگەلستانە بە رەسمی کراوەی زمانی کوردیدا! ئەو ئاوە گەورەکان رشتویانە، من چیتر پڵی لێناخەم. وەک منداڵێک ئاوس بە فەنتازیاکانی سەرقاڵی خۆبەتانێ و یارییکردنم لە نێو وردە هەقیقەتەکانی خەمدا..!

شاخەوان سدیق/ هەخنەگری گەورەی ئەمانی (مارسێل هایخ هاینسکی) دەڵێت" دەبێت هەمان چەژمان پێببەخشێت، چەژی خوێندنەوەو کات بە سەربردن" تاچەند پێتان وایە ئەدەب بە تایبەت هەمان بۆ چەژو کات بە سەر بردن بێت، ئەوە لە هەمانەکەتاندا (پەرتگا) تاچەند هەچاوی چەژی خوێنەرتان کردوە، بۆ لە دوای ئەو هەمانەوە کاری ترمان نەدی؟ دوای (پەتگا) هەمانی تری تێ دەخوێنینەوە؟

ئەنوەری هەشی عەوڵا / من بەرگدروو نیم، هەتا کەتەڵگێك بدەمە دەست خوێنەر و رەخنەگرەکان و بڵێم: هەبژێرن بە ئارەزووی قەڵەوی و بنسێتی و کوڵەبنەیی و بەژن زراڤی (چەژ و مەعریفەی) خۆتان. بڵێم هەتا دەڵێ و تەسك و تروسك نەبێت، بفەرموون.. چۆنچۆنی بنوسم، بە دڵی ئەوە رێ بکەم، بیربکەمەوە و خەم دەربڕم، هەتا کەیفخۆش بن و ئارەزووەکانتان تێر بکەم . ئاخر نوسەر سوزانیی نییە، هەتا بە پڵی حەز و شەهوەتبازیی موشتەرییەکانی خۆی ئارایش بکا. دوکان و بازاڕ دانانی سیاسیش نییە هەتا نان بکەڵێ و بفرۆشێ بە نرخی رەژ، وە لە خەمی ئەودا بێت بزانێ لایەنگریی زۆرە، لەوەوە ئەو دنیاییە دەستەبەر بکات کە راستی و دروستی موبارەزە کردن و خوێندنەوەکانی بۆ واقیعی حاڵی حیزب و کۆمەڵگاکەی لە چ ئاستێکدایە. داخوا مەبەست لە هەستی چەژبینین دەبێ چی بێ..؟ چەژی ئازادی، چەژی ئەقڵی، چەژی ئیستاتیکیی. لای بودا هیچ چەژێك نییە، وەك چەژی ئازادیی. دەرهەق بە رۆمانی پەرتگا بانگەشەی هیچ بەهرەمەندییەکم نەکردووە، تەنها لەودا من مومارەسەی ئەو ئازادییە بودایییەم کردووە و هیچی تر. هەیە دەترسێ رووبەرووی لاوازییەکانی خۆی ببێتەوە و روحی هەلاهەلابووی خۆی بە رووتی و پەرتبوویی ببینێتەوە. پەرتبوون لە

نەوان خولیا جەستەیی و ڕۆحییەکان. پەرتبوون لە نەوان وەهم و واقیعدا.. پەرتبوونی لە نەوان مەنفا و نیشتماندا.. پەرتبوونی ئەوەی دەتەوێ بیبیت و کەچی زمانێك نادزیتەوە، کە پێاوپێی ئەو لەتبوونانە بێت. ئالەوێدا، بە قەولی ماریا فارگاس یێسا: " راوی نادیار، ئەو گێڕەرەوەیە، کەسێتییەکی شیزۆفیریانەی هەیە، وەکو خەیاڵپڵاوێك هەروا بێ خشی دەکرێتەوە و شت دەدرکێنێ و قسە لەگەڵ خودی خێی دەکات، لە کاتێکدا رووی دەمی لە خوێنەرە. ئەو بازدان و جگێکیانەی راوی مایەی سەرلێتێکدانە ". دەی هەیە چێژ لەمە نابینێ. لە کاتێکدا لای کانت " لە دەرەوەی ئاماژەکردن، بە هەستی خودەوە، جوانی و چێژ خێی لە خێدا هیچ نییە" گەر بەو پێوانە کانتییە بێ " ئەو خودێتییە کێیە، کە توانای پێناسە و حوکمدان و فتوای هەیە بەسەر قەشەنگی – بوونی ئەدەبی و هونەرییدا- ..؟ " کەچی لای شێبنهاوەر کە دەچێتە ناو لێچەکانی هەبونایەتیمانەوە، پێیوایە: خواستی خێپەرستیی، چێژێکە کە بێ مرۆڤ لە هەر چێژێکی تر باتارە. ئەم چێژەش تەنها لە ڕێگەی بەراوردکردنی خێت لەگەڵ ئەوانیتردا دێتەدی. دەبێ ئەو تواناییە لە کوێوە بهێنیت، لە کەمەڵکی نەخش و دێ و دەروون کرمەڵزبوی وەك ئێمەدا، مەرزی ئەو هەموو راز و نیازە دەردەدارانەیە ببەزێنیت، کە لە ژێرپەردە و بە ناوی جواناسییەوە شەی عوقدەکانی خێیان دەکەن و دەبێ دێیکی خودایانەت هەبێ، هەتا بەرگەی پێوەدانەکانیان بگریت و بە سنگێکی فراوانەوە لێشیان قبوێ بکەیت..؟ بەڵێ دوای پەرتبوونی مرۆڤی ئێمە لە پەرتگادا. بێ دوو ساێیك دەبێ، مژێی ڕەمانیکی تر بووم، کە باس لە سەرگەردانی مرۆڤ دەکات بێ بیبینەوەی ماڵێك کە ببێتە سەرپەنای ڕوحی، بە ناوی (ماێیخ)، لە ڕەکخستنەوە و پاکنووس کردنیدام.

گەانەوە بۆلای ئەویتر: لە جەستەی شەکەتی قەسیدەیەکی هیلاکدا … (شاخەوان سدیق)

گەانەوە بۆلای ئەویتر: لە جەستەی شەکەتی قەسیدەیەکی هیلاکدا
(خوێنەوەی قەسیدەی هیوا قادر، چێژی پاکەوتنە لە سەربوونی ئاو)

(ئیسماعیل حەمە ئەمین)

_____

هەمیشە پێم وا بووە، قورسترین شت ئەوەیە ئینسان بتوانێت قسە لە سەر ئیحساسی کەسێکی کە بکات، چونکە بۆ خۆی دروست بوونو هێنانە دنیای بەرهەمێکی نوێ هەڵگری چەندین هێڵکارو ئاماژەو دەشێت لە پشت هەموو ووشەکانەوە فرە مەبەستو فرە بۆچوون ئامادەیان هەبێت، کە ئەنگە بەتەنها کەسی نوسەر خۆی بتوانێ تێیان بگات، چونکە ئەوە ئیحساسی ئەوە بەپانتای ئەو خەیاڵانەدا تێپەڕیوەو دواجار بەو شێوەیە تەعبیریان لە خۆیان کردووە. بەڵام لە خوێنەوەی شیعری هیوا قادردا من کەمتر بەر ئەم حاڵەتە ئەکەومو هەمیشە پێم خۆش بووە بگەڕێم بەشوێن نهێنیەکانی پشت دەرەکانیدا، ئەویش ئەنگە پیوەندی بەو زمانە سادەیەوە هەبێت کە هەمیشە زمانی قسەکردنو زمانی شیعری هیوا بووە لە نوسینو ئاخاوتندا، یان ئەنگە پەیوەندی بەو هەموو ئینسان دەستیەی هیواوە هەبێت کە هەمیشە لە ژیگای دنیابینیەکانی خۆیەوە وەك شاعیر هەستی پێکردوەو دەریبڕیوە، بۆ من چەند گرنگە کە دەقە کە چۆنەو جوانە. ئەوەندش ئاستگرێی نوسەرەکەی گرنگو پێویستە لە سەیرکردنی بۆ دنیاو ئەوەی کە وتویەتیو ئەوەی کە بۆای پێیەتی، کە هیوا یەکێکە لەوانەی ئەگەر شیعریش نەنوسێت لە زۆرێك لە شیعرنوسەکانی کە پێم شاعیرترە، چونکە شیعریەت لە ناوەوی هیوادایە نەك لە دەرەوەو کاتی نوسیندا، فروخ واتەنی " ڤی دنیام لەو شاعیرانەیە کەبەس لە کاتی نوسینی شیعرا شاعیرن" ئەوەتا هیواش لە دیدارێك دا بەم جۆرە باس لە چۆنیەتی پرسەی شیعریخۆی دەکات. (شیعری من دنیای خۆمو خەونو تەمناکانی خۆمە، بۆمن گرنگ نیە لە دەرەوەی خۆم تۆ چۆن تەعریفی من دەکەیت، چونکە من تۆی خوێنەر لەگەڵ خۆمدا دەخەمە ناو بە شیعریکردنی دنیاوە، تۆ یاقبوڵم دەکەیت یان نا، ئیدی ئەوە تۆیت دواتر تەعریف بۆ من دادەنێیت لە ڕێگەیشتنی خۆتوخوێنەوەی خۆتەوە، بۆ شیعرەکانم نەك من" لێرەوە تۆدەگەین ئەم گەڕیدەیەی شیعرو جوانی ئەوەندەی مەبەستیەتی بەدوای بەشە ونبوەکانی خۆیدا بگەڕێت، ئەوەندە مەبەستی نیە لاپەڕە ڕەشکاتەوە بەناوی نوسینی شیعرەوە. بۆیە دەمەوێت کەمێك لە سەر نوێترین قەسیدەی هیوا بوەستم کە لە ژمارە (121) پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا لە بەرواری (23/6/ 2008) بڵاوکرایەوە. بەناوی(بە قوڵپە قوڵپی ئاوت دەسپێرم) من ئەم کارەی هیوا کە ئەزموونێکی نوێیە لە شیعرنوسینی، جیاوازتر لە هەموو قەسیدەکانی کەی وەك (دوعایەك بۆ تەنهای، تەرمیناڵ، سۆی سور، ژیان لە کۆانەکەی ئێمەیە، مردن لە

دوو کەسان ئەولاتر،و ، ئەوەژەی ئەمرم باران لە پەنجەرەکەم ئەدات) کە پتر نوسیونی دەبینم، کە ئەمەش بۆ ئەو حەزە هەمیشەیە دەگەڕتەوە کە هیوا دەیەوێت ئەزمونی شتی نوێی تیابکات، لەم قەسیدەیەدا ئەوەندە پرسیارە فکریەکان ئامادەییان هەیە ئەوەندە شاعیر کاری لە جوانکاریو ئستاتیك دا نەکردووە، چونکە بەڕوای من شاعیر پەیامێکی هەیە لەم کارەیدا پەیامێك کە بیرکردنەوە فکریەکان دەتوانێت تیایدا کەشە ئاڵزەکانی بۆ سادە بکاتەوە. ئەمەشە ئەم کارەی لە کارەکانی تری جودا کردۆتەوە، ئەزمونی شیعری هیوا لە ئابردوودا ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو چۆن لە شیعرو ئەدەب لە ڕگای دنیابینیەکانی ئەوانەتو هەمیشەش وای کردوە ئەمەش لەم سەفەرکردنانەیدا لە ڕگای خەیاڵەوە بەشداربین. کە ئەمەش خاسیەتێکی گرنگی تری شیعریە لە هیوادا هەروەك (لورانس پیرین)یش لە کتێبی شیعر چیەدا دەڵێت " بوونی ئەدەب، بۆ گواستنەوەی ئەزموونی بەرجەستەیە، بەرجەستە لەم ڕووەوە کە بۆتە وێنەیەکی چڕو بەرچاو، ئەرکی ئەو ئەمەنیە لە بارەی ئەزمونەوە بدوێت، بەکو ئەم ئەرکەی هەیە کە مەڵەتی بەشداری خەیاڵی لە ئەزمونمان پێببەخشێت" هیوا جیاواز لە کارەکانی کەی لەم قەسیدەیەدا کار لەسەر هەردوو چەمکی (لێبوردەیو گوناە) دەکات لە ڕگای زمانێکی چڕوپڕ لە واتادا، بەڕام سادە لە دەربڕیندا ئەویش بەڕوای من دەگەڕتەوە بۆ تاوانینەی کە شاعیرهەیەتی دەربارەی ژیانو لە ئەزمونی ئەویترەوە هەست بەو گوناهانە دەکات کە دەشێت ئاژەڵك لە ئاژانکردبێتی هەروەك دەڵێ"

تۆ دەمبەخشیت
بە ئاژەشینەکانم دەسپێرم،
لەگەڵ ژمارەی لێدانەکانی دڵتا،
لە هەورازی عومرا،
لە تونێتی ژیانا من لەیاد دەکەیت.

زمان لەم دەقەی هیوادا تا ئاستێکی باڵا گەیانە بەدوای خۆدزینەوەی واتادا نەك بەدوای وێناندنی فۆرمێکی ئیستاتیکی جێگیردا کە بە هۆی میکیاج کردنەوە دەلالەت لە دەقەکەدا بەئاراستەیەکی تر بگۆڕێت. بۆیە دەبینی لەم دەقەدا وەك (مالارمێ) دەڵێت " زمان قسەدەکات نەك نوسەر، چونکە نوسین گەیشتنە بەو پنەتەی کەزمان دێتەگۆ نەك من" لێرەوە نوسەر لە ڕگای وتنی داوای بەخشینەوە لەویتر جەدەلێکی ناکۆتا لەگەڵ ژیانو بووندا دروست دەکات، کە ئەنگە هۆکاری ئەمەش ئەو ترسە هەمیشەییەی نوسەربێت کە بەردەوام هەیەتی لە لەبیرکردنو لە بیر چوونەوەی هەروەك چۆن لە قەسیدەی

(ئەوەژەی کە ئەمرم باران لە پەنجەرەکەم ئەدات)دا دەڵێت " ئەو ژەژەی کە ئەمرم منداڵان لە کۆتاندا خەریکی هەلوکۆنن" شاعیر بەو هەستە ئینسانییەوە تێدەگات کە مردن شتێکی حەتمیەو گرنگترین سیفاتی ئینسانیش لە بیرکردنە، بۆیە ئەویش دەمرێتو دواتریش لە بیردەچێتەوە کە ئەنگە پێش هەموویان ئەویترەکەی خۆی بێت جا شاعیردەیەوێت پێش ئەم مەرگو لەبیرکردنە داوای بەخشین لە گوناهەکانی بکات لە ڕگەی شیعرەوە، کە ئەنگە لای ئەو سەرچاوەی هەموو جوانییەکانبێت لە ژیاندا، چونکە ئەوە شیعرە کەدەتوانێت هەموو دژەکان لە ناو خۆیدا کۆبکاتەوە بە گەناەو لێبوردنیشەوە هەروەك (لورانس پیرین)یش دەڵێت" جودایی نێوان شیعرو جۆرەکانی تری ئەدەب، تەنیا جودایی پلەیە، شیعر گوشراوترینو چڕترین شێوەی ئەدەبە کە زۆرترین شت لە کەمترین وشەدا دەردەبڕێت" پرسیارکردن وەك بەشێکی گرنگی لەم قەسیدەیەدا ڕگایەکی فراوانە کە نوسەر لێیەوە ئاماندەکێشتە ناو بابەتە فکریەکانی، ئەو لەم سەردەمی زبری تەکنەلۆجیایەدا لەناو ئەو مەدلی بەڕبێت بوونی دڵی ئینسانەکاندا بەدوای شتەوردوو لە بیرکراوەکاندا دەگەڕێت، شتانێك کە لە ئێستادا پرسیارکردن دەربارەیان ئەنگە ئەوەندەی پرسیارکردن دەربارەی ئامێرێکی تەکنەلۆجی قورسبێت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، من هەمیشە وتومە ئەم کابرایە بەم هەموو ناسکیەوە، چۆندەتوانێت لە ووڵاتێکی قەبالغی تەکنەلۆجی وەك سویدا بژی، بەڵام گەر بەهەڵدا نەچووبم مەسەلە فەلسەفییەکان یارمەتی دەرێکی باشی ئەون لە بیرکردنەوە فکریەکانیدا کە سەرەنجام هۆزی ئیرادەی پێدەبەخشنو هەستی بینینی جوانی تیا دروست دەکەن، هەروەك چۆن هەندێك لە زانایانی سایکۆلۆجی مۆشکی مرۆڤ دابەش دەکەن بەسەر سێ هۆزدا، " هۆزی بیرکردنەوە: کە ڕگەی گەیشتنە حەقیقەت نیشانی مرۆڤ دەدات. هۆزی ئیرادە: کە بەهۆیەوە مرۆڤ ڕگای خۆر ئەدزێتەوە، هۆزی هەستپێکردن: کە مرۆڤ فێردەکات چۆن لەزەت لە جوانی وەربگرێت.
" بۆ هیواش گەڵان بەدوای جوانیداو پرسیارکردن لێیان بەوادەیە ئەوشتانەن کە دنیایە ئەویترەکەی خۆشی بۆی جێگای لەسەروەستانو تاڕادەیەك بۆوا پێنەبوونە بۆیە دووبارە بەویترەکەی خۆی دەڵێت" بە منداڵەکانت دەڵێیت، ئەو گژەلوکەیەك بوو بە فرمێسکەکانم خەواندم، ئەوپیاوێك بوو بە عەیاری سەردەمێك خەونی دەبینی کەلە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبوو، ئەوچی بوو کەنەی توانی بێت بەچڵەکەیەکی تەنهاو بفڕێت، ئەو پیاو بوو دەبوو خەون بخوازێت نەك ژن." یادەوری بە شێکی کەی گرنگی ئەم قەسیدەیە، من لە هەموو کارەکانی تری هیوادا بە ڕمانەکانیشەوە هەستم بەم حاڵەتەی نوسینی کردووە کە تاچ ئاستێکی زۆر لە ناو یادەوەریدا ڕچووە، هەستەکەم یەکێك لەوشتانەی

که هەستی گوناهیان لادروست کردوەو وای کردوە هیوا داوای بەخشین بکات بوونی یادەوەریيە زۆرەکانیەتی کە نزیکترین هاوڕێن بۆی و تاکە کەرەستەیەکیشن کە دەیەوێت لە ڕۆگای ئەدەبەوە دووبارە لەگەڵیاندا بژێتەوەو تەعبیریان لێبکاتەوە هەروەك بەختیار عەلیش دەڵێت" لە ئەدەبدا ڕابردوو لەوە دەکەوێت کە تەنیا ڕابردوو بێتو دەبێت بە بابەتێك بۆ ئەبەدیەت، بە کەرەستەیەکی سەرەتایی و مادەیەکی خاو بۆبوونێکی جاویدی، یادەوەری ناتوانێت بەبێ ئەدەب و هونەر شەی دژبە بیرچوونەوە بباتەوە" بۆیە دەبینی بونی ئەو یادەوەریە زۆرانە ئەدەبۆکیان بە هیوا بەخشیوە کە دووبارە ژیانیان تیا دروستکردێتەوە، بەڵام ژیانێکی جیاواز کە هیوا خۆی خوڤقێنەریەتی بۆیە دووبارە بەختیار دەڵێت" یادەوەری چەند ئەدەب دروست دەکات، ئەدەبیش هێندە یادەوەری دروست دەکات" ئەوەتا هەرلەم دەقەدا نوسەر لەڕۆگای یادەوریەوە ئەویتر ناچاردەکات کە لە گوناهەکانی بیبەخشێت وەك دەڵێت" دەم بەخشیت، بۆ دەم بەخشیت، بۆئەوەی لە شەوێکی مانگە شەودا خۆم نەکوژم.

بچۆرە بریندەکەی خۆتەوەو هاوارکە دەتبەخشم، تۆر تۆر بگری، منیش دەچمە حەوشەی تەنهایی خۆمەوەو چۆلەکە لە خۆم دەردەکەم، وەك دارتوویەك سنگی خۆم دەکوتمو زەنە قووتە لە خۆم دەوەرێنم، هێلانە لەخۆم دەردەکەم، مار قەف قەف دەئاڵێنم لە خۆمەوە، تاپڵێك بەدەما دەتەقێنم، تا خودا سواڵ لە من نەکات" جگە لە یادەوەری بەشێکی کەی کارکردنی هیوا بە بۆای من خەونە، چونکە مرۆڤ چۆن لە هێنانە بیری یادەوەریەکانیدا ئازادە ئاوهاش لە خەوبینیندا ئازادە بەجۆرێك کە هەندێك جار لە خەوندا مرۆڤ دەگاتە ئەو شوێنە دوورە دەستانەی کە هیچ کات مرۆڤ ناتوانێت دەستی پێیان بگات، بۆیە دەبینیت هەمیشە خەونیش وەك یادەوەری لەپشینەی کەرەستەکانی شاعیرە لەکاتی نوسیندا هەروەك فرێیدیش دەڵێت" شاعیر ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن خەونو خەیاڵەکانی دەکاتە بەهەمی هونەری، یان حەقیقەتێکی هەست پێکراو، هیوا لەم دوو دۆەدا خەیاڵەکانی چێدەکاتەوەو خەون ئاسا بەئەوترەکەی خۆی دەڵێت" وەك چرایەك لە بەردەم ئەشکەوتێکدا لەرەلەر بەکزی دەلەرزمودەگریم، تەمەگری، عەیارانە پێبکەنە، لە سەر قوڕپە قوڕپی ئاو دێت میقاتکە" ئەم پڕسەی بەخەونکردنی خەیاڵە لای هیوا بەبۆای من سوود وەرگرتنە لە هەموو کەرەستەیەکی واقیعیی بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی خۆی و ئەنجام دانی کرداری گێڕینی (نامەئلوفە بە مەئلوف) ئەویش لە سەر بنەمای دووبارە بنیات نانەوەی دنیابینیەکانی لە ڕۆگای زمانو کەرەستە ڕاحیەکانیەوە بۆیە دەبینین لای فرێیدیستەکان شاعیر ئەوکەسەیە" داخوازییە

ناواقیعیەکان دەگ□□ت بەچەند ئامانجێکی جێبەجێکراو، ئەمەش بە هۆی ئەو بڕندبوونەوەی کە غەریزەکان دەکات بە شتی □وحیی،" هیوا هەمیشە یەکێك بووە لەو نوسەرانەی کە بەردەوام کێشەی لەگەڵ تەنهایی خۆی□و بڕشایی □□حیەکانیدا هەبووە، کە □ەنگە ئەمەش پەیوەندی بەو ئەزمونەوە هەبێت کە هیوا لە مەنفا پیایدا تێپەڕیوە بۆیە دوبارە دەڵ□ت" من زۆر تەنهام، تۆز لە تەنهایم هەڵدەستێ، غەریبی لە □وخسارم، شەژاوی لە چاوم، من هۆنەدە شاعیرم، تازە شیعر یارییەم نایا، هۆنەدە عاشقم خۆکوشتن فریام ناکەوێت، هۆنەدە دڵوانەم کەس □ووی نایەت وەك شێت دوام کەوێت" ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە لە دوای (زمان،واتا، مانا)وە شیعر چۆڕە، ئەوە دەبێت لە ناو شیعردا بەدوای بابەتدا بگەڕێن، بابەتێك کە بەشێك لە خۆمانو جوانیەکانی دنیایی تیا بدۆزینەوە، بەبڕوای من کەرەستەی بابەتی نوسین لای نوسەر بەشێکی زۆری پەیوەندی بە منداڵی نوسەرەوە هەیە، چونکە نوسەر هەمیشە دەیەوێت قەرزەکانی منداڵی بداتەوە ئەو قەرزانەی کە لە کیسی چوونو بۆی نەلواونبیانکات، بۆیە بەبڕوای دەرونزانەکان کەسایەتی نوسەرو هونەرمەند هەرلە قۆناغەکانی منداڵیدا دیارەو □ەنگ دەداتەوە، ئەوەتا هیوا لە باسکردنی منداڵی خۆیدا دەڵ□ت" من منا□□کی تاب□□ی موتەحەریك بووم لە بەردەم هەموو شتێکدا، ئاسایی بوو □□ژێکی دووردڕژ دوای مڕوولەیەك بکەوم بۆ ئەوەی تێبگەم بزانم چی دەکات، سەرسام بووم بە هەموو شتەکانی دەوروبەرم لە قۆناغی منداڵیمدا تا ئەو ئاستە گەیشت کە دەتووت بەدەم خەوەوە دەڵ□م کاتێك خۆم دەدایە دەست خەیاڵاتەکانی خۆمو بڕدوورترین شوێن دەڵ□یشتم، من زۆر لەزەتم لە خەیاڵکردنو بەفەنتازیاکردنی دنیاوە دەبینی، دنیام سەرلەنوێ لە خەیاڵی بگەردوو بگوناهی خۆمدا دروست دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا بڕئەو گەورانە دەگریام کە توڕە دەبوونو لەگەڵ یەکتردا شەڕیاندەکرد، وەك پێغەمبەرێکی بچکۆلە کە دەسەڵاتی هیچی نییە خەیاڵی خۆی نەبێت، دەمویست هەموو دنیا جوانکەم" لێرەوە تێگەیت کەرەستەی یەکەمی نوسین لای هیوا منداڵیە، ئیتر ئەو منداڵیە چۆن بەچ شێوەیەك گوزەراوە ئەوە خۆیو یادەوەریەکانی دەزانن، بەڵام هەرچۆن بێت هیوا خاوەنی خەیا□□کی بەرفراوانە بۆیە دەبینین زمانیش لەم دەقە هیلاکەی دا فرەواتاو دەوڵەمەندە، بە جۆرێك کە ئەم دەقە پێویستی بە زیاتر لە جارێك خوێنەوەیە هەر وەك شیللەریش دەڵ□ت" زمان لە توانایدا هەیە تەعبیر لە هەموو شتەکان بکات، بەڵام بە پێوانەی خەیاڵ.

شیعر پێویستی بە خەیاڵ هەیە، بەڵام زمان پێویستی بە تێگەیشتن هەیە" □□شبیری و مەعریفە بەبڕوای من کەرەستە گەلێکی گرنگن لە

ئاستی سەرکەوتنو نەمری هەردەقکدا، چونکە بەڤای من مەعریفەی شعر بەسراوە بە مەعریفەی شاعیرەوە هەروەك چن لەم دڤانەی هیوادا هەست بە بوونی مەعریفەیەکی قو دەکەیت کە بەڤای من خاڵی بەهزیو جوانی ئەم دەقەیە کاتك بەوی تردەڤت" من لەو نیم، من تازە لەویەك نابم لە نوان دوو سنەوبەردا ماچکم بەیتو، تازە من لای تەی چیمەنك نابم بە پی پەتیی منو تو ختوکەی بت، لای فوارەیەك ئاونابم، بە بینینی منو تو بگاتە ئرگازم، من زیخك لە پم دەردنم کە هەزاران هەزار سا لەوەو بەر کچکی پ خەبەرکراوەتەوە بو وادەی ژووان" ەنگە قسەکردنو شیتەکردنی بەش بەشو دڤ بە دڤی ئەم قەسیدە نویەی هیوا قادر زر زیاتر لەمەی بوت هەرچەندە من نەم ویست بەتەنها لەسەر ئەم قەسیدەیەی بنوسمو بچوونی خم بم، بەکو پم خش بوو لە سەر منداڵیو بچوونی چەند کە سکی تر دەربارەی ئەم دەقەو ئەزمونی شیعری هیوا قسە بکەم، چونکە ئەم دەقە زمانکی فرە واتایەو دەکرت لە چەندین گشەنیگاوە قسەی لەسەر بکرت، کە بەڤای من جیاوازترین ئەزمونو دەقی هیوایە کە نوسیبتی، کەمن خم زر چژم لبینیو بە ئەزمونکی نوو سەرکەوتوشی ئەزانم وەروەك چن (ئیسماعیل حەمە ئەمین) لە نوسینکدا دەربارەی ئەم دەقە دڤت" ئەم قەسیدەیەی هیوا قادر نەك هەر داهنەرانەیە بە هەموو پوەرك، بەکو جرکە لە وەرچەرخانی شیعر بە سەرقبوونەوەی لە نو ووردەکاریدا"
Shaxi83@yahoo.com

-_____

سەرچاوەکان

کتبی شیعر چیە؟ن/ لرانس پیرن/ وە/ ئەبوبکر خشناو
کتبی شیعرو فەلسەفە. ن/ مەجید مەحمود /وە/ فوادی مەجید میسری
وتاری لەودیو کورسیەکانەوە چی دەبینین / بەختیارعلی گڤاری هەنار
دیداری هیوا قادر / ئا/ زمناکی بورهان قانع / کوردستانی نو
قوتوی خەیاڵی قەسیدە/ ن/ ئیسماعیل حەمە ئەمین/ ەخنەی چاودر

ترسی ون بوون، پرسی جوانی لە قەسیدەی عەشقی یاسین عومەردا

(مرۆڤ بۆیە عاشق ئەبێت، هەتا تەنها نەبێت) – (بەختیار علی)

_____

شاخەوان سدیق

_____

هەمیشە یەکێك لە پێکهاتە سەرەکیەکانی شیعر لەدوای (زمان، مانا، خەیاڵ)ەوە (چێژە)، ئەگەر بڵواشمان بەوە هەبێت کە کاری سەرەکی ئەدەب بەتایبەت شیعر گەڕانە بەدوای جوانیدا و بەخشی هونەری شیعر هونەری دروستکرنی ئیستاتیکایە، ئەوا دەبێت لە نەزموئیقاعی شیعریەوە چێژ کاری سەرەکی خێی دەسپێدەکات، بەجۆرێك خوێنەر پەلکێشی ناو دنیای دەق بکات تا لەناو تێکستەکاندا دنیابینیەکانی نوسەر لە پێکهاتەی وێنەکانەوە بگاتە خوێنەر، چونکە پەیامی نوسەر وورد بونەوەیە لە واتاو وێنەکان لە ڕێگای زمانەوە کە دواجار کارلە گۆڕینی بیرکردنەوەو دنیابینی خوێنەر دەکەن تا ئاستێك سەیرکردنو وێناکردنەوە بۆ بوونو نەبوون کە پێناسەیەکی نوێ لە فۆرمێکی جیاوازدا وەردەگرێت، هەروەك ڕۆلان بارت ئەڵێت " ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی کە بنوسین ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بیر نەکەینەوە، چونکە نوسین مانای ڕێکخستنی دنیایە" لە ناو ئەم ڕێخستنەشدا شیعر وەزیفە سەرەکیەکەی خێی دەست پێدەکات، کە تێمارکردنوخوێنەوەی وێنە جیاوازەکانی دنیایە، هەر وەك ئەدۆنیس دەڵێ" شیعر کەشف دەکات وێنە ناگرێت " چونکە خوێقاندنی وێنە لە دەقێکدا وەستاندنی خودی چرکەیەك لە بوون یان ژیان نیە، بەکو خوێنەوەی دووبارەی وردکراوەکانی ئەو چرکە ساتانەی ژیانە، چونکە شیعر هونەری لاسایکردنەوەی سروشت نیە، بەهێندەی ئەوەی خوێقێنەرو دۆزەرەوەی چرکە ئیستاتیکیەکانی ناو سروشتە، مادام کاری سەرەی شیعر گەڕان و کەشف کردنە کەواتە پێکهاتەی سەرەکی تێما لە تێکستی شیعریدا پرسیارە، بۆیە کەسایەتی شاعیر هەمیشە گومانایی و ئاژە، ئەم گومانو ئاژیانەش هەمیشە سەرچاوەی نیگەرانیەکانی ئەون بەوپێیەی خوێقاندی دەق دووبارە دروستکردنەوەی جوانیەکی خوازراوە کە لە حەزە تایبەتیەکانی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر لێرەوە بەخڕای سەیرکی قەسیدەی عەشقی(یاسن عومەر) بکەین بەسانایی هەست بە ڕاستێتی تەواوی پێناسەکانی سەرەوەمان ئەکەین، کە چۆن شاعیر لە

ڕۆگای هەژاردنی تەمای عەشقەوە ترسو گومانەکانی خۆی لەمەڕنبونو فەوتاندنی جوانی ئەخاتەڕوو کە ئەمەش لە پێناو گەیانەوەی بەها مەعریفیەکانە بۆ چەمکێك کە بەدرێژای مێژووی بوون مرۆڤ ئالودەی بووەو هەر لە پێناو ئەوەشدا چەندین قوربانی داوە شاعیر لەم دەقەی دا دەڵێ"

ئەگەر ئەسپی کاروانچەکان عەشق بوایە
نە ون دەبوون نە سەرگەردان
گوناهی خەمانە کە ئاوی حەیات نادەزینەوە
چوونکە بە بۆ عەشق دەگەڕێن
ئەوەی موسای برد بۆ "تووڕ" بۆ بینینی خودا
عەشق بوو
ئەو ئەسپەی موحەمەدی برد بۆ ئاسمان بۆ پاڵ عەرش
"بوراق" نەبوو عەشق بوو
ئەو دارەی کە عیسای گەیاندە مەلەکوتی باڵا
خاچ نە بوو عەشق بوو ...عەشق...

بە پێی ئەو یاسایەی کە پرسیار کەرەستەی یەکەمی شاعیرە لە ڕۆگای گەمەزمانیەکانیەوە تێدەگەین کە لە ناوجەنجاڵیەکاندا ترسو فەوتانی جوانی لە ژیاندا ترسو نەمانی واتا شاراوەنی پرسەی دنیا بینیە لای شاعیر، بۆیە لە زمانی یاسین دا شیعر کەرەستەی گەیانەوەی بەها لە دەست چووەکانە بۆ دووبارە گەیانەوەی پیرۆزیەکان پێی، چونکە ئەوە جوانیە هەمیشە کەرەستەی بەرهەم هێنەری چێژە وادەکات مرۆڤ بەردەوام بەسەر شکستەکانیدا زاڵبێت، شاعیر لەم دەقەدا پرسەی بە پیرۆزکردنی جوانیەکان هاوتەریب دەکاتەوە لەگەڵ تەواوی جوانیەکانی مێژوودا بۆیە لای ئەو ئەوە حەزکردن لە جوانیە هەموو سنوری تواناکان دەبڕێت والە مرۆڤ دەکات هەمیشە قوربانی بۆ بدات بۆیە دووبارە دەڵێ"

تۆ ئەی عەشق
ئەی سەرچاوەی هەموو شکستەکانمان
ئەی سەرەتای هەموو ئومێدەکمان بە ژیان
هەمیشە ستایشت دەکەین هەمیشە زەم
دەزانین گەرتۆ نەبیت بە تەواوەتی وێدەبین
تۆ ڕۆگایتو تێشیت دەلیل
هەندێك جار هەر خۆشت کاروانیت
چونکە هەمیشە بۆکەسو
لە بەرئەوە هەمیشە بە تەنیایت

لە شیعری یاسین دا بەردەوام وێنەکان خەیان نوێ دەکەنەوە بە جۆرێك هەموو ئەو پرسیارانەی کە تەمای کارکردنی ئەون فرە هەندو فرەواتا خەیان نمایش دەکەن، بۆیە شاعیر هەمیشە گرنگیەکی زیاد لە پێویست دەدات بە جوڵاندنی عاتیفەی خوێنەرو وادەکات لە گەڵ خوێنەوەی دەقەکانیدا بتکاتە بەشێك لە کارەکتەری ئەکتیف لە پانتای دەقەکەیداو ناچارت دەکات ببیتە بە شێك لە کەسی پرسیارکەر لە دنیای ناو دەقەکەیدا، بۆیە زمان لای یاسین ئەوەندە ئیش لە سەر خوێنەر دەکات ئەوەندە هەوڵنادات فێمەکان لە قاڵبێکی دیاری کراودا ڕێکبخات هەروەك بەختیار عەلیش دەڵێ" شعر عاتیفەی مرۆڤ نیە کە قسە دەکات،بەڵکو ئەوە عاتیفەیە کە زمانی تێکدەچێتو تەعبیری بچوك بەشی ناکات و مانا ئامادەکان لە بەردەمیدا تەسکدەبنەوە " بۆیە ئەگەر سەیر بکەین شێوازی گەمەزمانیەکان لای یاسین هەمیشە لە خزمەت بوونو گەیاندنی پرسیارەکانیایەتی ئەویش بە پشتبەستن بە بوونی باگراوندێکی شیعریو مۆژووی کە لەم دەقەیدا سەفەرێکی خرایە بۆ گەرانەوە بۆ ئابردوو لە ڕێگای فلاشباکەوە ئاگوزەرێکی تەنهایە بۆ هەموو ئەو هەڵانەی کە مرۆڤ لە مۆژووی بونیدا کردونی، کە سەرەنجام بوونەتە هۆی نەمانو فەوتاندنی جوانی، کە ئەمەش لە یادەوەری شاعیردا ترس و نیگەران بەرهەم هێناوە کە بە بێچوونی ئەو ئەوە عەشقە کە سەرەنجام دەبێت بێتو ژیان لە هەموو پێخەمە واتەکانی پاك بکاتەوە هەر عەشقیشە کە مرۆڤ پردەکات لە تواناو ئومێد تا بۆ ئومێدیو بۆ هیوای نەی کوژێت بۆیە هەر لەم دەقەی دا دەڵێت "

ئەی عەشق ...
گەرتۆنەبیت ئەمە چۆن دەتوانین
ئەم هەموو سەدەیە خوێن تا ئێرە کێ بکەین
گەر تۆ نەبیت ئەمە چۆن دە توانین
پاش دروست کردنی ئەم هەموو دۆزەخە
هێشتا بە شوێن بە هەشتەوەبین
گەرتۆنەبیت پاش بینینی ئەم هەموو غەزەبە
چۆن تا ئێستا بە نیازی خوایەکین میهرەبان
چۆن تا ئێستاش بە نیازی یارێکین نازەنین
چۆن تا ئێستاش بە نیازی دنیایەکی
باشترین.....

Shaxi83@yahoo.com
https://www.facebook.com/shaxi.shafiq

کاریگەری شیعری فارسی لەسەر شیعری نوێی کوردی (فروغ و سوهراب)وەك نمونە

ئامادەکردنی تەوەر: شاخەوان سدیق

-————————

لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ی خەڵکی کوردستان شەپۆلێکی وەرگێڕانی شیعری فارسی بەتایبەت هەردوو شاعیری دیاری ئیران(فروغی فروخ زاد و سوهراب سپهری) دەستی پێکرد، بەجۆرێك کە بەچەندین وەرگێڕانی جیاواز تا ئێستاش بە تیراژی زۆر چاپ دەکرێنەوە، ئەمەش ناڕاستەوخۆ و هەندێك جاریش ڕاستەخۆکاریکردۆتە سەر ئاڕاستەی نوسینی شاعیران(بەتایبەت شاعیرانی گەنج) لە نوسینەکانیاندا، بەجۆرێك لەخوێندنەوەی زۆربەیاندا بە ئاشکرا تاموبۆنی دنیانینی ئەو دوو شاعیرە دەبینی،بێ قسەردن دەربارەی ئەم بابەتەش بە پێویستمان زانی ئەم تەوەرە ئەنجام بدەین.
ئەم تەوەرە بۆ...؟

شاخەوان سدیق

ئەگەر بڵێین بەوە هەبێت کە شیعری جوان دەبێت وەك میوە تام بکرێت، ئەوا دەبێت بڵێین بەڕاشکاوی بە جیاکردنەوەی (هەست وئیلهام) هەبێت لەمەعریفەی شیعریدا، هەروەك چۆن مەرج نییە هەموو هەستێکی جوان شعربێت، ئاواش مەرج نییە هەموو تێکستێکی شیعری لە هەناویدا خاوەنی هەستێکی جوانی شاراوەبێت، بەڵێ بەبۆچوونی من ئەوەی زیندوێتی بە هەر تێکستێکی شیعری کە سەرچاوەکەی (لە دڵەوە بێ دڵ بێت) دەبەخشێت. ڕاستگۆی خودی نوسەرەکەیەتی، یەکەم لەگەڵ خۆی و دووەم لەگەڵ خوێنەرەکانی نەك هیچ شتێکی تر، لەماوەی ساڵانی ڕابردوشدا لە هەرێمی کوردستان هەنگە (شیعر)نوسین زیاتر بێت لە هەموو ئەو بابەتانەی تری ئەدەب کەنوسراون، بەتایبەت لای نوسەرانی تازە پێگەیشتووی گەنج، کە ئەگەر ناهەقی نەبێت زۆرێك لەم نوسراوانە بە ئاشکرا هەست بە شۆوازو تامی شیعری ئەدەبیاتی تر تیایاندا دەکرێت، بەجۆرێك کە زۆرجاران هەست بەلێچوون و ئاوێزان بوون لەگەڵ شیعری

ئەو نەتەوانەی تردا دەکرێت، بەتایبەتیش شیعرو ئەدەبی (فارسی) و لەناو ئەو ئەدەبەشدا بەتایبەتر هەردوو شاعیری دیاری فارس(فروخ فرێخ زادو) و (سوهراب سپهری) کە ئەم شاعیرانە نەك تەنها سەپك و شێوازەکانیان نزیکن لە (تقلید)و دوبارەکردنەوەوە، بەڵکو زۆرجار تەنها هەندێ لە وشەی ناوێستەکانیان گێڕدراون، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو ئەم سەرسامیە بەئەدەباتی ئەم دووشاعیرە گەیشتێتە ئاستێك کە زۆر بە زووی بەشێکی زۆر لە تێکستەکانیان وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی و وەرگێڕانەکانیشیان بێ چەندینجار چاپ بکرێنەوە. کە بەبۆای من هۆگری بێ ئە دوو شاعیرەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بێ دووخاێ.

یەکەم/ شیعری کوردی لە پێش ئاپەین و لە دەیەی هەشتاکاندا بەزۆری تەنها شیعری شێش و پیاهەڵدان بووە بە نیشتمان و ئازادیدا وکەمتر پەرژاوەتە سەر ئینسان وەك سەنتەرو ورد بونەوە لە جوانییە جوزئیان، کەبەبۆای من ئەم لایەنە پانتاییەی گەورە لە شیعری (سوهراب) پێکدێنێت و هۆکاری پەیوەست بوونی زۆرێك لەگەنجانیش بەم شاعیرەوە پەیوەندی بەم خاەوە هەیە.

دووەم/ ڕەحی یاخیبوون و نزیك بونەوە لە مەدلی جۆرێك لە نامۆبوون وتەنهای و عەبەس یەکێکە لە هۆکارە دیارەکان بێ خوێندنەوەی شیعری(فروخ)و سەرسام بوون پێی،کە ئەمەش بەتایبەت لە شیعری خانمانی ئێمەدا بە ڕوونی ەنگیداوەتەوە. ئەویش بە هۆکاری نەبوونی ئازادی و ئەو هەموو کەبتەزارەی کەدنیای گەنجانی ئێمەی داپۆشیوە، بێیە یاخیبوون لە (نەریت و خێزان و کۆمەڵگا) کە یەکێکن لە تێماکانی شیعرلای (فروخ) دەبنە قسەی گەرم و دێخوازی گەنجان و نوسەرانی شیعری نوێی ئێمەو هۆکارن بێ هەوێدان لە دوبارەکردنەوەیان.

بەدنیاییەوە تەنها ئەم هۆکارانەش نین وەنگەچەندان هۆکاری تریش هەبن کەوایانکردووە شیعری (فارسی) بەوقوێیە کار لە شیعری نوێی ئێمە بکات، هەر لەم سێنگەیەشەوەو بەمەبەستی دروستکردنی دیالێك و وەرگرتنی بێچوونی جیاواز دەربارەی ئەم پرسە بە پێویستم زانی ئەم تەوەرە بوروژێنم وبەهیواشم هیچ کەس و شیعرنوسێکی ئەزیز زویرنەبێت و خوێنەوەی جیاوازی بێنەکرێت، چونکە نەمەبەستمان ناو ئەزمونی کەسەو نەڵدانەلە کەس تەنها ئامانج لەتەوەرە کە گفتوگێ کردنە دەربارەی ناوەرێی ئەم بابەتە وبەهیوام لە ئایندەدا ئەم پرسە قسەو گفتوگێی زیاتر بەدوای خێیدا بهێنێت.

ئازاد بەرزنجی

ئەم کاریگەریانە هەم لایەنی ئەرێنیی هەبووە و هەم نەرێنی، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەرییە ئەرینییەکانی زیاتر بوون.
کاریگەریی ئەدەبیاتی میللەتانی دونیا و کارلێکی کەلتوورەکان هەر لە کۆنەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بووە و هیچ کەلتوورێك نییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خاڵی بێت لە کاریگەریی کەلتوورەکانی تر، ئیتر چ زۆر یان کەم. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، ئەدەبیاتی فارسی یەکێکە لەو ئەدەبیاتانەی کە لە درێژکاری زووەوە کاریگەریی لەسەر کەلتووری میللەتەکانی تری جیهان هەبووە و ئەمەش دیاردەیەکی تەواو سروشتییە. هەر بۆ نموونە گەر چاوێك بە ئەدەبیاتی عەرەبی و تورکی و هیندی و تەنانەت ئەوروپی و ئەمەریکیشدا بخشێنین، هەنگدانەوەی دونیابینیی گەلێ لە شاعیرانی وەکو مەولانا و خەییام و حافز و سەعدی و فەریدەدین عەتتار و نیزامی و هتد… دەبینینەوە. هەبەت ئەم کارلێك و کاریگەرییە تا ئێستاش ئاسەواری بەردەوامە و ئەمەش گەر دەلالەت لە شتێك بکات، ئەوا دەلالەت لە زیندوویی و هەسەنایەتیی ئەدەب و بەتایبەتیش شیعری فارسی دەکات.
سەبارەت بە کاریگەرییەکانی شیعری فارسی لەسەر شیعری کوردی و بەتایبەتیش لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەوا دەبێ بەر لە هەموو شتێك ئەوە بڵێین کە ئەم کاریگەرییە هەم لایەنی ئەرێنیی هەبووە و هەم نەرێنی، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەرییە ئەرینییەکانی زیاتر بوون.
بۆگومان هەموو دەزانین کە پێش ڕاپەڕین بوارێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ وەرگێڕانی ئەدەبیاتی فارسی و ئەو کارانەی لە فارسییەوە کراون بە

کوردی زۆر کەم بوون، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ژێرەمی ئەو ڕۆژگارە، هەر بایەخدانێك بە ئەدەبی فارسییان بە بایەخدان بە کەلتووری دوژمن دەزانی. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە بوارێکی باش هەخسا بۆ بایەخدان بە کەلتووری بیانی و بەتایبەتیش فارسی، چونکە هەم نزیکترین بیانی بوون بە ئێمە و هەم زمانی فارسی و زمانی کوردی بە هەچەندێك دەچنەوە سەر یەك خێزانی زمانەوانی، بۆیە نزیکایەتییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە و ئەمەش پتر هانی ئەدیبان دەدات بۆ وەرگێڕان لە فارسییەوە، گەرچی لەسەرێکی تریشەوە، بەهۆی کێمەڵێك وەرگێڕانی خراپەوە، بووەتە مایەی وەرانی لە کتێبخانەی کوردیدا. بەهەرحاڵ، وەرگێڕانی شیعری فارسی لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بەتایبەتیش شیعرەکانی فرووغی فەرووخزاد و سوهراب سپهری، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شاعیرە لاوەکان هەبووە و لە زۆربەی شیعرەکانیاندا فەزا و زمان و ڕوانینی ئەوان دەبینینەوە.من بۆ خۆم هۆکاری ئەم کاریگەرییە و شێوەی هەنگدانەوەکە بەمجۆرە دەبینم: پێشتر و لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، گوتاری شیعریی کوردی خۆی لە بەرەنگاری و حەماسی شۆڕشگێڕانە و نیشتمان و یاخیبوونی دەستەجەمعی و مەسەلەیەکدا دەبینییەوە، کە هەر شاعیرە و بە شێوەیەك گوزارشتی لێ دەکرد. بەڵام لە دوای هاتنەناوەوەی ئەو شیعرانەی سوهراب و فرووغ(کە من خۆم بەشێکی زۆریانم لێ وەرگێڕاون)، جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ خود و بۆ یاخیبوونی فەردی و ئامان و سروشت بەڵام بە دیدێکی تۆقەوە، لای ئەو شاعیرانە سەریهەڵدا. چییتر شۆڕش و موقاوەمەت و شیعری بۆنە ئەو سیحر و ئەفسوونەی نەما و لەبری ئەوە گەڕانێك دەستی پێ کرد بەدوای زمانێکی شیعریی وادا کە گوزارشت لە وێرانبوونەکانی دوای شۆڕش و نائومێدی و لەبارچوونی خەونەکان و نامۆبوونی نەوەی دوای شەڕی ناوخۆ و تێکشکانەکان بکات.
سەبارەت بە کاریگەرییەکانی فرووغ، من پێم وایە زیاتر لە شیعری خانمە شاعیرەکانی دوای ڕاپەڕیندا دەیبینینەوە و ئەم کاریگەرییەش خۆی لە یاخیبوون دژ بە پەتریارکییەت و دەربڕینی حەز وخێزگە و غەمی ژنانە و جۆرێك لە پێکەشی لە زماندا دەیبینین. سەبارەت بە سوهرابیش، دەرچوون لە ئایدیۆلۆجیا و گەڕانەوە بۆ ساتە پاکیزەکان و بۆ عاتیفەتە ڕۆحییەکان.لەڕاستیدا قسەکردن لەسەر ئەو کاریگەرییان خۆی لە خۆیدا پێویەتی بە باس و لێکۆڵینەوەی درێژ و سەربەخۆیە و ئەوەی وتمان بەتەنها ئاماژەیەك و هیچی تر.

ڕێبوار سیوەیلی

پێگەی شاعیرێتی لە کولتووری ئێرانیدا پێگەیەکی بەرزە و ئەمەش دەبووە هاندەر کە گەنجانی نوسەر و شاعیری ئەمدیو، خەون بەوەوە ببینن وەك ئەوانیان لێبێت
دەیەی هەشتاکان دەیەی سەرەتاکانی جۆەی کورد بوو لە شارەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەتی بۆ ئێران. نەوەیەك لە ئەنجامی هەڵاتن لە شەڕەوە، کەوتنە داوی شیعری فارسییەوە، کە داوێکی خۆش و بەسوود بوو. ئەم نەوەیە سیاسەتیان نەدەکرد و لە ڕێگەی خوودانە ئەدەبیی کلاسیك و هاوچەرخی فارسییەوە، جیهانێکی نوێیان دێزییەوە. هەبەت پێشتریش کەسانێکی وەك مامۆستا عەبدووڵا تاهیر بەرزنجی لە سلێمانی و مامۆستا گوشاد حەمەسەعید لە هەولێر هەبوون، کە جاروبار ئەدەبیاتی فارسییان دەکردە کوردی، بەڵام بە بەردەوامیی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، نەوەیەك ئاوارەی ئێران بوون و ئەوانەش کەوتنە ژێر کاریگەریی شاعیرانی جێربەجێری فارسی نووسەوە. لەناو ئەو شاعیرانەدا، نیما، شاملو، فەرووغزاد، سپێهری و گەلێکیتر. لەگەڵ سەرەتای شەشی گەلانیی ئێرانیشدا کە ئەنجامەکەی کەوتە باوەشی کۆماریی ئیسلامییەوە، بزووتنەوەیەکی چاپەنی لە ئارادابوو، کە بەردەوام بەرهەمی ئەم شاعیرانەی چاپ و بڵاو دەکردەوە. لەوەش زیاتر، بزووتنەوەیەکی ڕاڤە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، لەسەر دەستی دکتۆر محمدرچا شەفیعی کدکنی، د. ڕەزا براهنی و محمدی حقوقی و محمدعلی سپانلوو و چەندانیتر لە ئارادابوو، کە جەختیان لەسەر پێڵێنکردنی شاعیران و بابەتی شیعرییان دەکردەوە. ئەمە جگە لە گرنگیی و کاریگەریی گۆڤارەکانی وەك ئادینە و کلك و چەندانیتر، کە بەردەوام ڕەواجیان بە شیعر دادەیەوە. ئەو کوردانەی چوونە ئێران، لە هەمان کاتدا خۆیان لەبەردەم چەندین کەناڵدا بینینەوە کە هەموویان دەیانبردنەوە سەر شیعر و ئەدەبیات.. ئەمە جگە لەو

جموجووڕ و چالاکیانەش کە ڕۆشنبیرانی کوردی شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ئەنجامیان دەدان و ئەمەش دەبووە هاندەر بۆ ئەوەی نووسەرانی کوردی ئەمدیو، زوو خۆیان فێری زمانی فارسی بکەن و لێی سوودمەند بن..

شیعری فارسی لە دوای (نیمایۆشیج)ەوە، بە تێپەڕین بە شاملوو، ئەخەوان سالس و فروغزاد و سپێهری و ئەوانیتر، چ وەك بابەت و چ وەك فۆرم بۆ کوردەکان تازەبوو. هەڵبەت پێشئەوەی کوردی باشوور بە دەقی شیعریی فارسیی ئاشنا بێت، ئاشنای گۆرانی و مۆزیکی فارسی بوو. زۆر پێشئەوەی شیعری فارسی وەربگۆڕدرێت، داریووش و سەتار و گووگووش، حمیرا، هایدە، مەهەستی و ئیرەج و هەندێکیتر، چوارچێوەی زەوقی باشووریان بەلای موزیك و شیعری فارسیدا کێش کردبوو، بەتایبەتیش کە بەشێکی شیعری ئەم دەنگبێژانەیان دەگوتەوە. ئەوەش پەنجەرەیەکی نوێ بوو بۆ ئەوەی لێوەی بڕوانیتە ئەودیو زیندانە گەورەکەی بەعس لە شیعری هاوچەرخی فارسیدا، شتگەلێکی جوان هەبوو کەسەرنجیان ڕادەکێشا. یەکەم هەر یەکە لە شاعیرانی بەناو، خاوەنی ستایل و شێوازی شیعریی خۆیان بوون. سیما و سەرووکەللەی شاعیرە فارسەکانیش سەرنجڕاکێش بوو، خودی پێگەی شاعیرێتی لە کولتووری ئێرانیدا پێگەیەکی بەرزە و ئەمەش دەبووە هاندەر کە گەنجانی نوسەر و شاعیری ئەمدیو، خەون بەوەوە ببینن وەك ئەوانیان لێبێت. ئەمەش شتێکی ئاساییە. زمانی شیعری شاعیرە هاوچەرخەکانی ئێران، جگە لە ئەحمەدی شاملوو، جگە لە یەدوڵای ڕۆیایی و کەمێکیش نیما خۆی، زمانێکی ئاسان و شیاوی ئاسان تێگەیشتنە. فەرووغزاد، سپێهری زمانێکی خۆشیان هەیە، سادە لە دەربڕین و دەوڵەمەند لە میتافۆر و وێنەدا. ئەمە جگە لەوەی بابەتی شیعری فەرووغ بۆ ئەمە جیهانێکی نوێی زۆر تازە بوو. لە فەرووغەوە تێگەیشتین کە دەنگی ژن لە شیعردا هەمان شیعر نیە کە پیاو بۆ ژنی دەنووسێت. لەوێدا ژنێك لە خۆی دەدوێ وەکئەوەی کە هەیە. ئیرادەیەك بۆ بەردەوامی و هەستێك لە شکستدا بەرجەستە دەکات. هەندێ پێتانشێ، یان توانایی لە تاکەکەسدا بە خۆی ئاشنا دەکاتەوە، کە ویستی نوێ و جیهانبینی نوێی بۆ دەهێننە پێش. ئەمەش ئەو شتەیە کە ڕەخنەی ئەدەبیی پێیدەڵێت: چوونە جیهانێکی دیکەوە. ئەمەش ئەو شتەیە کە خوێنەر و شاعیران بەدوایدا دەگەڕێن. بە هەمان شێوە سوهراب نوێ بوو، چ لە زماندا و چ لە وێنەسازیی و چ لە جیهانبینیدا. سوهراب وێنەیەکی ئێستاتیکیانەی عیرفان و گەردوونگەرایی لە شیعردا بەرجەستە دەکات، کە پتر ئینسانیە تا ئێرانی و فارسیانە. خوێندنەوەی شیعری سوهراب ڕەژووێك لە ناخی مرۆڤدا دەگەشێنێتەوە کە هەمیشە هەیە. ستایلێك لە ژیان و بیرکردنەوە لە دەرەوەی تۆندوتیژیی و ڕق. بە شیعریکردنی

توڵکی هەنار و جلشتنی هەعنا و خۆشاردنەوەی خودا لەو دیو دەرەختەکانەوە.. سادەیی و شەفافییەت بەشێکی گرنگی شیعری سپێهرییە، ئەمەش لە واقیعێکدا کە ئاڵۆزیی و تاریکی باڵادەستە، گرنگیی خۆی بۆ ڕوحیی مرۆڤ هەیە. ئەم شاعیرانە پردێك بوون شاعیرە کوردەکانیان پەڕاندەوە بۆ ئەو دیو بیرکردنەوە تەقلیدیەکان لە شیعر و زمان. ئاسۆی خەیاڵ و چنینی زمانی شیعریی ئەمەیان گرت. سۆزەی ئەزموونکەر لە واقیعی کوردیدا چیتر نەیدەتوانی بە زمانی باوی شیعری کوردی، خۆی دەربڕێت، بۆیە ئەم ستایلە لە شیعری فارسی وەك فەریادەسێك هەندێ کەسی لە دووبارەکردنەوە ڕزگار کرد، هەندێکیانی وەك لاساییکەرەوە و چەندێکیشی وەك ڕاگوزەرەوەیەکی ناشیی بە ئەمە ناسراند. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، تێڕوانینی من بۆ ئەم کاریگەربوونە بە شیعری فارسی، خراپ نیە. کاریگەریی بەشێکە لە سرووشتی شیعرنووسی و شاعیرانە بیرکردنەوە. شیعرە گەورەکان شیعرگەلێکن نمونە بەرزەکانی شیعرمان بیردەخەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نمونەی نائومێدکەر لە کاریگەریی و لاساییکردنەوەمان زۆرە. کەمەگای کوردیش کەمەگایەکی بۆ کاراکتەر و تایبەتمەندییە، بۆیە شوێنکەوتەیی، لاساییکردنەوە، خۆبەئەویترزانین، مۆدەبازیی و فیزلێدان شتێکی ئاساییە تیایدا. مرۆڤ کە بۆخۆی کاراکتەر و شوناسی تایبەتی خۆی نەبوو، شوناسی ئەوانیتر دەکاتە بەری خۆی بۆ ئەوەی سوودمەند بێت لەو پرستیژ و پیاهەڵدانەی لەناو کەمەگا، یان دەستە و تاقمێکدا بە نسیبی دەبێت و لە ڕێگەیەوە پێگەیەك بۆخۆی بەدەستدەهێنێت. ئەمە بۆ شاعیرانیش هەر ڕاستە.

مەریوان هەڵەبجەیی

کاتێك گوتە کاریگەر لە حافز وەرگرێت و بڕرخیس لە خەیام، بۆ کورد لە ئەدەبی فارسی کەلەپەنایداو لە ڕوی کولتووریییەوە زۆر نزیك ترو کاریگەر تر سودی لێوەر نەگرێت.
پێش هەموشتێك دەبێت ئەوە بڵێم زۆرسروشتی یە شاعیران شیعری وڵاتانی تربخوێنەنەوەو بکەونە ژێر کاریگەرییانەوەو ئەمە نیشانەی زیرەکی وردی شاعیرانی کوردەو هیچ شاعیریانوسەرێکی سەرکەوتوونییە بتوانێ لە جوغزی داخرانی خۆیدا بمێنێتەوەو سەرکەوتوبیت .بەتایبەت شیعرفارسی کە لە دنیادا ناسراوەو کاریگەری گەورەی خۆی داناوە بە هی ئاستی باڵاو لایەنی هونەری بەگشتی و بەتایبەت دونیابینی قوڵ و ئینسانیی یانەوە، پڕمەوە نەك هەر نەوەی نەوە دەکان بگرە نەوەی دوای دو هەزارو ژمارەیەك لەو گەنجانەی ئێستا دەنوسن جگە لەفروغ و سوهراب کاریگەری شەمس لەنگرودی و گەروس عەبدول مەلکیان و ڕەسول

یەنان و شاعیرانی نەوەی نوێ ئێرانیان لەسەرە.ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ گەش و کاژفێدانی فەزای شیعری ئێمەو دروستبونی جیاوازی گرانکاری و بە دینیاییەوە لە ئایندە دا زیاترو جراو جرتر جیوازتر رەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییانە دەبینین، دەبێت ئەوەش بڵێم لە هەموو کەسەکان نییەو ئەوە شی کەهەیە بە یەك ئاست و وەك یەك نییە و ئاستە کان جیاوازە، کاتێك گرتە کاریگەر لە حافز وەرگرت و بڕرخیس لە خەیام بۆ کورد لە ئەدەبی فارسی لەپەنایداو لە ڕوی کولتوورییەوە زڕ نزیك ترو کاریگەر تڕە سودی لێوەر نەگرت.

ساڵح سووزەنی

چی گوتنی سوهراب و زمانی گفتی فروغ ئەستە بەشێکی حاشاهەڵنەگری ئەدەبی کوردین بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
دوای دەنگە مەزنەکانی شێعری کوردی لە باشوور هەست بە بۆشاییەك بۆ بەرەو پێش چوون و گەشە نوێگەری دەکرا. هەر بۆیە ئاساییە ئەگەر پەل بکێشی بۆ زمانێکی دیکە و هەوڵ بدەی ڕەوتە نوێیەکانی ئەو زمانانە بقۆزیتەوە. فارسی و عەرەبی و تورکی نیزیك ترین و زۆرترین ئاڵ و گۆیان لە گەڵ زمانی کوردی هەیە، ئاساییە کە سەرەتا گەنجان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن بە هۆی تێکەڵاوی زمانی فارسی و کوردی. شێعری فارسی زۆر ترین بەردەنگی بە ڕۆژەی زمانەکانی دیکە لە ناو کوردا هەیە و یەکەم ئەگەری کاریگەرییە لەسەر شێعری کوردی دوای ڕاپەڕین زمانی عەرەبی لای گەنجان ئیتر بەوی نەما کەوایە ئاساییە ئەگەر لەم پێوەندییە دا دەقی شاعیرانێك زیدەتر تەشەنەدەکا کە

زمانێ ساکارتریان، بە ڕێژەی شاعیرانی دیکە، هەیە و خێراتر دێتەفام کرن… لە شێعری فارسیدا دەقی سوهراب و فروغ زیدەتر کەك لە زمانی ڕۆژانە وەر دەگرن و لەو شاعیرانەن کە زۆرترین کاریان لەسەر شێعری "گفت" کردوە/گفتار/ و هەر بۆیە لە خوێندنەوە و وەرگێڕان دا خێش فام و خێش دەست ترن… تایبەتمەندی وەرگێرانیش بە تایبەت بۆ شیعر هەبژاردنی دەقی ئەو شاعیرانەیە کە زمانێکی ئاڵۆز و پێ کارکردیی زمانییان نیە… بۆیە کەس ناچێ شێعری بەراهەنی یان باباچاهی و فەلاح وەرگێڕێ بۆ زمانی کوردی … کە وایە باشترین دەق بۆ زووتێگەیشتن و خێرا وەرگێران دەقی کەسانێکی وەك سوهراب و فروغ و سەی عەلی ساڵحی و شەمس لەنگرووودی یە کە بە زمانی ئاسایی ڕوژانە دەووسن. شاعیرانی گەنج لەو دیو زێدەتر لە ژێر کاریگەری "چی گوتن"ی شێرکۆیی و پەشێوی و هەمەتی ..دان تا "چۆن گوتنی مەسیفی و سەاچ و …… بە گشتی فورمالیستەکانی هەوڵر.. هەر بۆیە دێنە ژێر کاریگەری ئەو شاعیراەی کە لە شێعر دا "چی گوتن"یان لا گرینگە و ژنانەیی گوتنی فروغ و عرفانی گوتنی سوهراب سپێهریش دیارە نموونەیەکی باشە بۆ وەی وە دووی ئەوان کەون و ساکار بۆژی ئەوان لە بەرانبەر چۆن بۆژی "ناو زمانی" شاعیرانی دیکەی فارس دا هەبژیرن. لەکۆتایی دا ئەمەوێ وەك ڕەخنەیەك، ئەمە ئاراستە بکەم کە ؛ شێعری سەردەم بەدوای چی گوتن هەوە ناوا و بەدوای هاتنە ئارای خوێندنەوە نوێکانی سەردەم زمان ناسی.. نیشانە ناسی .. دیاردەناسی و هەرمنێتیکی نوێ … فورمالیسم و پێکهاتەخوازی و دواتر پێکهاتە هەوەشێنی و پاش مودێرن خوازیی… زێدەتر بە لای "کارکرد و گەمەی زمانی .. ئایرونی .. پارێدی . چەند دەنگی بوون و تیکەوتن لە گەڵ دیکتاتۆریەتی زمان دا دەوا . تا چی گوتنی سوهراب و زمانی گفتی فروغ. نوێتر خوازیی ئێستە بەشکی حاشاهەنەگری ئەدەبی کوردی بە تایبەت لە ڕۆژهەاتی کوردستانە و بە ئاشکرا ڕەوتکی ڕوولە گەشەیە بە پێی ئەو فورم و تێکنکانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا.و دەیان کتێب و وتار و وتویژ و چەندین سمیناری باشی بەڕوە بردوە و جێی خۆیەتی شاعیرانی گەنجی باشووریش لەو ڕەوتەوە لە ئەدەبی کوردی بوانن نەوەك زمانی عیرفانیی پەنجا ساڵ لەمەوبەری سوهراب و چی گوتنی ژنانەیی فرووغ. چیمان پێ خۆشە لەسەر عیرفان و ژنانەیی دەتوانین بە وتاریش ئاراستەی بکەین . بەڵام زمانی شیعر زمانی فورم و تکنیك و ئانارشیزمی نوخوازانەیە نە لاسایی کردنەوە.

ژاوەن شاڵی

لەئێستادا دەیان نوسەر و شاعیرمان هەن بەنەفەسی سپێهری و فەروخزاد و شاملوەوە دەنووسن و بەشێوەیەك کەوتونەتە ژێر کاریگەریی و دنیابینی و ئەوانەوە کە من لەپنتکدا خۆیان نابینم
بێ وەڵامی ئەو پرسیارە دەمەوێت بە وتە کۆن و بەناوبانگەکەی بارت دەست پێبکەم کە دەڵێت : "هیچ دەقێك بوونی نییە لە دەرەوەی کاریگەرییەکان"، پێموابێت ئەو تا ئەندازەیەك راستە، وەڵێ جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لەنێوان کاریگەریی و بەستبەربوو یاخود پاشکۆبوونی کەسانی تردا، واتە لەناو ئەدەبدا بمانەوێت و نەمانەوێت بە ئاگایی بێت یاخود نائاگایی خۆمان سەرسام بوونمان بەو نوسەرانەی کە لای ئێمە پێشەنگ و دەیانخوێنینەوە و بەشوێن نوێترین بەرهەمەکانیاندا دەگەڕێین کاریگەریی خۆی لەسەر فکر و بۆچوون و هەروەها بەرهەکانیشمانەوە جێدەهێڵێت، وەلی نوسەری هۆشیار ئەو کەسەیە کە بەر لە هەرکەس خوێنەر و رەخنەگری بەرهەمەکانی خۆی بێت و بەچاویلکەی رەخنەگرێکەوە نوسینەکانی خۆی بخوێنێتەوەو شرۆقە بکات، ئەوکات لەهەر شوێنێك هەستی کرد ئەو کاریگەرییە نزیکە بەرەو بەپاشکۆ چوون و یاخود کۆپی بونی نوسەرانی تر بچێت دروست بە تێکستەکەیدا دەچێتەوە و لەوانەشە هەر بیسەنتەوە و ئاخود شەوێنەواری ئەو کاریگەرییە بسەنتەوەو بەرهەمێك لەخەیاڵ و هزر و ماریفەی خۆی بەرهەم بهێنێت. لەدوای راپەڕینەوە و دروستتر بڵێم بەر لە راپەڕینیش ئەدەبی کوردی کاریگەریی ئەدەبیاتی بێگانەی بەسەرەوە بووە و دوور لەناوەڕنان ئەدیبگەلێکی بەناوو دەنگمان هەن

که لەهەندێك شوێندا کۆپی پەیستی شاعیر و نوسەرێکی عەرەب یان فارسیان کردووە بە تورکیشەوە، بەڵام ئەوەی کە هەستی پێدەکرێت لەئەدەبیاتی کوردی پاش راپەڕین بەتایبەت نەوەدەکاندا تەوژمێك لە نوسین بەناوی شیعر و چیرۆکەوە بەرهەم هێناون و هەندێکیشیان فاکتەر بوون لە بەناوبانگ بوونی نوسەرەکەیدا کە کاریگەرییەکی بەرچاوی ئەدەبیاتی فارسی بەسەرییەوە دەبینرێت، خاڵی هەرە ترسناك ئەوەیە کە ئەو تەوژمە پەرەی سەندووە و لەئێستادا دەیان نوسەر و شاعیرمان هەن بەنەفەسی سپێهری و فەروخزاد و شاملوو دەنووسن و بەشێوەیەك کەوتونەتە ژێر کاریگەریی و دنیابینی و گوزارشتی ئەوانەوە کە من لەپنتەکدا خەیان نابینم. وەلێ کاری داهێنەرانەی نوسەر ئەوەیە کە بەرووتی خۆی و هزر و خەیاڵ و ئستاتیکای خۆیمان بخاتە بەردەم، وابکات لە چاویلکەی ئەوەوە روداو و بەسەرهات و چرکەساتە شیعرییەکان بۆ منی خوێنەر بگوازرێتەوە، ئەمە زۆدەتر لەشیعر دا دەبینرا وەلی ئێستا ئەم حاڵەتە لە چیرۆکیشدا بوونی هەیە و چیرۆکت پێدەگەم هەر بە پەرەگراف بەراورد دەکەین کە سادقی هیدایەتی پەیست کردووە و لەچیرۆکی خۆیدا و لەزاری کاراکتەرێکییەوەو لەژێر ناوی خۆی بڵاوی کردۆتەوە، ئەمە بۆخۆی دەچێتە خانەی شتێکی ترەوە بەدەر لە کاریگەریی کە پێی دەوترێت (دزی ئەدەبی(

منداڵو جوانی- هونەرو نهێنی لە ڕەمانی هاوڕێ نیگارکۆشەکەم دا

(ئەدەبی منداڵان جۆرێك لەناو دنیادا دەبەخشێت بەمنداڵ، لەناو منداڵیشدا جۆرێك دەبەخشێت بە دنیا.) (لیگیا بۆین

(شاخەوان سدیق)

-_____

هەنگە هەمیشە لە ناو دنیای ڕەشنبیری ئێمەدا، دەیانو سەدان جار گوێ بیستی ئەوەبین کە بۆچی خەڵکی ئێمە ناخوێندنەتەوە؟ یان بۆچی خوێنەوە نەبوەتە بەشێك لە کلتوری ئێمە؟ کە بێشك وەڵامی ئەم پرسیارە قسە زۆر هەڵدەگرێتو دنیایەك هۆکاری خۆی هەیە، کە بەبۆای

من سەرەکی ترین هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی خێزانی لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵیدا. چونکە پێم وابێت پەروەردەکردنی منداڵێك بەشێوەیەکی تەندروست دواجار نەوەیەکی تەندروست لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا دروست دەکات، خۆنەوەش وەك بەشێك لەوشێوازی پەروەدەکردنە ڕۆو کاریگەری خێی هەیە. چونکە لەو قۆناغەی ژیانی تاك لەم ووڵاتەدا تەندروستو ئاسایی نەبووە، هەر وەك چۆن دەبینین ئێستا ئەم لایەنی ژیانمان بەشایەکی گەورەی تیایەو بەشك بووەتە گرفتێکی گەورە لە بەردەم ڕاهاتنمان لە سەرخۆنەوەو بووەتە هێی دروست بوونی لاوازی چۆڕ لە کەسایەتی تاکی ئێمەدا. چونکە منداڵان لەووڵاتی ئێمەدا نەك فێرنەکراونو نەیان توانیوە کتێبو ئەدەبی منداڵان بخوێنەوە، زۆربەی زۆریشیان لە خوێندن بێبەش بوونو شانسی خوێندەواربوونیان لە دەستداوە، هەر وەك (هیوا قادر) وەرگێڕی ئەم کارە لە پێشەکی ئەم نۆڤلێتەدا دەڵێت" منداڵ لە ئەدەبی مۆدێرنی کوردیدا وەك بوونەوەرێکی نەزانو بچکۆلە تەماشا کراوە، بونەوەرێك کە هەقی هەڵبژاردنی نیەو هەمیشەش دەبێت گوێ ڕایەڵیبیت لە بەردەم وەزع ونەسیحەتی ئەوئەدەبەی کەوەك کاریگەرییەك کاری کردوە بۆ زوو گەورەکردنی منداڵان، وە بۆگومان وەك دەبینین لە ئێستادا چۆن ئەم هۆکارە گاریگەرییە خراپەکانی ڕەنگی لە ئاستی ڕۆشنبیری ئێمەدا داوەتەوە". ڕەنگە بە شێکی کەی هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەداخەوە لە دنیایی ئەدەبی ئێمەدا کەمترباپەخ بە ئەدەبی منداڵان دراوەو لەو بوارەدا کەمتر تێکستو دەق بۆ دنیای منداڵ نوسراو وەرگێڕاوە لە ئەدەبی نەتەوەکانی کەوە. بۆیە دەبینی هەموو ئەوانەشی کە لە قۆناغەکانی منداڵی یان مەرد منداڵیو نەوجوانیدا بەهۆی کە سێکی بنەماڵەکەیانەوە شانسی دەستکەوتنی کتێبیان هەبوەوە خوێندویانەتەوە بەناچاری ئەدەبی گەورەکان بووەو هەموو کتێبە گشتیەکانیان خوێندوەتەوە. بۆیە بەڕاستی ئەگەر بمانەوێت هاوکێشەی وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوەمان لە بەرژەوەندی خۆمان هاوسەنگ بکەینو کلتوری خوێنەوە دروستکەین، دەبێت بگەڕێنەوە لای منداڵانو ئاوێك لەم بەشەگرنگەی ناو ئەدەب بدەینەوە کە بە ئەدەبیاتی منداڵان ناسراوە. چونکە ئەدەب لە ڕۆگای فەنتازیاوە زیاتر کار لەسەر بیرکردنەوەو دنیابینی منداڵ دەکاتو زیاتر خەیاڵیان فراوانتر دەکات، کە ئەمەش وادەکات لە ئایندەدا خوێنەرێکی جدیو پێچڕی بەئاگا دروست بکات، چونکە ئەدەبی منداڵان خاوەن تایبەت مەندێتی خێیەتی هەم لە ڕووی جیهانە سادەکەیانەوە هەم لە ڕووی فراوانی خەیاڵ و فەنتازیا تێیدا لە ڕۆگەی گەیاندنی جوانی ئیستاتیکی بەرامبەر بە ژیانو دنیابینی ئەوەی کە لە ناویدا دەگوزەرێت. هەروەك چۆن بۆکەس لە شیعرکیدا کە بۆ منداڵانی

نوسیوەو لە ڕۆگای زمانێکی سادەوە باس لە هاتنو گرنگی فۆکە
ئەکاتو ئاشنای دەکات بەمندالان وەدەڵێت"
شتێکی بەخوێنو گیان ئەفڕێت ئەچێتە ئاسمان
ناویان ناوە تەیارە زۆر مەحکەم و بەکارە
لە شەڕا موسیبەتە لە ئاشتیا نیعمەتە
لە سایەی عیلمەتو فەن شتی وا دروست دەکەن
لێرەوە دەمەوێت باس لە و هەوڵە دەستزانە بەکەم کە لە دوای
ڕاپەڕینەوە لێرەو لەوێ خەم خۆرانی ئەم بواڕە داویانە بە نوسینو
وەرگێڕانی چەندین چیرۆکو شیعرو بابەتی منداڵان لە ڕۆگای دەرکردنی
چەندین کتێبو گۆڤاری تایبەت بەم لایەنە گرنگەی ناو ئەدەب، یەکێک
لەو هەوڵانەش وەرگێڕانی کتێبی (هاوڕێ نیگارکێشەکەم)ی نوسەری
بەڕازیلی (لینگا بێینگە)یە کە لەلایەن نوسەرو وەرگێڕی بەتوانا
(هیوا قادرە)وە لە سویدییەوە کراوە بە کوردی، کە نۆقلێتێکە
بەقەبارەی (77) لاپەڕە لە وەرگێڕانە کوردییەکەیدا. بەرهەمەکانی
ئەم نوسەرە سەربە کلتوری واقیعی سیحری ئەدەبی ئەمریکای لاتینە.
شێوازی نوسینەکانی والە خوێنەردەکات کە لەگەڵ ڕوداوەکانیدا
بژواتو ببێتە بەشێک لە پاڕەوانەکانی. ئەم نۆقلێتە بە زمانێکی
سادەو بە دەربڕینێکی قوڵ کاری تیاکراوە بە جۆرێک کە بۆ منداڵێکو
گەورەیەکیش خوێنەوەی ئاسان بێت. ئەم بەرهەمە خۆی وەک بەشێک لە
ئەدەبی منداڵان ئەژمارد کراوەو لە ساڵی (2004) نوسەرەکەی خەڵاتی
(ئەستریدلینگرێت) پێبەخشراوە، کە خەڵاتێکی سویدیەو تایبەت بە
نوسینە لە بواری ئەدەبی منداڵانو مەردمنداڵاندا کە گەورەترین
خەڵاتە لە جیهانداو خەڵاتەکە بڕی(پێنج ملیۆن کرۆنی سویدیە، کە
نزیکەی 655هەزار دۆلاری ئەمریکی دەکات). هەرچەندە نوسەر خۆی لە
چاوپێکەوتنیکدا دەڵێت " من خۆم وەک کەسێک دەبینم کە زۆر شەیداو
عاشقی ئەدەبی منداڵانم. بەڵام من بۆ کەسێکی تایبەت یان بۆ
تەمەنێکی تایبەت ناووسم کە تەمەنی دەساڵ یان سی ساڵ یان چل
ساڵبێت بۆ ئەوەی کتێبەکانم بخوێنێتەوە، خوێنەرەکانی من لە هەموو
قۆناغەکانی تەمەندان". نوقلیتی هاوڕێی نیگارکێشەکەم یەکێکە لەو
بەرهەمانەی کە مرۆڤ لەگەڵ خوێنەوەیدا ڕوبەڕووی چەندین پرسیاری
سادە، بەڵام گرنگ دەبێتەوە کە دەشێت بەشێک بێت لە ژیانی ڕۆژانەی
هەموومان. سەرەتا چیرۆکەکانی ئەم کارە لە ڕۆژی هەینیەوە دەست
پێدەکاتو لە یەکەم دێڕی دەسپێکەکەدا ڕوبەڕوی ئەو پرسیارەت
دەکاتەوە. کە ئایا هەرگیز تۆ سەیری ڕەنگەکانی چواردەورتەکەی؟ ئەی
ئەم ڕەنگانە هیچ شتێک لە کەسایەتی تۆ دادەگڕن؟ لە کاتێکا لە
تیۆری دەرون ناسیدا ڕەنگ پەیوەندیەکی گرنگی بە ئاستی مەزاجی
ئینسانەوە هەیەو هەندێک جار دەتوانرێت کەسایەتی مرۆڤ لە

هەنگەکانی بەریو چواردەورەکەیەوە بخوێنرێتەوە، چونکە هەنگەکان بەخێیان خاوەنی تایبەتمەندینو هەریەکەیان ئامێزو خوێنەوەی خێیان هەیە. هەروەك لە چیرۆکەکەدا دەڵێت" هاوڕێکەم پێی ووتم بڕگومان تازیاتر بچیتە ناوەنگەکانەوە زیاتری لێوە بەدەست دێنیت" بەگشتی ئەم کارە لە واتا سادەکەیدا ئاشنابوونی خوێنەرە بە نهێنی چەند هەنگێك کە بۆ کەسی پاڕەوانی ناو چیرۆکەکەکە واتاو مەغزای گرنگیان هەیە، چیرۆکەکەکە باسکردنە لە هاوڕێەتی دوو کەس کە یەکێکیان کەسی ئاوی چیرۆکەکەیە کە بەخوێنەوەی چیرۆکەکەکە باس لە پەیوەندی خێیو هاوڕێ نیگارکێشەکەی دەکات کە جیاوازییەکی زۆری تەمەن لە نێوانیاندا هەیە. لێرەدا بەبۆای من نوسەر مەبەستێکی گەورەی هەیە لە هەڵبژاردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان ئەم دوو کەسە جیاوازەداو بەکارهێنانی هونەر، بەتایبەت هونەری وێنەکێشان وەك ئامێزێك بۆ گرێدانو کێکردنەوەی ئەم دوو کە سایەتیە ئەویش هەخنەگرتنە لە کەمەگاو دەسەڵات وەك دوو تەواوکەری گرنگوبەیاردەر لە ژیانی تاك دا. نوسەری ئەم بەرهەمە هەمیشە لە ڕگای دنیای منداڵانەوە جەدەلێك لە نێوان توێژەکانی کەمەگادا دروست دەکات. بەوپێیەی نوسەر لە ووڵاتێکدا ژیاوە کە هەمیشە پێبوە لە تووندوتیژیو ژاوەژاو تاڵادەیەکی زۆر خەکەکەی بەدەست هەژاریەوە ناڵاندویانە. نوسەر لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی بەرهەمەکانی لە دەست سانسۆر کردن ڕزگاریان بوە دەڵێت" ئاخر کەس بۆاناکات لە چیرۆکی منداڵاندا من باسی کێشە کەمەڵایەتیەکانو چەوسانەوەی ئینسان بکەم، کتێبەکانی من لە سانسۆر ڕزگاریان دەبێت، چونکە جەنراڵەکان کتێبی منداڵان ناخوێنەوە. بەشێکی گەورەی کارکردنی نوسەر لەم کارەیدا برتییە لە گێڕانەوەی یادەوەری ئەویش لە ڕگای (کلاودیو) پاڕەوانو گێڕەوەی چیرۆکەکە کە یادەوەرییەکانی لەگەڵ هاوڕێ نیگارکێشەکەیدا دەگێڕتەوە. ئەوەتا لە لاپەڕە(24) بەزمانێکی زۆر سادە یادەوەریەکی قوڵ دەگێڕتەوە کاتێك منداڵەکە دوای مەرگی هاوڕێ نیگارکێشەکەی پاکەتێکی لە ڕگەی خێشەویستی هاوڕێکەیەوە کە ناوی(کلاریس)ە بەدەست دەگاتو لەسەری نوسراوە" بۆ ئەو هاوڕێیەی کە تاوەم لەگەڵ دەکرد" کە ئەویش مەبەستێکی تری نوسەرە لە فراوانکردنی خەیاڵی خوێنەرە منداڵەکانی لە ڕگەی ئەدەبەوە. چونکە وەك بەختیار علی دەڵێت" ئەدەب ئەو ڕووبەرەیە کە تیایدا یادەوەری شەخسیو یادەوەری دەستە جەمعی لە هەر شوێنێکی تر زیاترلە یەك نزیك دەبنەوە، یادەوەری چەند ئەدەب دروست دەکات، ئەدەبیش هێندە یادەوەری دروست دەکات". نوسەر لەم کارەرەدا هەوڵێکی زۆری داوە کلتوری پرسیار دروست بکات، بەتایبەت لای منداڵان کە لە زۆرێك لە کەمەگا دواکەوتوەکاندا ئەم مافەیان لێئەسەنرێتەوە. هەمیشە وایان

فڕدەکرێت کە پرسیارکردن دەربارەی زەرەر شت کاری ئەوان نیە. ئەوەتا لە لاپەڕەی(32) ئەم نۆڤێلێتەدا کاتێک (کلاودیۆ) منداڵی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەیەوێت دەبارەی مەرگی هاوڕێکەی بپرسێت دایکی زوو وەڵامی ئەداتەوەو پێی دەڵێت" بۆت نیە ئیتر لەوە زیاتر بیرلەمە بکەیتەوە. لە تەمەنی تۆدا بیر لە ژیان دەکرێتەوە نەک مردن. خۆتێ هاوڕێی تریشت هەیە…." ئەم چیرۆکە چەندە شاکارێکی ئەدەبیە ئەوەندە یاساو ڕێنماییە. بەتایبەت بۆ خوێنەرە منداڵەکان کە مەبەستێکی گرنگی نوسەرن، ئەویش لە ڕێگای پرسیارە جدییەکانیەوە، پرسیار گەلێک دەربارەی (خەون، هاوڕێیەتی، هونەر، عەشق، مردن) هەروەک چۆن لە لاپەڕەی(51)دا منداڵەکە دەڵێت" هەندێک ڕۆژ هەیە بیر لەوە دەکەمەوەو دەڵێم تۆ بڵێیت بتوانم زیاد لە یەک هاوڕێی ڕاستەقینەم هەبێت" هۆی گشتی ئەم نۆڤێلێتە کرکردنە لە سەر زەمەن بەو پێیەی نوسەر ڕوداوەکان دابەش دەکات بەسەر ڕۆژەکانی دوو هەفتەداو بڕێکیش خۆرا ڕووداوەکان تێدەپەڕن. ئەوەش لەم کارەدا کە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشاو نوسەر وەک نەخێنی ناو چیرۆکەکە بەکاری هێناوە بوونی (زەنگی کات ژمێری) هاوڕێ َنیگارکێشەکەیە کە هەرکاتێک ئەم زەنگە لێدەدات منداڵەکە هەست بە بوونی هاوڕێ کەی دەکات. ئەم چیرۆکە جگە لەوەی ڕاماندەکێشتە ناو دنیایەکی پڕلە جەنجاڵو پڕکێشە، لە دواجاریشدا لەگەڵ دنیایەک لە پرسیاردا جێمان دەهێڵێت هەروەک لە کۆتای چیرۆکەکەدا لە زمانی (کلاودیۆ)وە پێمان دەڵێت" من پێم وایە لە ئێستاوە دەتوانم بەردەوام هەموو ئەو پرسیارانەم خوشبوێت کە لەپڕقوتدەبنەوە، تا لە کۆتایدا بتوانم یەک بەیەک لە هەموویان بگەم. بەگشتی ئەم شاکارە دەکرێت زیاد لە جارێک بخوێنرێتەوە، چونکە جگە لە بوونی زمانە سادەکەی لە گێڕانەوەدا زاڵ بوونو کردنەوەی دەرگای چەندین نهێنیەو کردنەوەی گرێی چەندین کێشەشە کە دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان پرسیاری هەموومان بووبێت بۆیە لە دواجاردا (لینگا بوینگا)ی نوسەری ئەم شاکارە دەڵێت " من هەمیشە لەگەڵ خۆمدا قسە دەکەم، بەدەنگی بەرز لەگەڵ ئەو ئینسانانە قسەدەکەم کە دەیان خوڵقێنم، ئەمە شتێکی نا ئاساییە!!! کاتێک کە منابووم بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد، خەڵکی دەیان ووت: گوێی لێمەگرن منداڵە:، ئێستاش خەڵکی بەهەمان شێوەی جاران دەڵێن گوێی لێمەگرن پیربووە:!! بەڵام نووسین سیحرە، من هەرگیز تائێستا نازانم کاتێک کە دەنوسم من کێم.

Shaxi83@yahoo.com
www.facebook.com/shaxi.shafiq

گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر بەرزان هەستیار ... ئامادەکردنی: شاخەوان سدیق

بەرزان هەستیار:"لە ئەدەبی هەموو دنیادا لەکچوون هەیە و کەسیش وەك هەندێ نووسەری لای ئێمە نەیکردووە بەهەرا"
ئا/ شاخەوان سدیق

بەرزان هەستیار یەکێکە لە نەوەی هەشتاکانی دەنگی شیعری کوردی و هەمیشە بەشیعرە سەرنج ڕاکێشو پرسیارە جدییەکانی ڕاماندەکێشتە ناو دنیای تێکستەکانی هەروەك (بەختیار علی)لە نوسینێکدا دەڵێت" قەسیدەی دێژی بەرزان هەوێکی زۆری تێدایە بۆ چربوونەوە، بۆ کێکردنەوەی مانا لەیەك وێنەی خڕادا بۆ گوتنی مانای قوڵ بە وشەی کەم لە سەروی هەموشیانەوە تێڕامانێکی بۆچان لە مردن و شکست و تەنیای هەیە لە زۆر جێگادا خەمگینە، جارە هەستێکی بینینی تەنیای تێدایە بە قەدەرخێی وەك مرۆڤ، هەستێکی پوچ بەژیان کە دەگاتە پلەی گاڵتەکردن بە زمان و بە ئینسانیش خەیاڵی بەرزان لەخزمەت نیگەرانیە ڕاحیەکەیدایە ئەو خەمە تاریکەی ناوەوەیە کەدەیەوێت ببێتە دەروازەی تێڕامان و کەرەستەی دروست کردنی مانا" هەربۆیە بە پێویستم زانی بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دنیابینی بەرزان ئەم دیدارەی لەگەڵ سازبدەم.

پ/ هەمیشە دەوترت نوسین بە شێکە لە وەڵام دانەوەی شکستەکانی ئینسان ئەو شکستانەی کە نەی توانیوە بە سەریاندا زاڵ بێت یان نوسین پێکردنەوەی نەقسەکانی ئینسانە. لای تۆ نوسین هەستکردن بەنەقس بوو؟ یان وەڵامدانەوەی شکستەکانت؟ یان هیچ کام لەمانە نەبوو؟ مەبەستمە بۆم دوای ئەمانە تۆ بۆ ئەنوسی؟؟

وە/ ئەگەر بەوردیی لە پرسیارەکەت وردببمەوە، ئەتوانم بڵێَم تا ڕادەیەکی زۆرخێی لە ناوخێیدا بەشێکی زۆری وەڵامەکەشی هەڵگرتووە، بە واتایەکیتر دەمەوت بۆم پرسەی نووسین لای من هەندێك جار

وەڵامدانەوەی ئەو شکستە قورسانەیە کە تا سەر ئێسقان بەسەر خۆمدا دەمشکنەوە و هەندێکجاریش پێش ئەوەی بوومەلەرزەی شکستێك ڕووبدات هەستی پێدەکەم و گەرەکمە لە ڕێگەی نووسینەوە بەربەوشکستە بگرم، کەواتە چاکتر وایە هەمیشە خۆم لە نووسین نزیك بکەمەوە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی وا، نەبم بەئ ژێر باری شکست و مەینەتەکانەوە کە بوارێکم نەمێنێت بۆ هەناسەدان. دەنووسم، دەنووسم، دەنووسم بۆ ئەوەی "تا ئەو دووچۆڵ ڕێحانەی ژیانەم بۆنیان بێت " منیش دەست لە دیوارەکانی "بوون" بدەم. دەنووسم بۆ ئەوەی بەردەوام لاولاوی عیشقێك بەر پەنجەرەکەم چڕ نەکات. پێش هەموو شکست و دوای هەموو داماناێك دەنووسم، نەوەك بۆدەنگیی لاێم بکات.

پ/ لە شیعرەکانتا گەانەوەیەکی سەیرئەبینم بۆ منای و هەست بە بوونی ترسکی گەورەش لە پیری. پێم خۆشە بزانم ئەم دوو پرسە چی ئەگەیەنن لە ژیانی تداو دەتەوت ئەم دوو هاوکشیە چۆن هاوسەنگ بکەیت.؟؟؟؟

وەڵ/ من وای دەبینم کە کەمکەس لە ئێمە منداێیی خی بینیبێت و یان هیچ نەبێت ڕێژەیەکی کەمی لە خولیاو ئارەزووەکانی منداێیی بۆ هاتبێتەدی، منداێیی لای من ئەو بناغە پتەو و سەنگینەیە کە دواترەکرێت هەموو کێشی تەمەنی بخرێتە سەر، بەێام بەداخەوە منداێیی زۆربەی زۆرمان منداێییەکی شەرمن و لەرزۆکە، منداێییەك کە بە مانای ووشە لە هەموو ماناکانی منداێیی بەدەر بووە، بە کوردی و بە کورتیی ئێمە کەمەڕێك منداێی پیرو چاوکز بووین. بیرم دێت هەر کات میوانێکمان بهاتایە دەبوایە وەك گەورەکان بەخۆرهاتنی بکەین و بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوت بکەین و لەبەردەم میوانیشدا دەبوایە"پیاوانە " خۆمان پیشان بدایەو گەردەمیشمان بکردایەوە دەبوایە وەك گەورەیەك بدوێین کە ئەمەش بۆ ئێمەی منداێ زۆر سەخت بوو.
من دەڕم ەنگە بۆ ئەو کاتەی ئێمە تا ادەیەك ئەو جۆرە مامەڵە کردنە لەگەێ منداێ ئاسایی بووبێت، ئەویش بەحوکمی ئەوەی ئەو سەردەمە بابوباپیرانی ئێمە خاوەنی ڕێشنبیریەیەکی ئەو تێ نەبوون و دابونەریتیش هەر ئەوەندەی ڕێپێداون کە بەو چەشنە مامەڵە لەگەێ منداێدا بکەن.
من حەز دەکەم لێرەدا شتێکت بۆ بگێمەوە ، ئەو کاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی پیرەمەگروون بووم، ڕێژکیان کە لە قوتابخانە هاتینەدەرێ لەبەردەم قوتابخانەدا کۆڕکی دراوسێی خۆمانم بینی کە هاوڕێی گەەکم بوو، هەر کە سێاومان لەیەك کردپێی وتم بۆ بۆ

ماڵەوە باوکت پاسکیلی بۆ کڕیویت ، ئیتر من بە بۆ ئەوەی هیچی لێبپرسم لەبەردەم قوتابخانەوە هەتاماڵەوە بەڕاکردن ڕۆیشتمەوەو هەر کەخۆم کرد بە ماڵەوەدا و خوشکەکەم لە حەوشەبینی وتم کواپاسکیلەکەم؟ ئەویش هەر زۆر بە ساردیی وتی پاسکیلی چی؟ ئیتر من بەو منداڵییە لەوە تێگەیشتم کە ئەو هاوڕێیەکم تەنها بە گاڵتەوە ئەوەی پێ وتووم، من ئێستاش ووخساری ئەو هاوڕێیەی منداڵییمم لەبەرچاوە ، کە لەیەک ڕۆژداتووشی دووحاڵەتی جیاوازی کردم، حاڵەتێکیان ئەو هەموو کامەرانییەبوو کەهەتا گەیشتمەماڵەوە خەریک بوو باڵ دەرکەم، حاڵەتەکەی تریش ئەوە بوو کە بە گەیشتنە ماڵەوەم و پرسیارکردنم لە پاسکیلەکە تووشی ناخۆشترین و تاڵترین شکستیکردم، جا ئیتر ئەمە نموونەیەکی بچووکە لە نائومێدییەکانی منداڵیی، بۆیە هەرسات کەدەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ کۆانەکانی منداڵیی، نامەوێت ئەو کۆانانەببن کە پڕبوون لە تاریکیی، دەمەوێت منداڵیەک بێت کە بەڕاستیی تام و چێژی خۆیم پێببەخشێت، ئەگەرچی هەندێ جاریش هەموو کۆانە تاریکەکانیم لە دەروازەکانی پیریی پێ خۆشترە.

پ/ بەداخەوە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمە ئەوەندە بچوك بوەتەوە کە لەبری باسکردن لە ناوەرۆك و تەکنیك و بابەت و زمان لە دەق دا باس لە لەیەکچون ودزی و لاسایکردنەوە دەکرت. تۆ پتوایە هیچ دەقێك هەبێت لەدنیادا تەئسیری دەقێکی پێش خۆی لەسەر نەبێت؟ یان ئەم باسکردن لە لەیەك چوون ودزیە لە دنیای ئەمڕۆی ئێمە دا لای تۆ چی ئەگەیەنت؟؟؟؟

وە/ هەبەتە ئەو وتەزایەت بیستووە کەدەڵێت " شێرچییە، جگە لەچەند ئاژەڵێکی هەرسکراو؟" ئەمە ڕاستەوڕاست لەگەڵ ئەدەبدا دەگونجێت، ئەوانەی کەتەنها دەوروخولی ئەوەدەدەن کە بزانن کامە دۆی فڵان نووسەر دووراو دوور دەچێتەوە سەر دۆی فڵانە نووسەری ترو تا بۆیان بکرێت خۆیان لە هەموو شتە جوانەکانی ناو دەقەکە بەدوورەدەگرن و زۆرجاریش لە بۆ سەوادییاندا لەبواری ڕەخنەدا پەنابۆ ئەوجۆرە شتانە دەبەن و ئامانجیشیان تەنها دروستکردنی تەمەتێکی بۆ بنەمایە بۆ نووسەرەکە، تۆپێم بڵێ کام لەوبوختان دروستکەرانە، خۆیان، وتارێك، یان بەرهەمێکی ناوازەیان پێشکەش بەخوێنەری کورد کردووە؟ من نکووڵی لەوەناکەم کە هەندێ بەرهەم نەك هەر کاریگەریی بەرهەمێکی پێش خۆی لەسەرەو بگرە هەندێ جاریش گواستنەوەی دەقاودەقی بەرهەمی کەسێکیترە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تۆ بڵێیت و لە هەرشوێنێك بینیت، بۆ نمونەمن باسی" مردن

“م کردووه و پێش منیش کەسێکی تر باسی لە گۆشە نیگایەکی جیاوازتر و بە کەرەستەی تەواو جیالە من باسی مردنی کردبێت، ئیتر تۆ من بەوە تاوانباربکەیت کە من ماڵی ئەوم تاڵان کردووە.
من لە چەند جێیەکی تریش باسی ئەو پەتایەم کردووە و زۆریش بەوە نیگەرانم کە دەبینم مەیدانی هەخنەی کوردی زۆرێك لەو چەشنە نووسەرە دەستو پێ سپییانەی تۆ ڕاوە و هەنگە سەرلە هەندێك خوێنەری کەم ئەزموونیش بشێوێنن.
دواجار دەمەوێت بڵێم لە ئەدەبی هەموو دنیادا لێکچوون هەیە و کەسیش وەك هەندێ نووسەری لای ئێمە نەیکردووە بەوهەرا و زەناو تەمەت بەخشینەوەیە، ئەمە جگە لەوەی نووسەری وا هەیە تەنانەت لێکچوونێکی بەرچاو لە نێوان هەندێ بەرهەمی خۆیشیدا دەبینرێت، هەربۆ نموونە، نووسەرێکی وەك “جەلیل قەیسی” گەربە هەڵەدانەچووبم کتێبی”ماڵ ئاوا ئەی شاعیران” کە چەند شانامەیەکی یەك پەردەییە، کاتێك کە خوێندمەوە هەستم کرد زۆربەی شانامەکانی هەر لە یەك کەشدا دەسووڕێنەوە و بگرە تەواولێکیش دەچن کە ئەمە ئەگەر لای ئێمە ووبدات هەرئەودەست و پێ سپییانەی مەیدانی ئەدەب ئەیکەنەڕۆژی حەشر ونووسەربەوەتاوانبارئەکەن کە کەوتۆتە دووبارەکردنەوە وجوینەوەی خۆی. ئیدی مادام تۆ دەخوێنیتەوە و سەر بە ئەهلی نووسینیشیت، ئەوە هەرووەدات کە لە شوێنکدا شتێك بڵێیت و بنووسیت و پێش تێش ئەو شتە بە جۆرێك لە جۆرەکان نزیك لەوەی تۆ وترابێت یان نووسرابێت. من وەك خۆم ئەو جۆرە نووسین و نووسەرانە هیچ کات نابنە لەمپەرێك لەبەر دەممدا و ئەوەی بتوانم دەیڵێم و دەیبەخشمە خوێنەرەکانم.

پ/ هەمیشە پرسی مەرگ پانتاییەکی گەورەی شیعری تۆی داگیر کردوە. بۆ خۆشی مەرگ بەدرۆزایی مێژوو یەکێك بوە لە پرسیارە جدیەکان ئەمەوێت بزانم ترسانتە لە مەرگ و ئارەزوو بون و هەزامەند بوونتە لە ژیان. بەردەوامی بەم پرسە داوە لای تۆ؟ یان حەزکردنە لە نەمری و مانەوە؟ یان تڕامانتە لە ژیانی دوای مردن کە ئەفلاتونیەکان پی دەڵێن ژیانی هەتا هەتایی؟ یان مەرگ لای تۆ و بۆتۆ چیە؟؟؟

وەڵ/ وادێتەبیرم جارێکی ترو لە چاوپێکەوتنێکی تردا وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، بەڵام ئەگەر بە وردیی دیقەتی شیعرەکانی دیوانی “بە تەنیشت فەنابوونەوە” بدەیت لەوێوەبە ئاشکرا ئەم پرسی مردنە سەر دەردێنێت و پاشانیش لە شیعرەکانی دوای ئەو دیوانە و زەقتریش لە قەسیدەی “ساڵێك لە نیگەرانیی “دا بەرجەستە دەبێت.
هەر وەك خۆشت دەڵێیت مەرگ بە درۆزایی مێژوو یەکێك بووە لە

پرسیارەجدییەکان، بەای منیش وەامی ئەو پرسیارە نە هێندە سانایە ونەدەکرێت بە شیعرێك دوان و ڕمانێك و وتارێك وەام بدرێتەوە، بۆیە هەمیشە لای من ئەم پرسیارە بەچەندین شێوە وگۆشەنیگای جیاوازەوە دووبارە دەبێتەوە و هەرجارە وبە جۆرێك سەنگەرم لێدەگرێت.
من هەرگیز وەك پرنسیبێکی نەگۆڕمەرگم خۆش نەویستووە و هەوەدای هەبژاردن و پێك گەیشتن نەبووم لەگەیدا، بەکو هەمیشە ویستوومە لەگەی باس کردن ولێدوان لە مەرگ، خۆمی لێ دوورخەمەوە و جارە ئازایەتییەکی شاراوەش لە خۆمدا دروست بکەم و لەهەمان کاتیشدا لەو هەموو غەدرەبدوەم کە مەرگ ناغافڵانە لێمانی دەکات.

پ/ هەندك کەس لە خوێنەوەی دەقەکانتا پیان وایە تێ زڕ ڕەِشبینی و بێهیوای بەرامبەر بەژیان؟ ئایا تێخێت هەست بەمەدەکەیت؟ یان پێتوایە پرسیارکردن لە ژیان و ئەوەی لە ناویدایە بە مەرگیشەوە بێ خێی بوونی گەشبینی و پڕۆژەی جدییە بێ ژیان؟؟؟؟

وە/ نازانم تێ قەت بەشەو بە ناو گۆستانێکدا یان بە چۆڵەوانییەکدا ڕۆیشتوویت؟ من خۆم زۆرجار لەو شوێنانەدا لە ترساو بێ ئەوەی وەیەك بدەمەبەرخۆم کەوتوومەتە گۆرانیی وتن وللە ناخیشەوە ترس بەستی لێبڕیوم، ئەم پرسی مەرگەش لە شیعرەکانمدا زۆربەی زۆری هی ئەوەیە کە,وەك لە وەامی پرسیارەکەی پێشوودا ئیشارەتم پێدا، ترسی مردن لە خۆم بەوێنمەوە، من نامەوێت بمرم، وەك چۆن هەموو جار کە پرسیارمان لە نەنکم دەکرد کە بۆچی لە مردن دەترسێت؟ ئەویش دەیوت ئاخر بە تەنها چی بکەم لەو چاڵەتاریکەدا؟ ەنگە ئەم وەامەی نەنکم ئەگەربە اگوزاریی تەماشای بکەیت، ئەوەندە لای خێی اتنەگرێت، بەام لای من ئەو وەامە کۆمەك مانای گەورە و سەیری لەگەێ خۆیدا هەگرتووە.
استە لە هەندێ شیعردا ئەو پەنابردنە بەر مەرگ هەیە وبە تایبەتیش لە شیعری" ئواریەك بێ خۆکوشتن" دا بەام لە هەمان کات وەك ئەوەی لە خەوێکی ناخۆش بە ئاگاهاتبمەوە، سامکم لێنیشتووە و وتوومەبەس نەبووخەوبوو !
بە واتایەکیترو اشکاوانەترەدەمەوێت جارێکی تریش دووبارەی بکەمەوە هەرگیز نامەوێت بەو کۆانانەداەتبم کە مەرگ بسەی خێی تیاناونەتەوە، هشتا زۆرشتماوە بمەوێت دەستم بیانگاتێ و هەست بەلەزەتیان بکەم و ۆشناییەکی تریان پێببەخشمەبەر هەیوانی فنکی ژیان، هەر بۆیە نەدەمەوێت و نەدەشتوانم واز لەو پرسیارە جددی و لە هەمان کاتدا ئاۆزانەش بهێنم، هەر لە ۆگەی ئەو پرسیارانەشەوە

بەردەوام پڕۆژەی ترم دەبێت و ئەو سەری تووندڵی ئەو پرسیارانەشم لێ دیار نییە .!!!

تیبینی/ ئەم دیدارە لەساڵی 2009 دا سازدراوەو لە گۆڤاری هەناردا ئەو دەم باڵاوکراوەتەوە.

هەڵاڵەی هۆش ماندێك پڵڵە ململانێ و ئومێدو عەشق … شاخەوان سدیق.

نوری عەشق تاریکی گوناە دەهۆنێتەوە، لەوانەیە عەشق شۆڕشێکی نەناسراوی جەنگان بێت"
(پاولۆ کۆیلۆ(

لە کتێبی (12 نامە بۆ مامان نوسکی لاو)دا (بارگاس یۆسا) ئاماژە بە گرنگی نووسینی مامان لەلایەن نووسەرەوە دەدات و دەڵێت" مامنووس ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆی دەپشکنێ و بەشوێن پایە و پگەکاندا دەگەڕێت تا چیرۆك دابهێنێت، ئەمەش هەر بەتەنیا بۆ خاتری ئەوە نییە ئەو کەس و ووداو و دیمەنانە دووبارە بکاتەوە لەو کەرەستە سەرەتاییانەی یادەوەرییەکانی بۆی دابین دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەشە لە نێو دانیشتوانی یادەوەرییەکانیدا ئەو سووتەمەنییە دەدۆزێتەوە کە پێویستێتی تا ئەو پرسە درۆژ و قورسە کە (داشتنی مامانە) بەسەرکەوتوویی کۆتای پێبهێنێت"
ئەگەر لەم تێوانینەی (بارگاس یۆسا) وە بۆوانینە مامان وەك ژانرێکی گرنگی ئەدەب پەیوەست بەژیانەوە، ئەوا تێدەگەین نووسەر بۆ دەیەوێت مامان بنووسێت. یان ئەو هەستە قووڵە چییە کە وا لە مرۆڤ دەکات یادەوەری بەگەڕبخات و بیر بکاتەوە، تا لە ڕگایەوە ببیستێ و ببینێ و بگۆڕێتەوە، نووسینی مامان دەکرێت تەنها وەك دروستکردن و گۆڕانەوەی چیرۆك لێی بۆوانین؟ یان نەخێر لەودیو دیوارەکانی ستەوە نووسەر بەدوای جیهانێکی نەبینراوی نوێدا دەگەڕێت و لە هەوڵی دۆزینەوەیدایە. هەر وەك ئەوەی (هاشمی ئەحمەدزادە) دەڵێت

"کاتێك ڕۆمانووس، ڕۆمانێك دەنووسێت، ئەو جیهانێکی جیاواز و نوێ دەئافرێنێت، جیهانێك كە دانیشتوان و داموودەزگای تایبەت بەخۆی هەیە" بۆیە بەبۆای من ئەگەر ڕۆمان وەك گرنگترین ژانری ئەدەبی سەیر بكرێت هەڵە نییە و مرۆڤ لە خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێكدا بۆ ویستی خۆی بەسەر دنیایەكی نوێ و جیاوازدا دەكەوێت، ئیتر ئەو دنیایە واقیعی بێت یان خەیاڵی، گرنگ ئەوەیە تۆ ڕۆمانێکی شیاو بخوێنیتەوە، هەر وەك ئەوەی كاتێك ڕۆمانی (هەڵاڵەی ڕەش)ی نووسەری فەڕەنسی (ئەلێكساندەر دۆما) دەخوێنیتەوە بەر ئەم دنیا نوێیە دەكەویت و هەست دەكەیت بەڕاستی كتێبێکی ناوازە و جیاواز دەخوێنیتەوە. بە جۆرێك كە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەكەوە نووسەر گەمەی گرانەوەی خۆی لەگەڵ خوێنەرانیدا دەستپێدەكات و وادەكات لە یەكەم بەرەككەوتنتدا و لەگەڵ خوێندنەوەی یەكەم لاپەڕەیدا ئیتر تۆ ببیتە دیلی دەستی ڕۆمانەكە و بەدوای دڕبەدڕیی گرانەوەی چیرۆكەكەی بكەویت. (دۆما) ڕۆمانی (هەڵاڵەی ڕەش) بەم سەرەتا سەرنجڕاكێشە دەستپێدەكات" هەمیشە شادبە و چۆڕ لە ژیانت وەربگرە، كاركردن لە فەرمانگەیەك و بوونە كارمەند، بەس نییە و ژیانێکی خۆشت بۆ دروست ناكات. ژیان واتە ئارامی و بەختەوەری و لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە ژیان واتە شادیی، كەواتە بەڕاستی شاد بە" (ئەلێكساندەر دۆما) لە (24)ی تەموزی ساڵی (1802) دا لە گوندێکی نزیك شاری پاریس بە ناوی (ویلر كۆترە) لە دایكبووە، لە ماوەی تەمەنیدا جگە لە نووسینی ڕۆمان، شانۆنامەنووسێکی گەورەش بووە و ناسناوی (سوێتانی پاریسی) بەهۆی كارەكانییەوە پێبەخشراوە، (دۆما) بەهۆی ڕۆمانە پڕ ووداو و سەركێشییەكانییەوە بە یەكێك لە نووسەرە بەناوبانگەكانی سەردەمی كلاسیکی فەڕەنسی دادەنرێت، ئەو خاوەنی هەریەكە لە ڕۆمانەكانی (كۆنت مۆنت كریستۆ، سێ تفەنگدار، بیست سالا دواتر، هەڵاڵەی ڕەش، مادام كاملیا و دۆی ژنێك)كە ئەم نووسەرە ساڵی (1870) كۆچی دوای كردووە. ئەگەرچی لە ماوەی ژیانیشیدا چەندین بەرهەمی ناوازەی بەناوكردۆتەوە لە ڕۆمان و شانۆنامە. لەگەڵ ئەوەشدا كاری هەواڵنێری كردووە و زۆریش سەركەوتوو بووە تیایدا، ڕۆمانی (هەڵاڵەی ڕەش) یەكێكە لە ناسراوترین كارەكانی ئەو، ئەم ڕۆمانە كتێبێکی (160) لاپەڕەی قەبارە نیو (A4) و ووداوەكانی بەپێی گرانەوە دابەشكراوە بەسەر (33) بەشدا كە هەریەكێك لە بەشەكان خاوەنی ناونیشانێکی كورتە لەوانە (پیاوێکی خۆشحاڵ، بەگەنامەی نهێنی، ناردنی پەیام، مردن لەسەر شەقام و ….هیتر) كە هەریەكێك لەم ناونیشانانە وەك كلیلە بۆ كردنەوەی دەسپێکی چیرۆكەكە و خوێندنەوەی ووداوەكانی

ئەو بەشە، بۆ خۆشی چیرۆکی ڕۆمانەکە گۆڕانەوەی بەسەرهاتی کۆی بازرگانێکی گوندی (دۆرت) ە لە وڵاتی (هۆڵەندا) بەناوی (کرنلیۆز ڤان بارل) کە مێژوی چیرۆکی ڕۆمانەکە باسکردنە لە ساڵی (1672)، کە کورتکراوەی چیرۆکەکەش بەم شێوەییە، لە وڵاتی هۆڵەندا و لەیەکێك لە شارەکانی ئەو وڵاتەدا ساڵانە فیستیڤاڵێکی گەورە بۆ نمایشکردنی گوڵی جۆراوجۆری دەگمەن و تایبەت ڕێکدەخرێت، کە پاشای وڵات خۆی سەرپەرشتی دەکات و ئامادە دەبێت، لە یەکێك لە فیستیڤاڵەکانی ساڵی (1672) خەڵاتێکی گرانبەها بەبڕی (سەد هەزار لەپارەی زێڕ) تەرخانەکرێت بۆ هەر کەسێك کە بتوانێت (هەڵەی ڕەش) بەرهەم بهێنێت، هەر لە یەکەم ڕێژیشەوە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بە ناوی (ڤان بارل) دەست دەکات بە بەخۆکردنی (خلیسکی) هەڵەی ڕەش. بەمەبەستی بردنەوەی خەڵاتەکە، هەروەك ئەوەی لە لاپەڕە (24) ڕۆمانەکەدا دەڵێت" من دڵنیام دەتوانم هەڵەی ڕەش پەروەردە بکەم و خەڵاتی سەد هەزار لە پارەی زێڕیش ببەمەوە و بۆ خەڵکی هەژارو نەداری خەرج بکەم. من لە دنیادا ئەناسرێم و لە بیری هەموو بەخۆکەرانی هەڵەدا دەمێنمەوە، ئەمەوێ ناوی هەڵەکەم بنێم هەڵەی ڕەشی (ڤان بارل)" بەڵام دواتر ئەم پیاوە بەهۆکاری وەرگرتنی نامەیەك لە گروپێکی ڕێگە پێنەدراو بە ناوی (برایانی دی ویتە) و شاردنەوەی لە دەسەڵاتداران لە ماڵەکەیدا، دەخرێتە زیندانەوە و نزیکەبۆتەوە لە لە دەستدانی خەونی پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی (هەڵەی ڕەش) بەڵام دواتر زیندان چۆکی پێدانادات و گەورەی خەونەکەی هیچ ڕێگریەك نازانێ، هەربۆیە دەیەوێت لەڕێگەی کچی دەرگاوانی زیندانەکەوە کە کچێکی گەنجە بە ناوی (ڕۆزا) کارەکەی جێبەجێ بکات. هەرچەندە باوکی کچەکە بە تۆندی دژی کارەکە دەوەستێتەوە، بەڵام کچە بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی زیندانییەکە سەرەتا بە هاوکاری کردنی دەستپێدەکات بۆ بەرهەمهێنانی هەڵەکان لە باخچەی زیندانەکەدا بە ڕێنمونی (ڤان بارل) تا دەگاتە ئەوەی وردە وردە کچە عەشقی کابرای زیندانیکراو دەبێت، ئەگەرچی جیاوازی تەمەنیشیان زۆرە، لە سەرەتاشدا کابرا عەشقەکە ڕەت دەکاتەوە، چونکە خەمی گەورە و عەشقی یەکەمی ئەو تەنها هەڵەکانە، بەڵام دواتر ئەویش عەشقی (ڕۆزا) دەبێت، وەك ئەوەی لە درێژەی چیرۆکەکەدا و لە لاپەڕە (65)دا دەڵێت" (ڤان بارل) شەوان نەیئەتوانی بنوێ، بۆخەوی ئەو لەبەر هەڵەکانی نەبوو، بەڵکو هەستی ئەکرد خەمی لە دەستدانی ڕۆزا، لە خەمی لە دەستدانی هەڵەکانی زیاترە. کاتێکیش کە خەوی لێدەکەوت بەردەوام خەونی ڕۆزای لەسەردابوو"

ئەگەرچی ئەم چیرۆکە دورو درێژو پێ لە ڕوداوی خۆش و ناخۆشە. بەڵام

پەتاموچژە و لەکۆتای ژیانەکەشدا شادی و خۆشی دەستپێدەکات، ئەویش دوای بەرهەمهێنانی هەڵمەی هەش و دزینی لەلایان کەسێك بەناوی (ژانکوپ)وە و دواتر گەرانەوەی بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی لەلایان پاشای وڵات و جگە لە وەرگرتنی خەڵاتی سەد هەزارپارەی زێر بە بەیەکگەیشتنی دوو عاشقەکە کۆتای بە چیرۆکە تراژیدیەکە دێت و ناوی هەڵمەکەش دەنرێت، هەڵمەی هەش (ژیزا ڤان بارل).
ئەم شاکارەی (دەما) بە زمانێکی کوردی جوانی پاراو لە لایەن هاوژینی وەرگێڕ(جەبار سابیر)ەوە کراوە بە کوردی و بۆیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە، بۆ خۆشی ژیانەکە بە شێوەی دیالۆگی کوورت و بەردەوام لە لایەن کەسی یەکەمی تاکەوە و لە ژیگەی گێڕەوەی هەموو شتزانەوە چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە و ئەویش بە شێوەی ڕستە و ڕووداوی کورت بۆ ئەوەی خوێنەر نەك بێزار نەبێت لە خوێندنەوەی، بەکو هەگری بەسەرهاتەکانی خۆی بکات، من لەم نووسینەمدا دەمەوێت لەسەر دوو ئاست باس لە گرنگی ئەم ژیانە بکەم.

یەکەم/ قووڵی تەمای چیرۆك و ئاستی بەرزی گێڕانەوە.

بە بۆای من هەموو مرۆڤێك گەر نووسەریش نەبێت و توانای داڕشتن و خوێقاندنی تێکستیشی نەبێت، ئەوا خاوەنی چیرۆکگەلێکە کە هەرکات دەرفەتی بدرێت دەتوانێت بیگێڕێتەوە. هەر وەك ئەوەی (مارکیز)یش دەیوت" من دەژیم بۆ ئەوەی دواتر بگێڕمەوە" بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە تۆ دەتەوێت (چی و چۆن) چیرۆکەکانی خۆت دەگێڕیتەوە، بەتایبەت ئەوکاتەی بەرامبەر کاغەز و قەڵم دڕشدادەمێنیت و لە بەردەم مێزی نووسینەکدا بۆیاردەدەی ببیتە نووسەر و بنووسیت. بە بۆای من لەمەدا (دەما) زێر سەرکەوتووبووە هەم لە شێوازی هەڵبژاردن و دروستکردنی چیرۆکەکەدا و هەم لە شێوازی تەکنیکی گێڕانەوەیدا. کە زێر شارەزایانە هەر دووکیانی پێکەوە بەستووە، بۆخشی ئەم نووسەرە بە نووسەری درامی پێ ڕووداوی سەرکێش ناسراوە لە کارەکانیدا و لە کەمترین گێڕانەوەدا زێرترین ڕووداو دەخوێقێنێت و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆیە هەمیشە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرە بۆ خوێنەرن و جگە لە گێڕانەوەی ئاسایش هەمیشە پەیام لە نووسینەکانیدا هەیە. ئەنگە ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە خۆی هەواڵنێربووە و لەو بوارەدا کاری کردووە. بۆیە کارەکانی ئەم نووسەرە خاوەنی چەندین تایبەتمەندین و خوێنەر هەر زوو لە پەیامی پشت ناوەڕۆکی کارەکانی دەگات وەك ئەوەی (ئەدگار ئالان پۆش دەیوت: " لە دەستپێکی چیرۆکدا خوێنەر تێدەگات ئەو چیرۆکە چی لە

هەگبەکەیدایە بۆ خوێنەرەکەی".

دووەم/ ئاستی بەرزی زمان گرنگیدان بە ناونیشان.

بیگومان یەکێك لە پایە گرنگەکانی ئاکامشانی خوێنەر بۆ هەر کتێبێك بەوای من و بۆ من دوو خاڵی زۆر گرنگ و سەرەتایین کە ئەوانیش (ناونیشان و دەستپێکن) چونکە هەر دوو ئەم لایەنە دەبنە گرێبەستی سەرەتای نێوان نووسەر و خوێنەر لە هەر کتێبێکدا. (پی.دی.جێمز) لە بارەی گرنگی ناونیشانی کتێبەوە دەڵێت" بەبۆای من ناونیشانی کتێب زۆر گرنگی هەیە و دڵزینەوەی ناوی گونجاو کارێکی سەختە، من ناونیشانی کتێب، یان زۆر زوو بۆ هیچ گرفتێك دەدڵزمەوە، یان زۆر درێژە دەکێشێت و بەزەحمەت دەیدڵزمەوە" لێرەوە ئەگەر سەیری ناونیشانی ڕۆمانەکەی (دڵما)ش بکەین (هەڵاڵەی ڕەش) ئەگەرچی ناوێکی سادەیە، بەڵام زۆر سەرنجڕاکێش و جوانە و هەر زوو هەستی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت، ئەمە سەرەڕای بوونی ئەو زمانە بێگروگاڵەی کە نووسەر بەکاری هێناوە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا و خێشبەختانەش دووبارە وەرگێڕای ئەم کتێبە (جبار سابیر) سەرکەوتووبووە لە زیرەکانە گواستنەوەی ئەم زمانە جوان و شیعری و پاراوەی (ئەلکسەندەر دڵمادا)، چونکە وەك (کاروان کاکەسور) دەڵێت" زمان مەرجی یەکەمی داهێنانە بۆ هەر نووسەرێك"

دەرەنجام:
خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بۆمن، گەیشتنە بە تامی ئەو چێژە ڕاستەقینەی کە تەنها خۆم لە کاتی مژین و کرماندنی دڵۆپەکانیدا وەك نوقڵ هەستی پێدەکەم،(هاشمی ئەحمەدزادە) لە کتێبی (جیهانی ڕۆمان)دا بەم جۆرە وەسفی ڕۆمانی سەرکەوتوو دەکات" ڕۆمانی سەرکەوتوو تێگەیشتنی ئێمە لەمەڕ جیهانی واقیع، بەشێوەیەکی بەرچاو و کاریگەر، قووڵتر و تیژتر دەکات" کە دەکرێت بڵێم خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەی (دڵما)ش بۆ من یەکێك بوو لە هۆکارەکان بە گەیشتن بەو چێژە ڕاستەقینەی کە دەکرێت هەر خوێنەرێك لە دوای خوێندەوەی هەر کتێبێکی باشەوە پێی بگات. چیرۆکی ئەم ڕۆمانە پڕە لە وانەکانی (سادەی، بەوابەخۆبوون و کەمتەرخەمی، ڕاستگۆیی و گەورەیی عەشق و گەیشتن بە خەونە گەورەکانی مرۆڤ) ئەگەر مرۆڤ خۆی ئیرادە و بەوای بە گەیشتن بە خەونەکانی هەبێت. دەربارەی ئەمە وتەیەکی (پاولۆ کۆیلیۆ) هەیە کە دەڵێت" لە ژیاندا چەندانجار خەونەکانمان هەرەسیان هێناوە و ئارەزووەکانمان بە ناکامی دەبینین، بەڵام دەبێت درێژە بە خەونبینین بدەین، ئەگەرنا ڕۆحمان دەمرێت و عەشق ناتوانێت بەفریای بگات" ماوەتەوە بڵین دووبارە سوپاس بۆ هاوڕێی

وەرگ□□(جەبار سابیر) بۆ وەرگ□□انی ئەم شاکارەی (ئەل□کساندەر دۆما) و ناساندنی بە خوێنەرانی کتێبخانەی کوردی، بەهیوام ئ□وەش پاش بڵاوبوونەوەی ئەم □□مانە، وەك من چێژ لە خوێندنەوەی ببینن.

بۆ ئەم نوسینە سودم لەم کتێبانە وەرگرتووە.
1- 12 نامە بۆ □□مان نوسکی لاو_ فارگاس یۆسا_ وەگ□□انی_ شیرین.ك
2- جیهانی □□مان _ کامەوتار _ هاشم ئەحمەد زادە
3- ستاتیکای گ□□انەوە_ لکێلینەوەی ئەدەبی_ ئارام سدیق
4- حەکیمانە _ پاولۆ کۆیلیۆ_ وەرگ□□ان _ کارا فاتیح.

دیـــدار، دەربـــارەی پرســـەی وەرگ□□ان و گرفتەکـانی لـە گـەڵ وەرگ□□ کەریم پەڕەنگ

کەریم پەڕەنگ:
وەرگ□□ان نووسینەوەی دەقکی نوێیە بە زمانکی تر

لە ئستاداو لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە دونیای ئەدەبیدا شەپۆلکی گەورەی وەرگ□□انی بەرهەمە بیانیەکان بەدی دەکرێت، کە ئەم بەرهەمانە هەیانە لە زمانی یەکەمەوەو هەیانە لە دووەمو سێیەمەوە وەردەگێردرێن، بەبۆئەوەی بەدونیای □خنەیداو بە بۆ هیچ فلتەرکی ئەکادیمیدا تێپەڕبن، بۆ زیاتر قسەکردن دەربارەی ئەم بابەتە بە پۆیستمان زانی ئەم دیدارە، دەربارەی پرسەی وەرگ□□ان و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان، لە گەڵ وەرگ□□ی بەتوانا (کەریم پەڕەنگ)دا ساز بدەین،
سازدانی: شاخەوان سدیق

پ/ هەمیشە دەوترێت وەرگ□□ان نووسینەوەی دەقکی نوێیە لە لایەن کەسی وەرگ□□ەوە، ئ□وە چۆن لەمە دەڕوانن؟ پێتان وایە وەرگ□□ان دەتوانێت □□حی زیندووی تێکستەکان بگوازێتەوە؟

وە/ هەوڵ دەدەم وەڵامی پرسیارەکەت بە پێچەبەدەوەرانك بدەمەوە و

دواییتر ڕاستەوخۆتر بۆ پرسیارەکەت بگەڕێمەوە. لە ڕاستیدا ئەمە یەك پرسیار نییە، بەڵکو دوو پرسیاری تا ڕادەیەك لە یەکتر جیاوازن. حەز دەکەم بە پێناسەیەکی سادەی وەرگێڕان دەست پێ بکەم: گواستنەوەی دەقێك لە زمانی سەرچاوەوە، واتە ئەو زمانی لێیەوە وەردەگێڕین، بۆ زمانی مەبەست، واتە ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕین کە من باسی وەرگێڕان دەکەم بە ئاستی یەکەم مەبەستم وەرگێڕانی دەقە، واتە دەقی نووسراو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە نووسین، واتە من مەبەستم وەرگێڕانی دەقە، بە پلەی یەکەمیش وەرگێڕانی دەقی ئەدەبییە، چونکە من وەرگێڕانی ئەدەبی لە وەرگێڕانی پزیشکی و زانستی جودا دەکەمەوە، دواییتر ئەم مەبەستەم باشتر ڕوون دەکەمەوە.
وەرگێڕی دەقێك لە کێدی زمانێکەوە کە دەبێت باش شارەزای بێت بۆ کێدی زمانێکی تر کە دەبێت زۆر باش شارەزای بێت وەردەگێڕێت، لە گەڵ ئەوەشدا وەرگێڕی دەقێکی ئامادەی لە بەردەستدایە دەقێکی نوێ دەخوێنێت و دەقێکی هەتا ئەو کاتە لەئارادانەبوو بە زمانی مەبەست بەرهەم دەهێنێت، دەتوانین بە زمانێکی سادە بڵێین، وەرگێڕی داهێنەری دەقە وەرگێڕاوەکەیە. وەکو چۆن داهێنان بەهرە و سەلیقە و کارامەیی و دەستەنگینیی و ڕەشنبیرییە، بە هەمان شێوە دەبێت ئەم ئەدگارانە لە کەسایەتی وەرگێڕدا هەبن. وەرگێڕان تەنیا پردی نێوان دوو زمان نییە، بەڵکو پردی نێوان دوو کەلتووریشە. ئەوەی پەیوەندی بە زانینی زمانەوە هەبێت ئەوە بەس نییە وەرگێڕ دوو زمان باش بزانێت. ئەگەر ئەمە پێوەری وەرگێڕان بێت هەر کەسێك دوو زمان بزانێت دەتوانێت ببێتە وەرگێڕ. وەرگێڕ دەبێت شارەزای تەکەای دوو زمانەکە بێت، هەر لە وشەسازیی و ڕستەسازییەوە هەتا گەمەکانی تری زمان. دەبێ ئامانجی هەموو وەرگێڕانێك بە ڕەچاوکردنی هەموو هەل و مەرجە جیاوازەکان گواستنەوەی گوتەی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست بە بێ لە دەستدانی مانا بێت. ئامانجی وەرگێڕانی باش هێنانەئاراوەی هاوسەنگییەکە لە نێوان پەیامی دەقی سەرچاوە و مانای دەقی زمانی مەبەست، واتە فەراهەمکردنی ئەوەی، کە وەرگێڕان لە کەلتووری زمانی مەبەستدا هەمان پەیام بە وەرگرەکانی بگەیەنێت، وەکو ئەو پەیامەی دەقی کەلتووری سەرچاوە نە وەرگرەکانی دەگەیەنێت. بۆ ئەوەی وەرگێڕ بەم ئامانجە بگات، دەبێ لە وەرگێڕاندا مەرجەکانی ناوکەیی، ڕێزمانی زمانی مەبەست، شێوەی گوزارشت، شێواز، ئیدیەم و گەمەکانی تری نووسین ڕەچاو بکات، کە هەندێ جار کاریگەریی سنووردارکەریان بۆ سەر وەرگێڕ و وەرگێڕانەکە هەیە. ئەگەر ئەنجامگیریی ئەم قسانەی سەرەوە بکەین لە ناوکێدا دەمەوێت بڵێم وەرگێڕان نووسینەوەی دەقێکی نوێیە بە زمانێکی تر کە

کەدەکانی لە گەڵ زمانی سەرچاوە جیاوازە. واتە ئەمە لەبەر گرتنەوە و نووسینەوەی دەقێك نییە بەکو خوێقاندنی دەقێکە کە تەنیا سەرچاوەکەی دەقێکی تری کە بە زمانێکی تر نووسراوە. وەرگێڕ کە دەقێك وەردەگێڕێت بە ڕێزمانی زمانی سەرچاوە وەری ناگێڕێت، بەکو بە ڕێزمانی زمانی مەبەستدا، وەرگێڕ گەمە لە زمانی سەرچاوەدا ناکات، بەکو لە دەقی مەبەستدا، وەرگێڕ دەقی سەرچاوە داناڕێژتەوە، بەکو دەقێکی نوێ بە زمانێکی تر دادەهێنێت ڕێك دەتوانین بەشی دووەمی پرسیارەکەت یەکسان بکەین بەوەی جیاوازیی لە نێوان وەرگێڕانی باش و وەرگێڕانی خراپدا چییە؟
من لەو بۆچوونەدام هەموو وەرگێڕێك کە بۆیار دەدات دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەربگێڕێت، مەبەستی ئەوەیە ڕوحی دەقێك لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست وەربگێڕێت، بەڵام ئیتر ئایا مەبەستەکەی دەپێکێت و بە ئامانج دەگات پرسیارەکە لێرەدایە. ئەو کەرەستانە چین لە بەردەستی وەرگێڕدان؟ زانینی زمانی سەرچاوە، زانینی زمانی مەبەست، زانبوونی بە سەر هەل و مەرجەکانی داشتن و کەدەکاندا. هاوسەنگیی لە نێوان دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەستدا گرنگترین خاڵن کە وەرگێڕ دەبێ ڕەچاوی بکات، هاوسەنگیی بە مانای یەکسانیی نایەت، یەکسانیی لە وەرگێڕاندا مەحاڵە، وەرگێڕ لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانێ دەقێك بنووسێت هەتا بکرێت لە دەقی سەرچاوەوە نزیك بێت، دەمەوێ بڵێم وشە و ڕستە و دەستەواژەوە وەرناگێڕدرێت بەکو دەق وەکو سەرجەم وەردەگێڕدرێت.

وەرگێڕان کاتێك دەتوانێت ڕێحی زیندووی دەقێك بگوازێتەوە:

١ دەستپاکیی گواستنەوەی دەقی سەرچاوە بۆ دەقی مەبەست، بە پێی ئەوەی وەرگێڕانەکە تا چ ئاستێك توانیویەتی مانای دەقی سەرچاوە بگوزێتەوە، هەتا بکرێت بە بێ زیادکردن و کەمکردنەوەی دەقەکە.
٢ ڕوونیی – ئەو ئاستە دیاری دەکات، کە وەرگێڕان بۆ زمانی مەبەست چەند بۆ سەر وەرگری زمانی مەبەست لە ڕێی دەقە وەرگێڕدراوەکەوە کاریگەر بووە، ئایا دەقە وەرگێڕدراوەکە دەتوانێت هەمان کارگەریی بە سەر وەرگری دەقی مەبەستەوە هەبێت وەکو بە سەر وەرگری دەقی سەرچاوەوە هەیبووە، یان ئایا ئەگەر دەقەکە بە زمانی مەبەست بنووسرابایە هەمان کاریگەریی بە سەر وەرگرەکەوە دەبوو، ئەم دەستکەوتەش خاڵکی تری بۆ سەلماندنی ئەوەی وەرگێڕان خوێقاندنی دەقێکی نوێیە.
٣ ئایا دەقە وەرگێڕدراوەکە دەتوانێت جێ بە دەقە ئەسڵییەکە لەق بکات. ئایا دەقی وەرگێڕدراو دەتوانێت قەناعەت بەو کەسانە بکات کە

بە زمانی تر دەقە ئەسیییەکە دەخوێننەوە، دەقە ئەسیییەکەیان پێویست نەمێنێت و دەقە وەرگێڕدراوەکەی لە جێ دابنێن؟ ئەگەر دوای بەراورد خوێنەرەکە توانی متمانە بە دەقە وەرگێڕدراوەکە بکات، ئەوا وەرگێڕ دەتوانێت زۆر ئاسوودە بێت

پ/ ئێستا لە کوردستان پرسەی وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە دەکرێت، پێتان وایە ئەم جۆرە وەرگێڕانە وەرگێڕانی زیندوبێت، ئایا تا چەند دەقەکە جوانیی خۆی دەپارێزێت لەم جۆرە وەرگێڕانانەدا.

من لەو بۆچوونەدام کە تێ باسی زمانی دووەم و سێیەم دەکەی زیاتر مەبەستت زمانی عەرەبی و فارسی بێت. چونکە باوەڕ ناکەم کێشەیەکی گەورە بێت، ئەگەر دەقێك لە زمانی فەرەنسییەوە کرابێتە ئینگلیزیی و لە زمانی ئینگلیزییەوە بکرێتە کوردی. ئەگەرچی خۆم تێبینییەکی زۆرم لە بارەی وەرگێڕانەوە لە زمانی دووەم و سێیەمەوە هەیە، ئەگەرچی وەرگێڕ دەقێ لە کۆدی زمانێکەوە بۆ کۆدی زمانێکی تر وەردەگێڕێت. ئەگەرچی وەرگێڕ دەقێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕێت، بەڵام زمان خۆی هەڵگری نەك تەنیا ڕەنماییەکانی زمانە بەکۆ بەشێکی زمان کەلتووریشە. گۆران لە شێعری "دەروێش عەبوڵا"دا دەڵێ: "وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لێخندا"، من وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە بەو عەکسی قەمەرە دەبینم لە ناو حەوخێکی لێخندا.لە لایەکی ترەوە، بۆ نەتەوەیەکی وەکو نەتەوەکەی ئێمە کە کتێبخانەیەکی هەتا بڵێی هەژارمان هەیە و وەرگێڕمان لە زمانە جیاوازەکانەوە کەمەیان بۆ هەندێ زمان وەرگێڕمان نییە چارمان چییە ئەگەر وەرگێڕەکان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە وەرگێڕان نەکەن؟ چەند وەرگێڕمان هەیە یەنانی بزانن و "زۆربا" و ڕەمانەکانی تری کازانزاکیمان بۆ وەربگێڕن؟ چەند وەرگێڕمان هەیە ڕووسی بزانن و تێڕوانینێکی دەستەیەقسکی و پوشکین و چێخەف و ئولیتسکایامان بۆ وەربگێڕن، چەند ئیسپانیزانمان هەیە لۆرکا و مارکیز و زافۆن و مێندزامان بۆ وەربگێڕن. لە ئێستادا ئەم وەرگێڕانانە لە زمانی دووەم و سێیەوە بۆ زمانی کوردی تاقە دەلاقەیەکن بە سەر بەشێکی ئەدبێ جیهانیدا بڕوانێت. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا تینووێتی خوێنەری کورد بەو وەرگێڕانانە دەشکێن؟ ئەگەر ئێمە وەرگێڕمان نەبێت ژاپۆنی بزانێت، دوو بژاردەمان لە بەردەمدایە: یان دەبێ ڕەمانەکانی هاروکی موراکامی نەخوێنینەوە، یان بە ناچاریی لە زمانێکی ترەوە وەری بگێڕین کە زمانی یەکەم نییە. ئەگەر چاوەڕوان بووینایە کەسێك لە زمانی یەکەمەوە هەندێ بەرهەممان بۆ وەربگێڕێت ڕەنگ بوایە ئێمە

لە ژیانماندا ئەو بەرهەمانە بە کوردی نەخوێنینەوە.
بەڵام هەندێ شتیش هەن مایەی سەرسوڕمان و نیگەرانین، وەرگێڕیك کە هەڵەندی دەزانێت، وەکو ئەدەبی هەڵەندی زۆر هەژار بێت، دەچێت ڕۆمانێکی سویدی کە بۆ هەڵەندی وەرگێڕداوە بۆ کوردی وەردەگێڕێت. هەرگیز هێندەی ئێستا کوردی باشوور لە هەندەران و وڵاتە جیاوازەکان نەژیاون، زمانی جیاواز فێر بوون، بەڵام ئەمە لە بواری وەرگێڕاندا هەنگی نەداوەتەوە.ڕۆمانی "دێستایەتییە مەترسیدارەکان"ی هاروکی موراکامی لە زمانی ژاپۆنییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕدرابوو. پاشان لە ئینگلزییەوە کرا بە ئەڵمانی. هەر زوو هەخنەگر و ژانناس و موراکامیناسەکان کەوتنە هەرا و وتیان کەمەگای ژاپۆنی کەمەگایەکی کۆنزەرقاتیقە و خەکی ژاپۆن بەو جۆرەی ڕۆمانەکە بازاڕیی نییە، پاشان ڕاسەوخۆ لە زمانی ژاپۆنییەوە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕدرا، بە ڕاستی ڕۆمانەکە بەو زمانە نەنووسراوە و دەقە ئینگلزییەکە زۆر لەگەڵ کەلتووری ئەمەریکیدا گونجێنراوە. هەموو وەرگێڕانێك کەمێك لە جەوهەرە ئەسڵییەکە دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر ئێمەش لە زمانێکی تر و لە کەلتوورێکی تر وەری بگێڕین دوو هەنگاو لە زمانە ئەسڵییەکە دوور دەکەوینەوە.

پ/ ئەو بنەما سەرەکیانە چین کە دەبێت لە کەسی وەرگێڕدا هەبن، ئایا زانینی زمانێك بەتەنها دەتوانێ وا لە مرۆڤ بکات توانای وەرگێڕانی تێکستەکانی هەبێت، وەرگێڕان پیشەیە یان زانستە یان هونەرە.

زانینی دوو زمان بنەمەیەکی تێکمە نییە بۆ وەرگێڕان. ئەگەر کەسێك دوو زمان بە باشی بزانێت هەنگ بێت بتوانێت لە دادگایەك، لە فەرمانگەیەك، لە وەزارەتێکدا وەرگێڕانی زارەکی یان نووسراو بکات. تەنیا توانای وشە و ڕستەزمانی دوو زمان بەس نییە بۆ وەرگێڕان. بۆگومان ئێمە بە هەمان ئاست بە سەر زماندا زاڵ نین. ئەگەر زانینی دوو زمان بەس بوایە بۆ وەرگێڕان دەبوو زانینی زمانێکیش بەس بوایە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە ببنە نووسەر. لێرەدا دەبێت جیاوازیی لە نێوان وەرگێڕانی دەقی ئەدەب لە دەقی زانستیی، دەقی سیاسیی، دەقی سیسیڵێژی و فەلسەفی و پزیشکی بکەین، توانای وەرگێڕان تەنیا توانای زاڵبوون بە سەر دوو زماندا نییە، بەڵکو قووڵبوونەوەشە لەو بوارەدا کە لێیەوە وەرگێڕان دەکات. من لەو بۆچوونەدا نیم کەسێك چەند سەد دێوانە شیعری بە دوو زمانەکە نەخوێندبێتەوە بتوانێت دەقێکی شیعریی بە باشی وەربگێڕێت، کەسێك چەند سەت ڕۆمانێکی بە هەردوو زمانەکە خوێندبێتەوە ناتوانێت ڕۆمان وەربگێڕێت. لە حاڵەتی

وەرگ□انی دەقی ئەدەبیدا نەك تەنیا دوو سیستەمی جیاوازی زمان، دوو کەدی جیاوازی زمان، بەکو دوو ئەدەبی جیاواز، دوو کەلتووری جیاوازی دوو نەتەوەی جیاواز بەر یەك دەکەون. وەرگ□ە باشەکان ئەو وەرگ□انانە نین کە تەنیا دوو زمان بە باشیی دەزانن، بەکو کەسانکن بەردەوام □□شنبیریی و مەعریفەی خ□یان دەخەمە□□نن و قوو□تری دەکەنەوە.

ئەم بەشەی دووەمی پرسیارەکەتم زۆر بە دڵە. ئ□مە وەکو پیشە وەرگ□□مان زۆر کەمە. ئیتر وەرگ□□ەکانمان یان شاعیر و چیرکنووس و □□مانووسن و لە بوار□ك لە بوارەکانی ئەدەبدا دا□نەرن و وەگ□□انیش دەکەن. ئەمە خا□□کی ئەر□نییە، ئەگەر ئەم دا□نەرە لە کاتی وەرگ□□اندا وەکو وەرگ□□ بیر بکاتەوە و زمانی شیعر، □□مان، یان هەر بوار□کی تر بە سەر وەرگ□□انەکەیدا زاڵ نەب□ت و بابەتییانە وەربگ□□□ت. ئەگەر وەرگ□□ لە وەرگ□□اندا قوو□ ببەتەوە پاش ماوەیەك زیاتر خەریکی وەرگ□□ان دەب□ت و وەرگ□□ان هەندە سەرقاڵی دەکات کەمتر خەریکی نووسینی بەرهەمی خ□ی ب□ت، چەندان نموونەی زیندووشم لە بەردەمدایە. بە□ام وەرگ□□یش هەیە بەر ئەوەی لە هیچ بوار□کی تردا دا□نانی پ□ ناکر□ت، □وو دەکاتە وەرگ□□ان بۆ ئەوەی لە بوارەکەدا بمێنێتەوە.

□استە وەرگ□□ان لە دونیای ئ□مەدا بە شێوەیەکی گشتیی پاشاگەردانییەکی زۆری تێدا بەدی دەکر□ت، بە□ام زانستی وەرگ□□ان یەک□کە لە زانستە زیندووەکانی دونیا و لە □□ژئاوا بایەخ□کی زۆری پ□ دەدر□ت. وەرگ□□ان وەکو هەموو پرۆسەسەك □ەهەندی زانستی هەیە. وەرگ□□ دەب□ت ستراتیژ□کی □وونی هەب□ت لە هەڵبژاردنی بابەتدا بۆ وەرگ□□ان، دەبۆ بە بەرنامەدا□ژییەکی تەکمەوە دەست بە وەرگ□□ان بکات، تەتەڵەکردنی هەڵبژاردنی □ستەی گونجاو، وشەی گونجاو، دەستەواژەی گونجاو، هەوڵدان بۆ پاراستنی ناوکایی، نووسینی پەراوێز بۆ تێگەیشتنی باشتر لە دەق، ئەمانە و زۆر هەنگاوی تر هەموو هەنگاوی زانستین.هەر هەوڵ□ك بۆ گەیاندنی دەقێك بە وەرگر، هەر لە وشەئارایی و □ستەسازیی و بەکارهێنانی گەمەی زمان بۆ جوانکردن و □ازاندنەوەی دەق هونەرە. وەرگ□□ان گواستنەوەی وشکی وشەبەوشەی دەقێك لە زمانکەوە بۆ زمانکی تر نییە، □ەنگ ب□ت وەرگ□□ان زیاتر هونەر ب□ت وەکو لە زانست.

پ/ وەرگ□□ان دەتوان□ت چ □□□□ك لە بەرەوپ□شەوەبردنی کتێبخانەی کوردیدا بگ□□□ت؟ بۆ هەوڵ نەدراوە وەرگ□□انی پ□چەوانە بکەن، واتە بەرهەمەکوردیەکان وەربگ□□نە سەر زمانە بیانییەکان، پ□تان وانیە لە ئ□ستادا ئەوە پ□داویستییەکی گەورەیە؟

وەکو پێشووتر لە وەڵامی پرسیارێکتدا ئاماژەیەکی کورتم کرد. لە کتێبخانەیەکی هەژاری وەکو کتێبخانەی ئێمەدا وەرگێڕان گرنگییەکی مەزنی هەیە، بەڵام نەك تەنیا لە بواری ئەدەبدا، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی تردا، ئێمە لە ڕێی ئەو کەلتوورانەوە کە لە کەلتوورەکەی ئێمە دەوڵەمەندترن، بە ئەزموونترن لە ڕێی وەرگێڕانەوە زانست فێر دەبین.
بە بێ وەرگێڕان ئەدەب چەمکێکی بەتاڵە. ئێمە لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەزانین گەلانی تر چۆن بیر دەکەنەوە و هەست بە چی دەکەن، ئەمەش تەنیا لە ڕێی هونەری زمان و ڕاڤەی وەرگێڕەکانەوە دەزانین. ئەمانیا خێی ئەدەبێکی دەوڵەمەندی هەیە و بە سەدان چیرۆکنووس و ڕۆمانووسیان هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا لە هەردوو کتێبی گرانەوە یەکێکیان وەرگێڕدراوە. ئێمە لە ڕێی وەرگێڕانەوە ئەزموونی جیهان بێ بازنەی کولتووری خۆمان دەگوازینەوە.
لە چەند شوێنێکی تر ئاماژەم بۆی کردووە کە باشترین ڕێگە بۆ وەرگێڕان وەرگێڕانە بۆ زمانی دایك، واتە من وەکو کورد کە لە زمانی ترەوە بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕم. ئەمانی لە زمانی ترەوە بۆ ئەمانی وەردەگێڕێت، ئیسپانی لە زمانی ترەوە بۆ ئیسپانی وەردەگێڕێت. ئینگلیزێك لە زمانی ترەوە بۆ ئینگلیزی وەردەگێڕێت. واتە ئەمانییەك فێری ئیسپانی نابێت، بۆ ئەوەی ئەدەبی ئینگلیزی بۆ ئیسپانی وەربگێڕێت، ئیسپانییەك فێری ئینگلیزی نابێت بۆ ئەوەی ئەدەبی ئیسپانی بۆ ئینگلیزی وەربگێڕێت. هەندێ گەمەی زمان هەن، هەندێ نهێنیی نووسین هەن مرۆڤ تەنیا دەتوانێت لە زمانی دایکیدا بیکات، واتە هەرچی چەندە زمانێکی بێگانە باشیش فێر ببێت ناتوانێ وەکو زمانی دایکی پێی بنووسێت، هەموو ڕۆمانەکانی (کارلۆس ڕویس زافۆن) پیتەر شفار لە ئیسپانییەوە بۆ ئەمانی وەری گێڕاون، پیتەر شفار ئەمانییە نەك ئیسپانی و لە زمانێکی بێگانەوە بۆ زمانی دایکی وەرگێڕان دەکات، کیوستن براند سێ ڕۆمانی خاوەن کاریگەری لە کەتەلانییەوە بۆ زمانی ئەمانی وەرگێڕاوە، کیوستن براند ئەمانە نەك کەتەلانییەکی فێری ئەمانی بووبێت. وەرگێڕی ڕۆمانەکانی خالیدا حوسەینی لەئینگلیزییەوە بۆ ئەمانی دەردەگێڕن ئەمانن نەك ئینگلیز. دەیان نموونەی تریش دەزانم نموونەی تر هەن، بۆ نموونە ڕۆمانی کڵانێلی مەحمود دەولەتئابادی کە بەهەمەن نیرومەند لە فارسییەوە بۆ ئەمانی وەری گێڕاوە. بەڵام لە ڕاستیدا نیرومەند خێی وەرگێڕ نییە و نووسینی ئەدەبیش نانووسێت، ئەو دەیان کتێبی نووسیوە، بەڵام هیچ کتێبێکی ئەدەبیی نییە، بەڵکو هەموو کتێبەکانی سیاسی و فیکرین. بەڵام کە ئەم ڕۆمانە لە ئێران مۆتەبۆاوکردنەوەی نەدرابوو، دەولەتئابادی بە دەستنووس بۆ نیرومەندی

ناردووە و ئەویش وەری گ□□اوە. من د□نیام ئەگەر ببوایەتە کت□ب نیرومەند وەری نەدەگ□□ا، بە□کو □ەنگ بوو سوزانە داغستانی (چەندان □□مانی عەتیق □ەحیمی، سپ□دەی مەستیی فەتانە حاج سەید جەوادی ب□ ئە□مانی وەرگ□□اوە) وەری بگ□□ایە. بە□ام ئەم حا□ەتە ناوازەیە. واتە هەموو وەرگ□□انەکان کە دەق وەردەگ□□ن لە زمان□کی ب□گانەوە ب□ زمانی دایکیان دەیگوازنەوە. ئ□مە ب□ دەرەوە وەکو داھ□نەری کوولتور نەناسراوین. زیاتر لە سەت سا□ و□نەی کورد لە لای ئە□مان و نەمساوییەکان و سویسرییەکان و□نەی "بە ناو کوردستانی هۆقدا"ی کارل مای بوو. چەند سا□□کە خەریکە ئەو و□نەیەی کارل مای ب□ کورد کا□ دەب□تەوە، بە□ام ئ□ستا و□نەیەکی تری کورد لە ئەوروپا هات□تە ئاراوە، ئەویش و□نەی کوردە کە گەل□کی ئازایە، هەر ئەوانن □ووبە□ووی داعش دەبنەوە، ژنەکانیشیان شە□قانن، منداڵەکانیان لە دەریاکاندا دەخنک□ن. ئەم□□ هەر □□ژنامە و گ□قار□ك بکەیتەوە بابەت□کی لە بارەی کوردەوە ت□دایە، بە□ام باسی کولتووری کوردی بە هیچ جۆر□ك ناکر□ت. ئەمەش گوناهی خ□مانی زۆر ت□دایە، بەوەی هەموو شت□کی ئ□مە بە دەستی سیاسی نەخوێندەوارەیە. من خ□یشم نازانم چ□ن وا لە ئەوانی تر بکەین زیاتر بایەخ بە کولتوری ئ□مە بدەن و بمانخوێننەوە و ئەدەبەکەمان وەربگ□□ن. گرفت□کی تر ئەوەیە کە ئ□مە نموونەی پ□شووترمان بە هیچ زمان□ك نییە دەزگاکانی ب□اوکردنەوە ئامادە نین سەرک□شیی بکەن و کت□ب□ك چاپ بکەن کە نازانن دەخوێنر□تەوە یان نا. لە گەڵ ئەوەشدا من بۆچوونم وایە وەرگ□□ ب□ زمانی دایکی وەربگ□□ت، نەك زمان□کی ب□گانە کە فۆری بووە، دوو □□مان لە ئارادا بوون کە حەزم دەکرد بە یارمەتی چەند کەس□ك وەریان بگ□□م، پەیوەندیم لە گەڵ چەند دەزگایەکی ب□اوکردنەوەش کرد، بە□ام هیچ کام لە دەزگاکان ئامادەیی و پشتگیریی ب□ ب□اوکردنەوەیان دەرنەب□ی. منیش ئامادە نیم چەندان مانگ ب□ وەرگ□□ان تەخان بکەم ب□ کار□ك کە □ەنگ بۆت هیچ وەزگایەك ب□می ب□او نەکاتەوە حەز دەکەم لێرەشدا ئاماژە ب□ خا□□ك بکەم، کە لە م□ژەوە لە د□مدا گر□یەکی گەورەیە. زۆربەی نووسەرانی کورد فیز و لووتبەرزییەکیان ت□دایە کە نازانم لە کو□وە سەرچاوەی گرتووە. من لە ڤ□نا دەژیم. لە ڤ□نا ٥ قاوەخانە هەن، زۆربەی نووسەرە نەمساوییەکان، وەرگ□□ەکان، ئەکتەرەکان هاتوچ□ی ئەو قاوەخانانە دەکەن، زۆر وەرگ□□ لە زمانە جیاوازەکانی دونیاوە د□ن ب□ ئەو قاوەخانانە ب□ ئەوەی نووسەرەکان ببینن و باسی خا□ی نا□وونی نووسینەکانیان لە گەڵ بکەن. قاوەخانەیەك هەیە ناوی قاوەخانەی "موزی□م"ە، ئەلفریدە یەلینەك، کە نەك تەنیا لە نەمسا بە□کو لە س□نگەی خە□اتی نۆبە□لەوە لە هەموو دونیا ناسراوە، پ□ش ئەوەی زۆر

نەخ‌ش بکەو‌ت زۆر دەهاتە ئەو قاوەخانەیە، هەرگیز نەمبینیوە دەست بە ‌ووی کەس‌کەوە بنۆ‌ت و داواکارییەکی ‌ەت بکاتەوە، خەڵکی گەشتیار دەهاتن و‌نەیان لە گەڵ دەگرت، جاری وا هەبوو باسی شتی ‌‌ژانەیان لە گەڵ دەکرد. من بە هیچ کەس لە ‌‌مانووسەکانم نەگوتبوو دەمەو‌ت ‌‌مانی بۆ ئەڵمانی وەربگ‌‌م، بە‌ام هیچ کامیان ئامادەی ک‌مەکردنم نەبوو، تەنانەت یەک‌کیان ژمارەی تەلەفۆنەکەشی بۆ نەناردم، لە گەڵ ئەوەشدا داوای ژمارەی تەلەفۆنەکەیم کرد. ئەمەش تەنیا بە زیانی خۆیان دەکەو‌تەوە.

پ/ ئەو دۆخەی ئ‌ستا وەرگ‌‌انی پیادا تۆپەدەبۆ‌ت لە هەرێمی کوردستان چۆن دەبینن، پۆتان وایە زۆر و بڕیی لە وەرگ‌‌انداهەیە، کە بەرپرسیارە لەو دۆخە و چی بۆ باشتربونی بکرێ‌ت؟

بە ‌استی من ناتوانم لەم دووڕەوە داوەڕیی زۆری و بڕیی لە وەرگ‌‌اندا بکەم. من زۆر کەم کتێبم بە دەست دەگات، نەك تەنیا لە بەر دووریی، بەڵکو کەمیی کاتیش هۆکارێکی تڕە، بە‌ام مانای ئەوە نییە کە ئاگام لە کتێبی کوردستان نییە و زۆر جار هاو‌‌کانم ئەزیەت دەک‌شن و کتێبم بۆ دەنێرن. من بە گەورەیی فۆری ئەڵمانی بوومە و ئ‌ستاش بە زمانی خۆمی نازانم، هەندێ جار کتێبێك بە ئەڵمانی دەخوێنمەوە و لێی تێ دەگەم و چۆڕی لێ دەبەم، بە‌ام هەمان کتێب بە کوردی دەخوێنمەوە، کە زمانی دایکمە هیچم لە لا بەجێ ناهێ‌‌ت و جاری وا هەیە لە زۆر بۆگە و ‌ستە و دەربڕین ناگەم. دەبۆ خەوشێك لە وەرگ‌‌انەکەدا یان لە داشتنەکەدا هەبۆ‌ت. لێرەدا من مەبەستم هەڵەی وەرگ‌‌ان نییە، هەموو وەرگ‌‌انێك هەڵەی تێ دەکەو‌ت و هەڵەی بۆ خەوش بوونی نییە نەبوونی ‌ەخنە لە ئەدەبی ئ‌مەدا بە گشتیی و نەبوونی ‌ەخنەی وەرگ‌‌ان بە تایبەتی کێشەیەکی گەورەیە. کەس بە من نا‌‌ت کتێبخانەی کوردیی چ کەلێنێکی تێدایە و چی وەربگ‌‌م، کە کتێبێك وەردەگ‌‌م و بۆ‌ی دەبۆ‌تەوە، کەس بە من نا‌‌ت نەنگیی وەرگ‌‌انەکە لە کۆدایە و لە کۆدا دەبوو باشتر بیت. ئەمە پاشاگەردانییە. بە پلەی یەکەم دەزگاکان لەمە بەرپرسن بە‌ام ئەمە تەنیا کێشەی بواری وەرگ‌‌ان نییە، بەڵکو ئەم کێشەیە لە هەموو بوارەکانی تردا لە ئارادایە. ئ‌ستا بۆ دەزگا گرنگە چەند کتێب چاپ دەکات یان بە شانازییەوە باسی ئەوە بکەن چەند کتێبیان ‌ەفز کردووە، نەك چۆنێتی کتێبەکان.
ئ‌مە دەبۆ‌ت لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەو ‌‌مانەی گوێنتەر گراس کە بۆ کوردی وەرگ‌‌دراوە، ئەو ‌‌مانەی میلان کوندێرا کە بۆ کوردی وەرگ‌‌دراوە، ئەو ‌‌مانەی کافکا کە بۆ کوردی وەرگ‌‌دراوە، ئەو

ماناییه که گراس، کوندێرا یان کافکا به زمانه ئەسڕییەکە نووسیویەتی؟ کێ دەتوانێت پێمان بڵێت بەڵێ یان نەخێر. ئایا ئەو وەرگێڕانانە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە نووسەرەکەوە هەیە؟ یان دەقێك دەخوێنینەوە کە زادەی ئەقڵی وەرگێڕێکی عەرەب یان فارسە و بە ئارەزووی خۆی تێی کەوتووە و لێی هەڵپاچیوە یان لێی زیاد کردووە. من خۆم پێنج دەقی بە کوردی وەرگێڕاوی "دەنگی پێی ئاو"ی سوهراب سپهریم لە گەڵ فارسی و ئەمانییەکەدا بەراورد کردووە، من فارسی نازانم، بەڵام وەرگێڕانە کوردییەکان هێندە لە یەکتر جیاوازن، هەندێ وشە هێندە بە مانای جیاواز لێکدراونەتەوە وەکو پێنج شیعر بە مانی جیاواز نووسرابن. ئەمانی دووەمی خالید حوسێنی دوو جار لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، جارێکیان بە ناوی "هەزار خۆری دەرەوشاوە" کە ئازاد بەرزنجی وەری گێڕاوە و جارێکیان ژووان جەلال بە ناوی "هەزار خۆری پرشنگدار"ەوە، لە هەندێ شوێندا زۆر جیاوازن، کەس پێمان نالێت بڵچی. هەندێ وەرگێڕان هەیە لە زمانی دووەمەوە کراوە و لە زمانی یەکەمەیشەوە کراوە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە زمانی دووەمەوە کراوە بێ خوێندنەوە خۆشرە، کەس پێمان ناڵێت بڵچی. من لەو بۆچوونەدام کە ئێستا خوێنەرێکی زۆری وریامان هەیە و پێویستە بەوە ناکات زمانی سەرچاوە بزانێت بێ ئەوەی جیاوازیی لە نێوان وەرگێڕانی باش و خراپدا بکات.

-_____

کەریم پەشەنگ

لە ١١ دێسەمبەری ١٩٦٠ لە کەرکوك لەدایکبووە

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادیی پێشەسازیی هەر لەو شارە تەواو کردووە

لە تافی لاویدا دەستی بە نووسینی شیعر کردووە

لە ساڵی ١٩٨٠ەوە لە نەمسا ئەژی

نووسەر و وەرگێڕە

چەند ئەمانێکی وەرگێڕاوی کەریم پەشەنگ

١ پاتریك سویسکیند، عەتر، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩

٢ فریدریخ دویرنمات، دادوەر و جەلادەکەی، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠١٢

٣ ئێریش ماریا ڕیمارك، شەوی لێشبڕنە، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣

٤ ئێریش ماریا ڕیمارك، بارەی ئەژئاوا ئارامە، غەزەلنوس، ٢٠١٥

٥ گوینتەر گراس، تەپڵی تەنەکە (هێشتا چاپ نەبووە

خاوەنی دیوانێکی شیعر، ١٨ کتێبی وەرگێڕاو(شانامە، ئەمان،

لێکۆینەوە)یە، ئەستا خەریکی پاکنووسکردنی کۆمەڵە چیرۆکێك و ڕۆمانێکی خەیاڵیە، کە هەنگ بۆت هەر ئەمساڵ چاپ ببن.